# هەنار


گۆڤارێکی ئەدەبیی، هونەریی، ڕووناکبیرییە
بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی
مانگانە دەریدەکات

ژمارە ٩٥
ساڵی هەشتەم
بەفرانبار ٢٧١٣ی کوردی
دیسەمبەر ٢٠١٣ی زاینی

خاوەنی ئیمتیاز
بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی

سەرنووسەر
محەمەد کوردۆ
mhamadkurdo@yahoo.com

جێگری سەرنووسەر
محەمەد عەبدوڵڵا

بەڕێوەبەری هونەریی و نەخشەسازیی
پەیام ئەحمەد

web:www.henar.org
Email:hanarkurd@gmail.com
Email:hanarkurd@yahoo.com

ناونیشان: گردی ئەندازیاران
تەلەفۆن: ٣٣٠١٩٤٩

# هنار

دەستەی نووسەران:
کارزان عەبدوڵڵا
ئەکرەم محەمەد ئەمین
نەورۆز جەمال
مستەفا زاهیدی
محەمەد حەسەن (هاشمی)

هەڵەچن:
مونا عەبدوڵڵا
ئاشنا جەمال

مۆتیف:
دڵشاد بەهادین

تیراژ
٥٠٠

# پێڕست

## لێکۆڵینەوە


| | | |
|---|---|---|
| پایەی هونەر و هونەرمەند... | ئەنوەر قادر محەمەد | ٧ |
| سیحری مانا و ئاستەکانی دەرککردن... | هەمزە شەشۆیی | ٢١ |
| خوێندنەوەی ڕۆمانی (زەریای تابووتە سپییەکان)... | ئارام سدیق | ٤١ |


## دەق


| | | |
|---|---|---|
| دواچرکەساتەکانی.. سێو... | شیرین تاهیر | ٥١ |
| عەدەم، لە واژۆی پیاوێکی ڕژاودا... | بێستون حەسەن | ٥٤ |
| مودەتێکە تۆ لێرەی... | پشتیوان هەڵەبجەیی | ٥٨ |
| سوێند بە تابووتی دونیا، من زیندووم... | یوونس ڕەزایی | ٦٤ |
| عیشقی ژنێک... | حەسەن جومعە | ٦٩ |
| ئێستاکەش هەرخۆشم ئەوێی... | عەدنان ڕەئوف قادر | ٧٠ |
| گۆڕجمەی دێت لەنێو پێڵاوەکانم!... | سروشت نەوزاد | ٧١ |
| تۆ بە من مەحکوم کراوی... | لەیلا سۆفی سوڵتانی | ٧٨ |
| هەناسەی زەوی... | سۆران عومەر عەلی | ٧٩ |
| جەنگەڵ... | محەمەد فەریق حەسەن | ٨٣ |
| کورتیلە چیرۆک... | هێمن بەرزنجی | ٨٨ |
| پێنج چیرۆکی کورت... | فەرهاد مستەفا | ٩٣ |


## دیدار


| | | |
|---|---|---|
| وتووێژ لەگەڵ سۆران ئازاد... | سازدانی: گۆران هەڵەبجەیی | ٩٩ |

## وەرگێڕان


| | | |
|---|---|---|
| نیچە و کامۆ: شۆڕش دژ بە بەڵگە... | پێشڕەو محەمەد | ١١٣ |
| وتووێژ لەگەڵ دوریس لیسینگ... | مستەفا زاهیدی | ١١٩ |
| شوتی گەرم... | مەجید ساڵح | ١٣٣ |
| دووفاقە... | یوسف عەلی پور | ١٣٨ |
| نانخۆرەکان... | ئازاد نەجم | ١٤٠ |
| نامۆیەک لە رۆخی کەنداو... | موکەڕەم رەشید تاڵەبانی | ١٤٨ |
| پەنجا دەقی جیهانی... | سۆران محەمەد | ١٥٦ |


## هونەر


| | | |
|---|---|---|
| ماندێلا، هەنگاوێکی گەورە بەرەو ئازادی... | و. ئازاد بەهین | ١٦٣ |
| چەند بابەتێکی موزیکی... | فەرمان عەلی نوری | ١٦٨ |
| ئاودانی تەنیایی بە ئاگری ئاوازەکانی (هاییدە)... | بەرهەم ئەنوەر | ١٧٤ |
| سینەمای سێرگئی پاراجانۆڤ... | و. هێمن مەحمود حەسەن | ١٨٠ |


## پێشانگەی کتێب


١٩٣ - ٢٠٠

# لێکۆڵینەوە

- پایەی هونەر و هونەرمەند — ئەنوەر قادر محەمەد
- سیحری مانا و ئاستەکانی دەرککردن — هەمزە شەشۆیی
- خوێندنەوەی رۆمانی (زەریای تابووتە سپییەکان)ی رزگار... — ئارام سدیق

# پایەی هونەر و هونەرمەند

## لە شیعرێکی

## ئا.س.پووشکین (١٧٩٩-١٨٣٧)(١)

## و

## شیعرێکی گۆران (١٩٠٤-١٩٦٢)دا(٢)





ئەنوەر قادر محەمەد

دەنگە هەرگیز نەفرۆشراوەکەی من،
هەردەم زایەڵەی {ڕۆحی} گەلی رووس بووە
(پووشکین)

(مع ما فیه) تەبیعەتی شاعیر
نە وەزیفەو نە زەرورەتی قاهیر
نە بڕینی زمانو، پەل بەستن
بلبلی مەنع ئەکا لە مەیلی وتن
(گۆران)

**پێشەکییەک:**

ڕەنگە نووسین دەربارەی شیعری دوو شاعیری گەورەی ئەدەبی ڕووسی و کوردی، کە هەریەکەیان سیمای درەوشاوەی ئەدەبی گەلەکەیانن و دەوریان لە مشتومالکردن و هێنانەکایەی زمانێکی شیعریی تایبەت و زمان بەگشتی هەبووبێ، ئاسان نەبێت. بەتایبەتی هەڵبژاردنی ئەم دوو شیعرە بۆ کەرەسەی نووسین دەربارەی کێشەیەکی ئاڵۆزی وەک: پایەی هونەر و هونەرمەند.

بەرهەمی هەریەکە لەم دوو شاعیرە لای گەلەکەیان گەیشتۆتە ئاستی نەمری، بۆ نموونە ئەدەبناسێکی ناسراوی ڕووس، د.ئا.فۆمیچۆڤ دەربارەی پووشکین دەڵێت: "ئەزموونی هونەریی پووشکین ئەوەندە فراوان و جۆراوجۆرە، تەنانەت پەیڕەوکەرانی هەرە نزیکیشی بەتەواوەتی نەیانتوانیوە تێی بگەن و شارەزای ببن. بەهۆی گەشەسەندنی ریالیزمی ڕووسییەوە ئەوە دەرکەوت، کە پووشکین چەند دوور بۆ داهاتووی ڕوانیوە و تا چ ئاستێ لە هەوڵی داهێنانی خۆیدا، سنووری ڕۆژگاری خۆی بەزاندووە، لە خۆڕایی نییە، کە دواتر بەرهەمەکانی ئەوەندە لە دیستۆیڤسکی، ل.تۆڵستۆی و چیخۆفەوە نزیکبوون". {٤، ل٢٩٢}.

هەروەها زاناو توێژەرێکی وەک ڕەفیق حیلمی دەربارەی گۆران دەڵێت: "... بەڵام شیعرەکانی ئەم لەگەڵ هینەکانی ئەواندا {واتە: کلاسیکی و تەقلیدییەکان} عاسمان و ڕێسمانە، چونکە هەروەکو لاساییکردنەوەی تێدا نییە، مانای شیعریشی بەجارێ گۆڕیوە و بەتەواوی ڕێگەیەکی تازەی بۆداناوە. واتا لە دونیای شیعر و بەتایبەتی لە شیعری کوردیدا ئینقلابێکی گێڕاوە". {٥، ل٢٠١}.

پووشکین لە سەدەی نۆزدەیەمدا و گۆران لە بیستەمدا ژیاون، بۆیە دەشێ گریمانەی ئەوە بکرێ، کە ئەمە بۆ شاعیرە کوردەکە باش بێ، چونکە ڕووسیا وڵاتێکی گەورە و خاوەن هێز و لەڕووی کولتوور و هونەر و ئەدەبەوە دەوڵەمەندە، ڕەنگە جیاوازیی سەدەیەک پارسەنگ بەلای کوردەکەدا لاربکاتەوە و هیچ نەبێت لەماوەی ئەو سەدەیەدا لەڕووی هونەر و ئەدەبەوە پێشکەوتبێت. هەرچەندە مەرجیش نییە، هەمیشە ئاستی شاعیر و کۆمەڵەکەی وەک یەک وابن و گەلێ جار هونەرمەند و شاعیران پێش ڕۆژگاری خۆیان دەکەون. بابەتەکەی ئێمە، بە کەرەسەی شیعری ئەم دوو شاعیرە، لە دەور و پایەی هونەرمەند و هونەر دەدوێت.

بابەتێکی وەها بمانەوێ و نەمانەوێ، چونکە بەرهەمی دوو زمانی جیاوازن، دەبێت بچێتە خانەی ئەدەبی بەراوردەوە، یان ئەو لق و پۆپانەی لەو زانستە کەوتوونەتەوە، بەڵام ئەم باسەی ئێمە بانگەشەی تۆژینەوەیەکی زانستیی ئەدەبیی،

یان بەراوردکاری ناکات،... بەڵکو وەک لە ناونیشانەکەیەوە دەردەکەوێت، وەک وتارێک دەیەوێت لەو بابەتە بە دوو نموونەی شیعری بدوێت.

هیچ بەڵگەیەک لەبەردەستدا نییە کە کاریگەریی شیعری "من پەیکەرێکی بەدەست نەکراو بۆخۆم درووست دەکەم"ی پووشکین لەسەر شیعری "دەروێش عەبدوڵڵا"ی گۆران دەرخات و لەڕاستیشدا شێوازی شیعرەکان، لە هەوەڵ نیگادا، هیچ ئەنالۆگی و لێکچوونێک بە زەینی خوێنەردا ناهێنن. بێجگە لە کاریگەرییش ئێمە بە چەمکێکی تری زانستیی بەراوردکاری کە "لێکچوونی تیپۆلۆگی"یە، کارناکەین، چونکە ئەم کارە تۆژینەوەیەکی پسپۆڕیی ورد نییە. هەر بەم چەمکەی ناومان هێنا، زۆر دیاردە و بەرهەمی شاعیران لە سەردەم و شوێنی جیای دنیادا، جاری وا هەیە زۆر لەیەکەوە نزیکن،... عەرەبەکان بەمە دەڵێن: "**توارد الخواطر**"، ئیتر مرۆڤ لەڕووی دەروونی و زەینەوە هەر مرۆڤە و دوور نییە لە داهێنانی هونەری و ئەدەبیدا بەرهەمی وەک یەک بهێنێتە کایە و نموونەی وامان لە مێژووی ئەدەبی جیهانیدا هەن.

بەڵام پاساوی نووسینەکەمان لە روانگەیەکی تری بەراوردکارییەوە دەدەینەوە، ئەویش لێکچوونی "theme– بابەت"ە، مەبەست لە بابەتی هونەر و پایەی هونەرمەندە لە کۆمەڵدا. بۆ سازدانی کەشوهەوای باسەکە، بەکورتی لە هەندێ لێکچوون و جیاوازیی ژیان و بەرهەمیان دەدوێین[٣].

### رووی لێکچوون

-هەردوو شاعیر لە تەمەنێکی زۆر زوودا بەهرەیان دەرکەوتووە. گۆران لە (١٢) ساڵیدا ئەم شیعرەی نووسیووە:

**لە تاوی فیرقەتی یارم دڵم دائیم پەرێشانە**
**وەکو مەجنوونی حەی وێڵی کەژ و دەشت و بیابانم** (گۆران)

کاتێ ئەم شیعرەیان پیشانی شاعیرێکی ناسراوی وەک (بێخود) داوە، سەرنجی ئەوەبووە، تەنیا (یار)ەکەی کردووە بە (لەیل).. {٥، ل٢٠٠}.

پووشکین- ئەوکاتانەی لە قوتابخانەیەکی ئامادەیی نموونەیی کە (لیسیی) پێ وتراوە، لە گوندی "تسارسکەیۆسیلۆ-گوندی قەیسەری" خوێندوویەتی، دەبوایە قوتابی بۆ دەرچوون "ئۆدە"یەکی بنووسیایە، کە ژانرێکی لیریکیی قورسە،

شاعیری گەورەی رووس (دیرژاڤین) سەرۆکی لیژنەی تاقیکردنەوەکە دەبێت. کاتێ پووشکین شیعرەکەی خۆی دەخوێنێتەوە، دیرژاڤین هەڵدەستێتە سەرپێ و دەڵێت: "دیرژاڤین نەمردووە، شیعری رووسی نەمردووە"... پووشکین پەڵمەگریان دەبێت و رادەکاتە دەرەوە، لەبەرخۆیەوە دەڵێت: "هەی زۆڵ! قەوماندت".

-گۆران و پووشکین هەردووکیان زمانی شیعرو زمانی گەلەکەیان تازەکردۆتەوە و قۆناغێکی نوێیان، بەتایبەتی لە مێژووی ئەدەبی گەلەکەیاندا هێناوەتە ئارا...

-هەردوو شاعیر شەیدای جوانیی ئافرەت و سرووشتی وڵاتەکەیان بوون و ئەمیان جوانیی کوردستانی و ئەویان جوانیی رووسیی پێشکەشی گەلەکانیان و مرۆڤایەتی کردووە.

-پووشکین بە شاعیری دیسەمبەرییەکان ناسراوە، کە بزووتنەوەیەکی ئازادیخوازانە بووە بۆ شکاندنی کۆتی سیستمی کۆیلایەتی و کردنی رووسیا بە کۆماری، یان شایەتیی دەستووری. ئەمانە توێژاڵێکی ئەریستۆکراتی بوون، دوای ژێرکەوتنی راپەرینەکەیان لە پیتەربورگ لە ١٤ دێسەمبەری ١٨٢٥دا، هەندێکیان لەسێدارە دران و گەلێکیشیان بە خۆیان و ژنەکانیانەوە رەوانەی سیبیریا کران و لە کاری قورسدا زۆریان لەناوچوون. پووشکین هاورێی هەندێ لە رابەرانیان بوو و شیعری بۆ نووسیون. شیعرە بەناوبانگەکەی: "لە بنی بنی بیرەکانی سیبیریا"ی بۆ ئەوان نووسیوە، کە خەباتیان بەفیرۆناچێ و رۆژی ئازادی هەر هەڵدێ...

گۆران- هەمیشە نزیک بووە لە بزووتنەوەی ئازادیخوازیی گەلەکەی و لە بەندیخانەدا دەچێتە ریزی حیزبی شیوعیی عێراق و تا کۆچی دواییشی، هاورێ (هۆشیار) هەر بە ئەندامی ئەو حیزبە دەمێنێتەوە.

-رەخنەگرە رووسەکان رەوتی گەشەسەندنی پووشکینیان ئاوا دەستنیشانکردووە: لە کلاسیزمەوە بە نێوان رۆمانتیزمدا بەرەو ریالیزم رۆیشتووە. زاناو ئەدەبناسانی کوردیش هەمان رەوتیان لای گۆران ئاماژە پێکردووە.

### جیاوازییان

-پووشکین بە بنەچە باپیرەگەورەی، ئیبراهیم، ئیسیوپی بووە و بەناوی "عەرەبەکەی پیۆتەری یەکەم"ەوە بەناوبانگ بووە. خۆشی سەر بە قەسر و ئەریستۆکراتییەتی رووس بووە...

... بەڵام گۆران، راستە کەسوکاری لە بەگزادە جافەوە نزیکبوون و خزمیان بووە، بەڵام دوای نەمانی باوکی و براگەورەکەی لە ژیانێکی کولەمەرگیدا ژیاوە. دەوڵەمەندیی ئەریستوکراتییەتی رووسیش لەگەڵ بنەماڵە هەرە دەوڵەمەند و ناودارەکانی کوردیشدا بەراورد ناکرێت.

-پووشکین کوڕی وڵاتێکی نەک خاوەن سەربەخۆیی، بەڵکو هێزێکی گەورەی ئەورووپایی و نێودەوڵەتی بووە.

... بەڵام گۆران کوڕی گەلێکی ژێردەستە و وڵاتێکی دابەشکراو و داگیرکراو بووە.

-پووشکین هەر لە سەرەتای درەوشانەوەی ئەستێرەی شیعرییەوە هەمووکەس ناسیویەتی و بەرز بەرهەمەکانیان نرخاندووە.

... بەڵام گۆران تا مردنیشی کەسانی کەم هەبوون، کە دەرکی بلیمەتی و دەوری گەورەی ئەویان لە شیعر و ئەدەبیاتی کوردیدا کردووە...

**(بابەت-theme)ی هەردوو شیعرەکە**

شیعری یەکەم- "من پەیکەرێکی بەدەست نەکراوم بۆخۆم کردووە"-شیعری ئەلیکساندەر سیرگێیڤیچ پووشکینە...

لەبەرئەوەی باسەکەی ئێمە تەرخانی بابەتی پایەی هونەر و هونەرمەندە، دەبێت پێش هەموو شتێک و بۆ رۆشنکردنەوەی ئەم بابەتە باس لە کۆدێکی سیانی، یان سێ کۆد بکەین، ئەویش:

"هونەرمەند- گەل- دەسەڵات"ەو مێژووەکەی بەشێکە لە سەرجەم مێژووی مرۆڤایەتی. ئایا هونەرمەند لەکوێی کۆمەڵەکەیدا دەوەستێ؟ دەبێتە شاعیری دەربار و دەسەڵاتداران، پیاهەڵدەر و پاساودەری کارەکانیان، خەڵات و بەرات و پلەوپایە وەردەگرێت، یان داکۆکی لە هەق و ئازادی دەکات و دژی ستەمکاری دەوەستێ؟ کەواتە هەر لێرەوە وەک مێژووش دەریخستووە، هونەرمەندان لێک جیادەبنەوە.

ئەگەر سەیری شیعرەکەی پووشکین بکەین، راستە باس لە پەیکەرێک دەکات کە بۆخۆی درووست دەکات، بەڵام ئەو پەیکەرەکەی کردووە بە ئەلیگۆریایەک و واتایەکی خوازەیی داوە پێی، مەبەستی پووشکین ئەو بەرهەم و کەلەپوورە ئەدەبی و شیعرییەیە کە لەدوای بەجێ دەمێنێت.. لەرێگەی ئەو پەیکەرەوە هەموو هەست و نەستی خۆی دەربڕیوە،.. هەر لە یەکەم کۆپلێتیشدا یەکسەر باسی ئەوە دەکات کە پەیکەری ئەم لە ستوونەکەی ئەلیکساندەر نێڤسکی بەرزتر دەبێت، کە

بەرزترین ستوونە و کەوتۆتە پشتی "ئێرمیتاژ- کۆشکی زستانەی قەیسەر".. کە ئەمیر و سەرلەشکرێکی گەورەی رووس بووە، سویدییەکانی شکاندووە...

ئەگەر بەوردی لەم بەراوردە بڕوانین، پووشکین ویستوویەتی بڵێت "وشە"- هونەر، لە شمشێر و سیاسەت و دەسەڵات نەمرترە،... کەواتە پووشکین هەر یەکسەر "هونەر"ی لە "دەسەڵات" لا بەرزتر بووە.. پێشی وابووە، تا تاقە شاعیرێ لەژێر دنیای بەر تریفەی مانگدا مابێت، ئەو هەر دەمێنێت و دەکەوێتە سەرزاری، نەک هەر رووس و سلاڤییەکان، بەڵکو فینلەندی و تونگوسی و کالمیکیو... هتد، تەنانەت بە وێنەیەکی شیعریی زۆر جوان، ئەوەی نیشانداوە، کە پەیکەرەکەی دەبێتە مەزارێک و ئەوەندە خەڵک دەچنە سەری، لەبەر هاتوچۆی بەردەوامی سەردانیکەران گیا لە رێچکەکانیدا ناڕوێت...

پووشکین وشەی (lyra)ی یۆنانیی کۆنی دووجار لە شیعرەکەدا بەکارهێناوە، کە وەک "**قیثارة**"-ساز وایە و رەمزی شیعر و ئیلهامیشە و تەنانەت لیریک- شیعری لیریکیش ئەوەی عەرەب پێی دەڵێت: (**الغنائي، العاطفي، الوجداني**) لەمەوە هاتووە، جارێک لای وایە گیانی لە سازی پیرۆزدا هەر نەمر دەبێت و باسی ئەوەش دەکات خۆی بەو ئامێرە -واتە- شیعرەکانی هەستی خێری وروژاندووە،.. ئەمە سیمبۆلێکی ئەورووپاییە، بۆ ئاماژە بە هونەر و شیعرکردن.

راستییەکەی دەبێت ئاماژەی ئەوە بکرێت، چ ئەم ناونیشانە و چ هەندێ لە دێڕەکانی ئەم شیعرەی پووشکین لە (هۆراس) هۆراتیۆسەوە وەریگرتوون و پووشکین خۆی وەک ئیپیگرام ئاماژەی بۆکردووە و نووسیویەتی "Exegimonumentum" کە هی شاعیری لاتینی هۆراتیۆس فلاک کڤینت (٦٥-٨ پێش زایین)ە، دەڵێت:

**پەیکەرێکی برۆنزیی داڕێژراو و پتەوم درووستکرد**
**کە لە هەرەمی پاشاکان بەرزتر بۆتەوە،**
**نە لێزمەی باران و رەشەبای (ئاکڤیلۆن)(٤)**
**کاری لێ ناکەن، باڵای ناچەمێننەوە**
**ساڵە تەواونەبووەکان- کات دەفڕێ،**
**نۆ، کاتێ دەمرم، باشترین بەشی گیانم**
**لەدەست ناشتن هەڵدێ..**

(ئۆدەی III، ٣٠ کە بەو تەعبیرەی سەرەوە دەست پێ دەکات) {٣، ل٣٤٩}

هەرچەندە بیر و وێنەکانی هۆراتیۆس بە ئاشکرا لە شیعرەکەی پووشکیندا دیارن، بەڵام تێهەڵکێشی لەو بابەتە لە شیعردا ئاساییە و بۆ بەهێزکردنی

شیعرەکەیە، بەتایبەتی خۆدانە پاڵ کەلەپوورێکی بەرزی وەک ئانتیکە: {یۆنان و رۆمان}..

شاکۆپلێتی ئەم شیعرەی پووشکین ئەوەیە کە لە پەیکەرەکانی نووسراوە، دەڵێت:

**من تا سەردەمانێکی زۆر لای گەل خۆشەویست دەبم**
**چونکە بە سازەکەم هەستی خێرخوازیم دەورووژاند،**
**لە رۆژگاری سەختی خۆمدا شانازییم بە ئازادییەوە دەکرد و**
**داوای بەزەییم بۆ لانەواز و کەوتووان {بێ دەرەتانان} دەکرد.** {١، ل٥٨٦}

شاعیر بە ئاشکرا هەڵوێستی خۆی دەربڕیوە، لای گەل خۆشەویست دەبێت و بۆ ئازادیی گەل تێکۆشاوە، لە رۆژگارێکی سەختیشدا لەگەڵ لانەوازاندا بووە،... سیمای درەوشاوەی ئەدەب و کولتووری گەلەکەی بووە و ئازار و ئاواتی ئەوانی دەربڕیوە. ئا.د.گریگۆرییڤا کە زانایەکی ئەدەبناسی رووسە، ئاوا دەربارەی پووشکین دەدوێت: "پووشکین هونەرمەندێکە بەشێوەیەکی ئۆرگانی ئامێتەی کولتووری ئێمە بووە، هۆی ئەمەش- تەنیا ئەو هەستە مرۆڤانەیەی سەرەتای داهێنانی نییە- بەڵکو بەهۆی ئەو دەربڕینە دانسقە و دەگمەنەی سیمای گیانی نەتەوەییەوەیە بەوشێوە هەرە تایبەتییەی دەرکەوتنی". {٢، ل٣}.

کەواتە پووشکین وەک شاعیرێکی سەربەرز و سەرکەش لەگەڵ چارەنووسی هەژارانی گەلەکەیدا بووە. ژیانیشی ئەوە دەردەخات، کە ئەو گرفتانەی بۆیان نایەوە لەخۆوە نەبووە و دوایی ئەو سەرشۆڕییەی پێ قووبووڵ نەکراو داوای دوێلی کرد، ئەمانە هیچیان کێشەی شەخسی نەبوون، بەڵکو سیاسی بوون، ئەوەبوو پووشکین لە دوێلەکەدا کوژرا...

لە کۆتایی شیعرەکەیدا پووشکین داوا لە خوای ئیلهام و شیعر دەکات، کە خۆی بەرزڕاگرێ و لەبەردەم تاج و بەخدا فریو نەخوا و گوێ نەداتە بووختان و دەم نەخاتە دەم گەلحۆ و گەمژان... کەواتە شاعیر لە بەرەی هەق و دادپەرستیدا بووە،.. ئەوەشی کە گێرەوکێشەی بۆ دروستکردووە و گێچەڵی پێ گێڕاوە داروودەستەی قەیسەر بوون، لەبەرئەوەی ئەم هەواداری دیسەمبەرییەکان بووە و دژی ستەم و دۆستی ئازادی بووە.. تەنانەت کە قەیسەر لێی دەپرسێت: ئەگەر رۆژی ١٤ی دیسەمبەر لە پیتەربورگ بوایە، چی دەکرد، پووشکین بێ پەروا دەڵێت: لەو شوێنە دەبووم کە لە دژی تۆ راپەڕیبوون...

"دەروێش عەبدوڵڵا"ی گۆران

ئەی گۆران لە نووسینی "دەروێش عەبدوڵڵا"دا ویستوویەتی چی بڵێت؟! ئەگەر پووشکین راستەوخۆ باسی پایەی هونەر و شاعیرییەتی خۆیی کردبێت و پەنای بۆ پەیکەرەکەی خۆی بردبێت، ئەوا گۆران هەست و ئەندێشەی خۆی لە سیمای شمشاڵژەنێکی بلیمەتدا دەربڕیوە، کە وەک (ماسک) رووپۆشێک بەکاریهێناوە... دەروێش عەبدوڵڵا- خودی گۆران خۆیەتی،.. کە هەردووکیان بە زەبری کۆششی زاڵیان گەیشتوونەتە ئەو لووتکەیەی هونەر و شیعر... بەڵام ئەگەر کۆمەڵی رووسی، لەبەر گەلێ هۆی سیاسی و کۆمەڵایەتی نرخی هونەری زانیبێ،.. ئەوا گۆران واتەنی، لە کوردەواریدا:

**بەڵێ دیارە لەناو قەومی بەسیتا قەدری سەنعەتکار**
**وەکو عەکسی قەمەر وایە لەناو حەوزێکی لیخندا**
**بەلام تەختی روفاه و تاجی حورمەت میللەتی هوشیار**
**بە ئوستادی ئەدا وەک تۆ لەناو شمشاڵی کون کوندا..** {٦، ل١١٩}

هەر رێک دوونیوەدێڕی یەکەم: بۆ دەروێش عەبدوڵڵا-گۆرانە و دوونیوەدێڕی دووەم- بۆ پووشکینە.. با دەسەڵاتی قەیسەریش دژی بووبێ، بەڵام گەلەکەی نرخی زانیوە و ئەوپەڕی رێزی لێ گیراوە، دەریشکەوت کە تووڕەیی خەڵک وای لە داروودەستەی قەیسەر کرد، کە (دانتێس)ی بکوژی رەوانەی فەرەنسا بکاتەوە..

گۆران نەهاتووە گوناهی حاڵەتی دەروێش عەبدوڵڵا و خۆی بخاتە ئەستۆی گەل، بەڵکو لەو کۆپلێتەی تردا ئاوا دەڵێت:

**سەحەر بێنێتە گریان و قسە، سیحری پەریی نەغمە**
**برای دەروێش! ئەزانم بۆ مەعیشەت وێڵ و ئاوارەی**
**بە زەهری ناعیلاجیتە لە ناکەس ویستنی لوقمە،**
**بە مردنتە کە گوێی ناشی ئەخنکێنێ خرۆشی نەی!** {٦، ل١١٩}

لێرەدا گۆران راستە رووی دەمی لە دەروێشە، بەڵام لە گوزەران و ژیانی خۆی دەدوێت، کە کەس رێز لە هونەر و بەهرەی ناگرێت، پاڵپشت و بەڵگەی ئەم بۆچوونەش شیعرێکی تریەتی، ئەو چەند دێڕە شیعرەی "جواب بۆ جەناب"ە، کە تیایدا دەڵێت:

**لاكين ئاخۆ چ شاعیرێكی تر،**
**شیعره پیشەی: به دائیمی سەرومڕ؟**
**باوكته، تۆیی، منم، ئەم یا ئەو**
**هەوڵی نانه به ڕۆژو، شیعره به شەو**
**چارەنووسی بەشی ئەزەلمان، داد،**
**پیشەیەكە شیعروتن: بەرباد!** {٦، ل١٢٢-١٢٣}

بێجگە لەمەش بێگومان کە "لوقمەی دەمی هونەرمەند- شاعیر" لای "ناکەس" بێ، بۆ هونەرمەند و شاعیرێکی لە ناخدا باوەڕبەخۆ بوو و لە هونەری خۆگەیشتوو- زەهری ناعیلاجییە.

ئەگەر پووشکین گرفتی وڵاتی داگیرکراوی نەبووبێت، ئەوا گۆران بێجگە لە دواکەوتوویی گەلەکەی، ئەو بەڵایەشی لە چارەنووسدا هەبووە، بۆیە هەندێ جاری تر، دانپێدانەنان و ڕاوەدوونانی دەخاتە ئەستۆی داگیرکەرانی وڵاتەکەی، لە "دوا سرنج.."دا، دەڵێت: "ئەهرەمەنی گەلای باخ سیس کەر، بێزارە لە جووکەی دەنووکی کوردی و ڕێی چینەی لێ تەنیوە بە داوی وردی"... بەڵام لە "دەروێش عەبدوڵڵا"دا جێی لۆمە و ڕەخنەی شاعیر کۆمەڵی کوردەواری خۆیەتی.. وەک چۆن پووشکین باوەڕی بەوە هەبووە، کە ڕۆژێک دێت، پەیکەرێکی شایانی بۆ دەکرێت و لە نرخی خۆی گەیشتووە، گۆرانیش ئەمەی زانیوە، بەڵام "خیلقەت نەسیبی عومری ئەوی مەحکوومی دەورێک کردووە، ئەینا ئەویش شایانی داوێن لە عەرش سوینە"..

یەکێکی تر لەو سیمایانەی دەروێش عەبدوڵڵا کە گۆران خۆی تێدا بینیوەتەوە، هەڵنەکەوتنی دەرفەتی لەبارە بۆ پێگەیشتن و خۆپەروەردەکردن،.. هەروەها عەوەزکردنی ئەوە بە هەوڵی خۆی: "بە زەبری کۆششی زاڵی".. بەڕاستی ئەم دەربڕینە، بارتەقای هەندێ تەرحی تیۆریی وەستایەتی و کارامەییە لە هونەردا.. واتە: بێجگە لە بەهرەی خودایی، مەشق و خۆڕاهێنانیش، لە ئەزموونی کەسانی تر سوودوەرگرتنیش، بۆ تەواوکردنی شەخسییەتی هونەری پێویستە، وەک ئەو کارامەیەتییەی کە دەروێش لە شمشاڵی کون کوندا نواندوویەتی..

هەرچەندە ئێمە زیاتر لە بابەت دەدوێین و نەچووینەتە وردەکاریی شێوازی هونەریی ئەم دوو شاعیرە،.. بەڵام بونیادی هەردوو شیعرەکە لە دواکۆپلێتدا ڕووی دەمکردنە کەسێکی ترە، پووشکین ڕووی دەم لە خوای ئیلهام دەکات و گۆران هەر لە دەروێش عەبدوڵڵا خۆی.. بێگومان هەردوو هۆنراوەکە بەمە کڵۆمکراون..

سیمایەکی داهێنەرانەی تری ئەم دوو شیعرە، ئەوەیە لە جوغزی "نەتەوە"وە بۆ "مرۆڤایەتی" رۆیشتوون.. ئەوەتا، پووشکین هەر لە سەرەتاوە لەگەڵ هێنانەوەی بەخ و سەربەرزییەکانی رووسیادا پەنای بۆ کۆپلێتە شیعرێکی هۆراتیۆس بردووە و کردوویەتی بە بنەمای شیعرەکەی، بەڵام دواتر دەگاتە لووتکەی هەستی مرۆڤایەتی و باس لە داکۆکی لە بێ دەرەتان و شانازی بە ئازادییەوە- دەکات، کە پوخت بیرێکی هومانیستییە..

گۆرانیش ئەوەندە زیرەکانە ناوی "بیتهۆڤن"ی هێناوە، کە نەی لێ نەکردووە، بەڵام مۆسیقای گەلەکەی بە رۆحی ئاشناتربووە لە ئەویش، دیسانەوە گرێدانی کولتووری نەتەوە و مرۆڤایەتییە بەیەکەوە.. بەڵام دەبوایە گۆران ئەو داخ و کەسەرەی بۆ باری کولتوور و هونەری ئەمڕۆمان هەڵڕشتایە، چونکە ئەوەی شارەزای لاپەڕەکانی مێژووی ئەدەبی کوردیی سەردەمی گۆران بێت، دەزانێت ئەوسا کەسانی لووتکە و رەسەن خەریکی ئەدەب و هونەر بوون بە هەموو مەیدانەکانییەوە. راستییەکەی ئەم سکاڵایەی گۆران، بەلای کەمەوە، ئەوەندەی کە پێ بزانم، مایەی سەرسووڕمانە، چونکە دیاردەگەلی نامۆی لەوەی ئەمڕۆ هەمانە، لەو رۆژگارەی ئەودا نەبوون.

### کورتە ئەنجامێک

ژانری ئەم دوو شیعرە (بالاد)ەو بەشێوەی نیگارکێشان و گێڕانەوەیە، هەرچەندە لای (گۆران) ئەم شێوازە زیاتر دیارە و رۆحی بالادیش لە لایەنە لیریکییەکەیدایە تا لایەنی گێڕانەوەکەی.. وەک بابەتیش کە جەوهەری ئەم نووسینەی ئێمەیە، گەلێ رووی لێکچوون و هەروەها هەندێ جیاوازیشمان لە بەرهەمی ئەم دوو شاعیرەدا بەدیکرد.. ئەوەی کە تایبەتمەندی دەدا بە هەریەک لە شیعری ئەم دوو شاعیرە، کە رەنگە بە رووالەت وەک جیاوازی بێتە پێش چاو، بەڵام چڕکردنەوەی ئەزموونی هەردوو شاعیرە، بەکارهێنانی دوو سیمبۆل- دوو ئامێری مۆسیقایە کە هەریەکەیان سیمای نەتەوەییان پێوە دیارە و تەنیا هەر وەک ئامێری رووتیش بەکارنەهاتوون، بەڵکو هێمان بۆ هونەر- شیعر.. پووشکین (لیرا-**قیثارة**) دووجار بەمانای خوازەیی بەکاردێنێت و گۆران شمشاڵ و شمشاڵژەن وەک سیمبۆلێکی نەتەوەیی بەکاردێنێت، بە زانینی هەموو ئاواز و مەقامەکانییەوە.. ئەمەیە کە هەر نەتەوەیە و لای خۆیەوە بە سیمای تایبەتییەوە دێت و هاریکاری لە پێکهێنانی سەرجەم هونەر و ئەدەبی مرۆڤایەتیدا دەکات...

هەرچەندە ئاسان نییە لە روانگەی دوو شیعرەوە بتوانین بیروبۆچوونی

تەواو لەبارەیانەوە بخەینەڕوو، بەڵام بە سەرجەمی بەرهەم و ئەو زانیارییانەی دەربارەی ژیان و داهێنانیان هەن، دەتوانین بڵێین: پووشکین و گۆران- دوو شاعیری بە هەڵوێست، دوو شاعیری داهێنەر و هەرزوو لای رووسەکان پووشکین و ئێستاش لای ئێمە گۆران جێگای شایان و لووتکەئاسای لە ویژدان و ئەدەبی گەلەکەیدا بۆخۆی داگیرکردووە، کەواتە هونەری راستەقینە و هونەرمەندی داهێنەر و راستگۆ درەنگ یان زوو جێگای خۆی لە دڵی گەلەکەی و سەرجەم مرۆڤایەتیدا دەکاتەوە.

**پاشکۆی شیعریی**

**١- شیعرەکەی ئا.س.پووشکین**

**Exegimonumentum(٥)**

**من پەیکەرێکی بەدەست نەکراوم بۆ خۆم کردووە،**
**لەو رێچکانەدا خەڵک بەرەو لای دەڕوا، گیا سەوز نابێ..**
**ئەو سەرە سەرکەشەی،**
**لە ستوونەکەی ئەلیکساندەر بەرزتر دەبێ،**

**نە، من هەرگیز نامرم، گیانم لە سازی پیرۆزدایە،**
**گەردی لاشەم زیندوو و ئێسک و پرووسکم راست دەبێتەوە،**
**تا لە دنیای بەر تریفەی مانگدا تاقە شاعیرێ مابێ،**
**من هەر سەروەر دەبم..**

**ناوبانگم هەموو رووسیای مەزن دەگرێتەوە،**
**لە هەر خاکێ زمان هەبێ، ناوی من دێ،**
**نەوە سەربەرزەکانی سلاڤیان و فینلەندی و تونگوسی ئێستا کێوی و**
**هاوڕێی پێدەشتەکانی کاڵمیک**
**{هەموو ناوی منیان بەسەر زارەوە دەبێ}**

من تا سەردەمانێکی زۆر، لای گەل خۆشەویست دەبم،
چونکە بە سازەکەم هەستی خێرخوازیم دەورووژاند،
لە رۆژگاری سەختی خۆمدا شانازییم بە ئازادییەوە دەکرد و
داوای بەزەییم بۆ لانەواز و کەوتووان دەکرد.

توبی و فەرمانی یەزدانی هۆ خوای ئیلهام (شیعر)، گوێ رایەڵم بە،
لە دڵشکاندن مەترسە و داوای تاج و بەخ مەکە،
گوێ مەدەرە پیاهەڵدان و بووختان،
دەم مەخەرە دەم گەمژەو گەلۆران. {١، ل٥٨٦}

## ٢- دەروێش عەبدوڵڵا(٦) گۆران

### -بۆ فریشتەی مۆسیقا-

بە رەنگی زەردو شێوەی دەست و شمشاڵی کزا، دەروێش
حەزم کرد بەستەیەک ببیەم سەراسەر حوزن و ماتەم بێ،
لە سیماتا بەدیم کرد هەیکەلی عومرێکی حەسرەتکێش،
وەها دیارە کە بەختت ئاشیانی بلبلی خەم بێ!..

بەڵێ دیارە لەناو قەومی بەسیتا قەدری سەنعەتکار
وەکو عەکسی قەمەر وایە لەناو حەوزێکی لیخندا
بەڵام تەختی روفاه و تاجی حورمەت میللەتی هوشیار
بە ئوستادی ئەدا وەک تۆ لەناو شمشاڵی کون کوندا..

سەحەر بێنێتە گریان و قسە، سیحری پەریی نەغمە!..
برای دەروێش! ئەزانم بۆ مەعیشەت وێڵ و ئاوارەی،
بە زەهری ناعیلاجیتە لە ناکەس ویستنی لوقمە،
بە مردنتە کە گوێی ناشی ئەخنکێنێ خرۆشی نەی!

بەڵام چی بکەین لە ناوچاوی رەشی بەعضێ ژەکای گەورە،

**وەکو تۆوی گوڵی دەم- با لەسەر بەردێکی رەق ئەڕوێن،**
**ئەگەر خیلقەت نەسیبی عومری تۆی مەحکوومی ئەم دەورە**
**نەکردایە، خوا عالم، لەکام عەرشت ئەسوو داوێن؟!**

**نە حەرفی مەکتەبێکت خوێند، نە ئوستادێ پەلی گرتی،**
**صیرف بەرزیی ژەکا ئەم صنعەتەی فێرکرد بە شمشاڵت،**
**هەموو وەزنێکی گۆرانی، لە توولانی هەتا کورتی،**
**بەسەر پەنجەی هونەرکردت، بە دیلی کۆششی زاڵت!..**

**ئەوەندەم بیست لە مۆسیقا خرۆشی رۆحی بێگانە**
**میزاجی کوردەواریم تێکچووە، دەروێش عەبدوڵڵا،**
**دەخیلت بم دەسا بەو لاوک و ئای ئای و حەیرانە**
**شەپۆلی زەوقی میللی پڕ دەروونی مات و چۆڵم کە!**
**لە بیتهۆڤن گەلێ زیاتر بە رۆحم ئاشنای، وەڵڵا**
**دە، ئەی دەروێش، سکاڵایەک لەگەڵ رۆحی کلۆڵم کە!** {٦، ل١١٩-١٢٠}

## پەراوێزەکان:

١-پووشکین لە ٢٧/کانوونی دووەمی/١٨٣٧دا کۆچی دوایی کردووە.

٢-گۆران لە ١٨/تشرینی دووەمی/١٩٦٢دا کۆچی دوایی کردووە.

٣-لە ئاماژەکردنی سەرچاوەکاندا سیستێمی کۆد بەکارهاتووە { ، ل} ژمارەی یەکەمی ناوکەوانەکە ناوی سەرچاوەکەیە لە لیستی سەرچاوەکانداو، (ل)یش لاپەڕەکەیەتی.

٤-خوای باهۆز و زریانە لای یۆنانییەکان.

٥-من پەیکەرم درووستکرد. سەرەتای ئۆدەیXXXی کتێبی III (هۆراس)، هۆراتیۆسە.

٦-دەروێش عەبدوڵڵا شمشاڵژەنێکی بەهرەداربوو، چارەکە چەرخێک لەمەوبەر دیومە. زۆرتر لە هەورامان ئەژیا.

**سەرچاوەکان:**

به زمانی رووسی:

١-پووشکین ئا.س. (١٩٨٥). سەرجەمی بەرهەمەکانی، بەرگی یەکەم، مۆسکۆ.

٢-گریگۆرییڤا ئا.د. (١٩٨١). زمانی لیریکی پووشکین لە سالآنی سییەکاندا، له کتێبی: "زمانی لیریکی سەدەی نۆزدەیەم"، مۆسکۆ.

٣-لۆسێیڤ و چەند توێژەرێکی تر (١٩٨٦). ئەدەبی ئانتیک، مۆسکۆ.

٤-فۆمیچۆڤ س.ئا. (١٩٨٦). شیعری پووشکین- گۆڕان و گەشەسەندنی داهێنانی {ئەدەبیی}، لینینگراد.

بە زمانی کوردی:

٥-ڕەفیق حیلمی (٢٠١٠). شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، هەولێر، "دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس"، چاپی دووەم.

٦-گۆران (٢٠٠٤)، دیوانی گۆران، محەمەدی مەلاکەریم کۆیکردۆتەوە و پێشەکی و پەراوێزی بۆ نووسیووە، چاپی سێیەم.

# سیحری مانا و ئاستەکانی دەرککردن




## خوێندنەوەیەک بۆ رۆمانی "شاری مۆسیقارە سپییەکان"

**هەمزە شەشۆیی**

مانا، پێکهاتێکی رۆحی گۆڕاوی دەقە. هێزی دروستکردنی جوڵەیەکی نەوەستاوە، بوونێکە لە فەزایەکی نەمردا، رۆحێکە لە جەوهەری ئافراندندا، لەزەتێکی ئەفسوونییە کە دابەشدەبێتە سەر مەغزای دەق و ئیستاتیکای داڕشتن و هێزی ماناوەی لە نەستی خوێنەردا... مانا سیحری زیندووبوونی گوتارە و هێمای راکێشانی خوێنەریشە بەلای خۆیدا.

دەق چەندە پێکهاتێکە لە وشە و فۆڕمی داڕشتن و قەبارەیەکی ئەزازەیی، ئەوەندەش مانا و سیحری پێکەوەبەستنەوەی ئەو بەشانەی تری گوتارە. بۆیە

ئەگەر مانا ئامادەبوونی لەناو گوتارێکدا نەبێت، ئەوا وشە و فۆڕمی داڕشتن ناتوانن گوتارێکی زیندوو دروست بکەن، چونکە مانا سیحری بە ئەفسوونکردنی گوتارە و لە دەرەوەی مانادا گوتار بوونی نییە بە مانا بابەتی و زانستییەکەی، چونکە بوونی گوتاری مەعریفی پەیوەستە بە بوونی ماناوە، ماناش پەیوەستە بە بوونی ئافراندن و داهێنانەوە. ئەگەر داهێنان بوونی نەبوو، ئەوا مانای زیندووش بوونی نییە. مانای زیندوو کاتێک بوونی هەیە کە داهێنان بوونی هەبێت.

بۆیە خولیای نووسەر و گوتار لە ڕێی ماناوە خۆی فەرز دەکرد، خوێنەری وا لێ دەکرد کە بەدوای لەزەتی مانا و ئیستاتیکای گوتاردا بگەڕێت، ئەوا ئەو گوتارە، یان ئەو نووسەرە دەبێتە سیحرێکی زەمەن، یان ئەو دەقە دەبێتە شاکار و توحفەیەکی کەم وێنە و ناوازە دواجار مانایەک لەم سکێچەدا دەخەملێت، ئەویش بۆ جیاکردەوەی ئەو گوتارە زیندووانەن کە جیاوازی نیشان دەدەن لەگەڵ گوتار و دەقەکانی تردا "من ناوی دەنێم سیحری مانا" سیحری مانا یان مانا وەک سیحرێکی ئەفسوونی بەردەوام واتایەکی نەمر بە دەق و تێکستە زیندووەکان دەدات، کە ئەم نەمرییە هەر هێندە لەو چوارچێوەیەدا ناخولێتەوە کە ئێمە ئەو تێکست و گوتارانە بخوێنینەوە بە تەنیا و مانایەکی تازە دەرک بکەین، یان ئەو مانایە بۆمانایەک سەرسامییەک شۆکێک لە فکر و سایکۆلۆژییەتی ئێمەدا دروست بکات، یان بۆ چەند خولەکێک ئێمە لەبەردەم ئەو تێکستەدا فرمێسک بڕێژین، یان پێبکەنین، یان بڵێین زۆر دەقێکی بەهێزە.

بەڵکو نەمری دەق لەلای خوێنەر دوو ڕەهەند دیاری دەکات، هەر خوێنەرێک لە پاش دەقێکی زیندوو نەگەیشت بەو دوو حاڵەتە فکری و سایکۆلۆژییە، یان یەکێک لەو دوو ڕەهەند و حاڵەتە، ئەوا ئەو تێکستە هیچ مانایەکی لەلای ئەو خوێنەرە دروست نەکردووە.

یەکەم: تێکستی زیندوو مانای جدی دەبەخشێت، ئێمەش لە داهێنانەوە.

دەگەینە دەقێکی زیندوو، بۆیە دەربڕین و دەرککردن لەلای فەیلەسوف و زانا و بیریار و ڕۆشنبیران قسەکردن و نووسینە. هەموو نووسینێکی جدیش وەک دەقێکی زیندوو ئەگەر بووە فاکتەرێک کە ڕەخنەیەک بە ئێمە بنووسێت، بۆیە زمانێکی تری دەربڕین و وای لە فکر و نەستی ئێمە کرد کە سەرنج و بوعدەکان و ئاستەکانی ئەو تێکستە دەرک بکەین و ئەو پەیوەندییەش بدۆزینەوە کە ئەو تێکستە بە ژیان و واقیع و مێژوو ئایندەوە هەیەتی.

دووەم: ئەگەر خوێنەری جدی گەیشت بە تێکستی زیندوو، دوای خوێندنەوە

دەبێت ئەو تێکستە ڕاستەوخۆ کاریگەریی خۆی هەبێت بۆ سەر ژیان و جیهانبینی خوێنەر و ئێمە، کاریگەرییەک بەجێبێلێت لەسەر ماناکانی زۆرێک لە موفرەدەکانی ژیان، کە هەمووومان وەک تیۆر دەیانناسین و دواجار لە کایەی پراکتیکدا بەشدارین لە مانا و دەلالەتەکانی "وەک موفرەدەی- عیشق، عەدالەت، هاوکاری، برایەتی، تەبایی، لێبوردن، پێکەوەژیان و...هتد.

تێکستی زیندوو بەردەوام مانا وەک سیحرێکی هەمیشەیی لە نەستی خوێنەردا بە ئەفسوون دەکات، بەردەوام دەبێتە جێگای دروستبوونی شۆکی فکری قوڵ لە جیهانبینی خوێنەردا، چونکە ئەو پەیوەندییەی کە نووسەر لەگەڵ خوێنەردا دەیبەستێت لە ڕێگای ماناوەیە، لە ڕێی ئەو سیحرەوەیە کە مانا وەک تاکە هێڵی تەماس پێکەوە دەنێت.

مانا تاکە زمانێکی جیاوازی دەقە لە ڕێی تێکستەوە خۆی مانیفێست دەکات، تاکە کرۆک و مەغزای گوتارەکانە کە بە نەستی خوێنەر دەگات، کە دواجار لە کۆنەستی خوددا دەنیشێت.

کاتێک مانا لە گوتارێکدا غائیب بوو، ئەوا مەرگی پەیوەندی خوێنەر و گوتار ڕادەگەیەنێت، بەڵکو ئەو مەرگە دواجار دەگوازرێتەوە بۆ نووسەری ئەو تێکستە و هیچ هێڵێکی زیندووی بەیەکگەیشتن لەنێوان خوێنەر و دەق و نووسەردا دروست نابێت. ئەوەی سەروەریی دەق دەپارێزێت و دواجار دەشبێتە شوناسی زیندووی گوتار و لەزەتی خوێندنەوەی ئەو دەقە لەلای خوێنەر دەهێڵتەوە، مانایە، یان بابڵێین سیحری مانایە.

چونکە زەمەنێک مەعریفە دەگوازرێتەوە نەستی دەق کە خوێنەر هزری بارگاوی بکات بە خوێندنەوەی تێکستی زیندووی مانادار. ئەو لەحزەیە لە دەرئەنجامی خوێندنەوەدا مەعریفە دەبێتە تاکە بەرهەمی نەست "لاشعور" و دەشبێتە تاکە مانایەکی سەرەکی لەلای خوێنەر کە فۆرم و مانای تازە پێکەوە دەنێت.

مانا لەلای نووسەری جدی هەر هێندە نابێتە تاکە ئاڕاستەیەک بەلای نووسینی دەقێک و بەس، یان ببێتە تاکە مەتەڵێک و مرۆڤ بە دوای تاکە وەڵامێکدا ئاڕاستە بکات. نەخێر، بەڵکو مانا لەلای نووسەری جدی دەبێتە هێزێک بۆ بیرکردنەوە، دەبێتە سمبولێک بە ئاڕاستەی دروستبوونی پرسیار و گومانکردن لە هەندێک هەقیقەت. دەبێتە فەزایەک بە ڕووی دەرخستنی هەندێک لە دیوەکانی ژیان.

زیاتریش مەبەستمان لە سیحری مانا قبوڵکردنی زۆرترین خوێندنەوە و

تەفسیر و هێرمۆنیتیکایە لە نەستی دەقدا. دروستبوونی زۆر ترین پەیوەندییە لەنێوان تێکست و واقیعدا، بینینەوەی خودی مانای دەقە لە رابردوو و ئێستا و ئایندە و شوێن و ناشوێن زەمەن و دەرەوەی زەمەنیشدا.

تێکەڵکردنی زمانێکی سیحراوی قوڵ و ئیشکردنیشە لەناو فەلسەفە و ئەفسانە و فەنتازیادا، پێکەوەبەستنەوەی ئەو هەموو تەرزانە لەناو مانادا و دواجاریش بەستنەوەی ئەو مانایە بە واقیعەوە، لە سیحرێکی مانا دەچێت لەناو ئەو هەموو تەرز و نەزعانەدا یاریی بکات، یان بەشێک بێت لە هەموویان و بە نەستی خوێنەر بگات، ئەوا جگە لە ناسینی مانا لەناو تێکستدا بە سیحرێکی ئەفسوونی هیچی تر نییە.

لێرەوە دەتوانین بگەڕێینەوە بۆ سەر رۆمانی "شاری مۆسیقارە سپیەکان"ی بەختیار عەلی، کە رۆمانێکی نوێیە لە ئەدەبی کوردیدا و بە نەفەس و جیهانبینییەکی قوڵ نووسراوە. دەکرێت حەقیقەتێک لە خودی ئەو رۆمانەدا بە ئێمە بگات وەک تێکستێکی ئەدەبی، کە ئەم رۆمانە تێکستێکی ئەدەبییە، بەڵام پڕ لە نەزعەی فەلسەفی و فکرەی میتۆلۆژی جگە لەوەی بە زمانێکی شیعریی رووت نووسراوە. خودی تێکەڵکردنی فکرە و نەزعەی فەلسەفی و میتۆلۆژی بە تێکستی ئەدەبی وەک رۆمان ئەوە لە لای ئێمە دروست دەکات، کە ئەم رۆمانە زیاد لە خوێندنەوەیەک دەخوازێت و زیاد لە تێگەیشتنێکی پێویستە، بەڵام ئەوەی لێرەدا دەیخوازین و شیدەکەینەوە، چەند لایەنێکی خودی ئەم رۆمانەیە کە بەردەوام لە سەرەتاوە تا کۆتایی رۆمانەکە بەو چەند مەدلولەدا گوزەر دەکات کە ئێمە لێرەدا قسەی لێدەکەین.

گەڕانەوەی ئێمەش بۆ خودی ئەم رۆمانە وەک تەفسیرێک دابەشدەبێتە چەند ئاستێک تاکو ئێمە لێرەوە دەرکی بکەین. خودی ئەم ئاستانە لە رۆمانەکەدا جەستەی دەق و نەستی دەقەکەیان داپۆشیوە. ئەو ئاستانەی شرۆڤەی دەکەین ئەمانەن: سیحری مۆسیقا، میتۆلۆژیا، کارەکتەری ئافرەت لە رۆمانەکەدا، بەڵام بەر لەوەی بچینە سەر شیکردنەوەی ئەو ئاستانە لە رۆمانەکەدا، پێم باشە ئیستێک بکەین لەسەر سیحری زمان و پەیوەندی خودی زمان بە نەستی ماناوە، واتە خودی زمان لەم رۆمانەدا ئاستێکی باڵای هەیە بۆ پێکەوەنانی مانا، بۆیە بە جۆرێک لە جۆرەکان سیحری زمان وەک دەرککردنی ئیستاتیکایەک لەسەر جەستەی دەق کاریگەرییەکی راستەوخۆی هەیە لەسەر سحری مانا، بۆیە لێرەوە دەمانەوێت بگەڕێینەوە سەر خودی پەیوەندییەکانی زمان و مانا.

**سیحری زمان و سیحری مانا**

زمان تاکە ئامرازێکە بۆ تێگەیاندنی بەرامبەر بە سانایی، تاکە ڕێگایەکە بۆ گۆڕینەوەی ڕەهەند و کێشە فکری و کلتوورییەکان. لە ڕێگای زمانەوە جەدەل و پەیڤین وەک فاکتەرێکی سەرەکی بۆ تەبایی کۆمەڵگا و تاکەکان دەستەبەر دەبێت.

تاکە هێمایەکە لە ڕێگاکانی بیستن و نووسینەوە بە ماناکانی دەگەین، بەڵام لە خودی زمانیشدا مانایەک هەیە جیاواز لە ماناکانی یەکتر، هێزێک هەیە مانایەکی تر دەبەخشێتە خودی زمان، ئەویش سیحری زمانە، یان بەکارهێنانی زمانە وەک سیحرێک کە لە خودی ئەو سیحرەوە تاکەکان و خوێنەرەکان بە شێوازێکی تر دەچنەوە سەر ئیستاتیکای بیستن و ئیستاتیکای نووسین.

ئەو لەحزەیە مانا دەبێتە هێزێکی جاوید و بەردەوام خوێنەر بەدوای ڕەهەند و تەفسیراتەکانیدا دەگەڕێت. جیابوونەوەی خودی زمان لە سیحری زمان، یان لە زمانی سیحری، لەو ڕێگایەوە دەبێت کە زمان وەزیفەیەکی تر ئیختیار دەکات، ئیشی زمان لەم نێوەندەدا هەر ئەوە نییە کە شتێک بە بەرامبەر بگەیەنێت، بەڵکو ئیشی زمان لێرەدا ئەوەیە خوێنەر هەراسان بکات بە مانای نوێ و بە فکرە و داهێنان، بەڵکو ئیشی زمان لەم چوارچێوەیەدا ئەوەیە کە خوێنەر یان گوێگر بە ڕێگایەکدا دەبات بۆ سەر مانا، کە ڕێگایەکی جیاوازە لە تەقلیدییەت، بەڵکو بەرلەوەی خوێنەر بە مانا بگات، بە کۆمەڵێ شۆکی ئیستاتیکای زمانیدا گوزەر دەکات، لەزەتێکی روحی و فکری پێی دەبەخشێت لە کاتی گەیشتن بە مانادا.

کاتێکیش مانا گەیشتە بەر هەست و نەستی خوێنەر ئەو لەحزەیە تێربوون لە فکردا لەدایک دەبێت، بەڵام نووسەری جدی کاتێک دەتوانێت توانست و هێزی فکری و زانستی بسەلمێنێت کە چۆن توانای هەیە بە زمانێکی سیحری بنووسێت، ئاواش بتوانێت مانای سیحری لە گوتار و دەقێکدا دروست بکات.

خودی مانای سیحری بوونی لەو بەرمەبنایەوە دەبێت، کە داهێنان و ئافراندن ئامادە بکات لە دەقێکدا، ئەو لەحزەیە سیحری مانا، یان مانا وەک سیحری کارتێکەر لە خوێنەر بە خوێنەر دەگات.

دیارە سیحری مانا، یان مانا وەک سیحرێکی بزوێنەری نەست لە هەموو بوارەکاندا جێگای هاتنەبوونە و پێویستە بێتەجێ، بەڵام بەتایبەت لە ئەدەبدا دەبێت مانا سیحرێکی تری هەبێت و بە زمانێکی سیحری گوزارشتی لێ بکرێت، چونکە مانای نەمر و جاوید لە ئەدەبدا زیاتر لە نەستی خوێنەردا دەمێنێتەوە،

راستەوخۆش کاریگەریی دەگوازرێتەوە بۆ سەر ژیانی ئادەمیزاد، ئەوەی ئەدەب لە نەمریی مانای تێکستێکدا دەیبەخشێتە سەر فکر و نەستی ئێمە، دەکرێت جیهانێکی ئەفسووناویمان بۆ دروست بکات و کۆمەڵگا بە دونیایەکدا بەرێت کە یەک پارچە بێت لە خۆشەویستی و نەمری و تەبایی و پێکەوەژیان، چونکە شاعیر و چیرۆکنووس و رۆماننووس و هونەرمەندان زیاتر لە گرێ و تراژیدیا و نەهامەتییەکان تێدەگەن و باشتر دەتوانن زەخرەفەی جیهانێک بکەن کە زۆرترین بەختەوەریی تێدایە و باشتر ئادەمیرزاد دەتوانێت لەو جیهانەدا بە عەقڵی سەلیم و سایکۆلۆژییەتێکی دامەزراو روئیایەکی بەهەشتییانە ژیان بچرێت. پەیوەندییەکانی نێوان زمان و مانا وەک دال و مەدلوول، یان وەک خود و بابەت بەردەوام بە ئاراستەی یەکدیدا دەڕۆن.

خودی زمان لەم رۆمانەدا جیهانێکی فرە رەهەندی دروستکردووە، کە خوێنەر دەتوانێت لە چەند ئاستێکدا سودی لێوەرگرێت، وەک لەزەتی خوێندنەوە و ئیستاتیکای نووسین و رێگایەکیش بۆ گەیشتن بەمانا و دەرککردنی چەندین ئاستی باڵای زمان لەم نێوەندەدا.

ئاستی باڵای نووسینی کوردیش لەم بەرمەبنایەوە دەردەکەوێت، ئەو پەیوەندییەی کە زمان لەگەڵ مانادا هەیەتی هەر ئەو پەیوەندییە گەیەنەرە نییە بە خوێندنەوە بە ماناکانی بگەین، بەڵکو لە خودی ئەو زمانەدا مانایەک هەیە کە تەواوکەری مانای رۆمانەکەیە، یان تۆخکەرەوەی خودی مانای تێکستەکەیە کە دەکرێت لە دەرەوەی مانای ئەو زمانەدا مانای سەرەکی رۆمانەکە کاڵ ببینرێت، بەڵام کاتێک ئەو زمانەی ئەم رۆمانەی پێ نووسراوە خوێندمانەوە خوێنەر بە مانایەکی تردا گوزەر دەکات، ئەویش خودی ئیستاتیکای زمان و فەنتازیای زمانە لە رۆمانەکەدا، خوێنەر کاتێک بەم فۆرمەدا گوزەر دەکات هەست دەکات لەبەردەم تێکستێکدایە کە جیاوازە لە تێکستەکانی تر و خودی ئەو دەقەش جیاوازییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سیحری رۆمانەکە و فەنتازیای خودی ئەو زمانەش بەر لە گەیشتن لە مانا.

بۆیە دەتوانین بڵێین خودی زمان لەم نێوەندەدا دیوی یەکەمی مانایە و دیوی دووەمیش خودی جەوهەری بوونی مانایە لەم بازنەیەدا.

**سیحری مۆسیقا...**

له ڕاستیدا مۆسیقا له خودی ئەم ڕۆمانەدا فکرەیەکی جاوید و هێزێکی ئەفسوونیی وەردەگرێت. دنیایەک زەخرەفە دەکات کە پڕە لە سیحری تایبەتی و هێزی میتۆلۆژی، پڕە لە ئیستاتیکای بیستن و ڕوئیای بینین و خەیاڵاتی دەگمەن و نەبوون.

بەختیار عەلی دەیەوێت لەم ڕۆمانەدا بە جیهانبینییەکەوە لەو سنوورانەمان نزیک بکاتەوە کە سنووری جاوید و خەیاڵین. دەیەوێت ڕوئیاکانی لەسەر مۆسیقا پەخش بکاتە سەر زەمینە نەبوو و خەیاڵییەکان.

بەختیار لەم ڕۆمانەدا بەو زەمینەیەدا دەمانبات کە زەمینی ئەفسانەیی و وەهمین، لەو زەمینە خەیاڵییانە سیحری مۆسیقا و ئەفسوونی مۆسیقارمان نیشان دەدات. ئەو مانایانەمان بۆ ڕووندەکاتەوە کە لە دەرەوەی واقیعن و لە دەرەوەی سنووری فکری مرۆڤی ئاسایین، گەشتەکانی ئەو چەندە لە واقیعدان دە ئەوەندە بەرەو زەمینە خەیاڵییەکانی ناکۆتا دەمانبات، چەندەش ئێمە لەو سنووره ناواقیعییانە نزیک دەکاتەوە، ئەوەندەش بڕوامان پێدەکات کە دەتوانین ئەو ڕوئیایانە بگوازینەوە ناو واقیع، واقیع و دنیا بەم فکرە و ڕوئیا و جیهانبینییە خەیاڵییانە زیاتر ئەفسوون بکەین و بیکەینە زەمینەیەک بەشێکی واقیع و بەشێکی خەیاڵ بێت، بەشێکی ڕاستی و بەشێکی وەهم بێت، بەشێکی ئیستاتیکای بەرجەستە و بەشێکی ئیستاتیکایەک بێت کە نەفەسێک بێت لە نور.

بۆیە بەختیار ئەو جۆرە ڕوئیایەمان لە ڕۆمانەکەیدا بۆ دەگێڕێتەوە وەک جەلادەتی کۆتر لە مامۆستاکەی دەگێڕێتەوە "ئیسحاقی لێوزێڕین" دەڵێت: کە یەکەم ئاوازی دەژەن ڕوخساری شەو دەگۆڕا، وەک ئەوەی دنیا سەرتاپا سەرلەنوێ لە ئاوێکی هێمنەوە بێتە دەرێ، وەک ئەوەی شتەکان بچنە دۆخی بارینەوە، وەک ئەوەی ڕوح بە شەرابێکی پڕ ئەفسوون تەڕ بێت، یان دڵ لە دوای ئەفسوسێکی مەزن هەستێتەوە. ئارامییەکی فێنک فاسیلەی نێوان جەلادەتی کۆتر و سەرهەنگ قاسمی، لەگەڵ دونیا تەڕ دەکرد، جەلادەت هەستی دەکرد لەنێوان ئەو دونیایەدا پردێکی ئاوی هەیە، پردێک بە تاڤگەیەکی لەسەرخۆ دەچێت کە بە مۆسیقای خۆی هاژەی دەکات. ئیسحاق مۆسیقای دەژەن و جەلادەت چاوی دەنووقاند و گەردوونی لە سافترین وێنەیدا دەبینی، منداڵی خۆی و گەورەبوونی... دەنگی ئەو ئاوازانە بێقەرار بەرەو جێگای ئەوتۆی دەبرد کە لە دەرەوەی ژیان و زەمەن و ئەو جێگایانە بوو دەیناسین بۆ یەکەمجار هەستی بە پەیوەندی نێوان مۆسیقا و

فڕین دەکرد"[1].

ئەم مانابەخشینە بە مۆسیقا هێڵێکی تەماس دروست دەکات لەنێوان خەیاڵ و واقیعدا، لەنێوان ئەفسوون و ئاساییدا، لەنێوان فڕینی روح و زیندەگیدا... بەختیار لەم روئیایەوە دەیەوێت مۆسیقا بکاتە تاکە پەیوەندی لەنێوان روحی ئادەمیزاد و سروشتدا، سروشت بە هەموو واقیع و ئەفسانەکانییەوە.

بۆیە تاکە بەهرەیەک ئێمە لە مۆسیقاوە فێری دەبین، نێزیکبوونەوەیە لە وجود و ئەودیو بوون، مرۆڤ بە خودی خۆی هیچ نییە جگە لە کائینێکی گەڕۆک و هەندێک جار نێزیک دەبێتەوە لە شورا نەبینراو و دنیا شاراوە و دەمامکدارەکانەوە، بەڵام کاتێک بەهۆی شتێکەوە شتەکان دەبینێت، یان لە شتەکان نێزیک دەبێتەوە بە خەیاڵ، ئەوە لەو لەحزەیەدا جیهانی مادیی بەجێدەهێڵێت و بەرەو نادیار و خەیاڵ کۆچ دەکات. کۆچکردن بەرەو نادیار و نەبوو بە بیرکردنەوە و خەیاڵ دوو رەهەند وەردەگرێت.

## رەهەندی عەقڵانی و رەهەندی سایکۆلۆژی

رەهەندی یەکەم: مرۆڤ کاتێک لە سنوورێک نزیک دەبێتەوە کە سنووری خەیاڵ و نەبووە، یان هەیە و لەبەرچاو دیار نییە، بەم نزیکبوونەوەیە کۆمەڵێ دەرئەنجامی فکری بۆ دروست دەبێت، کە دواجار ژیانی واقیعی پێ بارگاوی دەکات، دواجار ژیان دەبێت بە بەشێک لە ئاوێنەی خەیاڵ، یان بە واقیعێکی نادیار ژیانی دونیا لە رووە جەوهەرییەکەیەوە بە ئەفسوون دەکات. لە فکرەی دینیدا بە قیامەت و بەهەشت لێکدەدرێتەوە، لە رۆمانەکەی بەختیاریشدا بە سیحری مۆسیقا و بە وێنە نەبینراو و دەرک نەکراوەکانی مۆسیقاوە رۆشن دەکرێتەوە، یان بە شاری مۆسیقارە سپییەکان ناوزەد دەکرێت.

دەکرێت هەریەکە لەم سکێچانە کاریگەری خۆیان هەبێت، ئەویش بە نزیکبوونەوەی واقیع لە نادیار و سەرئەنجام تێکەڵکردنی کارتێکەری هەریەکە لەوی دیان و بینینەوەی ژیان بە شێوازێکی باشتر و پڕ ئیستاتیکاتر.

رەهەندی دووەم: رەهەندی سایکۆلۆژییە، بەو مانایەی کاتێک مرۆڤ دەیەوێت لە سنوورەکانی خەیاڵ و نەبوون، یان بوونە نادیارەکان نزیک بێتەوە. کردە سایکۆلۆژییەکەی مرۆڤ روو لە دوو ناوەند دەکات. ناوەندێکیان راڕایی و بەجێهێشتنی چرکەساتی بەرجەستە و زێڕینە، وەک چرکەساتی هەنوکە بێت، ئەوا ئەو راڕایی و نیگەرانییەی دەروون دەکرێت پڕۆسەیەکی نێگەتیڤ وەرگرێت

و له هەندێک مرۆڤدا بەجێی بهێڵێت سوودمەند نەبێت لە خودی چرکەساتی بەرجەستە.

ئەم نێگەتیڤییە لەسەر مرۆڤەکان زیاتر ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە لە دەرەوەی مەعریفەت و زانین بیردەکەنەوە و زیاتر زهن و فکریان قبوڵی شتە بەرجەستە و هەستەوەرییەکان دەکەن لە دەرەوەی واقیع ترس و ڕاڕایی و نیگەرانی تەنگیان پێهەڵدەچنێت.

ناوەندەکەی تر: کردە سایکۆلۆژییەکەی مرۆڤ دەگرێتەوە بۆ ڕێکخستنی زهن و فکر، تاکو داهێنان بەرهەم بهێنێت لەنێوان واقیع و خەیاڵدا، یان ئەو پەیوەندییە زیندووانە بدۆزێتەوە کە لەنێوان سنووری خەیاڵییەکان و واقیعدا بوونیان هەیە، لەم بەرمەبنایەشەوە ئافراندن لەدایک دەبێت، نزیکبوونەوە لە خەیاڵ و سنووری ئەفسانەییەکان نابێتەوە ڕاڕایی سایکۆلۆژی و دڕدۆنگی دەروونی لە لای نووسەران و ئەدیبان و زانایان، بەڵکو دەبێتە مانایەک لە زهندا و لەوێشەوە بۆ ناو زمانی نووسین و دەربڕین تاکو داهێنان بێتەکایەوە.

بۆیە کاتێک ئێمە دەگەڕێینەوە سەر مانای لۆژیکی مۆسیقا ئەو حەقیقەتەمان بۆ روون دەبێتەوە کە مۆسیقا پەیوەندییەکی رووحی و سایکۆلۆژی لەنێوان تاکەکاندا دروست دەکات. پەیوەندییەک هەر هێندە بە خودی مرۆڤەوە ناوەستێت، بەڵکو ئەم پەیوەندییە دەگوازرێتەوە بۆ ناو سروشتیش، چونکە خودی سروشت لە زۆر ئاستیدا چەشنێک لە مۆسیقا بۆ مرۆڤ پێشکەش دەکات.

چ ئەم جۆرە مۆسیقایە لە نمەی باران و دەنگی با و هاژەهاژی ئاو و جریوەجریوی چۆلەکە و نەغمەی مەل و گمەی کۆتر و دەنگی بولبوول و قاسپە قاسپی کەو...هتد بێت، یان چ لەو جوانی و ئیستاتیکا و نەرمونیانی خۆیدابێت و مرۆڤ لە خەیاڵ و نەستیدا ببێت بە پارچەیەک مۆسیقای سیحری.

"ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەر ژیانی بەشەری، ئەوا مۆسیقا وێنەیەکی سەرەکییە لە ژیانی ئینسانییەت. هەر لەبەر ئەوەشە بەدرێژایی مێژوو پەیوەندی لەنێوان بەشەرییەتدا دروستکردووە.

بۆیە ئەفلاتون هونەری مۆسیقای بە یەکێک لە جوڵە سەرەکییە بەرزەکانی بەشەرییەت ناوزەد کردووە.

بۆ دەرخستنی ئەو تیۆرەی ئەفلاتون ئەو ڕاستییەمان دەست دەکەوێت کە مۆسیقا خزمەتی بە بەشەرییەت گەیاندووە، لە رووی ئەوەی کە تەحقیقی یەکبوونی کردووە لەنێوان هەستەکانی مرۆڤدا، جیاوازی بنچینەی ژیانی

نیشانداوە لە کۆمەڵگایەکی سەربەخۆدا لەنێوان کۆمەڵگا جیاوازەکاندا، تەنانەت لە کۆمەڵگا کۆنەکاندا مۆسیقا ئامرازێکی سەرەکی بووە بۆ پەرەستن، هێڵێکی پەیوەندیش بووە لەنێوان پەرستراو و ئادەمیزاددا... هەروەها وەک یاسا و پەروەردەکەرێکی بەرزیش بڵاوکراوەتەوە"[٢].

مۆسیقا چەندە وەک جوڵەیەکی ئەندامەکانی مرۆڤ دەژمێردرێت، چەندە لە دیوێکی تری پرۆسەی جەستەی مرۆڤە لە دەست و دەم و ئەندامەکانی تر، ئەوەندەش پرۆسەیەکی رۆحی و دەروونی قوڵە. بەو مانایەی ئەوەی داهێنان لەناو مۆزیکدا دەیکات هەر ئیشکردنی خودی ئەندامە بەرجەستەکانی مرۆڤ نییە، بەڵکو ئیشی سەرەکی فکر و بیرکردنەوە و پرۆسیسە ئەبستراکتە روحییە قوڵەکەی خودی مرۆڤە، یان خودی ئەو دیسیپلینە ناوەکییەی مرۆڤە کە زەوقێک و مەعریفەتێکی بێ وێنەی لەناو ناخی مرۆڤدا دروستکردووە، پاشان ئەو فکرەیە دەبێتە پارچەیەک سەمفۆنیای بێ وێنە.

کارەکتەری جەلادەتی کۆتر، یان ئیسحاقی لێوزێرین کاتێک موزیکێکی سیحراوی پێشکەش دەکەن، هەر هێندە ئەو مۆزسیقایە پرۆسەیەک نییە کە بەدەرس فێرکرابن، بەڵکو زیاتر پرۆسەیەکی بیرکردنەوە و خەیاڵ و شعورە کاتێک تێکەڵ بە سروشت دەبێت، ئەو مۆسیقا سیحراوییە وەک پارچەیەک ئەفسانە و موعجیزە دێتە بوون.

خودی ئەم چەشنە بیرکردنەوەیە بەشێکی سەرەکی لە فەنتازیادا دەخولێتەوە کە زیاتر لە ئیشکردنی نەست دەچێت و بەناو خەیاڵێکی ناکۆتادا بڕوات و تێپەڕێت، چونکە مومکین نییە ئەم چەشنە مۆسیقایە لەسەر زەویدا بوونی هەبێت، یان بوونی هەبووبێت.

دەکرێت سیحری مۆسیقا لە ڕوویەکەوە بەسەر ئەو حەقیقەتەدا تەوزیف بکرێت، کە مۆسیقا زمانێکی تری قسەکردنە لەنێوان بەشەرییەتدا، کە هەموو بەشەرییەت بەبێ جیاوازی تێدەگات، ئەویش دەکرێت تۆخکەرەوەی ئەو بەشە ناوەکییەی ئینسان بێت کە هەریەکێ لە ئێمە تێیدەگات، بەڵام لە ڕێی زمانێکی تری دەربڕینەوە دەری دەبڕین، ئەویش زمانی سەمفۆنیایە.

بۆیە زیاتریش نووسەر لە "شاری مۆسیقارە سپییەکاندا" بەم ئاڕاستەیە هەنگاوی ناوە کە مۆسیقا هێزێکی تری مرۆڤە و هەموومان هەستی پێدەکەین، کە زمانێکی تری گفتوگۆکردنە و بەشداریشی تێداکەین و گوێشی لێدەگرین... بۆیە جاری وا هەیە پارچەیەک سەمفۆنیا گوێ لێدەگرین کە خەماوی و ماتەمینییە

هەموومان خەم داماندەگرێت و هەندێ جار دەستیش دەکەین بە گریان. هەندێ جار گوێبیستی سەمفۆنیایەکی ترسناک دەبین هەموومان ترس داماندەگرێت، هەندێ جار گوێبیستی سەمفۆنیایەکی دڵخۆشکەر و زەوقی دەبین، هەموومان سەرپێکەنین دەکەوین.

بەهەرحاڵ دەتوانین بڵێین سەمفۆنیا بە هەموو جۆرەکانییەوە جۆرێکی تری زمانە جیاوازەکانی مرۆڤە و بە ئێمە دەگات. بە زمانێک بە ئێمە دەگات کە هەموومان تێیدەگەین، چونکە خودی ئەو زمانە کە مۆسیقابێت لە فۆرم و روکەشی تێگەیشتندا هەموومان وەک یەک بەشدارین، بەڵام لە جەوهەر و مانا ئەفسووناوییەکانی تری مۆسیقادا لە رووی تێگەیشتنەوە جیاوازیمان هەیە.

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ناسینی ژیاری کۆمەڵگاکان لەڕووی ئاستی پێشکەوتنی هونەرەوە دەگەڕێتەوە بۆ پێشکەوتن و نرخ و بەهای مۆسیقا لەو کۆمەڵگایانەدا...

لەهەر کۆمەڵگایەکدا بەهای مۆسیقا و داهێنانی پارچەیەک سەمفۆنیا لە پلە و ئاستێکی پێشکەوتندا بوو، ئەوا ئەو کۆمەڵگایە لەڕووی ئاست و پێشکەوتنی ژیارییەوە فۆرمێکی تر وەردەگرێت، چونکە لە چاخە کۆنەکانەوە ئاستی پێشکەوتنی کۆمەڵگاکان بەشێکی گەڕاوەتەوە بۆ ئاستی بەرزی مۆسیقا، چونکە مۆسیقا هێزی کارتێکەری راستەوخۆی هەست و ویژدان و سۆز و عاتیفەی مرۆڤ بووە. لە زەمەنی مۆدێرنەشدا مۆسیقا بەهەمان مانا فۆرمێکی تازەتر و ئاستێکی بەنرختری هەیە.

دەکرێت هەنوکە مۆسیقا دیوێکی پێشکەوتنی شارستانییەتی ئەو کۆمەڵگایانە نیشاندات کە سەمفۆنیای داهێنراو مۆسیقایەک پێشکەش دەکەن کە کارتێکەری راستەوخۆی هەیە لەسەر هزر و سایکۆلۆژییەتی مرۆڤ... دەکرێت ئاستی نزمی ئەو کۆمەڵگایانەش نیشاندات کە سەمفۆنیا و مۆزیکی داهێنراویان نییە، یان هیچ سیستم و یاسایەکی بنچینەییان نییە بۆ برەوپێدان بەخودی مۆزیک.

دواجار دەڵێم: ئەوەی بەختیار لەم رۆمانەدا بانگهێشتی بۆ دەکات، یان ئیشی لەسەر دەکات، گەڕانەوەیە بۆ خودی حەقیقەتی مۆسیقا، مۆسیقا وەک ئەوەی کە پەیوەندییەکی سایکۆلۆژی و فکری رووت دروست بکات لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگادا... زیاتریش ئەو پەیوەندییە سایکۆلۆژی و فیسیۆلۆژییەی مرۆڤ دروست بکاتەوە کە زەمەنێکی زۆرە لێک دابڕاوە بەهۆی جەنگ و مادە و قەیرانەکانەوە.

مۆسیقا هەر ئەو پرۆسەیە نییە کە بە تەنیا گوێبیستی بین و دڵ و روحمان بحەوێنێتەوە، بەڵکو خودی مۆسیقا دەبێت ئەو فۆرمە وەرگرێت کە کاریگەریی لە فکر و سایکۆلۆژییەت بکات و هەموو هەستەکانمان بوروژێنێت بەرووی داهێنان و بەردەوام وەک پرۆسەیەکی تەقینەوەی خەیاڵەکانیشمان لە چوارچێوەی مەعریفەت و ئەدەب و زیندەگیدا ناوزەد بکرێت.

### میتۆلۆژیا

بەشێکی تری ئەم لێکۆڵینەوەیەی ئێمە تەوزیف بۆتە سەر میتۆلۆژیا -یان ئەفسانە- کە دەکرێت بڵێین خودی ئەفسانە تەواوی دەقەکەی داپۆشیوە، ئەم داپۆشینەش چەشنێکە لە نەمریی دەق، یان جۆرێکە لە سیحری مانەوەی تێکست لە نەستی خوێنەردا، چونکە کۆمەڵێ گرێ هەیە کە لە قولایی میتۆلۆژیادان و لە واقیعدا حەل نابن، یان لەسەر زەوی نیشتمانێک نییە بیانگرێتەخۆیان، چونکە خودی ئەفسانە وەک جۆرێک لە تەفسیرکردنی -هەواڵێکە لە نەبووەوە هاتووە- پرۆسەیەکی خەیاڵییە و لە زهندا نیشتمانی هەیە، یان وەک هەندێک دەڵێن: خودی ئەفسانە دابەشکردنەوەی رووداوەکانە بەسەر سەرەتای مێژووەوە، یان قسەکردنە لە نیشتمان و مرۆڤ و سروشتی سەرەتای زەمەن.

"لەژێر رۆشنایی بابەت و تەفسیرکردنی ئەفسانەدا، زۆرێک لە لێکۆڵەرەوەکانی وەک: شلنج، شتراوس، کاسیر، یونج، بلتمان، ئیلیادە و زۆرێکی تریش تواناکانی خۆیان چڕکردەوە بۆ تەفسیرکردنی زانستی ئەفسانە.

لە سەدەی ١٨ و سەرەتای سەدەی ١٩ زۆرێک تێکۆشان و هەوڵیان دا بۆ تەفسیرکردنی ئەفسانە بە تەفسیرێکی عەقڵانی لە رێگای قرتاندنی عەناسری خەیاڵی"[٣].

"بۆیە لێکۆڵەرەوان جیاوازییان هەیە لە پێناسەکردنی ئەفسانەدا، جیاوازییەک کە ناوەستێ لە سنوورێکدا، هەیە دەڵێت: بە راستی ئەفسانە زانستێکی سەرەتاییە، یان مێژوویەکی سەرەتاییە، یان بە لاشەکردنی خەیاڵ و لاوەعییەکانمانن..."[٤].

یان ئیلیادە دەڵێت: "میتۆلۆژیا مێژوویەکی پیرۆزمان بۆ دەگێڕێتەوە، باس لە رووداوێک دەکات لە سەرەتای کات -زەمەن-ەوە روویدابێت"[٥].

لە لای برۆئیسیلا مالینۆفسکیش میتۆلۆژیا بریتییە: "لەو حەقیقەتە زیندووەی لە سەرەتای کاتەوە هەبووە و لە پاشانیشدا چارەنووسی جیهان و مرۆڤایەتی خستۆتە ژێر کاریگەری خۆیەوە"[٦].

یان رافاییل پیتازۆنی، که دەڵێت: میتۆلۆژیا ئەفسانە نییە، خودی مێژووە، مێژوویەکی راستەقینەیە، نەک درۆ، داستانێکی واقیعییە کە بەهۆی ناوەڕۆکەکەیەوە لە رووداوە راستەقینەکان دەدوێت..."[7].

یان بە دیوێکی تردا "ئەفسانە دیاردەیەکی داخراوە... لە راستیشدا هەموو ئەفسانەیەک، دەتوانرێت چەندین تەفسیراتی بۆ بکرێت"[8].

بۆیە "بەڕاستی ئەفسانە کێڵگەیەکە لە کێڵگەکانی مەعریفە و نادیار و تەمومژاوییە... زۆرێکیش لە خەڵکی ئەفسانەیان تێکەڵکردووە بە مێژوو، یان سیاسەت، یان کیمیا، یان فەلەک، یاخود دیاردە سروشتییەکانی زەوی و کەش و هەواوە"[9].

"بڕوایەکی جێگیریش هەیە کە ئەفسانە هێزێکی پەیوەستە بە ئەدەبەوە، با ئەو پەیوەندییەش رۆشن نەبێت بە تەواوەتی"[10].

خودی پەیوەندی ئەفسانە بە ئەدەبەوە هەر لە سنووری فۆڕم و رووکەشگەرادا خول ناخواتەوە کە خودی ئەم پەیوەندییە پەیوەندییەکی قەدەری بێت، یان پەیوەندییەکی شەفاف و رووکەش بێت، یان پەیوەندییەکی ون و بێڕیشە بێت، بەڵکو ئەفسانە هێزێکە پەیوەستە بە ئەدەبەوە، با ئەو پەیوەندییە دیار نەبێت، "بەڵام ئەفسانە ئەدەب نییە، بەڵکو کەرەستەیەکی خاوە، لەوێدا جیاوازییەکی ئاشکرا هەیە لەنێوان ئەفسانە لە ژیاندا و ئەفسانە لە ئەدەبدا... لەگەڵ ئەوەشدا پەیوەندییەکی پتەو هەیە لەنێوانیاندا"[11].

لە زەمەنی تێکەڵکردنی ئەو دوو جیهانەدا ئەدەب و جیهانی ئەفسانە، خودی بنەما ریشەییەکانی ئەو دوو دنیایە دێنە بوون، چونکە لە دەرەوەی تێزەکانی ئەدەب و فەلسەفە و فکر بە گشتی هیچ مانایەکی گرنگ بۆ ئەفسانە نامێنێتەوە، جگە لەوەی دەبێتە لوغزەیەکی خورافی رووت و هیچ توانایەکیشی بۆ نامێنێتەوە تاکو ببێتە دەرکەوتەیەکی گرنگ، یان بتوانرێت لەپاڵ مانا گرنگەکانی تری تێزە فکری و فەلسەفی و ئەدەبییەکاندا ببێتە واقیع، یان مامەڵەیەکی واقیعی و خەیاڵێکی بەرجەستەی لەتەکدا بکرێت.

دەتوانرێت لە بازنەی ئەدەبدا مانا گرنگەکانی ئەفسانە تەفاعولێکی واقیعی گەورە لەناو هەناوی خۆیاندا دروست بکەن و دواجار لە رێی تێکستێکی ئەدەبییەوە مانایەکی گرنگی واقیعی، یان مانایەکی خەیاڵی بە واقیع ببەخشێت... ئەوەی گرنگی بۆ ئەفسانە دەگەڕێنێتەوە و لە سکێچی داخراودا نایهێڵێتەوە بە تەنیا، ئەدەبە، چونکە مانای گرنگی پێدەبەخشێت و بەردەوامیش لە تێکستەکانیدا

دەیکاتە هێزێکی وجودی ئەکتیڤ و زۆر رووداوی واقیعی لە هەناوی ئەفسانەدا دروست دەبن بە بارگاوییبوونی بە ئەدەب.

بۆیە ئەگەر بگەڕێینەوە سەر تێکستەکانی ئێستای ئەدەبی کوردی، بە تایبەت کارەکانی "بەختیار عەلی" هێزێکی میتۆلۆژی رووت دەبینین لە پشت مانای تێکستەکانەوە، بەتایبەت ئەدەبی بەختیار، بەڵام کار و دەقەکانی تر کەمتر بەقەد ئەندازەی ئەدەبی بەختیار ئەفسانە حزوری هەیە.

ئەم ئاوێتەکردنی ئەدەبە بە ئەفسانە، یان گواستنەوەی خودی ئەفسانە بە ئیشێکی واقیعییەوە هەر هێندە ئەو پەیوەندییە خەیاڵییەی فکر و ئەخلاقیاتی ئێمە نیشان نادات بەرامبەر بە ئەفسانە، بەڵکو ئەو پەیوەندییەش نیشان دەدات کە ئەفسانە لە نەستی ئێمەدا هێندەی رووبەرێکی واقیعی هەیە لە جیهانبینی و واقیعبینانەی ئێمەدا، هێندەی ئەو سنوورە خەیاڵییانەی ئەفسانە تەفسیری پێکراوە لەناو زهنی ئێمەدا بوونی نییە، ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ خودی ئەفسانە وەک دابەشبوونی بەسەر فەزایەکی واقیعیدا لە رۆمانی -شاری مۆسیقارە سپییەکان- هەر ئەوە نییە کە فکرەیەکی خەیاڵی و نەبوو هاتبێتە ناو فۆڕمی رۆمانەکەوە، بەڵکو ئەوەیە کە ئەفسانە لەم رۆمانەدا دیوی دووەمی بینینی دنیایە، دروستکردنی جیهانبینییەکی ترە لە نەستی خوێنەردا و پەلهاویشتنە بۆ سنوورێکی نەبوو بە جیهانبینییەکی وجوودییانەوە، نزیکبوونەوەیە لە دنیایەک و دەرککردنییەتی بە هەستێکی خەیاڵییانە و داگیرکردنییەتی هەر بە خودی ئەو هەستەوە، کە واتە خودی ئەفسانە هەر بیرکردنەوە نییە لە نەزعەیەکی خەیاڵی ئەبستراکت، بەڵکو مامەڵەکردنیشە لە تەک خودی ئەو هێزە خەیاڵییەدا...

بەهەرحاڵ ئەگەر خودی ئەفسانە بەسەر بوون و نەبووندا یان خەیاڵ و واقیعدا تەوزیف کرابێت، ئەوا ئێمە لەبەردەم تێزێکداین کە بەشێکی لەناو خەیاڵ و وەهمدایە و بەشێکی لەناو واقیعێکی مێژوویی زۆر دووردایە، بەڵام خودی پۆلێنبوونی میتۆلۆژیا لەناو رۆمانەکەی -بەختیار عەلی-دا شاری مۆسیقارە سپییەکان- دوو سەرنج لەلای ئێمە گەڵاڵە دەکات.

سەرنجی یەکەم: تێکەڵکردنی دوو جیهانی جیاوازە، جیهانی واقیعی و جیهانی ئەفسانە، جیهانی خەیاڵ و جیهانی بەرجەستە، خودی تێکەڵکردنی ئەم دوو دنیایەش گەڕانەوەی هێزی هزر و بیرکردنەوەی خودی خوێنەرە بۆ تیکستە ئەدەبییەکان بە گشتی و بۆ رۆمان بەتایبەتی، بەمانای ئەوەی بەستنەوەی جیهانی بەرجەستەیە بە خەیاڵەوە و تەیکردنە بەناو گومانێکدا کە خودی ئەو جیهانە

میتۆلۆژیا و خەیاڵە بارگاوی دەکرێت بە واقیعەوە، بەشێکی دەبێتە سیمبولی جیهانی واقیع و بەشێکیشی لە فەزای خەیاڵدا دەمێنێتەوە... ئەویش بەو مانایە نا کاتێک ئەفسانە و رووداوە خەیاڵییەکان بوونە بەشداری حەقیقەت و رووداوە واقیعییەکان ئەوانیش ببنە واقیع و لە بووندا مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت، بەڵکو بەمانای ئەوەی کاتێک میتۆلۆژیا بووە هەناسە و زمانی واقیع، ئەوا بەس لە زمان و هێمای دەربڕیندا بەرجەستە دەبێت، بەڵام لە دەرەوەی زمان و فەزای بووندا بەس سەراب و تەمێکی نابەرجەستە بەدی دەکرێت.

خودی بەختیار عەلی لەم رۆمانەدا ویستوویەتی بەم کەنارەدا گوزەر بکات، هەر چۆنێک بێت ئەفسانە بکاتە زمانێکی واقیعی، بەڵام لە رێی تێکست و گێڕانەوەی رۆمانەوە، کە زیاتریش مەبەستی تێکەڵکردنی فۆرمی جادوویی میتۆلۆژیایە لەسەر واقیع و لەسەر زهنی ئێمە، چونکە ئەو دەزانێت بەشێکی پێکهاتەی زهنی ئێمە لەناو ئەفسانەدا یاریی دەکات، یان بارگاویی دەبێت بە خودی ئەفسانە، بەو مانایەی ئێمە خەیاڵی میتۆلۆژی و فکرەی ئەفسانەیی و هەندێ جار زمانی ئەفسانەیشمان هەیە...

ئەم دابەشبوونی ئەفسانەیە بەسەر پێکهاتەی روح و جەستەی ئێمەدا، وا لە نووسەر و داهێنەران دەکات کە بەم ئاڕاستەیە تێکست بنووسن، بەتایبەت –بەختیار عەلی– لەم بەرمەبنایەدا بە جدی دەردەکەوێت.

سەرنجی دووەم: تێکەڵکردنی ئەفسانە بە رووداوی واقیعی، بەخشینەوەی مانا و فۆرمی مەعریفەتە بەو جیهانەی لە دەرەوەی عەقڵ و لە دەرەوەی سنووری تەفەکورێکی بابەتییانە دروست دەبێت، بەو مانایەی ئەفسانە لە زهنی ئێمەدا فۆڕمێکی نابابەتی و نامەعریفی هەیە، یان بابڵێین ئەفسانە زیاتر وەک شتی تورەهات و پوچگەرا و بێ بەرهەم لە زهنی ئێمەدا چەسپاوە، بەڵام بەختیار عەلی ئەو فۆڕمە مانایەکی تری پێدەدات تێکەڵ بە جیهانێکی بەرجەستە و واقیعی دەکات، تامیتۆلۆژیا فۆڕمێکی لۆژیکی و بابەتی وەرگرێت.

لێرەوە ئەگەر بگەڕێینەوە سەر خودی ئەفسانە لە رۆمانەکەدا، بۆمان دەردەکەوێت کە ئەفسانە سنوورێکی بێشوماری داپۆشیوە لە خودی رۆمانەکەدا، مەدلولەکانی ئەفسانە لە هەموو ئاستەکانی رۆمکانەکەدا بەدی دەکرێن. بۆیە لێرەوە ئەوە بەدی دەکەین کە دەتوانین بڵێین ئەم رۆمانە دوو دیوی هەیە، دیوێکی واقیعە و دیوێکی ئەفسانەیە، کە فەزای ئەفسانە لەم رۆمانەدا ئەوەندە فراوانە تەوزیف بۆتە هەموو ئاستەکانەوە. هەر لە خودی دالی رۆمانەکەوە

-شاری مۆسیقارە سپیەکان- رووبەڕووی فکرە و فۆرمی ئەفسانە دەبینەوە تا دواسنوور... ئەویش بەو مانایەی بەختیار دەیەوێت لە ڕێی ئەفسانەوە ئێمە بەرێتەوە ناو واقیع، یان لە واقیعەوە پەیوەستمان بکاتەوە بە خەیاڵ و بە دەرەوەی بوونەوە. ئەم پەیوەستبوونە بە دەرەوەی وجودەوە فەرامۆش نەکردنی ئەو بەشە ونەی بوونی مرۆڤە وەک رووح بێت، یان گەڕانەوە بۆ ماناو فۆڕمی حەقیقی دوای بوونی ئەم دنیایەبێت، بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیار و گومانە فەلسەفییانەی خود وەک نووسەر و بیرکەرەوە پێی دەگات، کە دەکرێت خودی ئەو کێشەیە لای بەختیار بەم چەشنە وەڵام بدرێتەوە، یان بەم چەشنە بە دوایدا بگەڕێت.

مانای بوونی ئەفسانە لەم رۆمانەدا بەس تەوزیف نەبۆتە سەر ناو چەمکە گشتییەکان، بەڵکو زۆرێک لە هەنگاوەکانی ناو رۆمانەکەشی بە چەشن و مەفهومی تر داگیرکردووە. وەک شاری سۆزانییەکان بەو مەفهومەی کە شاری سیحری بێت، یان فریشتە بچوکەکانی دالیا سیراجەدین، یان دوو ئەسپەسپیەکان، یان باڵندەسپیەکانی جەلادەتی کۆتر، یان فڕینی خێوەتگاکان... یان ئەو مۆسیقا سیحراوییەی کە لە فلوتەکانەوە دەهات و هەموو شتێکی دەگۆڕی... هتد.

ئەمانە خودی ئەفسانەن کە بەختیار تێکەڵ بە رۆمانەکەی کردووە،

ئیشکردن لەسەر ئەفسانەش لە ئەدەبدا ئیشکردنە لەسەر ئەو گرێ و خیاڵ و رەهەندانەی کە زۆرترین خوێندنەوە و تەئویلات هەڵدەگرێت، کە بەردەوام پێویستی بە شرۆڤە و روونکردنەوە و تێزی نوێگەریی هەیە لەسەریان، چونکە بە دیوێکدا ئەفسانە بە عەقڵانیکردنی دنیایە و مرۆڤ دەتوانێت لە ڕێی ئەفسانەوە ئافراندنی جوان بەرهەم بهێنێت، بەتایبەت کاتێک تێکەڵ بە واقیع و رووداوی بەرجەستە بکرێت.

ئەم رەهەندە لە کۆندا کاری لەسەر کراوە و دەکرێت، بە دەیان شاکار و تێکستی جوان ریز بکەین کە لەم سکێچەدا دەخولێنەوە و لەگەڵ هەڵهاتنی چەرخی مۆدێرنەدا ئەم فکرە و بۆچوونە پاشەکشەی نەکردووە، بەڵکو لە سیاق و مەفهومی تازەدا خۆی دارشتەوە و زیاتریش لەناو تێکستی ئەدەبیدا پەلی هاویشت. ئەگەر سەیری رۆمانەکانی بەختیار عەلی بکەین، دەتوانین بڵێین زۆربەی رۆمانەکانی ناوەکانیان بارگاوی کراون بە ئەفسانە، واتە خودی ناوەکانیان مەفهومی ئەفسانە دەدەن، بەڵام تێکەڵ بە رووداوی واقیعی کراون. بەختیار دەیەوێت لە ڕێی ئەفسانەوە جارێکی تر شرۆڤەی واقیعیمان بۆ بکات،

یان خوێندنەوەیەکی واقیع بکات، بەڵام لە ڕێگای خەیاڵ و تێڕوانینی تیۆری و نەزعەی فەلسەفییەوە.

تێڕوانینی ئەفسانە بۆ دنیا، یان بە دنیاکردنی ئەفسانە زیاتر لە پانتایی ئەدەب و هونەردا بەدی دەکرێت و لە تێز و فکرەکانی تردا جێی مانەوە و زەخرەفە لەسەرکردن نین، بەڵام لە ئەدەب و هونەردا سنووری واقیعی بەشێکی دەچێتە ئەفسانەوە، چونکە تەوزیف دەبێتە سەر فکر و بیرکردنەوە، فکریش زیاتر بەو سنوورانەدا دەڕوات کە سنووری خەیاڵ و واقیعن، یان سنووری ژیان و نەبوون... هەروەها هونەریش هەر لەم پانتاییەدا دەخولێتەوە کە زیاتر ئێمە لە تابلۆکاندا بەدی دەکەین کە سنوورێکی بەرفراوانی تابلۆ لەم چوارچێوەیەدا لەناو میتۆلۆژیا و خەیاڵدایە.

### کاراکتەری ئافرەت

ئافرەت لە "شاری مۆسیقارە سپیەکاندا" شوێنگەی تایبەتی هەیە و بەشێک لە گۆڕانکاری ڕووداوەکان لە خودی ئەو ڕۆمانەدا لە کاراکتەری ئافرەتدایە.

بەڵام جیاوازی ئەم ڕۆمانە لەگەڵ ڕۆمانەکانی تردا لە ئاراستەی کارەکتەری خودی ئافرەتدا بەدی دەکرێت، لەم ڕۆمانەدا ئافرەت وەک کائینێکی جیاواز لە خودی ئاراستەی ئیشکردن و بینین لە ژیاندا ناسێنراوە، بەو مانایەی ڕۆڵێکی نێگەتیڤی هەیە و بە لەشفرۆش و سۆزانی ناوزەد کراوە، هەموومان دەزانین لە شفرۆشی و سۆزانیبوون لە ئاراستەی زیندەگی ئافرەتدا شکستی نواندن و شکستی خواردنە. بەومانایەی سۆزانیبوونی ئافرەت دەگەڕێتەوە بۆ لاوازیی دەرکەوتەی بوونی ئافرەت لە ژیاندا و بۆ ئەو پەراوێزەی خۆی بۆ ژیانی خۆی و دەوروبەر دروستی دەکات.

ئافرەتی سەرکەوتوو ئەو ئافرەتەیە کە ڕووبەڕووی ژیان و گرێکانی ببێتەوە، ڕووبەڕووی ئەو کێشە و قەیرانانە ببێتەوە کە بۆی دروست دەکرێن و بەردەوام هەوڵی شکستی دەدەن، بەڵام ئەگەر ئافرەت شکستی خوارد و نەیتوانی نەفەس درێژ بێت بەرامبەر کێشەکانی ژیان، ئەوا ڕۆڵێکی نێگەتیڤ دەگێڕێت، وەک ئێمە لە کاراکتەری دالیا سیراجەدیندا بەدی دەکەین، کە تەنانەت دالیا پلەی خوێندەواریی بەرزە و پێگەیەکی باشی هەیە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، بەڵام کاتێک تووشی عەشقێک دەبێت لەگەڵ باسم جەزائیری، لەدوای گرتنی باسم دالیا سۆراغی دەکات، بەڵام بێ ئامانج دەبێت، دواجار بڕیار دەدات لە ڕێی خۆبەدەستەوەدان

به پیاوانی رووتبەبەرز و دەرەجەداری رژێمەوە سۆراغی باسم بکات.

شکستەکە لێرەوەیە کە بەختیار بە کەسایەتی ئافرەتی بەخشیوە، کە ئەویش تەسلیمکردنی جەستەی دالیایە وەک قوربانی بە جەلادەکانی رژێم لەپێناو دۆزینەوەی باسمدا، کە پێموایە ئەم جۆرە کلتوورەی بەختیار ئافرەتی تێدا لاواز دەکات و دەیکاتە قوربانی لەبەردەم پیاوانی رژێمدا کلتووری غەربییە، چونکە ئەوە لە کلتووری کوردیدا ساید نییە.

خودی ئەو لاوازبوونەی ئافرەت هەر لە دالیادا ناخولێتەوە لەپێناو دڵدارەکەیدا کە لەشی پێشکەش بە جەلادەکان بکات، بەڵکو لە بەشەکانی تری رۆمانەکەدا دالیا لەشفرۆشی دەکاتە پیشە و دەبێتە سۆزانییەکی ناسراو... کە دوایی سنووری لاوازیکردنی ئافرەت فراوان دەکرێت بەهۆی نیشاندانی لەشفرۆشی لە پرتەقاڵی سپیدا، یان لە ماڵەکانی شاری تەپوتۆزدا... ئەم شکستە زیاتر تۆختر دەکرێتەوە.

تۆخبوونەوەی ئەو پرۆسەیە دەبێتە فاکتەرێک بۆ لاوازیی کەسایەتی دالیا سیراجەدین، وەک چۆن تۆخبوونەوەی لەشفرۆشی لەلای ئافرەتان دەبێتە لەباربەری کەسایەتی و توانا و هیمەتبەرزی ئافرەتان، وەک چۆن دەبێتە رێرەوێک بۆ تێکشکاندنی ئافرەتان لەبەردەم ئازار و ژان و خۆشی و چێژە تایبەتییەکاندا، ئاواش لەلای کارەکتەری ئافرەت لەم رۆمانەدا بۆتە شکستێک و بەدەرکەوتووە.

دەکرێت بەختیار قسەی لە هەقیقەتێک کردبێت وەک گریمانەیەک بۆ پراکتیزەبوونی لە رابردوودا، یان وەک گریمانەیەک بۆ واقیعبوونی لە داهاتوودا بێتە بوون ئاوا تەماشا بکرێت.

بەڵام ئیشکالییەت و قەیرانی سەرەکی ئەوەیە کە ئەو حاڵەتە ترسناکە ئەم نەخۆشییە پڕ تراژیدیایە ببێتە کلتوور و هەر کەسێک ئیشێکی بۆ جێبەجێ نەبوو، رووبەڕووی ترسناکییەک بووەوە خۆی بداتە دەستی قەدەری لەشفرۆشی و جەستەی خۆی بکاتە تاکە رێگایەک بۆ دەربازبوون لەو دۆخەی تێیکەوتووە. بەو مانایەی جەستەی خۆی تەسلیمی ئەو بەناو لێپرسراو و دەسەڵاتدارانە بکات بۆ گەیشتن بە ئامانجی خۆی.

بەڵام دوای چی؟

دوای تەسلیمکردنی پیرۆزترین شتێک کە "کچێنی"یە، ئافرەت کاتێک بێمانایی خۆی نیشاندەدات، تواناکانی خۆی دەکوژێت، کە خۆی تووشی شکستی لەشفرۆشی بکات، خۆی تووشی ئەو دۆزەخە بکات کە هەموو شتێکی لێ دەستێندرێتەوە و هیچی پێ نابەخشرێت.

هەر بەتەنیاش جەستەی لێ ناسێنرێت، بەڵکو گرنگترین شتی لێوەردەگیرێت، کە عەقڵ و بیرکردنەوەیەکی سەلیم و روح و هەست و نەست و دەروونە کە لەنگەری ئارامی و بەختیاری هەمیشەیی ئینسانە...

چونکە زەمەنێک مرۆڤ لەبەردەم ژیاندا شکست دەخوات و بەختەوەر نابێت، کە جیهانی سایکۆلۆژییەتی ئینسان رووبەڕووی شکستی و قەلەقی و نیگەرانی و راڕایی و نائارامی و ترسناکی هەمیشەیی ببێتەوە، کە لەشفرۆشی یەکێکە لەو تاکە هۆکارانەی کە ئافرەتان رووبەڕووی ئەم نائارامییە هەمیشەییە دەکاتەوە.

لە جیهانی لەشفرۆشیدا عیشقێک بۆ سێکس نامێنێتەوە، لەکاتی مومارەسەکردنیشدا ئەو خۆشەویستییە روحییە دروست نابێت کە مرۆڤ بەدوایدا دەگەڕێت، بەڵکو خودی هێڵی پەیوەندی لەنێوان نێر و مێدا لە لەحزەی مومارەسەکردنی سێکسدا بەتەنیا پارەیە، یان پێویستییەکی یەکێ لەو دوو رەگەزەیە، کە پاڵنەری سەرەکییە بۆ دروستبوونی سێکسی ناسەلیم. لەیادکردنی ئەو خۆشەویستییەی سێکس بەدوایدا دەگەڕێت لە دەرەوەی دنیای لەشفرۆشیدا دروست دەبێت، وەک هاوسەرایەتی بێت...

سێکس لە دنیای هاوسەرایەتیدا جیاوازی ئەوە نیشان دەدات کە خۆشەویستی پێشکەشی هەردوو رەگەز دەکات، پاشان هەرچی ناوی ترس و نیگەرانییە بۆ ئەبەد لەیاد دەکرێت.

بەڵام لە دنیای لەشفرۆشیدا نە عیشق دروست دەبێت، نە رێگایەکیش بۆ گەیشتن بە عیشق، چونکە خودی پەیوەندییەکە بۆ دروستکردنی خۆشەویستی و زیادە رێز نییە، هەروەها ترسێکی هەمیشەییش بەرئەنجام دەبێت لەم سکێچەدا، بەمانای ئەوەی ترس لەوەی پیاوەکە پارەی سێکسکردنەکە نەدات، یان بەمەرجی جێبەجێکردنی ئیشێک بێت لەلایەن پیاوەوە، بەڵام جێبەجێی نەکات.

ئەو شتەی رووبەڕووی لەشفرۆش دەبێتەوە، تەنیا ترس و دڵەڕاوکێ و نیگەرانییە، جگە لەوەی کە ترسێکی هەمیشەییش لەلای رەگەزی مێ دروست دەبێت، ئەویش لێساندنەوەی پیرۆزیی سێکسی و بە سوک سەیرکردنییەتی لەلایەن کۆمەڵگای مرۆڤایەتییەوە.

ئەم ترسە بەردەوام لەلای ئافرەتان بەرەو چڵەپۆپە دەچێت، بۆیە ئەو ئافرەتانەی لە ئەوروپا ئیشی لەشفرۆشی دەکەن لە دواجاردا زۆرترینیان خۆیان دەکوژن بەپێی سەرژمێرییەکان.

بۆیە مەترسی ئێمە لەو لەشفرۆشییەیە کە ئەگەری بوون بە کلتووری هەیە،

وەک چۆن لە زۆرێک لە گەلانی دنیادا باوە و ئەم ئەگەرە بۆتە واقیع، رەخنەی من لەو بەشەی تێکستی رۆمانەکەی بەختیار ئەوەیە کە لە شاری تەپوتۆزدا ئەو ئەگەرەی کردۆتە واقیعی تێکستی... ئیشی ئافرەتان لەو شارەدا بەس لەشفرۆشییە.. کە پێموایە ئەم جۆرە ئەدەبە بەم ئاڕاستەیەدا ئەدەبێکە قسە زۆر هەڵدەگرێت...

**سەرچاوەکان:**


١- شاری مۆسیقارە سپیەکان، بەختیار عەلی، لاپەڕە٣٣.

٢- دعوة الي موسيقا، تأليف: يوسف السيسي، ص٩، عالم المعريفة، اكتوبر١٩٨١.

٣- الوجودية، جون ماكوري– ترجمة: د .أمام عبد الفتاح امام، مراجعة: د. فؤاد زكريا. عالم المعريفة، اكتوبر ١٩٨٢.

٤- شعرنا القديم والنقد الجديد. تأليف: د. وهب أحمد رومية، عالم المعريفة. مارس ١٩٩٦، ص٣٦.

٥- چەمکی میتۆلۆژیا و جیهانبینی مەلا خدری نالی، نووسینی: رێبوار سیوەیلی، دانیمارک، ١٩٩٧، چ. یەکەم.

٦- سەرچاوەی پێشوو.

٧- هەمان سەرچاوە.

٨- الوجودية، ص٤٠.

٩- شعرنا القديم والنقد الجديد، ص٣٦.

١٠- سەرچاوەی پێشوو.

١١- هەمان سەرچاوە.

# گێڕانەوەی کۆلاژکراو

## خوێندنەوەی رۆمانی
## (زەریای تابووتە سپییەکان)ی
## رزگار حەمە رەشید




ئارام سدیق

**سەرەتا**

ئەگەرچی من لەو کەسانە نیم، کە ئەدەبی کوردییم زۆر پێ گەورە بێت، بەڵام لەو کەسانەش نیم، کە ئاستی ئەدەبی کوردی نزم ببینم، بۆیە لای من رۆمانی کوردی خاوەنی پێگە و مەوقیعی خۆیەتی، بەو تێبینییانەی رەنگە من لەسەر زۆرێک لە تێکستەکان هەمبێت، بەڵام کە لە کۆدا سەیری بەشێک لە رۆمانە چاپکراوەکان (بەتایبەت) پاش راپەڕین دەکەین، دەبینین لە رووی ناوەڕۆک و تەکنیکەوە رۆمانی کوردی گەشەی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە و ژمارەی رۆمانەکانیش زۆر زیاتر بوون، کە لەنێو ئەو ژمارە زۆرەدا چەندین رۆمانی جوان و سەرنجراکێشی تێدایە، کە شایستەی خوێندنەوە و لەسەر وەستانن.

ڕۆمانی کوردی پاش ڕاپەڕین خاوەنی ئەزموونگەلی جیاواز بوون و زۆرێک لەو کەسانەی کە ڕۆمانیان نووسیوە خاوەنی کارکردن و ڕێچکەی تایبەتی خۆیان بوون. بۆ نموونە ئەزموونی ڕۆماننووسینی بەختیار عەلی ئەزموونێکی تایبەت و جیاوازە لە ئەزموونی ڕۆماننووسینی عەتا محەمەد. هاوکات ئەزموونی ڕۆماننووسینی عەتا محەمەد جیاوازە لە کاروان کاکە سوور و ئەویش جیاوازە لە ماردین ئیبراهیم و هاوکات ئەزموونی ڕۆماننووسینی نەجات نوری و جەبار جەمال غەریب و سەلاح عومەر تەواو جیاوازن لەو هەوڵە تاقانانەی گۆران بابا عەلی و ڕزگار حەمە ڕەشید. هاوکات ئەزموونی ڕۆماننووسینی بەیان سەلمانیش تەواو جیاوازە لەو ڕۆماننووسانەی لە پێشووتر ناومان بردن. بۆیە بە گشتی ڕۆمانی کوردی هەنگاوی باشی هاویشتووە و ڕەنگە لە داهاتووشدا بەر ئەزموونی جیاوازتر و جوانتر بکەوین.

لەم نووسینەدا لەسەر یەکێک لە ئەزموونە نوێکانی ڕۆمانی کوردی دەوەستم، کە ئەویش ڕۆمانی (زەریای تابووتە سپییەکان)ی ڕزگار حەمە ڕەشیدە و لێرەوە دەخوازم خوێندنەوەیەکی کورت و هەمەلایەن بۆ چەند ڕەهەندێکی ئەم ڕۆمانە بکەم.

**لەبارەی ناونیشانەوە**

ڕەنگە گرنگیی ناونیشان لە تێکستێکەوە بۆ تێکستێکی تر بگۆڕێت و پێدەچێت هەندێک تێکست بەشێک لە بونیادی شاراوەی نێو تێکستەکە لە ناونیشانەکەیدا حەشار بدات. بە پێچەوانەشەوە ڕەنگە ناونیشان لە هەندێک تێکستی تردا هیچ بایەخێکی ئەوتۆی نەبێت. بۆ نموونە ناونیشانی ڕۆمانی (دارستانی نەرویجی) هارۆکی مۆراکامی هیچ پەیوەندییەکی ئەوتۆی بە ناوەڕۆکی ڕۆمانەکەوە نییە، بەڵام ئەو ناونیشانە ناونیشانی پارچە مۆزیکێکە و دوو فیگۆری سەرەکی ڕۆمانە چەند جارێک گوێی لێدەگرن. واتە دەمەوێت بڵێم، کە ئەگەر ئەو ڕۆمانە هەر ناونیشانی تری لە خۆ بگرتایە، کاریگەری لەسەر ئاڕاستەکردنی خوێنەر نەدەبوو. هاوکات بەپێچەوانەوە نیکۆس کازانتزاکیس لە ڕۆمانی (زۆربا)دا ناونیشانی ڕۆمانە ناوی فیگۆری سەرەکی ڕۆمانەکەیە و هەموو پانتایی ڕۆمانەکەی داگیرکردووە و هەر لە ناونیشانەکەوە کازانتزاکیس خوێنەر ئاراستە دەکات بەرەو ئەوەی کە قورسایی تێکستەکە لەسەر فیگۆری زۆربایە.

لێرەدا بەپێویستی دەزانم لە دیدی (د. ناسر یەعقوب) لەبارەی ناونیشانەوە

پێناسەیەک بخەمەڕوو، کە دەڵێت: "دەرگای تێکستەکان بە کلیلی ناونیشان دەکرێتەوە و ئەوەی لە ساتی یەکەمەوە پێشوازی لە خوێنەر دەکات ناونیشانە. هەمیشە ئەو تێکستانە (بەتایبەت لە رۆمان و چیرۆکدا)، کە ناونیشانەکەیان ناوی کەسایەتییەکی نێو دەقەکە بێت، بەشێک لە سیحرەکەی بەتاڵ دەبێتەوە، بەو پێیەی ئەوە بۆ خوێنەر کەشف دەبێت، کە هەموو رووداوەکان گرێدراوی ئەو شەخسییەتەن، بەڵام لە رۆمانی تردا، کە ناونیشانەکەی بەو شێوەیە نەبێت ئەمە بەو شێوەیە نییە".

ناونیشانی رۆمانی (زەریای تابووتە سپییەکان) لەو ناونیشانە سەرنجڕاکێشانەیە، کە خوێنەر بەرەو خۆی بەکێش دەکات و بەرەو نێو جیهانی تێکستەکە دەیبات. ناونیشانەکە لە سێ وشەی شیعری پێکهاتووە، کە زۆر بە ئاسانی خوێنەر کەمەندکێش دەکەن. بەو پێیەی لە رووی بوونیادەوە ناونیشانەکە لە سێ وشە پێکهاتووە و تاڕادەیەک لە درێژیی خۆی پاراستووە. هاوکات ئەو واتایەی بەرهەمی دەهێنێت و ئەو وێنەیەی لە هزری خوێنەردا دروستی دەکەن، تەواو وێنەیەکی سوریالییە. ئەمە بێجگە لەوەی ناونیشان لە کۆی تێکستەکە دابڕاو نییە، بەڵکو وەکو تەواوکەرێکی کۆی تێکستەکە دەردەکەوێت. بەم پێیە هەر ناونیشانێکی تر بۆ ئەم تێکستە رەنگە بە جۆرێک لە جۆرەکان ببێتە لاسەنگی بۆ کۆی تێکستەکە. هەر بۆیە (بە مەبەست، یان بێ مەبەست) نووسەر بەتەواوی ئەم ناونیشانەی بە کۆی تێکستەکەوە گرێداوە، گرێدانێک، کە وەکو نیوەی تێکستەکە بێتە ئەژمار، یان وەکو ئەو پێناسەیەی (د. ناسر) کە لەسەرەوە خستمانەڕوو وەکو کلیلی دەرگای تێکستەکە وایە.

بەدەر لەمانەش نووسەر هەر لە ناونیشانەکەوە خوێنەر ئامادە دەکات بۆ ئەوەی بەر رووداوی سوریالی بکەوێت، کە کۆی بونیادی گێڕانەوەکە لەسەر ئەو سوریالییەتە و ئاوێزانکردنی چەشنە ئەدەبییەکان وەستاوە. بە نموونە سوودوەرگرتن لە تەکینیکی (شانۆ و دراما) و ئاوێزانکردنی ئەم دوو چەشنە ئەدەبییە لەنێو رۆمانەکەدا، کە دیسان بۆتە هۆی ئەوەی فۆرمێکی تر بونیاد بنرێت، کە جیاوازە لەوەی پێشووتر خوێنەر بەریکەوتووە. بە کورتی نووسەر هەر لە ناونیشانەوە گەمەی خۆی لەگەڵ خوێنەردا دەست پێدەکات و ئەو گەمەیە درێژدەکاتەوە تا دوا رستەکانی رۆمانەکە.

## گێڕانەوەی کۆلاژکراو

ئەگەر ئێمە تەنها یەک روئیامان هەبێت بۆ گێڕانەوە، یان تەنها چەند شێوازێکی گێڕانەوەمان قبوڵ بێت رەنگە لەگەڵ زۆر تێکستدا بکەوینە ئیشکالیاتەوە، بەو پێیەی پێدەچێت هێندەی ژمارەی ئەو تێکستە گێڕانەوەییانەی نووسراوە، ئەوەندەش شێوازی گێڕانەوە هەبن، رەنگە هەندێک خاڵی هاوبەش لەنێو زۆربەیاندا هەبێت، بەڵام هەمیشە بەدەریش نین لە خاڵی جیاواز ئەگەر لە پنتی بچووکیشدا بێت. هەر لێرەوە کاتێک بەپێی ئەو پێوەرە باو و دیارانەی هەیە ئەم رۆمانەی رزگار حەمە رەشید دەپێوین دەبینین لەگەڵ زۆرێکیاندا ناکۆکە، راستە خاڵی هاوبەش هەیە، بەڵام خاڵە ناکۆکەکانی زیاترە لە خاڵە هاوبەشەکانی، چونکە هەر لە سەرەتاوە نووسەر دەیەوێت لەو خاڵەوە دەست پێ بکات، کە دەیەوێت جۆرێکی تر لە گێڕانەوە بخولقێنێت، کە من بە (گێڕانەوەی کۆلاژکراو) ناوی دەبەم. ئەم جۆرە لە گێڕانەوەیە بریتییە لە کۆلاژکردنی شانۆ، دراما، راپۆرتی رۆژنامەوانی ئەوسا گێڕانەوەی حیکائی و بەستنەوەی کۆی ئەم ژانرانە بەیەکترییەوە لەڕێی هێڵێکی درامی باریکەوە، کە رەنگە بۆ هەندێک خوێنەر ئەم هێڵە روون نەبێت.

بەشێک لەم کۆلاژکردنە لە هەندێک لە رۆمانەکانی (عەلی بەدر) رۆماننووسی عێراقیدا دەبینرێتەوە، بەتایبەت دەتوانی نموونەی رۆمانی (توتنەوانەکە) و (با با سارتەر) بهێنینەوە کە بەدر سوودی لە تەکنیکی نووسینی راپۆرتی رۆژنامەوانی وەرگرتووە. ئەمەی بەدر لەگەڵ ئەو کۆلاژکردنەی لای رزگار هەیە خاڵی جیاوازیشیان زۆرە و ئەوەی لای رزگار دەبینرێت و کاری لەسەر کراوە خولقاندنی جۆرێکی تری گێڕانەوە و چنین بەشێوەیەک، تەکنیک بەتەواوی لە خزمەتی فەزای گشتی رۆمانەکەدا بێت، کە فەزایەکی تاڕادەیەک سوریالییە و هاوکات فیگۆرەکان سەربەستانە لەنێو فەزای رۆمانەکەدا خولقێنراون و لە قاڵب نەدراون. مەبەست لە سەربەستی فیگۆرەکان ئەو فەزا گشتییەیە، کە رۆمانەکە بۆ ژیانی فیگۆرەکان و ئەرکیان لەنێو تێکستەکەدا لەلایەن نووسەرەوە خولقێنراوە.

هاوکات یەکێک لە سیما تایبەتەکانی ئەم رۆمانە پەرتپەرتی گێڕانەوەیە. ئەم پەرتپەرتییە بەشێوەیەکە دەکرێت بڵێین تێکستەکە ناتوانرێت بە پێی تایبەتمەندییە کلاسیکییەکانی رۆمان بپێورێت. بۆیە لە کاتی پێوانەکردنی بەو پێوەرە کلاسیکییانە تووشی ئیشکالیات دەبین. ئەمە بێجگە لەوەی لە هەندێک شوێندا هەناسەی شیعریی بە تەواوی گێڕانەوەکە داگیر دەکات. بۆیە گێڕانەوە

لەم رۆمانەدا خاوەنی تایبەتمەندیی خۆیەتی و لەگەڵ ئەوەشدا گێڕانەوەیەکی ئاسانە، بەو پێیەی نووسەر ئەوەندەی لە هەوڵی تێکشکاندنی ڕێسا باوەکانی گێڕانەوەدایە، ئەوەندە خۆی بەوەوە سەرقاڵنەکردووە، کە گێڕانەوەیەکی ئاسۆیی بگێڕێتەوە.

وەک لە پێشەکی ئەم نووسینەدا ئاماژەم بۆ کرد یەکێک لە خاڵە تایبەتمەند و دیارەکانی رۆمانی پاش ڕاپەڕین ئەوەیە، کە هەر نووسەرە و خاوەنی تایبەتمەندیی خۆیەتی. رۆمانی زەریای تابووتە سپییەکان، لەو رۆمانانەیە، کە لە هەوڵی پێشکەشکردنی جۆرێکی تری گێڕانەوە و خولقاندنی فەزای ترە بۆ کاراکتەرەکان.

بە کورتی دەتوانین بڵێین گێڕانەوە لەم رۆمانەدا پێکهاتووە لە کۆلاژکردنی دەیان و سەدان وێنەی سوریالی بۆ دروستکردنی وێنەیەکی گەورەتر، یان پیشاندانی وێنەیەک لە وشە، کە بۆ وێنەکێشانی جینۆسایدە بە شێوە فرەڕەهەندەکەی، نەک ئەوەی لەنێو دنیای کوردییدا تەنها لە (ئەنفال)دا کورت بکرێتەوە. بۆیە لە ڕێی گێڕانەوەوە نووسەر دەیەوێت پەڕینەوەیەک لە تێمای گشتی رۆمانەکەوە بخولقێنێت لە وێنەیەکی لۆکاڵی جینۆسایدەوە بۆ وێنەیەکی جیهانیی جینۆساید. واتە ئەوەی ئەم نووسەرە لە ڕێی کۆلاژکردنی ڕووداو و وێنەکان و فیگۆرەکانی ئەم رۆمانەوە دەیخاتەڕوو و دەیەوێت لێی بدوێت تەنها بۆ پیشاندانی وێنەی جینۆسایدی گەلێک نییە، کە ناوی کوردە، بەڵکو ئەو لە ڕێی ئەم وێنە بچووکەی جینۆسایدەوە دەیەوێت وێنەیەکی گەورەتر پیشان بدات، کە وێنەی جینۆسایدکردنی تەواوی مرۆڤایەتییە لە لایەن دیکتاتۆرەکانەوە.

**دیدی نوێ و رۆمانی نوێ**

ئەگەر سەرەتا لەسەر زاراوەی (رۆمانی نوێ) بوەستین، دەبینین بۆ یەکەمجار ئەم زاراوەیە لە فەڕەنسا و لە ساڵی ١٩٣٩ و لەسەر دەستی (ناتالی ساروت)ەوە لە کتێبی (هەڵچوونەکان) خرایەڕوو، بەڵام ئەم زاراوەیە بۆ ئەدەبی کوردی نوێیە بەو پێیەی تا ئێستا (وەک هەندێ لە لێکۆڵەران ڕایانوایە) رۆمانی کوردی نەیتوانیوە شکڵی خۆی وەربگرێت، کە من بەتەواوی لەگەڵ ئەم بۆچوونەدا نیم. شکڵوەرگرتنی رۆمانی کوردی بە زۆری ژمارەی رۆمان نییە، بەڵکو بە بوونی تێکستی جوان و گێڕانەوەی سەرسامکەرە، کە ئێمە لە پاش ڕاپەڕین دەتوانین نموونەی (بەختیار عەلی، عەتا محەمەد، جەبار جەمال غەریب، عەتای نەهایی، کاروان کاکە سوور،

ماردین ئیبراهیم و سەلاح عومەر) چەند نووسەرێکی تر بهێنینەوە.

ناتالی ساررووت لە چاوپێکەوتنێکدا لەسەر رۆمانی نوێ دەڵێت: لە رۆمانی نوێدا بابەتەکە خۆی لە خۆیدا گرنگ نییە، ئەوەی گرنگە ئەو شێوە و فۆرمەیە، کە ژیان بە بابەتەکە دەبەخشێت تا بگاتە خوێنەر. ئەگەر لەم قسەیەی ساررووتەوە سەیری رۆمانی زەریای تابووتە سپییەکان بکەین، دەبینین شێوە و فۆرمەکە ژیانی بە تێما سەرەکییەکە کردووە، بەشێوەیەک لە رێی خولقاندنی وێنە سوریالییەکانەوە بگاتە خوێنەر، هەر بۆیە یەکێک لە ئیشکالیاتەکانی ئەم رۆمانە ئەوەیە، کە بەشێوەیەکی ئاسایی نەگێڕدراوەتەوە، بەڵکو وەک لە بەشی پێشووتردا ئاماژەم بۆکرد گێڕانەوە لەم رۆمانەدا چەند بۆ چنین و دروستکردنی وێنەیەکی گشتگیرە، هاوکات بۆ تێکشکاندنی وێنەیەکی ئاسۆیی گێڕانەوەیە، کە پێشتر لە دنیای کوردییدا کاری لەسەر کراوە، یان کە خوێنەر بەرامبەر جۆرێک دەق هەیبووە، کە ناوی (رۆمان)ە. بۆیە لەگەڵ ئەوەی نووسەر دەیەوێت رۆمان بنووسێت. هاوکات خەونی ئەوەشی هەیە ئەو رێسایانە تێکبشکێنێت، کە دەبنە هۆی دروستبوونی رۆمان و دەیەوێت بە کەرەستەی خۆی رۆمان دروست بکات. بەشێوەیەک ئەو دێت و سوود لە تەکنیکەکانی شانۆ و دراما وەردەگرێت. هەر بۆیە ئەمە بۆتە هۆی ئەوەی ئەزبەرکردنی ئەم کارە رەنگە لەلایەن بەشێک لە خوێنەرانەوە قورس بێت، بەڵام دواجار ئەوەی ئەم تێکستە لای خوێنەر دەهێڵێتەوە ئەو دیدگا و روئیایەیە بۆ بینینی دەقی نوێ، واتە تا دیدێکی نوێمان بۆ خوێندنەوەی تێکست نەبێت، رەنگە قورس بێت ئەم تێکستە وەکو رۆمان ئەزبەر بکەین.

ئەگەر ئێستا پرسیار لەوە بکەین نووسەر لەم رۆمانەدا گرنگی بەچی داوە، کامەیە ئەو بە گرنگییەوە خستوویەتییە بەر زوومی گێڕانەوەکەی؟ ئایا ئەوە تەنها مرۆڤی کوردە، کە بۆ رزگار گرنگە، یان ناساندنی کارەساتێکە، کە مرۆڤی کوردی تێدا قڕکراوە. بەر لە وەڵامی ئەم پرسیارە حەز دەکەم ئاماژە بە قسەیەکی (ئالان رۆب گرێ) بکەم لەبارەی رۆمانی نوێوە و ئەو شتانە لەنێویدا گرنگن. ئەو دەڵێت: "رۆمانی نوێ تەنها گرنگی بە مرۆڤ و شوێنی لە جیهاندا دەدات". لەم قسەیەی "رۆب گرێ"وە رەنگە زیاتر ئەوە روون بێتەوە، کە رزگاریش بەهەمان تێڕوانینەوە بونیادی رۆمانەکە رۆناوە و ئەوەی ئەم نووسەرە زیاتر دەکات بە رۆماننووسێکی هیومانیستی ئەوەیە، کە بە تەنها مرۆڤی کوردی بۆ گرنگ نییە، بەڵکو ئەو، مرۆڤی کورد وەکو بوویەکی گەردوونی دەبینێت لەنێو جیهانێکی

جەنجاڵدا، کە دواجار کردەی جینۆسایدیش بەرهەمی ئەو جیهانە نوێیەیە.
ڕەنگە زیادەڕەوی نەبێت، کە ئەم کارکردنەی ڕزگار لە ڕۆمانی زەریای تابووتە سپییەکاندا بە ئەزموونێکی نوێی ڕۆمانی کوردی پاش ڕاپەڕین دابنێین، بەڵام ئەزموونێک، کە هێشتا پێویستی بە کامڵبوون و کارکردنی زیاترە. بە جۆرێک ناتوانرێت لەم تاکە ڕۆمانەوە مژدەی ئەوە بدەین، کە شێوەیەکی تر لە گێڕانەوە و فۆڕمێکی تری ڕۆمان دەستی پێکردووە. بۆیە هەنگاوەکانی داهاتووی ئەم نووسەرە لە بواری ئەدەبی گێڕانەوەدا ئەم بۆچوونەمان لا ڕوون دەکاتەوە. بەڵام هەر ئامادەیی ئەم دیدی نوێیە سەرەتایەکی باشە بۆ هاتنە کایەی ئەزموونێکی نوێی ڕۆمانی کوردی.

**ئەنجام**

لە کتێبی (هونەری ڕۆمان)دا میلان کۆندێرا دەڵێت: "ڕۆحی ڕۆمان، ڕۆحی درێژەپێدانە". لەم ڕستەیەوە دەتوانین بچین بۆ ئەوەی کە گەشەکردنی بەردەوامی ڕۆمان لە جیهاندا بۆ ئەو ڕۆحی بەردەوامییە دەگەڕێتەوە، بە جۆرێک لە پاش دۆنکیشۆتەوە، بە دەیان و جۆری تری گێڕانەوە پەیدا بوون و بەردەوامیش گەشەی سەند و هاوکات لای فرانتز کافکا گێڕانەوەی فەنتازی گەیشتە ترۆپک و لای گابریل گاریسیا مارکیز ریالیزمی جادوویی بە باڵاترین ئاست گەیشت. هەر بۆیە ڕۆحی بەردەوامییە کە ڕۆمانی کوردی لە پاش ڕاپەڕین هەم ئەزموونی نوێی دەقی گێڕانەوەیی بەرهەمهێنا و هەم ڕۆمانی نوێیشی پێ ناساندین و ئەم ڕۆمانەی ڕزگار حەمە ڕەشید نموونەی ئەزموونێکی نوێی ڕۆمانە.
لێرەدا بەر لەوەی دوا خاڵێک بۆ ئەم نووسینە دابنێم، دەمەوێت چەند خاڵێکی گشتی وەکو دوا دەرئەنجام لەسەر ئەم ڕۆمانە بخەمەڕوو:
١- گێڕانەوە لەم ڕۆمانەدا گێڕانەوەیەکی پەرت پەرتکراوە و لەسەر یەک ریتمی ئاسایی ناڕوات بە جۆرێک، کە نووسەر لەو وێنە پچڕپچڕانە توانیویەتی وێنەیەکی نوێی گەورە دروست بکات، کە ئەوەش بە هێزی ئەو هێڵە حیکائیە کراوە، کە لە پشت گێڕانەوە پچڕ پچڕەکەوە ئامادەیی هەیە.
٢- بەدیکردنی گێڕانەوەی کۆلاژکراو، کە وەک جۆرێک لە گێڕانەوە لەم ڕۆمانەدا خراوەتەڕوو، کە بەشێوەی کۆلاژی چەند شتومەکێکی جیا دەچێت، بۆ نموونە لە بونیادی ئەم ڕۆمانەدا سوود لە تەکنیکی دراما و شانۆ و چیرۆک بینراوە، ئەمە بێجگە لەو زمانە شیعرییەی بەسەر بەشێک لە فەزای ڕۆمانەکەدا زاڵە.

٣- خاڵی جەوهەری لەم ڕۆمانەدا قسەکردنە لەسەر جینۆساید لە فۆرمێکی نوێ و گەردوونیدا، نەک بە شێوەیەکی لۆکاڵی، کە ئەمە بەلای منەوە خاڵێکی درەوشاوەیە لەم ڕۆمانەدا.

٤- کورتبڕی لە دەربڕین و پیشاندانی وێنەکاندا بە جۆرێک، کە لە هەندێک شوێندا خوێنەر دەبوو خۆی ئەو وێنەیە تەواو بکات، یان خۆی بەدوای کامڵکردنی ڕستەکاندا بچێت. میلان کۆندێرا لە شوێنێکدا دەڵێت: دەستپێڕاگەیشتن بە کورتکردنەوە، ڕەنگدانەوەی ڕاستگۆییانەی ئەم سەردەمە نوێیەیە. ئەم هەنگاوەی کۆندێرا باسی دەکات بۆ کورتکردنەوە و هەنگاونان بەرەو ڕوانگەیەکی مینیمالیزمی هەنگاوێکی دروستە لەم سەردەمە جەنجاڵەدا، بۆ ئەوەی نووسەر بە کورتترین وێنە و کەمترین وشە پەیامەکەی خۆی بگەیەنێت، بەڵام لەم ڕۆمانەدا ئەم کورتکردنەوەیە لە ڕادەبەدەر لە زۆر شوێندا بە زیانی کۆی تێکستەکە شکاوەتەوە.

٥- ڕۆمانی زەریای تابووتە سپییەکان، لەو ڕۆمانانەیە، کە زمانەکەی بەهۆی بوونی ئەو شیعرییەتە تێیدا خوێنەر بێزار ناکات و دوای چەندینجار خوێندنەوە خوێنەر هەست بە ماندووبوونی خۆی ناکات، کە من ئەمە بە خاڵێکی جەوهەریی ئەم ڕۆمانەی دەزانم.

٦- بوونی فرە تەکنیکی لە گێڕانەوە و گەیاندنی پەیامەکاندا ئەمە یەکێکە لە خاڵە درەوشاوەکان و پیشاندانی چەند ڕستەیەکی پچڕ پچڕ لە کەرتە ئاوێنە شکاوەکاندا، ئەمە یەکێک بوو لە تەکنیکە جوانەکانی ئەم ڕۆمانە، کە پێشتر تەنها لای عەتا محەمەد لە ڕۆمانی گەشتە تیوارەکانی میر بە تەنیاییدا کاری لەسەر کراوە. بە جۆرێک کە عەتا پارچەیەک نووسینی بە ئاوەژوویی داناوە و خوێنەر تەنها دەتوانێت لەبەر ئاوێنەدا دروستەکەی بخوێنێتەوە، بەڵام ئەوەی لای ڕزگار بەدی دەکرا، کەرتە ڕستەکان بوون لەنێو ئاوێنە شکاوەکاندا، کە ئەمەش دەتوانین دیسان وەکو گوزارشتێکی تری گێڕانەوەی پچڕ پچڕ لێکی بدەینەوە.

# دهق

- دواچرکەساتەکانی.. سێو — شیرین تاهیر
- عەدەم، لە واژۆی پیاوێکی رژاودا — بێستون حەسەن
- مودەتێکە تۆ لێرەی — پشتیوان هەڵەبجەیی
- سوێند بە تابووتی دونیا، من زیندووم — یوونس رەزایی
- عیشقی ژنێک... — حەسەن جومعە
- ئێستاکەش هەرخۆشم ئەوێی — عەدنان رەئوف قادر
- گۆرجمەی دێت لەنێو پێڵاوەکانم! — سروشت نەوزاد
- تۆ بە من مەحکوم کراوی — لەیلا سۆفی سوڵتانی
- هەناسەی زەوی — سۆران عومەر عەلی
- جەنگەڵ — محەمەد فەریق حەسەن
- کورتیلە چیرۆک — هێمن بەرزنجی
- پێنج چیرۆکی کورت — فەرهاد مستەفا
- وتوویژ لەگەڵ سۆران ئازاد — سازدانی: گۆران هەڵەبجەیی

# دواچرکەساتەکانی.. سێو

شیرین تاهیر



دره‌نگه‌.. هه‌وایه‌ک له‌ خه‌یاڵما ده‌نگی ده‌بزوێ
دواچرکه‌ساته‌کانی.. نیشتیمانی سێوه‌
ڕۆحم له‌ ئاوێزانی مانگی خه‌رماناندا
ده‌بێته‌ دڵۆپێ ئاو
دره‌نگه‌، دواچرکه‌ ساته‌کانی، ئاخی منه‌
هه‌ناسه‌م توێشووی، مانگی خه‌زه‌ڵوه‌ره‌
گه‌ڵاکان ئاشتی به‌ شۆخێتیم ده‌گۆڕنه‌وه‌
ترێ مه‌سته‌، مه‌ستی ده‌به‌خشێ
دره‌نگه‌،
له‌م پیاڵه‌یه‌دا..
بیرێکی قوڵی ئاوێنه‌، تاده‌گاته‌ قومێ ژه‌هر
له‌ دواچرکه‌ساته‌کاندا، ڕێی گوڵاڵه‌سووره‌ ده‌گرێ
دره‌نگه‌..
نیوه‌ی مانگ، نقومی ئه‌ستێره‌ی گه‌لاوێژه‌
به‌رزبوونه‌وه‌ بۆ ئه‌م دیواره‌،
باڵا له‌ گه‌ڵیدا ڕێ ناکا
له‌ دوا چڵی گه‌نجێتیدا، ئاشتی له‌گه‌ڵ فڕیندا ڕه‌وایه‌
هه‌موو شته‌کان، مه‌ستن

**لە خۆرئاوابوونی رۆژمێرەکەمدا..**
**زەیتوونەکان پیر دەبن**
**فەقیانەکەم، دەکرێتەوە و هیچی تیانامێنێ، لە بەراتی خۆشەویستی!**
**دواچرکەساتەکان**
**تاویّ باران، لە بەهاری خەوتووی منالێکەوە رێژنە دەکا،**
**درەنگە تریفە لە ئاسماندا، دەمرێ**
**ئاوێنەکە لە بەردەممدا قریوە دەکا.**
**قەهری زەردەواڵە، بە تامکردنی ژیان**
**پشکۆ هەڵدەگرێت بەدەست**
**من درەنگمە، فەقیانەکەم دەکەمەوە،**
**چلچرا داگیرسێنە-**
**هەتاوگازەگوڵ، بەهاری تەمەن، دەبەمەوە بۆ سەر چیا**
**دەبم بە سێبەرێکی فێنک**
**رەژووەکانی چل ساڵی هەتاو،**
**ئاخ و کۆڤانێک لە جەستەمدا دەکەن بە یاقووت**
**داری جەهەننەمی سێو، شیلەی رژاوی ئارەزووی**
**وەک ئاهەنگی رەشە چوارشەممەیەک***
**نوقڵ دەکات بە سیمبوولی کۆماری بەخشندەیی**
**بە منالی، بیرم دێ، حەزم دەکرد، لەژێر ئەم چەترەدا بمرم**
**بە منالی، زۆربەی جار دەبووین بە فریشتە و**
**سەرمان بە باران دەشت**
**جەستەمان، دەبوو بە ئەسرینی ترس**
**درەنگە دوا چرکەساتەکانی مەستبوونە..!**
**مەستبە وەک (با)**
**(با)ی ناودڵی ناڵەناڵ و**
**عەقڵی بێ ئیمێڵی ئەفسانە**
**(با)ی خودایەکی بێ کامێرا و**
**وێنەگری لوتکەی رۆح.**
**(با)ی بەریشەی جەرگدا سەرکەوتوو**
**دڵم پێت دەڵێ: (با)یەکی مەستبە**
**مەستبوون، جەسوورییە بە ئاوی ژیان**



منداڵی فەرموو دەکات، لە هەموومان
با..یەکی مەستبە، تا ئەو هێڵەی، فەقیانەکەم،
بەدەستی تۆ دەکرێتەوە
دڵم بە ریشەی (با)ی سەرچیادا سەرکەوتووە
هەتاو گازی تریفەیە
دەبێت بە سێبەرێکی فێنک
درەنگە.. دواچرکەساتەکانی بینینە
هەوایەک لە خەیاڵدا، دەبزوێ
ئارەزووی لە ئاهەنگە، بۆ سەماکردن
ساتێکی دی، ئەم بایە ئاڵتونییە، فەقیانەی خەیاڵم، دەکاتەوە،
لەم باخچە بێدەنگەدا دڵخۆشم
هەموو وێنەکان وا پیشانی خۆمم دەدەن،
لە سروشتێکی پەنهان بچم
ناوی جیاجیا،
ساڵنامەی جیا
ویستگەی رەش و
عەشقی سپی
گسک لە دنیا دەدەن،
دڵ، دەبێت بە ئینجانە
خەیاڵ دەڕوێ، باخچەکان دڵیان خۆشە
گوڵەکان دەمرن، ژیان دەپۆشم
دڵم، خۆی لە زمانی گوڵ هەڵدەکێشێ
بە مژێک ژیان، باخچەیەکی خەیاڵ، دڵم بۆنی دنیا دەکا،
ئێستا بەناوێکی پەنهانەوە
لە سروشتێکی تر دەچم،
باسی وێنەکان وام پێدەڵێن:
تۆ کوێستانێکی تری-
هەناسە بەفرێکی شیرین
بۆ گەرمیانی من.



*رەشەچوارشەممە: دواچوارشەممەی مانگی رەشەمێیە.

# عەدەم، لە واژۆی پیاوێکی رژاودا

بێستون حەسەن



لەنێوان چنینەوەی بارینی بزە و
ئەو هەموو هەوری ترازانەدا، خودا...
چۆن بتوانم دوو بەش ببم کە ئەبینم
رژان لە دڵم ئاڵاوە و
بەقەد قریشکەی پاییزێ لە (ئاو) تورەم!
کە دەمم بەسەر لێواری جۆگەیەکا وەنەوز ئەگرێ،
قەستمە (لیسا) بۆ خوێندنەوەی گریانێکم
لە ئاسمانەوە بێنمەوە سەر عەرشی زەوی و
مانگ داوەتی شەوێکی سەر جێگەکەم کەم
تا (با) لەسەفەر دێتەوە، تا سینەم پڕەبێ لە ئەو.
سبەینێ... بەرلەوەی تریفە گیرفانەکانم بتەنێ لەخۆی
نیشتیمان لە شیعرێکمەوە دەئاڵێنم و
تا فرین لە گیانمابێ خۆم خەتمەکەم.
هەنێ جار رووتبوونەوە لەبەردەم بارانی ئومێددا
وەک جورئەتی خۆکوشتنێکی شەرابە
کە بەهەڵە حونجە بکرێ..
من دەمێکە وادەی فرسەتێ گرتوومی

ئێستەم تەسلیمی سێبەرێکی منالّی بکاتەوە و
بە خەیالّی چاوشارکێیەکەوە دووگیان ببم..!
ئاخر هەنێ جار وردبوونەوە لەو گەمانەی لە گەورەییماندا ئەکرێ
لە فەلسەفەی موسافیرێک ئەچێ خالّی لە وتن، موتوربە بە هیچ چ چ...
من لەوە گەشتووم خوێندنەوەی ئایەتەکانی دووریی
وەک گۆرانییەکی بەرپەنجەرەی مالّە ژنێکە،
کە سواوە بە چاوەڕوانی.
ئەو هەمیشە بەدەم خۆیەوە گوێی لە شکانی ئەستێرە ئەگرت
بەدەم تەڕبوونەوە هەتاوی لە حەوشە ئەدزی و
سوجدەی بۆ ئاوەدانیی گولّ ئەبرد،
درەنگ زانی ئاسمان لە ئاوێنە بووە و
مانگیش لە نەسەبی سێبەر...
ئەو نەیدەویست بەفر لە گەڕان بێتەوە و
میقات لەسەر
لەپی دەستی راستم دانێ...



کەوابێ چۆن بتوانم ئالودەبوونی گەلایەک موتالاکەم،
ئەودەمەی لە زەمین دەئالّێ و پڕ ئەبێ لە زیکری خوسان!..
دێم و لە تەنیشت زامی هەتیوێکا
کۆلارە هەلّئەدەم بۆ قاقا و دلّ پڕەکەم لە زەینی رۆشن
تا بەم ئاهی عیرفانەوە تەنیایی بنوێنم و
مژ لە یەکەمین جگەرەی شین بدەم.
ئەم عومرە روتەلّەیەی نە سەرەتای دیارە و نە بن،
ئەیەوێ بە سکێچی نیشتیمانێکا هەلّمواسێ
نە ئاشنام بە جوگرافیای و
نە دەزانم خەیالّدانی بە چ ئاهێکەوە پڕە!
ئەوەندە نەبێ هەرکات بمەوێ
شۆڕ ببمەوە نێو غەریزەیەکی هەور،
باران بە مۆسیقای گریانێکمەوە ئەنووسێنم و
توند لە تەوقەی خواحافیزییەکەوە خۆم ئەگوشم،
یان دەست ئەگرم بە گۆچانی پیرێکەوە
تا مەستبوون بمباتە کۆلانەکانی خرۆشان.

ئەمە ئەوپەڕی خۆدزینەوەیە
لە گەڕان بەنێو کتێبە تەڕەکانی مەعشوقێک،
کاتێ ئەیەوێ
ئیحای هەرچی فیراق هەیە لە جوتبوونێکا هەڵگرێ..

من و ئەو هەمیشە لە رەنگی پرتەقاڵێکا
بە قوڵایی سەبر گەشتووین، ئیدی رەزبەر
لە کوێی ئەم دوورییەدا ژیان ئەگرێ و
مەوسمی لەززەت ئەدا لە یەخەی برین...

من و ئەو لەژێر منارەی مێزێکا عیبادەتمان ئەبەخشییەوە،
کەچی لەسەر بێتاقەتیی کورسییەکی چۆڵ
بە تەنیایی مەحکوم کراین!
ئەشێ دواجار لە حزوری جەنگێکا بمرین
کە خاڵییە لە مەعریفەی کوشتن،
خاڵییە بە هەموو شت، دۆڕان نەبێ...
من و ئەو لە نەسلی ئێوارەیەکین
پیاسەیان بە بەرچاوی ئەڤینەوە ئەناشت و
شەقامیان تەنیبوو لە هاژەی شەو..
من و ئەو لە باسی روشاندنی شووشەی دڵی ژنێکەوە
مێژوومان درێژکردەوە
بۆ رووخانی ئەمارەتی ئیعرابی پیاو،
کەچی دواجار هەریەک فتوا
نوێژی قسەی لێدابەستین، فتوای فیراق..
وەلێ ئێستە بەم هەموو چۆڵەوانییەمەوە
لە قیژەی سێوێکەوە،
گەرەکمە دوانامەی ئیمان بە هەڵەبجەدا پۆست بکەم،
دوا مەرحەبای ئەم بێدارییەم
لە بەیانییەکا هەستێنم، یار لە شیرینیی خەوابێ..
من بۆئەوەی لە قافییەی چیمەن دانەبڕێم،
هەمیشە باران ئەخەمە نێو دووتوێی سەرینەکەمەوە
تا پارشێوان بەڕەنگی هەڵاڵە بچم و

**وەک چڵی (با) مەحاڵ لە خۆما سەوزکەم.**
**کاتێ عیشق ئەبێتە مەهزەلەی نووسین،**
**ئیتر بوولبوول باڵی سەفەری رائەخا و**
**شەو لە نزاکردن ئەکەوێ و**
**سۆفیش لەشەتڵی پەرستن .**
**ببینە چ ئەرشیفێکە ئەم دڵەم!**
**ببینە لە عەزرەتا چۆن سوور چوومەتەوە و بە سەرابێکەوە ئالودەم!**
**وەک چۆن عەدەم بە مناڵی تەکاندمی،**
**کە گەورەش بووم تەماشامی دایە بەر رێژنەی ئاشوب و**
**لە تخوبی ناڵینێکا نووسیمییەوە،**
**ئەمە سەرەتای ئەو دوکەڵەیە کە جگەرە وێنای ئەکا!**
**سەرەتای ئەو گوناهەیە بەناوی خواوە تایپ ئەکرێ...**
**من ئەزانم شەهادەتی ئەم بارینانەی کەدێن**
**واژۆی منیان لەسەر نییە،**
**بۆیە ئیشم بەوە نابێ شەوانە ترس ئاو بدەم**
**کە هێشتاکە بێدارێک هەر لە ئاسمانە.**
**تازە ئەبێ تا چنینەوەی هەتاوی دووریی و**
**گەشتن بەدوا گۆرانیی ئەم عەسری تەنیاییەم،**
**دەست بە پەلی پاییزێکەوە بگرم و گەڵا بەڕووتی ببینم..**
**چون ئەزانم گەر وەفریای ئاخیرەتی ئەم بەشبوونانەم نەکەوم،**
**گڕ لە چاوم بەرئەبێت و دوایین رەشنووسی ئەم شیعرەش**
**لە سەفەرێکی باراندا... تەڵاق ئەدرێ!**

(کۆتایی)

لیسا:
-گۆڕینەوەی ئەڤینی دوو چۆلەکەیە لە بەرزایی ئاسمانا.
-ئاماژەی دەقێکی (مهدی صالح)ە، کە ئاوێتەیە بە فڕین بەرەو نادیار.

# مودەتێکە تۆ لێرەی

پشتیوان هەڵەبجەیی

مودەتێکە تۆ لێرەی ببینە چیت لێکردووم
جەنەتێ لە رۆحما نوستووە
وشەم بۆنی خەندەت دەدات
دەستم بۆنی پەنجەت ئەدات
بۆنی پرچت لە سیمام نیشتووە
نیگام گەشە وەکو چاوت
روانینم رەنگی موحیبەتت ئەدات
مودەتێکە هەست دەکەم
شیعر و گۆرانی و هەڵبەستم ناوی تۆن
وشە و ورێنە و پەیڤەکانم بۆ تۆن
ئەها تەماشاکە
سەرپەنجەم نەخشی لیمۆیەکی کاڵی پێوەیە
ببینە لێوم چەشنی کانییەک شکۆفە دەکا
مودەتێکە تۆ هاتووی
وەڕس نیم لە ئاسمان
جوێن نادەم بە بارەش و باران





کارم بەسەر خوداشەوە نییە
ئیدی تا ئەبەد لێرە بە
تا ئاوڕ لە هیچ نەدەمەوە
ئەها سەیرکە مودەتێکە چیت لێکردووم
بەلای باغی گوڵەکاندا تێدەپەڕم و
ئاوڕ لە خونچەیەک نادەمەوە
لە باخچەکان پشوو دەدەم و
لە پەنای گوڵخانەکان لانادەم
بەسەر شەقامەکاندا ئەڕۆم و
گرنگی بە جەنگی سەرخۆشان نادەم
قاقا بە زوڵمەت پێدەکەنم
مودەتێکە تەنها تۆ هەیت
بەلای مەیخانە و مەعبەد و کڵێساکاندا تێدەپەڕم و
هیچ شتێک ئاوڕم پێ ناداتەوە
مودەتێکە دەستی ماڵئاوایی نائومێدیم گوشیوە
چاوی دوا دیداری فیراقم ماچ کردووە
دوا پەیامم لە ماڵی مەئویسی جێهێشتووە
مودەتێکە
هاوڕێیەتیم لەگەڵ مردن کۆتایی هاتووە
فرمێسک خۆی ناکات بە خاوەنم
لەگەڵ گریان تەبا نیم
مۆڵەتم لە تەنهایی وەرگرتووە
بێدەنگیی سەری لە وشەم سوڕماوە
ڕەشبینی خەریکە نامناسێتەوە
شادی نیشانەی سەرسوڕمانم بۆ دائەنێ

نیشانەی پرسیار لە هاوڕێیەتیم دەرچووە
مودەتێکە تۆلێرەیت
ناچم بەلای ئەو شیعرانەیا
کە وەزن و قافیەیان پڕە لە گریان
بەلای ئەو موسافیرانەیا ناچم
کە هەناویان بۆنی سووتانی لێدێت
ئەو گۆرانییانە لە هزرما ئەسڕمەوە
کە ئاوازەکانیان...
بە ناڵەی نەی دەست پێدەکات
سەر ناکەم بە ماڵی گریاندا
لای کانی فرمێسک لانادەم و
دەستنوێژ لە جۆگەی تەنهایی هەڵناگرم
مودەتێکە وام لێهاتووە
شکایەت لەو ڕۆماننووسە بکەم
کە حیکایەتەکان پڕ دەکات لە خوێن و
ئەو شاعیرە بدەمە بەر تەماتە
کە غەمگینی ئەهۆنێتەوە
وەرە ببینە دەفتەری شیعرم
لەوەتی تۆ هاتوویت
بۆنی شەراب لە هەناسەم نایەت



گەر تۆ نەبی خۆرهەڵاتن بە من چی
بەهار و پاییز و گوڵاڵە چی لێکەم
گەر تۆ نەبی مانگ و ئەستێرە چۆن جوداکەمەوە
بۆ تۆیە ئەم هەموو ڕۆژ و مانگ و ساڵە دەژمێرم
بۆ تۆ نەبێ ئایەتەکانی عیشق راڤە ناکەم
بۆ تۆ نەبێ فەرموودەکانی ژین نانووسمەوە
تۆ نەبی حەقیقەت و خەیاڵ لەلام یەکە
مودەتێکە تۆ لێرەی
جەنگی من و دونیا کۆتایی هاتووە
چیدی ئیرەیی بەو هەنگانە نابەم کە لێوی خونچە دەمژن

لەوسەری وەرینەوە گەڕاومەتەوە بۆ ئەمسەری بەهار و
لەگەڵ عیشق و ژیان و پێکەنین ئاشتبوومەتەوە
چیدی خەیاڵەکانی شیعر دەبن بە حەقیقەت
ئیدی رۆحمان بە تیشکی رۆژ دەشۆین
لە ئاوێنەی چاوی یەکا پرچی عیشق شانە دەکەین
دوایین وشە لە دەفتەری یادگارا دەنووسمەوە
دوایین دڵۆپی ئەشک دەکەمە مرواری وشە
چیدی پێویستم بە پۆلێ وشەی ئاسمانی خەیاڵ نییە و
ناهێڵم ئاوازەکانی شەو خەماوی بن
رێگا نادەم پەپوولەیەک لە باخچەکەمدا بگری و
گوڵێک لە چاوەڕوانی ماچی هەنگێکدا بێت
ئێستا گوڵی بەهارێ لە نیگامدا دەپشکوێ
چیمەنی باخچەیەک لە رۆحما سەوز دەبێت و
پڕ پڕ دەبم لە پێکەنینی سوری لێوت
ئیدی لێرەبە و لە یاساکانی جەنگەڵ مەترسە
لێرەبە و گرنگی بە نیگا وەحشیگەرەکان مەدە
لێرەبە و ئاوڕ لە ورتە ورتەکان مەدەوە
لێرەبە و زەندەقت لە نەگریسی مرۆڤە نەخۆشەکان نەچێ
رەنگە تۆ دونیایەکی نەگریس بناسی
دونیایەک پڕ پڕ لە فەرمانڕەوای ئەهریمەنی
پڕ لە دەسەڵاتداری شەهوەتباز
ئەشێ تۆ دونیایەک بناسی پڕ پڕ لە نامیهرەبانی
لێوانلێو لە دوکەڵی جەنگ و بۆنی باروت
دونیایەک کە پیاوەکانی بەجوتێ پۆساڵەوە
یاساکانی جەنگەڵ پیادەکەن
رەنگە تۆ مێینەیەکی ترساوی واهیمەکان بیت
رەنگە تۆ لە ئەزەلەوە پیاوێک بناسی
کە هەمیشە خەون بە جەنگەوە ببینێت و
بەدەم گۆرانییەوە بچێتە سەنگەرەکانی کوشتنەوە
ئاخ ئەزیزم تۆ لە قەرەوڵی تفەنگی پیاوێکەوە دەڕوانی
لە قوڵایی دێری پیاوێکی جەللادەوە دەدوێی

پیاوێک خاڵی خاڵی لە حیکایەتی ئەوینداری و
لە تەمەنیا لەزەتی ماچێکی تام نەکردووە
پیاوێک کە ژنێ دەیتوانی فێری گەمەی عیشقی کات
تۆ زەندەقت لە پیاوێکی خاڵی چووە
کە ژنێ دەیتوانی گوڵ لە دەستەکانیا بڕوێنێ
تۆ کە سەر بە تەریقەتی گوڵی ئەزیزم
کە سەر بە مارشاڵی دەریای ئەوینی
ڕەنگە لە ئەزەلەوە دیاری بەهەشت بیت
تۆ دەتوانی پڕ پڕم کەیت لە جوانیی خۆت
دەتوانی بەرائەت بە کوچە تەماوییەکانم ببەخشی و
بە بارانی سەرنجێکی چاوەکانت
گڕی هەموو توڕەبوونەکانم بکوژێنییەوە و
یاسا ئەهریمەنییەکانی دەروونم بکوژی
دەتوانی بە خەندەیەکی تەڕ ناشیرینییەکانم بشۆی
دەتوانی بە فەرموودەکانی ئەوینت بمبەیتە ئەوسەری شێتی
دەتوانی بە مشتێ ناز یاسا جەهەننەمییەکانم بسووتێنی
دەتوانی مەحکومم کەی بە پێکەنینی ئەبەدی و
تیشکێ بەزوڵمەتی کوچەکانی دڵم ببەخشی
دەتوانی بمکەیتە سەمفۆنیای گۆرانییەکانت
ئاخر ئەزیزم چۆن ناتوانی کە دێوانەکان
بۆ عیشقی ژن دەبنە دێوانەی ئەبەدی
جەللادەکان لە بۆشایی ئەوینی ژندا دەبنە جەللادی ئەزەلی
ئەوانەشی دەچنە سەنگەری پیاوکوشتنەوە
کوچەی گەمەی چاوشارکێی عیشقیان ونکردووە
ئەوانەی دەبنە قارەمانی جەنگە گەورەکان
دۆڕاوەکانی جەنگی خۆشەویستین
ئەیانەوێ شارەکانی عیشق خاپوورکەن
تا شەقامەکانی ئەوین لەبیر خۆیان بەرنەوە
تۆ دەتوانی لە جەللادییەوە بمگۆڕی بۆ فریشتە
دەتوانی زەردەواڵەکان بکەیتە فریشتەی عیشق
دەتوانی چەپکێ گوڵ بخەیتە دەست ئەهریمەنەکانەوە

بەمەرجێ لە دڵی منا ئۆقرە بگری
بەمەرجێ لە شەقامەکانی ئەوینەوە بێی و
هەنگاوەکانت پڕ بن لە بۆنی گوڵ و رێحانە
مودەتێکە کە تۆ لێرەی مژدەی ئەوینێکت هێناوە
شۆڕشێکی ئەوینداری لە رۆحما هەڵگیرساوە
ئەزیزەکەم مودەتێکە تۆ لێرەی
سێدارەت بۆ تەنهاییەکانم هەڵخستووە
دەستت ناوەتە بینەقاقای غەمگینیم
بە دارلاسیکەکەی مناڵیم
دەستت کردووە بە کوشتنی چۆلەکەی نائومێدیم
لێرە بمێنەوە باکم نییە
با خۆر لەوسەری خۆرئاواوە هەڵبێ
با دوایین هەناسە لە گەرووما بتاسێ
با گەرمی هەناسەکانت بمسووتێنێ
گەر هەواڵی دوایین ساتی ژینمت پێیە
لێرەبە، لێرە بمێنەوە
فەرشی رۆحم راخستووە



# سوێند بە تابووتی دونیا، من زیندووم

یوونس ڕەزایی



بەو زەمینەی زرینگاوە لەبەر مەرگ
بەو مەرگەش وا... دەترووسکێتەوە بەردەوام... لەسەر سفرەی هەمیشەی شەو
لەسەر پەردەی جارناجاری نیوەڕۆیان
وە عازەب دەبێ گریانم... وردە وردە

بە ئەوکی ماسیگرەیەک کە ئیتر دەربەندێک نییە بۆ رووبار
وە سوێند بە مەودای راستەقینەی ئێستاکە
کە نزیکترین باخ تا من... بەسەرهاتی پاییزێکی دڕندەیە
وە دوورترین ئاخ هەر تۆ بووی... لە سبەینێدا... کە بەفر و بادەوەیە

ئاوایە وتوێژی سەرەتای شانۆم... خوێنەری زیت

پەردەی یەکەم:
شوێن... ئەوپەڕی لەشی رووبارێکی... شین و بزۆز
کات... شەقامێکی دوورودرێژ لە هەمیشە
کەسەکان... دوژمنانی بێکەسی و من
(کە هەم شانۆم
هەم شاعیری سەدەی مافی ئافرەتان و سەدەی تەور
کە بەرزدەبمەوە زۆر جار
لە رستەکاندا تا هەرێمی کێل
وە بڕوام بە باڵندەیە... ئەو کاتەی رۆڵی گورگم پێ دەدەن
ئیمانم بە دارستانە... ئەو دەمانەی ئاور لە گلێنەمدا
قامووسی شەیتانە)

کەسە لاوەکییەکان:
دیوارەکانی سبەینێ و تۆ و منیش

(کە هەم ئاوابوونم... هەم نووسەری مافی ئەو مرۆڤانەی بە تەنیاییدا دەبارن
دەبێ بشدوێنم دەنگی گوللەیەک لە دەمەدەمی زاوزێدا
پێوستە ستایشی گوڵەبەڕۆژەم لە وشەدا
ئەو چرکەیەی دوو بەتڵی شەو دەڕژێتە خوێنی مانگەوە)

کەسەکەی من: ئەوە رۆڵێکی نوێترە لە کۆڵاندا
ئەو کاتەی من ئەکتەرێک بم ئاشقی ئاو
ئەویندارى دار... بە هەموو واتاکانییەوە
کە تاریک بوون و سەوز
شەیدای سروودێکی وا کە ئاوەدانکاتەوە پەنجەرەکانمان
بەر لە شۆڕشی شوورە و داڕمانی ئینسان کە بەرزە
کەسی من بووی... وە ئەکتەرێکی کارامەی ئەوپەڕی باخ
ئەوبەری دیوارەکانی بێدەنگی

(کەسی یەکێک نا... کە تەنیا بمرێ بە هێشووی بۆمبەکانەوە
کەسی یەکتر... بە گوڵەگەنمی رۆژهەڵاتەوە و گەڵا زەیتوونی رۆژئاوا
وە مەستی هێشووی ئەو رەزانەی عازەبانە بە رووی دونیاوەن)

پەردەی دووەم:
گۆشەنیگای ئەو رووداوە... چاوی تۆ بوو کە لە شیعرمدا بە چاویلکەی رەشەوە
روون ببارە بە رووی رۆژئاوامدا
بەر لەوەی گۆڕیچەکان پڕبن لە رۆژهەڵاتم
وە من پیاوێکی زامدار دەبم لە رستەکانی جیهاندا:

(تۆ وەرە نێو برینمەوە... من گۆرانییەکی وا دەڵێم
کۆڵانەکان راکەنە ناو بەسەرهاتی ئەو سەدەیە
کە بەرد دەبارێ بەسەر جوانیدا
رووبارەکان رۆڵی گۆرانیبێژێک بگێڕن بە سروودێکی تەڕەوە
کە لە بیابانەکان چی تر
مەرگ دندووک لە گەرووی قاقڕ و
چاوی پاراوی ساوایەکی رەشدا نەگێڕێ)
... چ وێنەیەکی دزێوە برسێتی باڵندە و مرۆڤ
دەستەخوشکانی مەرگ بن...

تۆ هاتییە ناو برینمەوە
پشووت بە شمشاڵی سینەمدا چ گەرمە... کە گەردالێکی لە سەهۆڵ
ئەکتەرێک بووی پێڵاوی بەهار لە پێدا
بە هەناسەی زستانەوە
لەسەر تەختەی ئەو شانۆیەی کە تابووتمە

(سەوز بە! ئەی چرای سەر چوارڕێیەکانی زەمین
ئیزنی رابردن بدە بە رووبار
وە سوور بەوە
ئەوکاتەی چەک

دادوەرێ گەڵا گەڵا... بەسەر حەوشەی منداڵاندا
کە بێ سەنگەر کتێبەکان دەخوێننەوە
وە بێ کۆتر... بە سینگی دایکیانەوە قەتیس ماو)



پەردەی سێیەم:
کەسێک، کە رەنگە هەر من بم
بینی بە مەرگەوە ناوە
وە کەسیکی تریش کە دڵنیام هەر تۆی
قا قا... قا قا... سەرەتایەکە لە تەمەنی دار
بە کاتی مانگی یەکەمی بزە

شوێنێک نییە بۆ ئەو شانۆیە... تکایە
وا باشە بیسەرانی ئەو شیعرە... وا جوانە ئەکتەرانی ئەو بایە
تینوێتی خۆتان بپارێزن تا سبەی
پەردەی ئەو جارەمان... کەمێک لەوبەری تەمەنی دەریایە

(کچانی تینوو ببنە سروشتی دونیا چەند سەدەیەک
کوڕانی قاقڕ... عاشق بن... هەتا باران)

شوێنێکی کورتە ئەو زەمانەی کە پان و بەرینە بۆ مردن
ئەو سەردەمەی کە زەمینە بە هەموو شانۆکانەوە
دانیشین وێڕای بۆشایی
ئێمە شانۆکاری سەدەی کارەساتین

دیالۆگی باران کە رۆڵێکی لاوەکی دەبینێ لە شانۆدا و
رۆڵی سەرەکی لەو کاتانەدا کە باهۆزێک لە خوێن:

لەبەر پەنجەرەکانتان ئەی ئەوینداران... وەک من نا... کە تەلەفون بۆ بەفر دەکەم
لە زستان بڕوانن کە عاشقانە سارد
وە پەردەکان دادەنەوە و

**تاریک تاریک... خەڵوەتی دونیا بە هەتاو بسپێرن**

**وەک من نا... کە زرەی زەنگم... تەنیایی کاروانی شەڕە**
**بە کاتی باخ**
**لە شوێنی عەشق**
**زەنگێک لێدەن بۆ تەنیایی... با رابچڵەکێ تابووتی دوونیا...**

**(چەپڵەیەکی دوورودرێژ بۆ دارستان**
**وە فیتوویەک بە زەنگی بارانەوە بۆ دەریا**
**کە رۆڵ دەگێڕن سبەینێ لە شوورای هێمنایەتی بزەدا)**



# عیشقی ژنێک...

**حەسەن جومعە**



فێرم کە
چۆن وەک ئاونگ بەسەر سیمای گەڵایەکتا
بێمە خوارێ و
خەون بە ماچەکانتەوە ببینم،
فێرم کە
چۆن گوێ رادێرم بۆ گۆرانی هەناسەت و
عیشقبازی لەگەڵ سێوەکانتا بکەم،
فێرم کە
چۆن (دڵم)ت بۆ بکەم بە جۆلانە و
ژنێتیت بلاوێنم،
فێرم کە
چۆن وەرزی پیربوونت بسپێرمە بەهار و
لەبەردەم داوێنی میهرەبانی خودادا
نزات بۆ بکەم،
فێرم کە
چۆن لەژێر باراندا
پاڵتۆکەمت بۆ بکەم بە چەتر و
بەدەم مۆسیقاوە پێت بڵێم
تا ئەبەد دەمەوێت دڵۆپێک لە عەتری جەستەی تۆ بم...

# ئێستاکەش هەرخۆشم ئەوێی

عەدنان رەئوف قادر

ئێستاکەش هەرخۆشم ئەوێی
بگرە لە جارانیش زیاتر
باوەڕبکە
ئەگەربڵێم لە شەوانی بێ تۆییدا
ئەبم بە یەک پارچە ئاگر
بووم بە داری زەرد و ماتی
بەر رەشەبای چاوەڕوانی
نە بەهار سەری لێدام و
نە رەگیشم گەیشتە شێی کامەرانی
نا بەخوا هیچ ئاسودە نیم
ئومێد ئەکەم کە تۆ وابی
کە جێمهێشتی
زۆر زەرد و ژکاو و لێڵ بووی
هیوادارم کە گۆڕابی
چیت ئەوێ سوێندی پێ بخۆم
جاوت، عیشقت،
جانتا و گوارە و عەترەکانت؟
یان بە سەرشێتی جارانم؟
بە کامیان سوێندت بۆ بخۆم
کە خۆم هاتم روحم جێهێشت
لەو رۆژەوە
من زیندوویەکی بێ گیانم



# گۆڕجمەی دێت لەنێو پێڵاوەکانم!

سروشت نەوزاد



ئاسنگەرێکی شکستەم
دڵم بە جەستەی ئاسنینی
ئەم جیهانەوە بۆ نالکێت...
تابووتی تەرمێکم بە شانەوەیە
پیاوێک دوور لە ئامێزی تەڕی ئاو
نزیک لە بارانی شووشەیی بەختەوەری...
کەوشە تینووەکانی،
لە بێدەنگی پڕ تەنیایی شەقامەکان هەڵئەژەنێت
مرۆیەک لەمێژە گۆچان لەنێو دەستەکانیدا رووواوە
بێهودە بۆ باران ئەچەمێتەوە و
دەیەوێت باخچە بۆ بەردەرگای ئاسمان بەرێت...

هەڵەبووم من
هەڵەبووم کە دەمویست
دەستی سیگارەکانتان، بەدیار برینەکانمەوە راخەم
کە غەرقی برینم و
باران وەک چەقۆ دەمبڕێت...
هاوڕێی دۆڕاوی من، ئەوە دۆڕانی من بوو...
شکستی گەورەی من
خۆڕووتکردنەوەم بوو
لەبەردەم ئاسمانی ساختەی دڵی تۆدا
بەربوونەوەم بوو
چەشنی رۆبۆتێک، بۆ نێو سینگی دووکەڵاوی
سەدەی مۆدێرنی
ئەم بورکانە خڕەوە




## ١- خۆفریودان!

ئێوارەیەک لەنێوان
تەلاری بڵند و
شەقامە پڕ هەرا و جەنجاڵەکاندا
دیمەنی درەختێکی پیر و تەنیا دەبینم...
تەنیا و تەنیا هەر درەختێک!
لەو درەختە دەڕوانم و
غەریبی دەنگی مۆسیقی باڵندەکان دەکەم...
باڵندە تۆراوەکان
هەموو رۆژێک خۆم دەبینم
خۆمی ماندوو، نامۆ و نیگەران
غەریبی دیداری هاوڕێکانم دەکەم...
هەموو رۆژێک لە ژوورەکەم دادەنیشم و
نیگاری هاوڕێکانم دەکێشم
جارێک پێکەوە دەست لەملان

جارێک پێکەوە مەست،
جارێکیش پێکەوە گریان...

## ٢-تەنیایی



جەنگاوەرێک بەدەم ڕێگاکەوە،
بەئەسپایی لەگەڵ خۆی ئەدوێت،
هەموو رۆژێک جەنگ دەمانکوژێت و ئەمرین
هیچ رۆژێک جەنگ نامانکوژێت و دەژین!
مرۆڤ، گۆڕستانی جەنگەکانە.

## ٣- پەنجەرە

لاپەڕەی ئەلبوومەکان دەکەمەوە و
دەستی پیاسەکان دەگرم...
ژووانی رەنگەکان دەنۆشم و
تەنیا و هەر تەنیا بیر لە تۆ دەکەمەوە!
تۆ سەراپای جیهانیت و
منی موسافیر
قاچەکانم، بەرگی هیچ سەفەرێک ناگرێت!

## ٤- خۆکوشتن

لەژێر ئەستێرەکان
پێکەوە کە بەڕووتی نووستبووین
دەستەکانم لەنێو قژت دەگێڕا و
لێوم لە لێوی تەڕت تەڕ دەکرد
بە خۆمم دەگوت،
تۆزقاڵێک بەختەوەری بەسە کە هەمبێت
تا خەیاڵاتی خۆکوشتن لە کەللەم وەدەرنێم
کە من نیمە

## ٥- ماسک

A-کە نازانم، ڕۆژانە هەندێک کات
بە کڕینی پۆشاکی نوێ و
شانەکردنی قژ و
تێکەڵبوونی خەڵکی درۆینە و
پۆشینی بەرگی ساختەی بەختەوەرییەوە خەریک بم
ناتوانم، تەنیایی پڕکوشندەی ژوورەکەم جێبهێڵم.



B- لە قەرەباڵغیدا هەمیشە خۆم نیم و
هیچکاتیش ڕێڕەوێکی چۆڵم بۆ گریان
یان پێکەنین شک نەبردووە؟!

## ٦- ئەزموونێکی تر

هیچی نەکرد
لەگەڵ ئەوەی دەیتوانی زۆر شت بکات...
لە شانۆکەدا، لە ناکاو
کوڕێک ڕووبەڕووی کچێک دەبێتەوە و
دواتر
کوڕەکە هێمن و لەسەرخۆ
ل ە س ە ر خ ۆ و ە ێ م ن
دەست بە گیاندان دەکات

## ٧- هەنگاوێک دوورتر لێرە

کە گوێی لە دەنگی تەقەی فیشەکێک،
یان دەنگی تەقینەوەی بۆمبێک دەبێت
سەرلەبەری ژیانی منداڵی دێتەوە یاد
پیرەپیاوێک.

## ٨- حاوێ



گریمان پێم وابێت هەندێکم خۆشدەوێت
وا چاکترە هەرگیز پێت نەڵێم،
خۆشم دەوێت.

## ٩- من نیم

ئەوەی کە پێویستە هەمبێت، تا تێ بگەن کە هەم، نیمە،
نە ماڵ، نە ئەڤین، نە گۆرانییەکی ئارام و نە ڕێگایەکی ڕۆشن و نە ڕاستی و نە ژیان...
ئەوەی کە پێویستە نەمبێت، تا تێبگەن کە هەم، هەمە،
گیرفان و زاکیرەی پڕ لە گوللە و باخی تیربارانکراو و کۆڵانی تەنگ و بێ خۆر...
وەک کەسێک یاخود نەتەوەیەک.

## ١٠- ئاوارە

ئەودەمەی چاوم هەڵهێنا
خەونەکانم وەک چیمەنتۆی
ژێر دیوارەکانی ماڵە وێرانەکەم بەستبووی...

## ١١- گەشتێکی دووروودرێژ

بەوجۆرەی کە دەمویست، نەخشەی شارەکانم دەگۆڕی و
لە ڕەنگی دیکەم هەڵدەکێشان
خەیاڵەکانم، لەحیمی مەملەکەتە قەشەنگەکانی دەکرد
لێوارێکی تیژ بوون...
ژوورە خڕەکەم،
جگە لە هەڵاهەلاکردنی بنی پێڵاوەکانم
شتێکی تری بۆ من پێ نەبوو

## ١٢- سنوور

خۆرئاوابوونێک، خراپ لە ژووانێکدا جێتهێشتم
پێم گوتی،
لێوەکانم نەختێک لە لێوەکانت و
دەستەکانم نەختێک لە مەمکەکانت
دەخشێنم.




## ١٣- ئەوینی بەستەڵەکیت

عەشق، تا ئەو جێگایەی بردم...
- کە تێکمی شکاند و کە تێکمت شکاند
شادییەک بوو بۆم،
بێئەوەی لێی پەشیمان بم!

## ١٤- جوانی

گوزەرام، بەڵام نەژیام...
ژیان ئەوەیە بتوانیت بە هەموو ناشرینییەکەوە
ماڵێک لە دووکەڵی سیگار و
لە سووچی مەیخانەیەک چێ بکەیت...

## ١٥- گۆرانی

ئەی فەرسەخێک سپێدەی درێژی من،
هێندەی دڵفراوانی غەریبی و خەم و تاریکی...
میهرەبانی دڵی تۆم لێوە نزیکە!

## ١٦- چەقبەستووی وێرانترین جیهان

گەر تەنانەت هەزاران جاریش
چاوانم، یان تەنانەت دەستەکانم
لە ئاو، یان زەریا بەو دڵفراوانییەیدا! بگەوزێنم
هێشتا هەر ناتوانم،
جۆرێکی تر بڕوانم!

## ١٧- تاریکخانە، یان پەیڤینی حەقیقەت

لێرە،
ئێمە بووین پێکەوە دۆزەخمان کردە ئاوێنە و
خەونە زێڕینەکانمان پیایدا هەڵواسی...
ئێمە بووین پێکەوە ئاگرمان چاند و
هەموو لە دۆزەخی چنراوی خۆماندا غەرق بووین...
دەستبەتاڵ دۆزەخ
بە خواوەندی گوت،
زەوی، ئەو هەنارەیە
جێما لەو درەختەی
تەواڵێتەکان ئاوی خۆیان لەبن ڕشت...



# تۆ بە من مەحکوم کراوی

لەیلا سۆفی سوڵتانی

بە ڕێی هەناسەی چاوما تۆم
هەڵکێشایە ناو «بینینم»،
لە عەشقی خۆمم پێچاوی
مەستیت لە خۆما دەچێنم...
بەناو دەماری دڵمدا
دەیبەمەوە ماڵی حەزی
پڕ لە سەرکێشیی ژنبوونم
بە حەزم دەور دراوی.
من ئەوەندەت تێدەڕوانم
ئەوەندە لەنێو خەیاڵتا ڕووت دەبمەوە
تا دەتکەمە ئیمپراتۆری شاری دڵم..
تۆ لە هیوام هەڵکێشراوی!
بەبێ ئەوەی سوک بە گوێتا بچرپێنم
«خۆشم دەوێی»
دەتخەمە ناو زەریای خۆشویستنی خۆم و
کەنارت بیر دەبەمەوە
ئەی نازانی
تۆ بە خولیای
عەشقێکی سەرشێت تەنراوی؟
من بەجۆرێک هاتوومە پێش،
تۆ هیچ جێ بە خۆ نەگریت و
لە دەست تەنیایی خۆت هەڵبێیت،
هیچ جێیەکیش نەدۆزییەوە،
تەنها باوەشی من نەبێ
تۆ بە من مەحکوم کراوی!






# هەناسەی زەوی

سۆران عومەر عەلی

لە یەکێک لە ژوورەکانی ئاسماندا
رووناکییەکی کز ئەگریا
بە دیار بێدەنگییەوە
پڕ بە چرایەک تاریکیی
خۆی کێشا بە دەموچاومدا
دەنگی کەمانچەی -با-
کە ژێیەکانی بروسکەی هەور بوو
دەستی خستبووە سەر هەردوو گوێم
پڕ بە دەمی ماسییەک
وشکانی هەناسەی گرتبووم
ئەم ئاسمانە چەند غەریبە
هەستم ئەگوشێتە ناو ژیانەوە
بەر لەوەی پەرداخێک مردن بخۆمەوە
هەر لەو ژوورەدا پەردە هەورینەکەم لابرد
تەماشایەکی خوارەوەم کرد
بە گۆچانەکەی موسا
دوو چەنجە خۆرم برد بەولاوە
کە بەرچاوی گرتبووم.

ئاگام لێبوو ئاسمان پێی ناخۆشبوو.
چون نیوەڕۆ بوو بە ئێوارە.
پڕبووم لە جنێو
باش بوو لەسەر زەوی نەبووم
لەناو خۆمدا خۆم شاردبۆوە
دەنا بەر نەفرەت ئەکەوتم.
هەر لەناو خۆمدابووم
خۆمم بینی لە ئێوارەدا
سەرگەرمی خەتای ژیان بووم.
بەبێ هاوڕی بەناو دڵدا گوزەرم ئەکرد.
بەزەییم بە تەتیاییدا دەهاتەوە
دڵم پڕبوو لە خەمی بوون
چۆن ڕۆیشتم وەها گەڕامەوە
ژوورەکانی ئاسمان ئەمترسێنێ
وەک زەوی کە قوتم ئەدات و
ئافاتی دەریا دەمخنکێنێ.



ئاسمان پڕە لە ئازار
دەنگی ئازار ئەموەستێنێ
وەک زەردەشتییەک
بە دەوری ئاگرێکی ڕەشدا
پڕ بە باڵای عیسا سەما ئەکەم.

ناگەڕێمەوە بۆ زەوی
هەناسەی بۆنی مردنی لێدێت
بە خێرایی فڕینی چۆلەکە
تاومدایە ڕۆیشتن
خۆم بە پەنجەرەی ئاسماندا کێشا
سەرم مەست بوو
بە خەونی سەفەر و
جێهێشتن بەرەو جێگەیەک
کە نییە.

**ئای چەند منداڵم لە ئێستادا**
**لە بیرم نییە چۆن پێ بگرم.**

**ئەترسم لەنێوان ئەم دیوارانەدا کافربم**
**دەنا دەتوانم وابکەم نوێژخوێنان**
**لە ئاسمانەوە تەماشای زەوی بکەن**
**دووباڵی سپی ئەدزم**
**لەو فریشتە رووت و سەرخۆشەی**
**لەگەڵ شەتاندا خەوی لێکەوتووە.**



**لە شەو ئەترسم**
**دەنا بەناویدا رائەکەم و**
**تاریکی هەراسان ئەکەم**
**لە ونبوون ئاوڕنادەمەوە**
**مەراقەکانی منداڵیم**
**دەکەم بە کۆلارە**
**لە ئێوارەیەکدا هەڵیدەدەم**
**بۆ ئەوەی ئاسمان بمناسێتەوە و**
**بمبارێنێ بەسەر زەویدا.**

**خۆم دەشارمەوە**
**نامەوێ بکەومە ناو بیرێکی دوورە دەستی باران**
**من یووسف نیم تاکو خودا لە تاریکیی دەرمبێنێ**
**زولێخا لە زیندەکاندا لەبیرم بەرێتەوە و**
**نەک کراسەکەم، پێستەکەشم دابماڵێت.**

**واباشترە هەر لێرەبم**
**ئەم ئاسمانە بە سزا نازانم**
**چاوم لە رێگایەکی باریکە**
**بەرەو دۆزەخ لوول ئەبێ.**

پارچەیەک ئاسمان لەوسەرەوە
خەیکە دەستی لە دایکی بەر دەبێت
مانگ بە دەم داڵغەوە لەتێکی خۆی دەخوات
خۆر وەک چەترێکی شکاو
سێبەر بۆ زەوی دەکات
رۆژ دەخزێتە ناو شەوەوە
شەو دەخرێتە ناو رۆژەوە
ئەم ونبوونە بێ کۆتایە.

جێهێشتن نەریتێکی خراپی ئاسمانە
وێنەمان لە شینایی خۆیدا هەڵدەگرێ
مناڵیمان بە تێرامانەوە جێدەهێڵێ.

پارچە پارچە تەواو ئەبین
پارچە پارچە کۆتاییمان دێت.



چیرۆک

# جەنگەڵ

**محەمەد فەریق حەسەن**




تا ئەو ساتەوەختەیش، من لەپاڵ هەڵۆی برامدا هەستم بە دڵنیایی دەکرد، بەشداریی گفتوگۆم دەکردو پێدەکنیم، بەڵام کاتێک هاوڕێیانی هەڵۆ، بەسەرهاتی ڕەشیدی ڕێبەریان بە جامانە ڕەشەکانەوە گرێداو بەو جۆرە ناجۆرە گێڕایانەوە، ئیتر من پرینگامەوە. لە دیوی دەرەوەو ناوەوە، هاژانێک هەژام، تف لە گەرومدا وشک بوو. نائاگا، لەم گوێوە بۆ ئەو گوێ، پەنجەی ئاماژەم بە گەردنی خۆمدا هێناو هەنگاو بە هەنگاوی سەفەرەکەم، لەگەڵ ڕەشیدی ڕێبەدا هاتەوە پێش چاو.

بەگوێرەی تەسکی و بەرینی ئەو ڕێ پێچاوپێچە، هەوراز و نشێوە، من تاوێک بە شانیەوە تاوێکیش بە شوێنیەوە تەکانم دەداو مەبەستم بوو هەر ئەو ڕۆژە بمگەێنێتە مەنزڵی تاقە براکەم، کە لەمێژبوو لێی بێئاگابووین. لەم جۆرە سەفەرانەدا دەبێ ڕێبوار ئاگاداری خۆی بێت، چۆن پێی لەسەر بەردی تیژو چاڵوچۆڵی و خڕەبەرد دادەنێ. دایکم جووتە پێی لێ کردبوومە لنگێک کەوش،

(ئەگەر بە وێنەیەکی خۆت و هەڵۆی براتەوە نەگەڕێیتەوە، ئەوا هەڵۆی کوڕم لەژیاندا نەماوە. بمایە هەڵبەت جارێک لە دایک و تاقە براکەی خۆی دەپرسییەوە!) من لە قسەی دایکمدا هەڵمنەدایە. (جەنگەڵ ناوی خۆی وا بە خۆیەوە، مرۆڤ چەند میهرەبانیش بێ لە جەنگەڵدا دڵی دەبێ بە سەنگ!) ئەو شەوە خاڵم ئاوا پاساوی بۆ بێدەنگی هەڵۆی برام هێنایەوە.

من ڕێم دەبڕی، کاتێک ژمارەیەک سەگی زەردو ڕەش و شڵ، بە زمانی سووری درێژەوە، لەبن دارەکانەوە دەرپەڕین و بەرەو لای ئێمە سەرەوخوار بوونەوە. من گوێم لە هەناسەی خێرایان بوو (سەگەلن سەگەل، ئەوە لێیان دەترسی؟) ڕەشیدی ڕێبەر هەڵوەستا، ئاوڕی لێ دامەوەو چاوە کاڵەکانی تێبڕیم و ئاوای وت. ((ئەگەر دانەیەک و دوان بوونایە ئێ، بەڵام زۆرن زۆر!) (لەنێوان ئاوەدانی و چۆڵەوانیدا خەریکە دەبن بە سەگی کێوی. ماوەیەکە لەم ناوەدا دێن و دەچن، نەمبیستووە وەزەنیان هەبووبێ، ئەگەر گەمارۆشیان داین، بێدەنگ لەجێی خۆت دانیشە، ئەوان ماوەیەک بەدەورماندا دەسووڕێنەوە و دەڕۆن!) ڕەشیدی ڕێبەر شانێکی بۆ هەڵتەکان و کەوتەوە ڕێ. منیش شوێنی کەوتمەوە.

تازە ملمان بە هەورازێکی کووڕەوە نابوو، لە تەوقەنەی هەورازەکەوە دوو گیانداری کەللە بۆری گوێ قوت پێکەوە سەریان کێشاو لە ئێمەیان دەڕوانی. (ئەو دەعبایانە چین؟) (جووتە گورگن!) وەک ناوی جووتێک کۆتری هێنابێ، ترسم بە دەنگ و هەنگاوییەوە هەست پێنەکرد. من هەڵوەستام، سێ جاران گۆچانەکەم رووەو گورگەکان ڕاوەشان. (جووتێک گورگ هەروا بەو ئاسانییە!) من واموت و ئەو دەستەسڕەکەی بە ناوچاوانە ڕەش داگەڕاوەکەیدا هێناو نایەوە باخەڵی. (جووتە گورگ بەبێ نێچیر ناگەڕێنەوە! بەڵام نا، لێیان مەترسە! ئەگەر زانیت هەڵمەتت بۆ دێنن، خۆت بگەیەنە نزیکترین درەخت و پێیدا هەڵزنێ. بەڵام بڕوا بەو ڕازە کۆنە مەکە، کە دەڵێ، پەنجەیەکی خۆت ببڕە، چەند دڵۆپێک خوێن بدڵۆپێنە سەر یەکێکیان، ئیتر بە هەموویان تێیبەردەبن. گورگ بۆ یەک دڵسۆزترن هەتا بەرەی مرۆڤ!) ڕێبەرەکەم ناوبەناو هەناسەی سوار دەبوو، کەمێک دەوەستا، چەند کۆکەیەکی دەکردو دەکەوتەوە ڕێ. (کانییەک لە پێشمانەوەیە، لەوێ تاوێک لادەدەین. خۆمان فێنگ دەکەینەوە، پشوویەکیش دەدەین.) بەڵام من پرسیم: (چاوت لەو دەعبایەیە؟) (ئەی چۆن!) یەکسەر وەڵامی دامەوە. گیاندارێکی کەللە زلی کەتەی ئاماڵ قاوەیی بەڵەک، لەسەر تاشە بەردێک چەمۆڵەی دادابوو، سەرنجی دەداین. ڕەشید لەسەری ڕۆی (پڵنگە پڵنگ!) من لەجێی خۆم وشک وەستام، بە دەموپلی تێکەڵەوە پرسیم، (پڵنگ؟ جا چارمان چییە؟) من هێشتا وەک

بزمار لەجێی خۆم چەقیبووم، کە ئەو ئاوڕی لێ دامەوەوە وتی: (بێ بەڕێوەو هیچ خۆت تێکمەدە!) بە ئامبالآیدا روانیم، ترسم تێدا نەخوێندەوە، کەچی من بە ترسە ترس شوێنیکەوتم، چاوێکیشم هەر لەسەر پڵنگەکەبوو. من لە بنچک و بەردی سەر رێ هەڵدەنووتام. پڵنگیش زمانی بەملاو بەولادا دەردەهێناو سەرنجی دەداین. (پڵنگە، چۆن خۆم تێکنەدەم؟) من وام وت، ئەویش وتی: (رەنگە بەو سەرەوە ئەشکەوتێکی کردبێ بە لانەی خۆی. هەتا دووسەد مەترێک لە لانەکەی نزیک نەبینەوە، ئەو پەلامار نادات!) (ئەی ئەگەر پەلاماری داین؟) (ئەگەر فریاکەوتم تفەنگەکەم سوار بکەم، ئەوا بەو نیازەی دڵی بپێکم، نیشانە لە سینگی دەگرمەوە!) من پرسیم: (ئەگەر فریانەکەوتی؟) (خۆ ئەوە مرۆڤ نییە، پڵنگە، پڵنگیش لەبرسانا پەلامار دەدات، رقی لە نێچیری خۆی نییە، بازرگانیش بە جەستەی نێچیرەوە ناکات! ئێمە بە رێی خۆمانەوە، ئەو بە رێی خۆیەوە. تفەنگەکە وا بە شانمەوە، خۆ بە دەستمەوە نییە!) من بە ئەژنۆی شل و هەنگاوی کورت و سینەی توندەوە بە هەورازەکەدا سەردەکەوتم. جووتە گورگەکە کەوتنە نەدیوی، پڵنگەکەشمان جێهێشت. (کانییەکە لەم دۆڵەدایە!) رەشید وای وت. لەودەمەدا ئێمە گەیشتینە پێچێک، لەوێدا کۆتەرەی درەختەکان قنج و رەش، زەویش ئاماڵ خۆڵەمێشی دەینوان. بیابانێکی سامهێن، لە کوێستانێکی بە چڕە درەختدا. (ئەو درەختانە ئیتر سەوز نابنەوە!) من بەداخەوە وام وت. (ئەم دارستانە گورگ و پڵنگ نەیانسووتانووە. ئەوە کاری مرۆڤە، جامانە رەشەکان گڕیان تێبەردا، کاتێک شەڕ کەوتە ئەم لاپاڵە!) جامانە رەش، وەک دەعبایەکی زلەی چوارپەل تووکنی شۆقداری کەڵبە زەرد لە زەینی مندا شکلگیر بوو. ئێمە بە پێچاوپێچی پیادەڕێیەکەدا دادەگەڕاین. زەوییە سوتماکەکەمان تێپەڕان و دارستانەکەیش وردە وردە چیڕتر دەبوو.

من ویستم... و (سێ زەلامن!) رێبەرەکەم وەهای وت، تفەنگەکەی لە شانی داگرت، بە دوو قەڵەمباز لاڕێی گرت و خۆی تەپاندە ناو چاڵێکەوە. من لەجێی خۆم وشک بووم. ئەو بە دەست ئاماژەی دامێ، حەپەسان بەریدام بە کووڕە کووڕ دامە لاڕێ و خۆم کوتایە هەمان چاڵەوە. ئەو پەنجەی ئاماژەی بە لچ و لێوی خۆیەوە نا، منیش وەک بەرد چرکەم لە خۆم بڕێ. لەو دەمەدا، ژمارەیەک مرۆڤی پیادە بەشوێن یەکدا سەردەکەوتن. لوولەی چەکی یەکێکیان لەبەر سووری هەتاو دەبریسکایەوە. ژمارەیەک دەوەن لە نێوان ئێمەو رێگەکەدا بوو. (ئاگادار بە نەوەکا لەپڕ بپژمی یان بکۆکی، ئەژدیها پێوەی دای دەنگ نەکەی!) ئەم قسانەی کە رەشیدی رێبەر چپاندییە گوێم، بە رادەیەکی ئەوتۆ تێکیدام، گوێم

له دڵەکوتێی خۆم بوو. ڕەشید ڕووەو ڕێیەکە، لوولەی چەکەکەی لەسەر لێواری چاڵەکە دانا. من وەک تووشی مۆتەکە هاتبم و لەو خەونە ئاڵۆزەدا بوونەوەرێکی خورافی هەردوو چۆکی لەسەر سینگم دادابێ، نەهێڵێ هەناسە بدەم، لەوەدابوو لەجێدا بتاسێم. گوێشم لە قرچە قرچی وردوخاشبوونی چیلکە و قالۆر بوو، لەژێر پێڵاوەکانیاندا. من لەو کاتەدا تارمایی زیندان دەهاتە پێش چاوم، خۆم لە ژووری تەنەگەبەری ئینفیرادیدا دەبینی، بەجلکی سوورەوە، چاوەڕوانی هەڵواسین بووم و دابوومە باریک و بنێسی. مشە مشم پێکەتبوو بێ ئەوەی بۆن بکەم.

پێشەنگەکەیان لەنێوان گەڵاکانەوە دەرکەوت، ئەو قەمەی لە کەمەری بەستبوو. لقێک داربەڕووی بەدەستەوە بوو، بەهەر بنچێک، دەوەنێک دەگەیی شووڵکێکی پێدا دەکێشا، تۆزی لێ بڵند دەکرد. ئەو تفەنگەکەی لە شانداو ڕووی لوولەکەی لە زەوی بوو. ئەبرۆ ڕەشەکانی تێکپەڕیبوون. دووەمیان زەمزەمییەک بەقەدەوە، لوولەی چەکەکەی چەند پەنجەیەک سەر شانی کەوتوبوو، ئاسەواری کۆنە زامێک بە لاڕوومەتیەوە دیاربوو. سێیەمیان وێڕای چەکەکەی دەستی، کۆڵە پشتەکەی بڕێک پشتی چەماندبوو. ڕووی لە ئارەقەدا دەبریسکایەوە. هەرسێکیان جامەدانیی ڕەشیان لەملدا بوو. ئەوان بەشوێن یەکدا ڕەتبوون، کەچی ڕێبەرەکەم هێشتا هەر پەنجەی لەسەر پەلاپیتکەی تفەنگەکەی بوو. ددانەکانی لەسەر لێوی دانان و ئاماژەی دامێ نەجووڵێم. خۆیشی بە کوورە کوور جووڵا و لەولاتر لەپەنا بەردێکدا خۆی دایە پەنا. منیش لەناو چاڵەکدا زرتەی چاوم دەهات. دوای کەمێک ڕەشیدی ڕێبەر گەڕایەوە لام. من وتم: (ڕۆیشتن، دەبا ئێمەیش پێ هەڵگرین.) کەچی ئەو وتی: (پەلەت نەبێ، لەوانەیە بگەڕێنەوە سەرمان. ئەوانە فەندو فێڵیان زۆرە، کێ دەڵێ نەیانبینیوین؟) هەتا ئەوان لە هەورازەکە ئەودیو نەبوون ئێمە نەکەوتینەوە ڕێ. من نەمدەتوانی سەرنجم لەسەر جێیەک چڕبکەم. وەک یەکێک ڕێی هەڵەکردبێ و چەن هەوڵ بدات بۆی نەدۆزرێتەوە، گلێنەی چاوەکانم بێ ئۆقرە دەجووڵان. بە گومانەوە گوێم لە خشەی قۆڕی و کیسەڵ و گیانداری خشۆکی دەم ڕێ دەگرت، کە لە گوێی مندا، لە دەنگی ڕاستینەی خۆیان بەرزتر بوون...

(لە گەڕانەوەدا گۆشاوگۆش سەریان بڕیوە، سەرەکەیان لە توورەکەیەک ناوەو لەگەڵ خۆیاندا بردوویانە!) هێشتا هەواڵەکە لە کاسەی سەرمدا دەنگیدەدایەوە. کاکم کە بە حاڵی بێحاڵی منی زانیبوو، جامولکەیەک ئاوی ساردی بۆ درێژکردم، وتی: (خەمت نەبێت، من لەو ڕێیەوە ناتنێرمەوە، کە لێوەی هاتی!) لەودەمەدا، سەری بڕاوی بێ کڵاوو جامانەی ڕەشیدی ڕێبەرم دەهاتە پێش چاو. بە خوێنی

وشکهەڵاتوو، چاوی کاڵی زەق و زاری کراوەوە، مێش تێیداوە، لەسەر مێزی ئەفسەرێک دانراوە. لە بەرانبەرەوە، سێ جامانە رەش، لاق لەسەر لاق، لەسەر قەنەفەی چەرم دانیشتوون، بەدەم حیلکە حیلکەوە، گەڵا گەڵا دەستخۆشانەی سەری براوی رەشیدی رێبەر دەژمێرن.

کۆبنهاگن
٢٠١٣/١٠/٢٧



# کورتیلە چیرۆک

## ک و ر ت ی لە چ ی ر ۆ ک

هێمن بەرزنجی

**پشکنەری گێل**

سڵاو جەنابی پشکنەر، ئۆ خانم ئەوەتۆیت؟ دەبوو کێی تر بێت، ها جەنابی پشکنەر؟ دیسان بەدووی چییەوەیت؟ بزانە جەنابی پشکنەر، من بێزار نابم ئەگەر رۆژی سەد کەڕەتیش بێم. خۆ گوتم: هێشتا هیچم دەست نەکەوتووە، لە دۆسیەی کوشتنی کوڕەکەت. دەتەوێت چیت دەست بکەوێت؟ چۆنێتی تاوانەکە ئێ دیسان چی تر؟ دەبێت بزانم کێ کوشتوویەتی. هاهاهاها بەڕاستی پشکنەرێکی گێلی، دەتەوێت ژنێکی تەمەن چل ساڵی شۆخ و شەنگی وەک تۆ بخمە زیندانەوە؟ لەبەر چی زیندانم دەکەی؟ گاڵتەکردن بە پیاوی یاسایی، دەی لەبەرچی زیندانم ناکەی؟ بەچ هۆکارێک؟ بەتاوانی کوشتنی کوڕەکەم! تۆ چەند رۆژە هەر ئەم قسەیە دەکەیت دەتەوێت تاوانی کەسێک لە ئەستۆی خۆت بگریت؟ نا بۆچی؟ بێزار بووم خانم لانیکەم برۆ لای پزیشکی دەروونی. دیارە کە حاڵت باش نییە. جەناب من لە دۆخی ئاساییدام. کەواتە چۆن دانی پێدا دەنێیت؟ جەنابی ئەفسەر، کوڕەکەی من لەگەڵ ژنەکەی دراوسێماندا فێری سەرجێی ببوو. کەواتە ئەو کوشتوویەتی. جگەلەوەی ئەو مانگێک بەر لە کوشتنی کوڕەکەم مرد. نە دڵی دەهات ئەو کارە بکات، نە دەیتوانی کوڕی من بکوژێت. ئەدی کێ کوشتی؟ من کوشتم! چۆن کوشتت؟ هەموو شەوێک دەهاتە نێو جێگەکەم دەیویست چی لەگەڵ ژنەکەی تردا کردووە لەگەڵ منیشدا ئەنجامی بدات! چۆن کوشتت؟ بێدەنگ خنکاندم! جەنابی پشکنەر هاواری کرد. کەسێک لێرەیە ئەم ژنە نەفرەتییە ببات بۆ زیندان.

## رووداوی ناو حەوشەکە

هەمووان لە حەوشەکەدا دانیشتبوون. خەریک بوون شوتی و کاڵەکانیان بەر چەقۆ دەدا. کوت کوت گۆشتیان لە لاشەی هەرمێ و سێوەکان دەکردەوە. سۆندەکەیش خەریک بوو دەردەدڵی خۆی لای گوڵەکە دەکرد. دەیگوت: بەو بەیانی زووە گیانیان پارچەپارچە کردووە. باپیرە لەسەر جۆلانێکەوە دەڕوانێتە گوڵە شیلانەکە، ئەم قسانە دەکات: (سەیر لەوەدایە من تۆوەکەم چاند. خۆر و ئاو لە خاکیان دەرهێنا، بوو بە چرۆ. چرۆ خۆی کردەوە و بوو بە گوڵ. هەنگەکە دێت و هەڵاڵەکەی دەبات. راوەستە هەنگ بزانم کێ شیلەکەت دەخوات؟) کەسێک لە دەرگای دا. باپیرە هەستا دەرگاکە بکاتەوە. باپیرە ناوی "سەرمەند"ە. باپیرە دەرگاکەی کردەوە بینی دوو پیاوی باڵا بەرز بەدوو باڵی گەورەوە بە توڕەییەکەوە وەستاون. یەکێکیان وتی: سەرمەند تۆیت؟ باپیرە گوتی: خۆم. پیاوە باڵابەرزەکەی تر دیاربوو کە یاوەری بوو، گوتی: ئەم سەرمەندە نییە. ئەوان رۆشتن هەموو لە دەوری جۆلانێکە کۆبوونەوە باپیرەیان رادەوەشان. باپیرە هاتەوە هۆش خۆی گوتی: سەرمەند ناو لەم کۆڵانەدا هەیە؟ کچە ناوەنجییەکەی گوتی: بەڵێ، مێردی گوڵچین خان. باپیرە گوتی بڕۆن فریای کەون. هەمووان بە منیشەوە رامان کرد و گەیشتینە ماڵی گوڵچین خان. بەڕەحمەت بێت سەرمەند بەگ ئێستا مرد.

## مینە بەگ

هەموو لەسەر گۆڕەکەی کۆببوونەوە. خوا لێی خۆش بێت مینە بەگ چل رۆژە مردووە. چیرۆکەکان زۆر بوون دەربارەی چۆنێتی مردنی مینە بەگ. ژنەکەی دەیگوت: پزیشک بەهەڵە دەرزی لێداوە. بەهەڵە شیفابەخشیان داوەتێ. کوڕەکەی دەیگوت: لەو ساڵەوە کە ئۆتۆمبێلەکە لێیداوە هێدی هێدی بەرەو مردن دەڕۆیشت. کچەکەی گوتی: باوکم بە خەفەتی جوانەمەرگەی برام دڵی وەستا. گۆڕ هەڵکەنەکە گوتی: خوالێخۆشبوو بەرلەوەی بمرێت زوو زوو دەهاتە گۆڕستان. دیاربوو شتێکیان بە گوێچکەیدا چرپاندبوو. خوشکەکەی گوتی: ئێوە داخی زۆرتان کرد بەدڵیا. نەتانهێشت ئەو ژنەی کە خۆشیدەویست بیهێنێت. پزیشکەکە، کە لەسەر گۆڕی دایکی بوو. خۆی نزیک کردەوە گوتی: پێتان وایە من کوشتوومە. ئەو نەخۆشییەکی سەختی هەبوو. منداڵە بچکۆلەکە قاقایەکی بەرزی لێدا، گوتی: باپیرە نەخۆشی لەبیرچوونەوەی هەبوو. بیری چوو پێنج خولەک هەناسە بدات.

**قاوەیەک بە کەوچکێک خەمەوە**

کچەکە لە نامە تازەکەیدا، بۆ کوڕەکەی نوسیبوو، هەموو ڕۆحلەبەرێک. هەموو بوونەوەرێک خۆشبەختە، جگە لە مرۆڤ. کوڕەکە لە وەڵامی نامەکەدا بۆی نوسیبوو. هەموو مێینەیەک خۆشبەختە تا نێرینەیەک دێتە ژیانییەوە. کچەکە لە نامەکەی دواتردا بۆی نووسی، ئێمەی لەشفرۆش تەنها خوا و شاعیرەکان دەزانن کە قێزەون نین. ئاخر ئەوان میهرەبانترینن. کوڕەکە لە وەڵامدا بۆی نوسیبووەوە، سبەی وەرە کافیتریای ئەردەڵان قاوەیەک بە کەوچکێک خەمەوە دەخۆینەوە. کوڕەکە سبەی زوو ڕۆیشتە بەر دەرگای نانەوەخانەکە لە سەرەی نان وەرگرتندا ڕاوەستا. ماتۆڕسوارەکە ڕۆژنامەیەکی هەڵدایە سەر مێزەکە و ڕۆشت. کوڕەکە بەختی هەبوو، کەس جگە لەو، خوێندەواریی نەبوو. وەستای نانەکە هاواری کرد ئەو نانە دەربێنە. کوڕەکە وێنەی کچەکەی بینی بە ئاگرەوە. چرە دووکەڵی نانەکە فرمێسکی لە چاوی کوڕەکە هێنا. ڕۆژنامەکە بە مانشێتێکی گەورە نوسیبووی، کچە لەشفرۆشەکە ئاگری لە وێنەکەی خۆی بەردا.

**پۆستەچی**

کاتێک پیاوەکە ژنەکەی خۆی بەجێهێشت. ژنەکە دەستی ماڵئاوایی ڕاوەشاند تا پیاوە خۆشەویستەکەی لەچاو ون بوو. دەبێت بڵێم تا سواری ئۆتۆمبێلەکە بوو. دەرگاکەی داخست و هەرزوو ڕۆشت. ژنەکە بەدرێژایی دوو ساڵ یادگارییەکانی بەخێوکرد، بە هەرچوار دیواری ژووری نووستنەکەدا وێنەی پیاوەکەی هەڵواسی لەسەر چرپاکە بەتەنیا ڕادەکشا. نەیدەکرد ورچە پەڕۆینەکەش بهێنێتە لای خۆی. پۆستەچییەکە لە دەرگای دا. ژنەکە بەخێرایی دەرگاکەی کردەوە. پۆستەچی گوتی: خۆشحاڵم بە هەڵە نەهاتم. هەڵبەتە ئێرە ماڵی خانمی گوڵ تەنیایە. ژنەکە پێکەنی گوتی: بەڵێ، خۆیەتی خێر بە هەنگاوەکانتەوە بێت. پۆستەچییەکە ڕۆشت. ژنەکە نامەکەی نا بە سنگیەوە ناوە ناوە بۆنی دەکرد. وەختێ ڕۆیشتەوە سەر چرپاکەی، نامەکەی هەڵبچڕی. بینی وێنەیەکی تێدایە. پیاوەکە لەگەڵ خانمێکی قژ زەرد وێنەیەکی گرتبوو لە پشتی وێنەکە نووسرابوو. خانمی گوڵ، تەنیا ئەمە هاوسەری تازەمە. بەهیوام خۆشحاڵ بیت خانمی گوڵ تەنیا. تەنیا گوتی. ئایا ئەو خانمە دەتوانێ وەک من، بە زمانی خۆمان پێت بڵێت خۆشمدەوێیت؟

**ببوورن هەڵەیەک هەیە**

دوای ئەوەی لەسەر قەرزداری دەست و قاچیان شکاندبوو، لەسەر قەرەوێڵەی نەخۆشخانەکە ڕاکشابوو. هەموو دەڵێن چۆن دەبێت دەوڵەمەندێکی وا هەم

ئیفلاس بکات، هەم قەرزدار بێت، هەم لەسەر نەدانەوەی قەرزەکە لێی بدەن؟ چاوەکانی بەکزی هەڵبڕی، بە دەنگێکی نووساوەوە گوتی: ببوورن هەڵەیەک هەیە. نەخۆشەکەی بەرامبەری کە تازە نەشتەرگەریی بۆ کرابوو، ئەو ئەمەی گوت. دیسان گوتی: ببوورن هەڵەیەک هەیە. ژنە فەرمانبەرەکە، کە پەڕۆیەکی تەڕی لە دارێکی درێژەوە ئاڵاندبوو، کاشییەکانی پاک دەکردەوە، گوتی: ئۆی ئەم پیاوە رەشید دەوڵەت نییە؟ پیاوە دەست و قاچ شکاوەکە خەنییەوە گوتی: خاوەن قەرزەکان نەیانهێشت بڵێم من رەشید بەگ نیم. دەبوو ئەوان لە رەشید بەگ بدەن. پاش کەمێک رەشید بەگ خۆی کرد بەژووردا و گوتی: ئۆی براکەم ئەوە چەندەمین جارە لەجیاتی من لەتۆ دەدەن؟ هەمووان پێکەنین، گوتیان: ئەوە خێرە دوو دانە رەشید بەگ لێرەن؟

**برینەکەی قووڵە**

منداڵەکەی بە باوەشەوە بوو، کە لە ژووری دادوەر هاتە دەرەوە. پارچەیەک کاغەزی بەدەستەوە بوو لێی دەڕوانی. ببوورن بیرم چوو پێتان بڵێم. چاوەکانی پڕ لە فرمێسک بوون. منداڵەکە گریا. لەسەر کورسییەکە دانیشت و مەمکی راستی خستە ناو دەمی منداڵە دوو ساڵەکەی. پاش کەمێک بە منداڵەکەوە رووەو دەرگای دەرەوەی دادگا چوو. قاچی چەپی لەگەڵ قاچی راستی تێکەڵ دەبوو. بە منداڵەکەوە توند کەوت بە زەوییەکەدا. کوڕێکی گەنج دەستی دایە باڵی و هەڵیساندەوە. خوێن لە ناوچاوانی هات. کوڕە گەنجەکە دەستەسڕەکەی دەرهێنا، ویستی خوێنەکە بسڕێت. گوتی: تێدەپەڕێت خانم هیچ مەترسییەکی ئەوتۆی نییە تەنیا برینێکی بچووکە. ژنەکە گوتی: دەستی لێ مەدە برینەکە قووڵە. لێرەوە بورکانی برینەکە تەقی. ژنەکە بە منداڵەکەوە رۆشت. کوڕە گەنجەکە، پارچە کاخەزەکەی هەڵگرتەوە هاواری کرد. خانم کاخەزی جیابوونەوەی خۆت و هاوسەرەکەت لەبیر چوو.

سەرنج: کەم جار رێکدەکەوێت منداڵی دوو ساڵە شیر بخوات! قوڵ و قووڵ دوو واتای جیاوازیان هەیە.

**یەک خولەک لە کاتی خۆتم بەرێ**

لە ناوەڕاستی شەقامە قەرەباڵغەکەدا، کوڕە گەنجەکە کراسەکەی لەبەری خۆیدا داکەند و هاواری کرد: تکایە ئەوەی گوێی لێمە با راوەستێت، یەک خولەک لە کاتی خۆیم بداتێ، خەڵکەکە کردیان بە فیکەلێدان و هاوهۆ کێشان. کوڕەکە پترتر هاواری کرد: تکایە ئەوەی گوێی لێمە با راوەستێت، یەک خولەک

لەکاتی خۆیم بداتێ. دیسان خەڵکەکە گوتیان بەڕاستی ئەم شێتە تازەیە پێشتر نەمانبینیوە. دیسان کوڕەگەنجەکە هاواری کردەوە بێدەنگ بن. تکایە ئەوەی گوێی لێمە با راوەستێت، یەک خولەک لە کاتی خۆیم بداتێ. هەموو بێدەنگ بوون. رۆژنامەنووسەکان دەستیان کرد بە وێنەگرتنی کوڕە گەنجەکە. کوڕە گەنجەکە هیچی نەگوت: تەنیا پارچەیەک کاخەزی دا بە رۆژنامەنووسێک. بەیانی کە خەڵکی رۆژنامەیان بینی وێنەی کوڕەگەنجەکەی تیابوو. بە مانشێتی گەورە نووسرابوو خۆشەویستم (نەک تۆ، عالەم بابزانن شێت و سەرگەردانتم) (گیانەکەم شێت چ باکی بە لۆمەی عالەمە).

**دادگاکە دواخرا**

هەمووتان ئاوڕبدەنەوە بۆ دواوە. ئەوە لەگەڵ ئێوەم نییە بۆ کەس ئاوڕ ناداتەوە؟ بەڕاست بۆ زەق زەق سەیری چاوەکانی من دەکەن ئاوڕ بدەنەوە بزانم کەسێک دەبینن، هێی تۆ ئاوڕێک بدەرەوە! تۆ بەڕێز، سەیرم مەکە و لە زارم وردمەبەرەوە، بەڵکو تەماشای دواوە بکە. ئێوە کەستان بینی؟ پارێزەرەکە بە دەنگێکی گڕ وتی: قوربان جگە لە دەرگایەکی داخراو هیچی نابینین، ئەدی بۆ ئەم خانمە هاتووە سکالا لە پیاوەکەی دەکات؟ پارێزەری ژنەکە گوتی: جەنابی دادوەر پیاوەکە تاوانبارە بە داوێنپیسی و ناپاکی سەر جێگە، جگەلەوەی کە هاوسەری هەیە! ژنەکە گوتی: جەنابی دادوەر لێرە ناڕۆم تا فەرمانی دارکاری و شەلاق دەردەکەیت دادوەر بە روو گرژییەکەوە بە پیاوەکەی گوت: دانی پێدا بنێ چۆن لەم تۆمەتەوە گلاوی. پیاوەکە زەردەخەنەیەکی کرد، وتی: جەنابی دادوەر من بە ژنەکەمم گوت کە دوێنی شەو لەگەڵ ژنە دراوسێکەمان سەرجێییەکی خۆشمان کرد. هەر لە دەرگای حەوشەوە کردمە باوەش تا سەرجێگەکە. بێگومان جەنابی دادوەر ئەم خاتوونە کە هاوسەری منە لە تەنیشتمەوە خەوتبوو. بە چاوی خۆی ئێمەی بینی تەنیا قسەیەکیشی نەکرد! ئێستا هاتووە منی راپێچی لای تۆ کردووە. ئەمە کەی دادپەروەرییە؟ دادوەر رووی کردە ژنەکە و وتی: تۆ ئەوانت بە چاوی خۆت بینی؟ ژنەکە: نەخێر، جەنابی دادوەر. ئەو درۆ دەکات! دیسان دادوەر روویکردە پیاوەکە وتی: شەرم ناکەی لەبەردەم یاسا و دادوەردا درۆ دەکەیت؟ پیاوەکە پێکەنی، گوتی: جەنابی دادوەر، هەڵبەت درۆ ناکەم. من لە تەنیشت ئەم ژنەوە خەوتم و ئەویش لە تەنیشتم بوو. کاتێک بەخەبەرهاتمەوە هەر ئەم ژنەی لێبوو. من خەوەکەم بۆ گێڕایەوە. دیسان دادوەر گوتی: هەمووتان ئاوڕ بدەنەوە. هەموو ئاوڕیان دایەوە. دادوەر گوتی: کەس لە ئێوە شەیتانە ژنەکەتان بینی؟ هەموو گوتیان: نەخێر. دادوەر گوتی: دەی کەواتە دادگایەکە دواخرا تا دەیبینین!

# پێنج چیرۆکی کورت



**فەرهاد مستەفا**

### گرتەیەک لە فیلمی دووبارە ژیان

پیاوەکە بەو جلە دەڵبانەی بەریەوە کە بە رەنگی خۆر دەچێت، لە پێشی پێشەوە رێ دەکات. کەمێک بە لای راستدا دەلەنگێت. ئێمە لە دوایەوە بەلای راستدا دەلەنگێین. چەند توندرەوێکمان هێندە لار دەبنەوە تا ئەوەی بەتەنیشتدا دەکەون.

پیاوەکە دەگاتە ئاستی جۆگەلەکە، وەک ئەوەی مەروانەی* کێشابێت، جەسارەت ناکات باز بدات. چەند توندرەوێکمان دەبنە پردێکی خێرا. سەرۆک لە چوونە ناودەمی پردەکە و نیگای لرفەی جۆگەلەکە وەختە هێڵنج بێنێتەوە.

شۆخە پەرستارەکان وەک پەپوولە بە ئاسمانی سەرماندا دەخولێنەوە. پیاوەکە ئەو بازەی هەڵنەدا. بیر لە شتێکی گرنگ دەکاتەوە. ئەوە نییە پێڵاوەکانی ناخاتە سەر پردەکە. بڕیار دەدات بگەڕێتەوە. هەموومان دەگەینە کن دوایین شوێنی هەنگاوی پیاوەکە و لەوێوە بە دوای ئەو پیاوەوە ڕێدەکەین.. کتومت وەک ئەوەی خۆر بە پێ هەنگاوبنێت.

*مەروانە: ماریجوانا، جۆرێکە لە تلیاک.

## خاڵی ونی گێڕانەوەیەک

کۆتاییەکی شاراوە لەناو ئەو حیکایەتەدا خۆی شاردۆتەوە کە غووڵی بیابان بۆ دۆزینەوەی ئاو بەتەواوی شەکەت ببوو. وەک ئەوەی بیابان بەزەیی بۆ بجوڵێت، خۆر بەو گەورەییەوە چاوی لە غووڵ و دەردیسەرییەکانی بێت، تا تاوێک لەو هەموو پریشکە سوتێنەرانەی پەست بێت، ڕەشەبایەک هەڵیکرد. ڕەشەبایەک بێبەش لە غوبار، چوون ئەوەی لە بەهەشتەکانی خوداوە هەڵیانکردبێت... بە زوبانی حاڵ دەیوت: بەر لە وادەی مردن، چۆک دامەدە... هێشتا ژیان بەردەوامە.

غووڵەکە بە لۆقە ڕێیدەکرد. چی لە ئومێد جوانترە؟ بیابان سنوورە دوورەکانی خۆی دەخوارد. لەو شوێنەی دەبوو بە شاهەنگاوێک تەپۆڵکەیەکی لمین بەجێبێڵێت.. پێی ڕاستی داچوو. هەوڵی دا قاچی هەڵبڕێت.. قاچی چەپیشی داخزا.. شۆڕتر بۆوە.. بەرەو خوارتر داخزا.. تەواوی بەدەنی.. وەک ئەوەی شوێنێک نەبێت ناوی بیابان بێت. شوێنێک لە دەرەوەی جێ پەنجەی خودا.

ئا. ئەوەی دەیڕوانی خۆی بوو. چەندان سولالەی شاراوە و ونبووی غوڵەکان چوون ئادەمیزادەکان.. سەرگەرمن بە پیشە و کار و حاڵێکەوە.. کەسانێک بە سەری پەنجەکانیان میتاڵ و ئاسنە ژەنگاوییەکان دەشێلن. گرووپێک لە بۆرسەدا هەرا و زەنایانە و خێڵێک بەدیار لەرزینی سوڕدانی شۆخەژنێک سڕبوون. تیمێک بە دیار بەیازەکانی شاعیرێکەوە وەجد گرتوونی، گوندێک بنێشت دەجوون و شارێکیش بە ژماردنی تەزبیحێکی ئەبڵەقەوە خەونێکی ونبوو دەگێڕنەوە.

ئەوەی دەیبینی خۆی بوو.. کەس بەخێرهێنانی نەکرد.. کەس نەبووە یاساوڵ و لە پێناسەکەی پرسیار بکات. ئەوەی بە چاوی سەرنجەوە دەیڕوانی خۆی بوو.

حیکایەتەکە لێرەدا ڕادەوەستێت.. غووڵ چی بەسەردێت؟... کۆتاییەکی

کراوەی هەیە، بشێت بووبێتە یەکێک لە ئەندامی ئەو خێڵەی ئاسنی ژەنگاویان دەشێلا؟ یاخود ئێستاش لەو سارایەی هەتا چاو بڕبکات، تیشکی خۆرەکە بێ بەزەییانە دەیسوتێنێت؟

## ساڵیادی خەونەکانی ئیمپراتۆر

کوڕی ئیمپراتۆر (گرنگ نییە ناوی چییە) بانگی پزیشکی ئەفسوناوی کرد:

– چارەسەرێکم بۆ بدۆزەرەوە خەون نەبینم. خەون بێزاری کردووم.

پزیشکەکە تەمای بوو لەبەر رۆشنایی لێکدانەوەکانی فرۆید، مانا بۆ خەونەکانی لێکبداتەوە. بیریکردەوە.. ناماقوڵیکردنێکە، کە سەری بە فەتارەت دەدات. بە نەرمییەوە کە شایان بە حورمەتی پادشا و شاهەنشاکانە وتی:

– دەکرێت.. خەونێک لەو خەونانە بزانم؟

– مەعقولە شەوێک بە تۆمەتی ناپاکیکردن لە باوکم لە (شوعبەی پێنج) هەڵبواسرێم و سزابدرێم؟ شەوێک سەگێکی روتەڵەم و بە بەردی منداڵێک دەقروسکێنم. شەوێک لە خەونمدا ببوومە سیسرکێک و مێردمنداڵێک دەیویست بە میزکردنەکەی بمخنکێنێت. یان وەک (ئاپۆپیس) قەلەڕەش دەندووکی لەسەرم دەدا.

پزیشکی ئەفسوناوی وتی:

– پایەدار.. ئاسانە... تەنیا کەسێک لەباتی جەنابتان تەماشا بکات.. کەسێک لەباتی بەڕێزتان ببیستێت.. یەکێکی دی.. لەجیاتی بەڕێزتان دەستەکانی بجولێنێت.

کوڕی ئیمپراتۆر: ئەوە زۆر ئاسانە.. گرنگ بەرئەنجامە.

پزیشکی ئەفسوناوی دڵنیابوونی چەند پاتەکردەوە. دروست.. لە ٣١ی مانگەوە، خەونی نەبینی. شەوی دواتریش.. شەوانی دیکەش. ساڵانێک تێپەڕی تا ئەو سەروەختەی بوو بە ئیمپراتۆریش خەونی نەبینی. کارەکەش هێندە بوو.. لەباتی خۆی وەزیری ناوخۆ تەماشای دەکرد، وەزیری هەواڵگری (پێشتر بەشێک بوو لە وەزارەتی جەنگ) لە جێگەی ئەو دەیژنەفت.

بڕیاردرا.. خەون یاساغە، هیچ کەسێک بۆی نییە خەون ببینێت. سەرپێچیکەریش بە سزای رەوای خۆی دەگەیەنرێت. هەر ئەو ساتەوەختە وەزیری رۆشنبیریش بڕیاری دا ئەو شەوە بکەنە شەوێکی نیشتمانی. ئەوەتا هەموو ساڵێک لە ساڵیادی خەون نەبینینی ئیمپراتۆر. بە دروشمی بمرێت خەونەکان.. بەڵێن تازە دەکەنەوە..

هیچ خەونێک نەبینن. تا هاوڵاتیان لە خەونەکانیاندا وەک سەگێکی گەڕ بەردیان تێنەگیرێت، وەک سیسرکێکی پلیشاوە، بە میزی منداڵێک نەکەونە گەرووی تەوالێتەکانەوە.

**خۆم لە سەفەرێکی بازنەیی**

چاوم لە تاریکی و جەستەم لە ساردی وەڕەز. بە خۆمم وت:

- هێندەی بکرێت!

خۆم وتم:

- نا..

چاوم پێی وتم:

- تەمای چیترت هەیە؟ هەمان بەزم.. لەسەر هەمان نەزم.

پێموت: تەممەڵ.. هێندە بنوو تا دەبیتە چاڵێکی بۆگەن.

وتی: گەلحۆ.. مەبەستم خۆتە.

گوێچکەم پێی وتم: هەمیشە بێدار.. هەمیشە خۆم خۆمم بەخێو کردووە.. چ منەتێک دەکەیت؟

بە خۆمم وت: بەدەست ئەم دەمهەراشانەوە گیرم خواردووە!

خۆم پێی وتم: نەرمونیانی خۆت بەم دەردەی بردیت.

وتم: مازووشی!

وتی: ئەم پۆلێنکردنە.. گاڵتەکردنە بە خۆت.

وەک لە بارەگای خودا وەستابم. پەنجەکانم کەوتنە گێڕانەوەی ئەو ئەرکە قورسانەی پێم ئەنجام داون.

قاچم پێی وتم: مەگەر ناتوانم بە قسەت نەکەم؟!

سنگم وەک بیەوێت بەجێمبهێڵێت، نرکەیەکی کرد.. بە خۆمم وت:

بەڵام بۆ؟

خۆم وتی: من نەبم ئێوە چین؟

پێکڕا تەنانەت ئەو مووە نەفرەتیانەی بنهەنگڵیشم دەیانوت:

ئێمە نەبین تۆ چیت؟

گوێچکەم هاواری کرد: لێمبکەرەوە.

دەستم: بمپەڕێنە.

چاوم: دەرمبهێنە.
قاچم: بمقرتێنە.
بەخۆمم وت.. بەجێمبێڵە.

چوومە بەردەمی زریانەکە.. چاوم خۆی کزۆڵەکرد. دەستم بە دوای گیرفانەکانمدا دەگەڕا، قاچم بۆ پێڵاوەکان. خۆم پێدەکەنیم. خۆم لەبەردەمی زریانەکەدا وشک.. بە حەپەسانەوە وەک خۆم.. باوکم لە خۆم ورد دەبووەوە، سەری لێم بادەدا.

**چەند کۆمێنتێک بە دیواری زیندانەوە**

* ماڵێکم بۆ بکە لە تیشکی خۆر..
خەیاڵێکی تەزیوم هەیە.

* ئەمجارە گەر هاتیت..
جوتێک پێڵاوم بۆ بکڕە.
گلێنەم ناتوانێت ڕێ بکات.

* دەرگاکەم لێ کلۆم مەدە..
منیش... دەمەوئێوارانێک حەزم لە پیاسەیە!.

* جار جارە بەزەییم بەخۆمدا دێتەوە..
چوون ئەو پشیلە خوێڕیەی.. دوور بە دوور لە هاوسەرە فلیقاوەکەی ناوەڕاستی جادەکە دەڕوانێت.
* لە هیچم کەم نییە.. جگە لە ژیان!

* دیسان باران هاتەوە..
ئەمجارەش بێزی نەهات دیدەنییم کات.

* دڵم، شێتێکی موئەدەبە..
نە بەردێکت تێدەگرێت
نە چەمۆڵەیەکت لێدەنێت،
هێشتا چاوەڕێیە گاڵتەی پێ بکەیت.

* بیری بەفر دەکەم..
نازانم لە کوێ خۆی دەشارێتەوە؟!

*ساڵانێکە مانگم نەدیووە..
بڵێیت پیر نەبووبێت؟!

* مانگ بە (خەدیجە قەننە) دەچێت،
چوزانێ چەند کەس تەماشای دەکات.



# سۆران ئازاد:
# من کێشەیەکی وجوودیم لەگەڵ تەمەندا هەیە



**سازدانی: گۆران هەڵەبجەیی**

سۆران ئازاد، ئەو رووناکبیرە گەنجەیە کە چەند ساڵێکە بەهۆی بۆچوونە ناتەقلیدییەکانییەوە جەدەلێکی زۆری لەنێوان رووناکبیراندا دروست کردووە. گەر تەمەن پێوەر بێت بۆ بەرهەمهێنانی مەعریفە، ئەوە دەبوو سۆران لە دەرەوەی ئەم پێناسەیەدابووایە، بەڵام وەک خۆی دەڵێت ئەو کێشەیەکی وجوودیی لەگەڵ تەمەندا هەیە، بەوەی هێندەی حیساب بۆ زەمەن دەکات هێندە بۆ تەمەنی ناکات.

رامبۆی فەرەنسی دەمێک دەستی دایە نووسین وەک سۆران لە سەرەتای لاویدا بوو. ئەو تەمەنەش بۆ نووسین لەو سەردەمەدا شتێکی دەگمەن بوو، بۆیە رامبۆیان لە نێوەندی رۆشنبیریدا قەبووڵ نەکرد، بگرە دژایەتییشیان دەکرد، زۆر

**جاریش گاڵتەیان بە شعرەکانی دەکرد و دەیانگوت وڕێنە دەنووسێت، بەڵام هێدی هێدی رامبۆ توانی ئەو بەند و کۆسپانە بشکێنێت و ببێتە یەکێک لە نووسەرە مەزنەکانی سەردەمی خۆی. سۆران ئازاد هەم لە تەمەنێکی زوودا دەستی داوەتە نووسین و هەم لە دەرەوەی تەقلیدیشدا دەنووسێت، بۆیە لەئێستاوەبەرهەمەکانی حیسابی گەورەیان بۆ دەکرێت.**

**سۆران بە هێمنی و دوور لە خۆهەڵکێشان پشتگیری لە بۆچوونەکانی خۆی دەکات، هەر ئەم خەسڵەتەش وای کردووە کە لەنێو کایەی رووناکبیریدا پێگەیەکی شایستەی هەبێت و هاوکات خوێنەرێکی باشی چلۆنایەتی لە دەوری کۆ ببنەوە.**

**دەمێک پرسیارێکی مەعریفی لێ دەکرێت رێگە بە خۆی نادات بە سادەیی و سەرپێیی وەڵام بداتەوە، بەڵکو لەسەر چەمکە فکرییەکان دەوەستێت و قووڵیان دەکاتەوە.**

**لە تەمەنێکی زوو لە نێوەندی رۆشنبیریدا دەرکەوتیت و دەستت دایە نووسینی فیکرییش. ئایا نووسەر دەتوانێت لە تەمەنێکی وا زوودا خەریکی کاری فیکری ببێت، ئایا ئەمە ریسک نییە؟**

راستییەکەی خۆم کێشەیەکی وجوودیم لەگەڵ تەمەندا هەیە. واتە ئەو تەمەنەی هەمانە، زادەی چ راستییەکە؟ خۆم هەرگیز بیرم لەوە نەکردووەتەوە ئایا تەمەن دەبێتە کۆسپێکی گەورە لەبەردەم ئەو پرۆژانەی کە دەمەوێت رایانبپەڕێنم، چونکە لەسەر ئاستی وجوددا، بوونی ئێمەبوونێکی زەمەنییە. خۆم زیاتر هەستم بە زەمەن کردووە تا تەمەن. پێم وایە ئەو دوو شتە جیاوازییەکی زۆریان هەیە. تەمەن بە شێوەیەکی گشتی دەکەوێتە ناو پێوەری کاتەوە. دیارە مەبەستم دیدی کلاسیکییە بۆ کات، بەوەی ئەو کاتە بۆ رابردوو، ئێستا و داهاتوو دابەشکراوە، بەڵام ئایا ئەو دابەشکردنە گوزارشت لە مانای کات دەکات؟ ئایا هیچ شتێک هەیە بکەوێتە دەرەوەی ئێستاوە؟ داهاتوو چییە؟ ئایا لە ئاست مردندا داهاتوو هەیە؟ بیرکردنەوە بەشێوەیەکی سەخت بەو دابەشکردنەوە وەستاوە. ئەوەتا زۆرینەی مرۆڤەکان داهاتوو لەودیو ژیانەوە وێنا دەکەن. پێم وایە دەبێت بتوانین بەرەنگاری ئەو دابەشکردنەی کات ببینەوە. بەر لە هەمووان، (مارتین هایدیگەر) ئەو کۆنسێپتە باوەی بۆ کات تێکشکاند و ئاماژەی بەوە دا، کە کات بوونە. بۆیە وەک خۆم، زیاتر لەگەڵ بوون لە مامەڵەدام تا بیرۆکەی تەمەن. (نیتشە) لە کتێبی

(زانستی هۆژی The gay Science)دا کار بە چەمکی (گەڕانەوەی ئەبەدی) دەکات، بەو مانایەی بوون نە پرۆسێسێکی بەردەوامە و نە کۆتاییداریشە، بەڵکو هەر کاتێ خولێکی تەواو دەبێت، خولێکی دیکەی دەست پێ دەکات. بەم شێوەیە زەمەنی بوون بۆ ئەو خولانە دابەش دەبێت، کە هەر یەکێکیان دووبارەکردنەوەی ئەوەی پێشووە، بە رادەیەک هیچ جیاوازییەک لەنێوان ئەمیان و ئەویاندا نییە، وەک بڵێیت تێکرای بوون یەک شت بێت و لە زەمەنی بێکۆتادا دووبارە ببێتەوە. هەموو شتێک لەناودەچێت و هەموو شتێکیش دیسان زیندوو دەبێتەوە. لەو کتێبەدا پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت ژیانمان وەک خۆی بێژمار زیندوو دەبێتەوە، شتی نوێی تێدا نییە، بەڵکو بە هەموو ئازار و دڵشادییەکانییەوە، لەسەر هەمان سیستمی زنجیرەیی (Sequences) دەگەڕێتەوە، بۆیە ناوی لێ دەنێت (ساڵە گەورەکە Great Year)، کە وەک کاتژمێری لم وایە، هەرچەند بۆ سەرەوە هەڵبکشێت، هەر بۆ خوارەوە دەگەڕێتەوە. واتە هەموو ساڵەکان وەک یەک وان، مادام گەڕانەوە هەیە. دیارە رەگوڕیشەی ئەو بیرۆکەیەی (گەڕانەوەی ئەبەدی) بۆ یۆنانییەکان و کەلتووری رۆژهەڵات دەگەڕێتەوە، بەڵام (نیتشە) بۆ (بوون) بەکاریدەهێنێت. وەک پارادۆکسێک گەڕانەوەی ئەبەدی لای ئەو، نەک هەر خۆبەدەستەوەدانی زەمەن نییە، بەڵکو رزگاربوونیشە لێی، کە مانای وایە رابردوو دەبێتە داهاتووە. من دوای ئەوانە لەخۆم دەپرسم تەمەن دەکەوێتە کوێوەی ئەم زەمەنەوە؟ ئایا هەموومان لەناو ساڵەگەورەکەی (نیتشە)دا ناژین؟ بەشێوەیەکی گشتی پێوەرکردنی تەمەن گریمانەیەکە بەدرێژایی مێژوو دامانهێناوە. بۆ ئەو گریمانەیەش چەندین هۆکاری بایۆلۆجی یارمەتیدەر بوون. ئەو بۆچوونانەی لەبارەی تەمەنەوە هەن، بریتین لە یەکێتییەکی گشتی، کە هەمووان لەسەری رێککەوتوون. هەر بۆ ئەو مەبەستەیشە بەتەواوی ناتوانم لە مانای ئەو پرسیارە جەوهەرییەتان تێبگەم. وەکوتر، پێم وایە ئەو هۆکارانەی وایان کردووە بیر لە نووسین بکەمەوە، تەنیا پێوەندیی بەتەمەنەوە نییە، بەڵکو سەرەتا دەبێت بزانین بۆچی دەنووسین؟ من هەر زوو پرسیارێک رایچڵەکاندم، ئەویش ئەوەیە لە کوێوە هاتووین و بۆ کوێش دەڕۆین؟ بەدرێژایی ژیانم بیرم لەو پرسیارە کردووەتەوە. ئەگەر بەتەمەن بێت، ئەوا دەتوانم بڵێم هەر لە منداڵییەوە لەگەڵ ئەو پرسیارەدا ژیاوم. ئەگەر رۆژێک بتوانم وەڵامی ئەو پرسیارە بدەمەوە، ئەوا بێگومان دەبمە بەختەوەرترین مرۆڤ. دەڵێم بەختەوەرترین، چونکە هەموو هەوڵەکان لەبنەڕەتدا بۆ چێژ، یان بەختەوەریین، جا ئەو چێژە دیاردەیەکی فیزیکی بێت، یان مێنتاڵی، ئەوا جیاوازییەکی ئەوتۆیان

نییە، مادام پێوەندیی بەویستی چێژوەرگرتنەوە هەیە. نووسین بۆ من پرۆسێسی گەڕانی بەردەوامەبەدوای وەڵامی پرسیارەکانمدا. لەوە روونتر ئەوەیە، هەست دەکەم لەبەردەم گەشتێکی درێژدام، کە بەر زۆرترین شت دەکەوم. دەمەوێت لە هەموو ئەو شتانە تێبگەم، کە لە دەوروبەرم روو دەدەن. بۆیە زۆرجار دەڵێم دەنووسم بۆ ئەوەی تێبگەم، لە کاتێکدا دەزانم تێگەیشتن هەم ئازارێکی گەورەیە و هەم زەحمەتە پێی بگەم. دەتوانم بڵێم نووسین دروستکردنی پێوەندییە لەگەڵ جیهاندا.

بواری فیکری بۆ من ئەو بوارەیە، کە توانیومە دنیابینیی خۆمی تێدا دابمەزرێنم. هەست دەکەم وێنەیەکی نامۆ بەرانبەر بە فیکر هەیە. فیکر چییە و واتەچی؟ پێوەندیی من لەگەڵ فیکر، پێوەندیی بە پرسیارەنامۆکانمەوە هەیە. بەردەوام ویستوومە لە هۆکار (cause)، نەک ئەنجام (effect) بکۆڵمەوە. چونکە دەشێت هۆکار دەیان ئەنجامی جیاواز بەدەستەوە بدات، بەڵام لە جەوهەردا یەک هۆکارە. پرۆسێسی فیکر بەسەختییەوە لکاوە بە ژیانمەوە. ئەگەر روونتر دەریببڕم، دەڵێم ژیان خۆی جۆرێکە لە پرۆسێسکی فیکری. فیکر شتێک نییە لە دەرەوەی ژیانەوە هاتبێت، بەڵکو لە قووڵایی جەوهەری ژیانەوە سەرچاوە دەگرێت. پێوەندیی من لەگەڵ فیکردا یەکسانە بە پێوەندیم لەگەڵ قووڵایی ژیاندا. بۆ من فیکر بەخشینی کات نییە بە بیرکردنەوە و خوێندنەوە، بەڵکو پرۆسێسێکی بەردەوامە لە تێڕامان، کە ئەو پرۆسێسە ئاڕاستەکانی خۆی وەردەگرێت. جا ئەو تێڕامانە پێوەندیی بە خوێندنەوە، نووسین، بیرکردنەوەو...هتد بێت، جیاوازیی ئەوتۆیان نییە، مادام رۆژانە لەگەڵ ژیان دەڕۆین. بیرکردنەوە کاتێ ئاڕاستەی جیاواز دەگرێت، هەر خۆی ریسکێکی گەورەیە، ئینجا ئەو ئاڕاستەیە بە نووسیندا تێ بپەڕێت، یان نا. لەگەڵ ئەوەیشدا نووسین لای من بریتییە لە تۆمارکردنی چرکەساتی کورتخایەن و گواستنەوەی خوێندنەوە و بیرۆکەکانی خۆم لەکاتێکی دیاریکراودا، کە دەشێت هەرگیز پاش ئەوە پێیان نەگەمەوە. بۆ نموونە ئەگەر بابەتی (فەنتازیای ئاسمان و فۆبیای دەستەڵات)م لەو کاتەدا نەنووسیبایە، بێگومانم لە ئێستادا نەمدەتوانی خاوەن ئەو بیرۆکانە بم، چونکە هەموو شتەکان لای من بەخێراییەکی نهێنی لە گۆڕانی بەردەوامدان. یان بابەتی (ئایا ئێمە بوونەوەری بیرکەرەوەین؟) زادەی دۆخێکی تایبەتی ژیانمە، کە لە یەککاتدا لە هەموو شتەکاندا هەڵگەڕامەوە و بەو نووسینە نەبووایە، ئەو چرکەساتەم بۆ دەرنەدەبڕا.

**ئایا نێوەندی رۆشنبیریی ئێمە هێندەی توانا هەیە بتوانێت رۆشنبیری جیاواز لەو فۆرمە ستانداردەی هەیەتی، بەرهەم بهێنێت، ئایا تۆ وەک رۆشنبیرێکی ئەم نەوەیە هەستت کرد لەناو رۆشنبیریی ئێمەدا ئاراستەی جیاواز دروست بووە؟**

بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە، پێویستە لە زەمینەی کەلتووری خۆمان بکۆڵینەوە. ئایا کەلتووری ئێمە چەند جار تەکانی گەورەی بەخۆوە بینیوە؟ کێن بکەرەکانی ئەو تەکانە؟ جیاوازی، بەر لە هەر شتێک پێشمەرجێکی وجوودییە. واتە ئەگەر جیاواز نەبین، دەشێت کێشەیەک لەبوونماندا هەبێت. بۆیە شوناسی رۆشنبیریش لە نێوەندی رۆشنبیریدا پێوەندیی بە بوونی جیاوازییەوە هەیە. دەتوانم بڵێم یەکێک لەو نێوەندەرۆشنبیرییانەی، کە تێیدا بەشێکی زۆر لە رۆشنبیرەکان لە یەک دەچن، نێوەندی رۆشنبیریی کوردییە. یەکێک لە نیشانەکانی ئەو لەیەکچوونەش ئەوەیە، کە زمانی بەشێکی زۆری رۆشنبیرانی لای ئێمە تاکو ئێستا لەژێر پرسیاردایە. بەشێکی زۆری رۆشنبیرانی ئێمە تاکو ئێستا نەیانتوانیوە خاوەن ئەڵتەرناتیڤی خۆیان بن. ئەو کێشەیە وای کردووە ئەو رۆشنبیرانە شوێنکەوتوو بن، نەک داهێنەر. لەسەر ئاستی تێگەیشتنی فیکریشدا، زۆربەی پرۆژە رۆشنبیرییەکانی ئێمە تاکو

**ژیان خۆی جۆرێکە لە پرۆسێسکی فیکری. فیکر شتێک نییە لە دەرەوەی ژیانەوە هاتبێت، بەڵکو لە قووڵایی جەوهەری ژیانەوە سەرچاوە دەگرێت**

ئێستا نەیانتوانیوە لە ئەوانی تر تێ بپەڕن، بەڵکو هەمیشە لە هەوڵی مانەوەدان. ڕاستییەکەی شوناسی ڕۆشنبیر لای ئێمە هێشتا شوناسێکی ناتەواوە. دەتوانم بڵێم بەشێکی زۆری هەوڵەکان بۆ داگیرکردنی نێوەندی ڕۆشنبیریین، نەک بۆ بەرهەمهێنانی پرۆژەی ڕۆشنبیری. واتە لای ئێمە ڕۆشنبیر خاوەن شوناسێکی مێدیایی- کۆمەڵایەتی و سیاسییە. بۆیە زۆرترین هەوڵی ئەوان بۆ داگیرکردن و خۆچەسپاندنە لەو سێ کەناڵەدا. خاڵێکی تر پێویستە ئاماژەی پێ بدەم، نەبوونی تەکانی کەلتوورییە. بۆ ناسینەوەی نێوەندی ڕۆشنبیری، پێویستیمان بەوەیە کەلتوور بخەینە ژێر پرسیارەوە. کۆمەڵگای ئێمە لە ڕووی کەلتوورییەوە خاوەن چەندین ڕووداوە، کەلاوازیی کەلتووری پێشان دەدەن. ئەو لاوازییە کەلتوورییە وەک ئاماژەم پێیدا، بەهۆی نەبوونی ئەڵتەرناتیڤێکی بەهێزە، کە بتوانێت واقیعی کۆمەڵگای ئێمە بخاتە ژێر پرسیارەوە. ڕۆڵی ڕۆشنبیر لە دروستکردنی ئەو ئەڵتەرناتیڤەدا خۆی دەبینێتەوە. پرۆژەی فیکری بە شێوەیەکی نائاگاییانەکاریگەریی گەورە لەسەر کەلتوور جێ دەهێڵێت. هەموو ئەو کێشانە پێوەندییان بە زمانەوە هەیە، بەوەی هەموو فیکرەکان لەناو زماندا بەر ئێمە دەکەون. تاکو ئێستا زمانی نووسین لای ئێمە لە پێوەندییەکی تۆکمەدایە لەگەڵ زمانی ڕۆژانەیی. مەبەستم ئەوەیە زمانی نووسین نەیتوانیوە سپەیسێکی گەورە لەنێوان خۆی و زمانی ڕۆژانەدا دروست بکات، بەڵکو زمانی ڕۆژانەیی، کە زمانی ڤێربال یان قسەکردنە، بە هەمان شێوە هاتووەتە ناو نووسینەوە. ئەوەیش پێوەندیی بەوەوە هەیە، کە بەشێکی زۆری ڕۆشنبیرانی ئێمە وەکو کێشەیەکی فەلسەفی لە زمانیان نەڕوانیوە.

**تاکو ئێستایش لای ئێمە ئەو کەلتوورە نەهاتووە، کە ڕۆشنبیر لە چەند کایەیەکی مەعریفیدا بجووڵێت، بەڵام تەنیا لە یەکێکیاندا قووڵ ببێتەوە. بۆ نموونە لە یەک کاتدا شاعیرە، چیرۆکنووسە، ڕۆماننووسە و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و فیکرییش دەنووسێت. ئایا پێت وایە ئەم کەلتوورە لەسەر دەستی نەوەی ئێوەدا گۆڕانی بەسەردا بێت؟**

ئاساییە نووسەر لە هەر بوارێکدا، کە خۆی تێدا دەبینێتەوە، بنووسێت. تەنانەت ئەگەر ئەو بوارانە جیاوازیی گەورەشیان هەبێت، بەڵام پرسیارەسەرەکییەکە ئەوەیە، کە ئایا نووسەر دەتوانێت لە هەموو ئەو بوارانەدا خاوەنی شتی تازەی خۆی بێت؟ کێشەکە لێرەوە سەرچاوە دەگرێت، کەکۆمەڵێک نووسەر ئیش

لەسەر یەک ئایدیا دەکەن، بەڵام لە بواری جیاوازدا. پێم وایە یەکێک لە کێشەکانی رۆشنبیری ئێمە هەر ئەوەیە، کەناتوانێت یەک بوار بگرێتەبەر، ئەمەیش بە بیانووی ئازادی لە نووسیندا! پرۆسێسی نووسین پرۆسێسکە لەنێو زماندایە، بۆیە هەر داهێنەرێک لەبوارەکەی خۆیدا دەتوانێت داهێنەرانە ئیش لەو پرۆسێسەدا بکات، بەبێ ئەوەی رووبەرووی ئەو پەرتیەتییە ببێتەوە. هەموو ئەو کایانەی باستان کرد، پێویستیان بە خۆتەرخانکردنەوە هەیە. ئێمە نابێت پێمان وابێت تابلۆ، رۆمان، شیعر، چیرۆک و ژانرەکانی تر، لە دەرەوەی پرۆسێسی فیکریدان، مادام لە بنەڕەتدا هەموو کایەکان ئیش لە زماندا دەکەن. ئایا لە کارە ئەدەبییەکانی (کافکا) رووبەڕووی دەیان رەهەندی فەلسەفیی قووڵ نابینەوە؟ ئایا بۆچی رۆمانی (دۆن کیشۆت) توانی تەکان بە پیرۆزی و بەهێزی وێنەی پاڵەوان بدات، کە خۆی ئەو باسە یەکێکە لەباسە فیکرییەکان؟ پرسیاری سەرەکی ئەوەیە، ئایا نووسەرانی ئێمە دەتوانن لەو بوارانەی، کە دنیابینیی خۆیانیان تێدا دامەزراندووە، داهێنەرانە بیر بکەنەوە؟ دیارە مەبەستم لە داهێنان دۆخێکی وجودییە، کە دەمانەوێت لە بوارێکدا پراکتیزەی بکەین. ئیشکردن لە زماندا توانای نووسەر دەردەخات. بۆیە سەرەڕای جیاوازیی بوارەکان، ئەگەر نووسەر بەردەوام قووڵ نەبێتەوە و مامەڵە لەگەڵ پرسیاری نوێدا نەکات، ئەوا داهێنانی زمانێکی نوێ ئەستەمە. ئەگەر سەرنج بدەینە رۆمانی (گەڕان بەدوای کاتی ونبوودا- Searching for Lost times)ی (مارسڵ پرۆست)، ئەوا ئەو رۆمانە لە یەککاتدا چەندین کێشەی وجوودیی گەورەی لە خۆیدا هەڵگرتووە. (مارسڵ پرۆست) هەر خۆی ئاماژە بەوە دەدات، کە "کرداری راستەقینەی دۆزینەوە بریتی نییەلە گەڕان بەدوای سەرزەمینی نوێدا، بەڵکو بینینە بە چاوە نوێیەکان". هەمان تێڕامان بەسەر ئەو باسەدا دەسەپێندرێت، کە لە پرسیارەکەتاندا ورووژاندووتە ئەویش ئەوەیە، کە داهێنانی راستەقینە ئیشکردن نییە لە هەموو بوارەکاندا، بەڵکو دۆزینەوەیان قووڵبوونەوەیە لەگەڵ تێڕامانی نوێدا. بۆ نووسین لەو ژانرانەدا، سەرەتا نووسەر پێویستی بەوە هەیە بزانێت چەندە دەتوانێت لەو ژانرەدا خۆی ببینێتەوە و خاوەنی تێڕامانی نوێ بێت. نووسەرمان هەیە ئەگەر رۆمان، شیعر، گوتار یان لە هەر بوارێکی تردا بنووسێت، بە هەمان پاڕادایم بیر دەکاتەوە. لە چوارچێوەی پارادایمێکدا، کە توانای هەڵگرتنی پرسیاری گەورە و کێشەی گەورەی لەخۆدا نییە.

**ئایا بەپێی ئەوەی لە بواری رەخنەی ئەدەبی و فیکریدا کار دەکەیت، هەست دەکەیت هەندێک دەنگ زیاد لە قەبارەی خۆیان بایەخیان پێ دراوە و هەندێکیشیان فەرامۆشکروان؟**

کەلتووری ئێمە مێژوویەکی درێژی هەیە لە پەراوێزخستنی داهێنەرەکانی خۆی. پەراوێزخستن رەوتێکی کەلتووری و مێژووییە، کە بەچەندین شێوەی جیاواز خۆی چەسپاندووە. گرنگیپێدان و پەراوێزخستن لەکەلتووری ئێمەدا یەک شتن، چونکە ئێمە مێتۆدی کاریگەرمان نییە بۆ ناسینەوەی داهێنەر. واتە لە پشت ئەو میتۆدەدا کەلتوورێکی گەورەی مەعریفی و رەخنەیی نییە. ئەگەر ئەو پەراوێزخستنە هیی کەلتوورێکی گەشەکردووبووایە، ئەوا مانای زۆر گەورەی لەخۆ دەگرت، بەڵام کاتێ باکگراوندێکی قووڵی کەلتووریمان نەبێت، گەورەکردنی ناو و پەراوێزخستنی چ مانایەکان دەبێت؟ من پێم وایە پەراوێزخستن لە کەلتووری ئێمەدا زۆر گرنگترە لە گرنگیپێدان و گەورەکردن، چونکە یەکەمیان دەبێتە هۆی ئەوەی داهێنەر پێوەندیی بەجەماوەر نەمێنێت و دنیای خۆی بژیێت، بەڵام هەرچی دووەمە وا دەکات داهێنەر هەست بکات سەرمایەیەکی رەمزی و جەماوەریی لە پشتە. کێشەی سەرەکیی ئەوەیە لە


گرنگی پێدان و پەراوێزخستن لەکەلتووری ئێمەدا یەک شتن، چونکە ئێمە مێتۆدی کاریگەرمان نییە بۆ ناسینەوەی داهێنەر

کەلتووری ئێمەدا شتێک نییە بە ناوی مردن، بۆیە نووسەر هەر هێندە هەوڵی داهێنان دەدات، تاکو خۆی دەسەپێنێت، کاتێکیش خۆی سەپاندن و وەک ناوێکی گەورە ناسێندرا، زۆربەی جار داهێنەر بوونی دەمرێت و لە بەرانبەریدا نەمریی ناو بەدەست دەهێنێت. داهێنەربوون دەرئەنجامی هەوڵ و قوربانیدانی گەورەیە، بۆیە پەراوێزخستن سادەترین قوربانیدانە، کە هەر داهێنەرێکی گەورە ئامادەیی هەیە بیدات. داهێنەرەکان هەمیشە ئەوانەن ژیانیان دەکەنە قوربانیی داهێنانی خۆیان. لێرەدا ژیان سێنتراڵی هەڵسەنگاندنی گشت دۆخەکانە. بەشێکی زۆری نووسەر و رۆشنبیرانی ئێمە هێندەی ئامادەیی گازاندەکردنیان هەیە لەگشت دۆخەکان، هێندە ئامادەیی هەوڵدانیان تێدا نییە. (کۆنفشیۆس) لە زووەوە هەستی بەو دۆخە کردووە، کە لای زۆربەی مرۆڤەکان هەیە، ئەویش نەفرەتکردنە لە شتە نەویستراوەکان، بۆیە دەگاتە ئەوەی بڵێت "داگیرساندنی مۆمێکی بچووک باشترە لە نەفرەتکردن لە تاریکی". هیچ سەیر نییە بەردەوام نەفرەتکردن لە شتەکان و هەستکردن بەپەراوێزخستنیان لای نووسەران و رۆشنبیرانی ئێمە پانتاییەکی گەورەی لەبیرکردنەوەیاندا داگیرکردووە، بەڵام داهێنەری رەسەن کاتی بۆ ئەو نەفرەتکردنە نییە، چونکە کێشەی ئەو کێشەیەکی وجوودییە لەگەڵ خۆیدا. کاتێ داهێنان پرۆژەیەکی وجودی بێت، نەک کۆمەڵایەتی، ئەوا داهێنەر ئامادەیی ئەوەی تێدایە قوربانیی بە هەموو شتەکانی خۆی بدات. داهێنەر نەک بەتەنیا لە ئازاری پەراوێزخستن چێژ وەردەگرێت، بەڵکو ئەو پەراوێزخستنە دەبێتە ئازاری گەشەکردن. لێرەدا ئازار بنچینەی گەشەکردنە. هیچ گەشەکردنێک ناکەوێتە دەرەوەی ئازارەوە، چونکە ئازار رێگەی هەستکردنە بە بوونی خۆت. ئازار ئەو دۆخەیە، کە بەر قووڵایی و دیوە هەرەشاراوەکانی ناخی خۆمانمان دەخات. ئازار و برینەکان سەختن، بەڵکو بۆ داهێنەر دەبن بە وزەیەکی گەردوونی. هیچ داهێنانێک بە بێ ئازار و برین دروست نەبووە. داهێنەر دەتوانیت بڕیار بدات پێش نەکەویت و رۆحێکی بێ برین و ئازاری هەبێت، بەڵام لەو کاتەدا لەوە دەردەچێت، کە چیتر داهێنەر بێت. بوونی برین و ئازاری رۆحی مانای مردنی داهێنەر نین، بەڵکو مانای چالاکبوونی داهێنەرە لە هەر کاتێکی تر زیاتر!

ژیان ئەزموون و فێربوونێکی بەردەوامە لە برین و ئازارەکانەوە، کەداهێنەر بەردەوام دەیەوێت لەو دۆخەی ئازاردا بمێنێتەوە. (مارسێڵ پرۆست) دەگاتە ئەوەی بڵێت خۆشبەختی سوودبەخشە بۆ جەستە، بەڵام ئەوە ئازارە گەشە بە هێزەکانی هۆش دەدات. کەواتە پەراوێزخستن دەبێتەئازارێکی سوودبەخش بۆ

داهێنەر. لە کەلتووری ئێمەدا گەورەکردنی ناو مەترسی و نیشانەیەکی زۆر نزیکە بۆ مردنی، بەڵام ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ خودی داهێنەر، کە چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو دۆخەدا دەکات. داهێنەرەکان نەک تەنیا ئەوە وایان لێ ناکات لە داهێنان بەردەوام نەبن کاتێ پەراوێز دەخرێن، بەڵکو ئامادەی ئەوەن قوربانیی بە ژیانی خۆیان بدەن لەپێناو دەستخستنی ژیانێکی نموونەیی. لای داهێنەر مانای بوون لە دەستخستنی ژیانێکی ئایدیاڵدایە بەهۆی داهێنانەوە، نەک گەیشتن بەسەرمایەی جەماوەر. بوون و نەبوونی جەماوەر بۆ داهێنەر بابەتێکی گریمانەکراوە، کە هەمیشە داهێنانەکانی زیاتر گەشە پێ دەدات. پەراوێزخستن ئازارێکە زۆربەی داهێنەرە مەزنەکان بەخۆشەویستییەکی زۆرەوە لەگەڵی ژیاون و چێژیان لەو ئازارە وەرگرتووە. ئەوەی ماوەتەوە لێرەدا بیڵێم هەر ئەوەیە هیچ یەکێ لە نووسەرانی ئەم نەوەیە، کە خۆم یەکێکیانم، ناتوانێت ببێتە دەنگێکی جیاواز ئەگەر گومانی گەورە لەو ناوانە نەکات، کە وەک داهێنەر ناسراون و هاوکات بۆ بەرهەمی ئەو نووسەرانەیش نەگەڕێتەوە، کە رەخنەی سادە نەیدیون و بۆ پەراوێزی فڕێداون. لەهەر ناوەندێکدا رەخنە لاواز بوو، ئەوا گەورەکردنی نووسەری سادەنووس و بچووککردنەوەی داهێنەر کارێکی چاوەڕوانکراوە.

**لەشوباتی ٢٠١١دا کۆڕێکت گێڕا و جەختت لەسەر زمانی رۆشنبیر کردەوە ئەو جەختکردنەوەیە لەسەر زمان بۆچی؟**

زمان کێشەیەکی گەورەی فەلسەفەیە تا ئەو ئاستەی (ڤیتگینستاین) دەگاتەی ئەوەی بڵێت ئێمە بۆیە کێشەی فەلسەفیمان هەیە، چونکە کێشەی زمانمان هەیە. تێگەیشتن لە زمان وەک کێشەیەکی سەرەکی، تێگەیشتنە لە پێوەندیی ئێمە بە جیهانەوە. هەموو پێوەندییەکانی مرۆڤ بە جیهان و تەنانەت بە بوونی خۆیشییەوە، پێوەندین لەناو زماندا. کاتێ باس لە زمان دەکەین، ئەوا مەبەستمان لە فیکریشە، چونکە هیچ فیکرێک ناکەوێتە دەرەوەی زمانەوە. ئەگەر بۆچوونەکەی (ڤیتگینستاین) بەکار بهێنین بۆ قسەکردن لەبارەی زمان لای ئێمە، ئەوا دەبێت بڵێین بۆیەوەک کێشەیەک لە زمانمان نەڕوانیوە، چونکە لە بنچینەدا فیکر لای ئێمە نەبووەتە جێگەی پرسیار، لەکاتێکدا زمان و فیکر یەک شتن. لای ئێمە بەئاسانی و بەڕووکەشی زمان لە چەند شتێک کورت کراوەتەوە، وەکو کێشەی رێنووس. لای زۆربەی نووسەرانمان کاتێک باسی زمان دەکرێت، وا دەزانرێت باسی یەک (واو) و دوو (واو)ە، یان کێشەکە لە هاتنی چەند وشە و دەستەواژەیە کە لە

زمانەکانی دیکەوە بۆ ناو زمانمان. ئەوانە بەشێکی سادەی کێشەی زمانن، بەڵام کێشە سەرەکییەکە، کێشەی بەکار نەهێنانی ئەو زمانەیە بە قووڵی. زمانی ئێمە یەکێکە لەو زمانانەی کەمترین جووڵە و تەکانی بەخۆیەوە بینیوە. بیرکردنەوە ئەو ڕێگایەیە، کەبۆ قووڵاییەکانی زمانمان دەبات. بە مانایەکی تر فیکر تاکە ڕێگەیە بۆ گەشەکردنی زمان. جەختکردنەوەی من لە زمان، جەختکردنەوەیە لەفیکر، چونکە وەکو ئاماژەم پێ دا هیچ فکرێک نییە بکەوێتە دەرەوەی زمانەوە. تاکو ئێمە وەکو کێشەیەکی سەرەکی لە زمان نەڕوانین، ئەوا هەرگیز ناتوانین لە جیهانبینی خۆماندا گەشە بە پرۆسێسی بیرکردنەوە و تێڕامانی نوێ بدەن. بۆ وەڵامدانەوەی زیاتری ئەو پرسیارەتان، ماوەیەکەسەرقاڵی لێکۆڵینەوەم لەبارەی پێوەندیی نێوان زمان و کەلتوور، کە بەشێکی ئەو لێکۆڵینەوەیەم لە مانگی شەشی ئەمساڵ لە هەولێر بەکۆڕێک پێشکەش کرد. لەوێدا ئاماژەم بەوە دا، کە ئەگەر بمانەوێت خاوەنی کەلتوورێکی گەشەکردوو بین، ئەوا پێویستە زمانێکی گەشەکردوومان هەبێت، کە بەقووڵی بەکار بهێنرێت.

**لەو کۆڕەدا توانیت دیالۆگ دروست بکەیت، ئایا پرۆسێسی گەیاندن و وەرگرتن لە کۆڕێکی ئاوادا ڕووبەڕووی هیچ ئاستەنگێکیان کردیتەوە؟**

سەرەتا دەبێت بڵێم نەک لەو کۆڕەی مندا، بەڵکو بە شێوەیەکی گشتی پرۆسێسی گەیاندن و وەرگرتن لە کەلتووری ئێمەدا کارێکی ئاسان نییە، بەتایبەتی ئەگەر مەسەلەکە ڕاستەوخۆ پێوەندیی بە فیکرەوە هەبێت. لێرەدا گەڕانەوە بۆ ئەشکەوتەکەی (پلاتۆ) یارمەتیمان دەدات لەو کێشەفەلسەفییە تێ بگەین. کاتێک فەیلەسووف دەچێتە دەرەوەی ئەشکەوت و حەقیقەتەکان دەبینێت، یەکەم کەس خۆی تووشی شۆک دەبێت، بەڵام دواتر حەقیقەت لەوە دەردەچێت، کە چیتر شۆک دروست بکات، بەڵکو دەبێت ئەو حەقیقەتە ئاشکرا بکرێت. ئایا مەرجە هەمووان وەکو فەیلەسووف بەدوای حەقیقەتی بووندا بگەڕێن؟ کاتێ فەیلەسووف دەگەڕێتەوە بۆ ئەشکەوت و باسی دنیای ڕاستەقینەی دەرەوە دەکات، گرووپێک هەر هەیە بیکات هاتو هاوار و ئەو حەقیقەتە ڕەت بکەنەوە، چونکەزۆرجار ڕووناکیی دەرەوە لە تاریکیی ژوورەوە سامناکترە. زۆر جار فەیلەسووف خۆیشی بەرگەی هێزی ڕووناکیی دەرەوە ناگرێت و واز لەوەدەهێنێت دۆگمای ئەشکەوت تێک بشکێنێت. هەمان هاوکێشەیە بۆ کۆڕەکەی ٢٠١١/٩/٢٣ی منیش گونجاوە. کەسانێک هەن بەرگری لەدۆگما دەکەن و کەسانێکیش هەن بەدوای

پرسیاری قووڵی فەلسەفیدان بۆ تێپەڕاندنی شتە رووکەشەکان. پرۆسێسی وەرگرتن لە کۆڕەکەی مندا هەردوو دیوی لەخۆی گرتبوو. بوونی ئەو جیاوازییە شتێکی زۆر پۆزەتیڤە، بەڵام لێرەدا پێویستە قسە لەبارەی زمانەوە بکەین، کە بە چ زمانێک ئەو جیاوازییانە گەیەندران. وەک خۆتان دەزانن باسەکەی من خۆی لەبارەی زمانی بەشێک لە رۆشنبیرانمان بوو. کۆمێنتەکان چ پۆزەتیڤ بن، یان نێگەتیڤ، ئەگەر بە زمانێکی جیاواز دەرنەبڕێن، مانای وایە هێشتا پرۆسێسی وەرگرتن ناتەواوە. بۆ من گرنگ نەبوو چەندە لەگەڵ بۆچوونەکانمدا کۆکن، بەڵام ئەوە گرنگ بوو چەندە ئامادەیی ئەوەمان هەیە بە زمانێکی جیاواز گوزارشت لە جیاوازییەکانمان بکەین. زمانێک، کە سنووری زمانی حەشامەت و بازاڕ تێ بپەڕێنێت.

# وەرگێڕان

- نیچە و کامۆ: شۆڕش دژ بە بەڵگە — پێشڕەو محەمەد
- وتووێژ لەگەڵ دوریس لیسینگ — مستەفا زاهیدی
- شوتی گەرم — مەجید ساڵح
- دووفاقە — یوسف عەلی پور
- نانخۆرەکان — ئازاد نەجم
- نامۆیەک لە ڕۆخی کەنداو — موکەڕەم ڕەشید تاڵەبانی
- پەنجا دەقی جیهانی — سۆران محەمەد

# نیچه و کامۆ: شۆڕش دژ به به‌ڵگه





**دوکتۆر حامد فولادوه‌ند**

**و. له فارسییه‌وه: پێشڕه‌و محه‌مه‌د**


"کۆمه‌ڵگه‌ی سیاسیی هاوچه‌رخ گۆڕاوه بۆ ده‌زگایه‌ک، که مرۆڤه‌کان نائومێد و ده‌سته‌وه‌ستان ده‌کات و من ناتوانم ئه‌م ره‌وشه په‌سه‌ند بکه‌م". (کامۆ، بۆچی ئیسپانیا؟)[1]

کات جه‌نگی دووه‌می جیهان و داگیرکردنی فه‌ره‌نسایه. له مانگی جه‌نیوه‌ری ساڵی ١٩٤١ ئه‌لبێر کامۆ له‌ته‌ک هاوسه‌ره‌که‌یدا ده‌چێته نێو به‌نده‌ری ئۆران[2] له وڵاتی جه‌زائیر. نووسه‌ر که بیستوهه‌شت ساڵه‌یه، دووچاری نه‌خۆشی سیل هاتووه و بۆ ماوه‌ی زیاتر له ساڵ و نیوێک له‌م شاره "دزێو، ماندووهێن، قه‌ره‌باڵغ و خۆڵاوییه‌دا" نیشته‌جێ ده‌بێت[3]. ئه‌و ماڵه‌ی کامۆ لێی نیشته‌جێ ده‌بێت، هی خێزانی هاوسه‌ره‌که‌یه‌تی و له ناوچه‌ی ئه‌وروپانیشینی شاره‌که‌دا هه‌ڵکه‌وتووه. له‌و ماڵه رۆشنه‌دا کتێبی "ئه‌فسانه‌ی سیزیف"[4]ده‌نووسێت.

ئه‌فسانه‌ی سیزیف ئاماژه به رووداوی پاشای گریکی دێرین (گوایه سیزیف باوکی ئولیس[5]بووه) ده‌کات، که له لایه‌ن خوداوه‌نده‌کانه‌وه ناچار ده‌کرێت به ئه‌نجامدانی کارێکی پووچ[6](ئه‌بسێرد) و نامرۆیی (سیزیف ناچاره بۆ هه‌میشه

بەردێک لە خوار کێوەکەوە بباتە سەرەوە و پاشان بەردەکە دەکەوێتە خوارەوە) و کامۆ خوێندنەوەیەکی تایبەت بۆ ئەم ئەفسانەیە دەکات. ئەو بەم بەرهەمە فەلسەفەییە روانگەی خۆی دەربارەی چارەنووسی مرۆڤ، جیهان و بوون دەخاتەڕوو و لێکۆڵینەوە لە کرۆکە سەرەکییەکانی وەکو پووچی، خۆکوژی، یاخیبوون و ئازادی دەکات. بە تێڕوانینی کامۆ "تەنها پرسی سەرەکی فەلسەفە بریتییە لە خۆکوژی"، بەڵام پەسەندکردن و تێگەیشتن لە پووچی جیهان یاخیبوونی لێدەکەوێتەوە، چونکە حەزی ژیان و مرۆڤدۆستی ئێمە دەخاتە تەنگژەوە، نەک ئاراستەگرتن رووەو خۆبەدەستەوەدان و مەرگ. سیزیف خزمی میرسوا[٧]یە، هاوشێوەی پاڵەوانی رۆمانی "نامۆ"، چونکە هەردووکیان یاخیبوونی خۆیان لە بەرانبەر ناپەسەندی جیهان و نالۆژیکیی هەمیشەیی کۆمەڵگەی (بەڕواڵەت) مرۆیی نیشان دەدەن. سیزیف گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی جیهان بێواتایە و پڕە لە ستەم و ئازار، بەڵام ئەو خۆی ناداتە دەست ستەمی سەرەوەریی جیهان و هەرگیز ناچێتە نێوییەوە. ئەرێ، سیزیف بریتییە لە شۆڕشێک و وەکو کامۆ "خوازیاری خەبات"ە[٨]و هەمیشە تەواوی هێزی خۆی بۆ گۆڕانپێدانی ئەم جیهانە نارێک و ئاڵۆز و پووچە بەکاردەهێنێت، چونکە ژیانکردن تەنها بریتی نییە لە گەڕان بەدوای سەرکەوتوویيدا، بەڵکو بریتییە لە خەبات دژ بە "مەزنی" بێهودەیی، پەرێشانی و ستەمکاری باو. کامۆ کە ئەم بوونە بە تاکە حەقیقەت دەبینێت، باوەڕیی وایە لە جیهانی هەنووکەییدا تەنها مرۆڤ بەها و مانای هەیە و پەیامی مرۆیی جگە لە پێکهێنانی رێکخستنێکی مرۆیی شتێکی دیکە نییە. لە راستیدا، بەردەوامی خەبات و شۆڕشی تاکی "نامۆ" بۆ خۆشبەختییە و ئەفسانەی نارِوونی سیزیف هەڵگری کرۆکێکی گرنگی پشکوتووی ژیانە. بە گوتنێکی دیکە، سیزیفی ئەبسێردیستی (=کامۆ) بەدوای جوانی و چێژی ئەم جیهانەیشدا دەگەڕێت و بە پشتکردنە بەهەشت و دۆزەخی خۆی خوازیاری جێگیربوونییەتی لەسەر گۆی زەوی. بە شێوەیەکی پوخت دەتوانین بڵێین سیزیف سیمبولی یاخیبوون و لە پووچیخستن و خەباتی مرۆییە بۆ خۆشبەختی. کتێبەکەی کامۆ، هاوڵاتی ئاگامەند بۆ شۆڕشێکی داهێنەرانە، پێکهێنەرانە و نائایدیۆلۆژییانە بۆ بەرگریکردن لە پێگەی مرۆڤ، بانگهێشت دەکات.

"ئەفسانەی سیزیف" دەکەوێتە رەخنەگرتن لە مۆدێرنیتی و مرۆڤی مۆدێرن. راستییەکەی، هەستکردن بە پووچی و نیگەرانی دەبێتە دەرەنجامی بێمانایی و بڵاوبوونەوەی نیهیلیزم (هیچگەرایی) لەنێو کۆمەڵگەی مۆدێرندا. پرۆسیسی مۆدێرنیزمی هاوچەرخ لەئەفسوونخستن (واتا رزگاربوون لە جادوو)[٩] و

لەپیرۆزیخستن[١٠] لەتەک خۆیدا دەهێنێت و بناغەی "دیوارەکانی پووچی" دادەڕێژێت. سیزیف (یان مێرسۆ) بینەر و قوربانی دووبارەی ماندووهێنی ژیانی "ماشینی-میکانی) تاکرەوە و دەکەوێتە نێو گێژاوی نائارامی (پێسوا) و بێ حەز و ئارەزووەوە. سام[١١] (یان راڕایی، هایدێگەر)، هێڵنج[١٢] (سارتەر) و نامۆبوون(١٣) (مارکس) حاڵەتە رۆحییەکانی تاکی سەردەمی مۆدێرنیتی نیشان دەدەن. لە روانگەیەکەوە دەتوانین بڵێین فۆرمولەبوونی رەفتار و گوتاری پووچی مرۆڤی سەدەی بیستەم بریتییە لە چەشنێک پەرچەکردار بەرانبەر بە مۆدێرنیتەی ئامێری و سەرکوتکەر. ئەگەر بە وردی سەرنجی دەقی ئەفسانەی سیزیف بدەین دەبینین کامۆ هەمیشە دەگەڕێتەوە بۆ بیرمەندانی وەکو هایدێگەر، یاسپەرس[١٤]، کییرکەگارد[١٥]، چیستۆڤ[١٦]، دۆستۆیڤسکی، شۆپنهاوەر و نیتچە، واتا ئەو پەیوەست دەبێت بەو کەسانەی کەوتوونەتە رەخنەگرتن لە بەها و بۆچوونەکانی سەردەمی مۆدێرن، چونکە کامۆ کەم تازۆر خۆی بە هاوبیر و هاوبۆچوون یان "خزم"ی ئەوان دەزانێت. لەنێوان ئەو بیرمەندانەی ناومان هێنان، نیتچە گرنگییەکی زۆر تایبەتی لای کامۆ هەیە و باس لە کاریگەرییەکانی نیتچە دەکەین لەسەر کامۆ.

زۆرینەی نووسەرانی فەرەنسای سەدەی بیستەم کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی نووسینەکان و بەتایبەت هزرە سەرکەش و دیۆنیسیۆسییەکانی نیتچە. لەنێوان ئەوانەدا دەتوانین ئاماژە بکەین بە ئەندرە ژید[١٧]، نووسەری "میوە زەوینییەکان"، سانت ئەگزوپێری[١٨] دانەری "شازادە کوچولو"، ئەندرێ مالرۆ[١٩] نووسەری "چارەنووسی مرۆڤ". بێگومان، هۆگربوونی کامۆ بە ژید و مالرۆ، نیتچەییزمی ئەوی نیشان داوە. لە یەکەمین نووسینەکانی ئەلبێر کامۆدا، واتا "ئیلهامەکان"[٢٠] و "وتارێک لەبارەی موزیک"، رەنگدانەوەی ناوەرۆکەکانی "پەیدابوونیی تراژیدی" نیتچە دەبینرێت و لەوانەیە بتوانین بڵێین بۆچوونەکانی نیتچە لە بواری درامادا چێژی تێئاتری کامۆی گەنجی دووهێندە زیاتر کردووە. لە تەمەنی بیستوپێنج ساڵیدا، کامۆ رۆمانی "مەرگی خۆش" (١٩٣٨) دەنووسێت و ئەدگاری دیۆنیسیۆس و کاتیگۆری "ویست بۆ خۆشبەختی" نیشان دەدات، کە کامۆ یاخیبووی پاڵەوانی داستانەکەی خۆی بە ئایدیای "پێچەوانەی رۆژگار"ی نیتچە تێردەکات. لە بەرهەمی فەلسەفەیی "ئەفسانەی سیزیف"دا (١٩٤٢) ئامادەبوونی نیتچە ئاشکرا و پێکهاتەسازە، لەکاتێکدا لە "نامە بۆ هاوڕێیەکی ئەڵمانی" (١٩٤٥) تەنها شوێن پێی زەردەشت دەبینینەوە. لە قۆناغی جەنگ و خەباتکردن دژ بە فاشیزم کاریگەریی درێژەی هەیە و کامۆ باوەڕی وایە، کە پێویستە بەرگری لە سۆکرات و عەقڵانییەت

بکرێت، هەرچەندە کامۆ بە ئەندازەی نیتچە لە هۆش پەرێشانی بێزارە. کەواتە لە کۆتایی جەنگدا، هەر وەکو نیتچە، سەرکەشی لە بەرهەمەکانی کامۆدا ئامادەیی هەیە، چونکە لە بابەتە سەرەکییەکانی "مرۆڤی یاخی" (١٩٥١) و "نیتچە و نیهیلیزم" (١٩٥١) بەردەوام ئاماژە بە جیهانبینی فەیلەسوفی "یاخی" ئەڵمانی دەکات. لە مانگی مارسی ١٩٥٩، کەمێک بەر لە رووداوی مردنەکەی، وەرگری خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیات (١٩٥٨) رستەیەکی نیتچە لە دەفتەری تێبینییەکانی خۆیدا یاداشت دەکات: "هیچ ئازار و رەنجێک ناتوانێت دژ بە ژیان شایەتی بدات".

بەمجۆرە، زێتر لە سی ساڵ کامۆ بلێسەی یاخیبوونی خۆی بە ئاگری هزری نیتچە بەهێزکردووە. بەردەوامی هۆگربوون و سەرنجی ئەلبێر کامۆ بۆ فرەدریش نیتچە نیشانەی بوونی هەندێک لێکچوون و نزیکییەکانی وەکو (داهێنان، جیاوازیی بیرکردنەوە، رەخنەکردنی بەها باوەکان... ئازادی) نێوان ئەوانە. لەم پێشگوتنەدا ناتوانین بە شێوەیەکی دووردرێژی باس لە تەواوی لێکچوون و جیاوازییەکانی نێوان ئەم دوو بیرمەندە بکەین و سەرەنجام بە خستنەڕووی چەند پنتێک کورتی دەکەینەوە:

١. بە تێڕوانینی نیتچە و کامۆ جیهان و ژیانی مرۆیی بەدەرە لە لۆژیک و عەقڵانییەت. کامۆ تەنها دەگەڕێتەوە بۆ تەنهایی مرۆیی و پووچی و نیتچە رووەدەکاتە لایەنی رەوشی پەرێشانی گەردوونی و ناعەقڵانی پرۆسەی زەوی. نیتچە بزووتن و خولانەوەی زەوی بە دژبەر و پەرێشان (وەکو کائۆس Chaosی هیراکلیتوس) دەزانێت و رۆڵی عەقڵانییەت نەفی دەکاتەوە: لە رەوتی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا عەقڵ تەنها "چێژبەخش" و "رشتەیەکی ناسک"ە.

٢. ئەگەرچی هەردووکیان عەقڵگەران، بەڵام بە سەختی دژ بە عەقڵپەرستی (=رێباز و پەرستنی عەقڵانییەت) و "لۆژیکیاران" دەبەستنەوە. کامۆ دەنووسێت: "عەقڵ لە بەرانبەر دڵدا بێهێزە" و بەتەواوی نزیکدەبێتەوە لە دیۆنیسیۆس (=رەگەزی دڵ)ی نیتچەدا. هەڵبەت کامۆ نەوەی دێکارتە و رەخنەیەکی "هاوسەنگ" لە عەقڵانییە دەگرێت، لەکاتێکدا نیتچەی "ناعەقڵانی" بەبێ تێبینی هێرش دەکاتە سەر ئایدیۆلۆژیی عەقڵ پەرێشانی.

٣. هەم نیتچە و هەم کامۆ جیهان و نادادپەروەری باو رەت دەکەنەوە، چونکە وەها رەوشێک بریتییە لە نەفیکردنی (Negation) مرۆڤایەتی. هەردووکیان ئۆپۆزیسیۆنن و هەریەکێکیان بەخاتری مرۆڤ رێگەی یاخیبوون و شۆڕش دەگرنەبەر. کامۆ و نیتچەی "یاخی" هیچ هیوایەکیان بە شۆڕشی کۆمەڵایەتی-سیاسیی نییە، چونکە بەدیدی ئەوان تاکی ئاگامەند و ئازاد نەتەنها "رۆژگار" و

حکومەت، بەڵکو تەواوی داهێنانەکانیشی دەباتە ژێرپرسیارەوە. لە کۆتاییدا، ئەو شۆڕشی ئەم دوو فەیلەسوفە پێشنیار دەکەن، رەهەندی بوونگەرایی، مێتافیزیکی و مێتامێژوویی هەیە و بەندە لەسەر "وەرچەرخان"ی تاک نەک کۆمەڵ: مرۆڤی بەئاگا و پەیماندەر (Commitment)ی کامۆ و بەرزەمرۆڤی نیتچە دەبنە جێگرەوەی خوداوەندی مەسیحییەت.

٤. ئەگەرچی کامۆ و نیتچە قبوڵی ناعەقلانییەتی جیهان و کۆمەڵگە ناکەن، بەڵام ژیان پەسەند دەکەن، واتا هەردووکیان وەکو ئەپیکوروسی گریکی لایەنگری خۆشبەختین: سیزیف مەحکومە، بەڵام حەز و ئارەزوو و تاسەی ژیان لەدەست نادات و تەنانەت "خۆشبەختی پووچ" بە چارەنووسی خۆی دەزانێت. مرۆڤی پووچی کامۆ هەموو چرکەساتێک بە پووچی دەڵێت بەڵێ، هەر بە چەشنی مرۆڤە تراژیکەکەی نیتچە "خۆشەویستی بۆ چارەنووس" هەیە و هەمیشە بەڵێ دەڵێت بۆ چاکە و خراپەی رۆژگار.

٥. نەتەنها یەکسانی یاخود نزیکی هزری (خۆشەویستی بۆ ژیان و مرۆڤ، ناعەقلانییەت، شۆڕش لە بەرانبەر رۆژگاری تاڵ و... هتددا) کامۆی بە نیتچەوە پەیوەست کردووە، بەڵکو چێژی ئەدەبی و داهێنانی هونەری (شیعر، دراما، موزیک) پەیوەندی نێوان ئەم دوو فەیلەسوف-نووسەرەی بەهێز کردووە. سەرەنجام، هەندێک لە کاراکتەرەکانی کامۆ "رەنگ و بۆن"ی نیتچەیان هەیە: بۆنموونە دەگوترێت "نامۆ" هەمان زەردەشتی نیتچەیە، بەڵام بەبێ رەهەندی پەیامبەرئاسایەتییەکەی.

دەتوانین هەروا درێژە بە بەراوردەکە بدەین و زێتر کاریگەرییەکان لەسەر کامۆ هەڵبسەنگێنین، بەڵام قسەکەمان کورت دەکەینەوە.

لە کۆتاییدا بەیادتان دەهێنینەوە، کە "ئەفسانەی سیزیف" بە سروودێکی شاعیری گریکی دێرین، پیندار Pindare، دەست پێدەکات. کامۆ دەزانێت گوتارە ناسراوەکەی پیندار "ببە ئەوەی، کە هەی" دروشمی ژیانی نیتچە بووە. بە نووسینی ئەم بەرهەمە کاریگەرە ئەلبێر کامۆ (ی گەنج) نزیک دەبێتەوە "لەوەی، کە هەیە". کامۆ، دەبێتە کامۆ.

## پەراوێزەکان:

1-Pourqoui l'Espagne? In Combat 1948.

2-Oran

3-A. Djemaï in Qantara 1995, nI4, p.75.

4-le mythe de Sisyphe

5-Ulysse

6-Absurde

7-Meursault

٨-کامۆ لە ڕۆژنامەی ناوداری "خەبات" Combat کاری دەکرد و ئەندامی بزووتنەوەی بەرگری Résistance بوو. "پووچگەرایی یان ئەبسێردیزم"ی ئەو بە هەڵچوون و خۆبەدەستەوەدان کۆتایی نایەت...

9-Disenchantment

10-Désacralisation

11-Angst

12-Nausea

13-Alienation

14-Jaspers

15-Kierkegaard

16-Chestov

17-A. Gide

18-Saint Exupery

19-A. Malraux

20-Intuition

## سەرچاوەی ئەم وەرگێڕانە:

ألبر کامو: افسانه سیزیف، ترجمه محمود سلطانیه، چاپ دوم، انتشارات نیلوفر، تهران، ١٣٨٩.



# وتووێژ لەگەڵ دوریس لیسینگ

و. لە فارسییەوە: مستەفا زاهیدی

٢ – ٢

تێبینی:

ئەوەی لەبەردەستاندایە وتووێژێکە لەگەڵ دوریس لیسینگ ڕۆماننووسی بەریتانیایی و براوەی خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیات لە ساڵی ٢٠٠٧. لیسینگ ٢٢ ئۆکتۆبەری ١٩١٩ لە کرماشانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دایکبوو و چەند ڕۆژ لەوە پێش ڕۆژی ١٧ی نۆڤامبەری ٢٠١٣ لە تەمەنی ٩٤ ماڵئاوایی لە ژیان کرد. بڵاوبوونەوەی ئەم وتووێژە لەگۆڤاری هەنار هاوکاتە لەگەڵ مەرگی ئەم نووسەرە ناودارە بەریتانیاییە.

**من لاموایە تۆ چیرۆکنووسێکی زۆر شهوودیت، کە ڕەنگە لە پێشدا پلان یان پلۆتی هەمەلایەنەت نەبێت، بەڵکو بە شێوەیەک دەیدۆزیتەوە. وایە؟**

بۆچی نا، من پلان و بەرنامەیەکی گشتیم هەیە، بەڵام بەو شێوەیە نییە کە لەگەڵ ئەوەی دەچمە پێشەوە ڕێگا بۆ هاتن و سەرهەڵدانی یەک یان دوو کارەکتەرەی سەیر و سەمەرەم نەبێت. ئەو کاتەی تیرۆریستی باشم دەنووسی دەمزانی

دەمەوێت چی بکەم. سەرەتای بیرۆکەکەی، تەقینەوەی فرۆشگای "هێردۆز" بوو. بیرم لەوە کردەوە کە نووسین دەربارەی گرووپێک کە پەیوەستبوون بە تاقمە تیرۆریستەکانەوە و تازەکار و بێ ئەزموونن، سەرنجراکێشە. کارەکتەرێکی سەرەکیم هەبوو- چەند کەسی وەک ئالیسم دەناسی- تێکەڵەیەک لە چاودێری دایکانە، ئەوەی کە نیگەرانی ژینگە و قرشەکان و نەهەنگەکانن، بەڵام لەو کەسانەن کە دەڵێن: "ئەدەی لە ئاو دەبێت قولیشت تەڕ بێت". بێ ئەوەی کوشتنی ژمارەیەکی زۆر لە مرۆڤەکان نیگەرانیان بکات. تا زیاتر بیرم لێدەکردەوە زیاتر بەلامەوە سەیر بوو. بەکورتی دەمناسی! کوڕە خۆشەویستەکەشیم دەناسی، شتێکی کەمیشم دەربارەی کەسەکانی تر دەزانی. کەسانی جیاوازم هەبوو، کەوایە ئەو دوو کەسە هۆمۆسێکشواڵەم لەخۆمەوە دروست کرد، بەڵام دواتر ئەو شتەی منی بۆلای خۆی راکێشا و زۆرم پێ خۆشبوو، ئەو کارەکتەرانە بوو کە بە بێ پلانی پێشتر هاتبوونە ناو چیرۆکەکەوە و دەردەکەوتن، بۆ وێنە کەسایەتی "فی". دواتر "فی" بوو بە کەسێکی لەناوچوو کە خۆم پێم سەیر بوو. ئەو کەسە"فیلیپ" کوتوپڕ دەرکەوت- هەر ئەوکات دەربارەی پیاوێکی بیستویەک ساڵە کە زۆر تێکشکاو بوو هەندێ شتم بیستبوو، بیستبووم ئەو کەسە بێکارە، بەڵام هەموو کات لە لایەن خاوەنکارەکانەوە پێشنیاری کاری پێدەدرێت، واتە گلۆزە قورسەکانی کاغەز بخاتە سەر لۆرییەکان! مرۆڤ وا بیر دەکاتەوە رەنگە ئەوان کەسانێکی نەخۆش و سادیست بن! هەموو کات دوای سێ رۆژ دەریان دەکرد. لاموایە کتێبێکی زۆر پێکەنینییە.

**بەڕاست؟**

بەڵێ، لە هەندێ رووەوە پێکەنیناوییە... هەموو کات دەربارەی بابەتەکان بە شێوەیەک قسە دەکەین وەک ئەوەی بڕیار بێت هەموو شت بەو شێوەیەی چاوەڕێی دەکەین روو بدات و بە دڵنیاییەوە بە ئامانج بگات. لە راستییدا، ئەزموونی کەسەکان دەربارەی هەمووشت، دەربارەی هەرشت کە باسی بکەیت، شتێکی ناخۆشە. دەی بۆچی تیرۆریزم دەبێت جیاواز بێت؟ من بەهیچ شێوەیەک باوەڕم بە تیرۆریستە زۆر ئەکتیڤەکان نییە.

**مامەڵەی ژێر بەژێر و شاراوە و شتی لەمجۆرە؟**

بە دڵنیاییەوە خراپەکارییەک و تێکەولێکەیەکی لەمجۆرەیە.

**ئاخۆ هاوکات بیر لە زیاتر لە یەک بەرهەم دەکەیتەوە؟**

نا. بەدڵنیاییەوە لە رووی بەرنامەوە. هەندێجار کە خەریکم لەسەر شتێک کار دەکەم، دەستنووسە پێشترەکانم رێک دەخەم، بەڵام بەگشتی حەز دەکەم بەرهەمێک تەواو بکەم و دواتر بچمە سەر بابەتێکی تر.

**لاموایە تۆ لەبری ئەوەی تێکەڵ و پێکەڵ بنووسیت، لە سەرەتاوە دەستی پێدەکەیت و سەرەنجام تەواوی دەکەیت؟**

بەڵێ، هەروایە. هەمووکات هەر بەمجۆرە دەنووسم. ئەگەر پچڕ پچڕ بنووسیت، بە شێوەیەک بەردەوامییەتی پڕ بەهای فۆڕم لەدەست دەدەیت، ئەو بەردەوامییەتییەی کە شاراوە و دەروونییە. هەندێجار ئەو کاتەی دەتەوێت فۆڕمەکەی بگۆڕێت، دەیدۆزیتەوە.

**لاتوایە لەناو هەر ژانرێکدا کە بەکاری دەبەیت، خۆت گۆڕانت بەسەر دێت و دەگۆڕێیت؟ بۆ وێنە بیرم لەوە کردەوە ناوەڕۆکی ریالیستییانەی تیرۆریست و تەنانەت هەندێجار کتێبەکانی "جەینی سۆمێرز"[٥] لەچاو ریالیستبوونی سەرەتایی تۆ، بێلایەنانەترە.**

رەنگە بەهۆی چوونە سەرەوەی تەمەنەوە، بێلایەن دەبین.

هەر کتێبێک بەلای منەوە پرسێکە کە دەبێت چارەسەر بکرێت. هەر ئەمەیە فۆڕمەکە بەسەرماندا دادەسەپێنێت. بەمجۆرە نییە کە بڵێین: "دەمەوێت کتێبێکی زانستی-خەیاڵی بنووسم". لەو لایەوە دەستی پێدەکەیت و ئەوەی دەتەوێت بیڵێت فۆڕمەکە بەسەرتا دادەسەپێنێت.

**ئاخۆ بەردەوام و بەدوای یەکتردا دەنووسیت، یان ئەوەیە لەنێوان کتێبەکاندا پشوویەک دەدەیت بەخۆت؟**

بەڵێ، پشوویەک دەدەم. ماوەیەکە نەمنووسیوە. هەندێجار ئەم وەستانە زۆرە. هەمووکات بتەوێت یان نەتەوێت، هەندێ کار هەیە دەبێت ئەنجامی بدەیت، بۆ وێنە وتارێک بنووسیت. لە ئێستادا خەریکی نووسینی کورتەچیرۆکم. زۆر سەیرە، لەبەر ئەوەی چیرۆکەکانم زۆر کورتن. ئێدیتۆرەکەم، باب گاتلیب، رۆژێک زۆر بە رێکەوت پێی وتم: "تا ئێستا هیچ کەس چیرۆکی زۆر کورتی بۆ نەناردووە". کورتەچیرۆک بەلایەوە زۆر سەیربوو. من بیرم کردەوە: "خوای گەورە، چەندساڵە چیرۆکی زۆر کورتم نەنووسیوە". ئێستا دەستم کردووە بە نووسین، هەرکامەیان نزیک بە ١٥٠٠ وشەیە، پرەنسیپێکی تایبەتی هەبێت. خۆم

ئەمەم پێخۆشە. چەند کورتەچیرۆکم نووسیوە و ڕەنگە ناوی بنێم گەلاڵەکانی لەندەن، لەبەر ئەوەی هەموو چیرۆکەکان دەربارەی لەندەنە.

**کەوایە بە هیچ شێوەیەک تەمسیلی، یان نالۆکاڵی نییە؟**

نا وا نییە. بە تەواوی ریالیستییە. زۆر بە لەندەندا دەگەڕێم. هەموو شارێک بۆ خۆی سینەمایەکە. وانییە؟

**کاتی کارکردن خوو و عادەتێکی دیاریکراوت هەیە؟**

زۆر گرنگ نییە، لەبەر ئەوەی خوو و عادەتە. ئەوکاتەی منداڵم بەخێو دەکرد بەخۆم دەگوت لە کاتێکی کورتدا بە تەرکیزی زۆرەوە دەنووسم. ئەگەر کۆتایی هەفتەیەک یان هەفتەیەک بەگشتی کاتم بۆخۆم هەبوایە بە شێوەیەکی باوەڕنەکراو دەمنووسی. ئێستا ئەو جۆرە کارکردنە بووە بە خوویەک لە دەروونمدا، بەڵام لە راستییدا ئەگەر بتوانم هێورتر بنووسم، زۆر باشترە، بەڵام ئیتر بووە بە خوویەک بۆم. سەرنجم داوە زۆربەی خانمەکان هەربەم شێوەیە دەنووسن، لەحاڵێکدا گراهام گرین هەموو رۆژێک دووسەد وشەی بێ کەموکووڕی دەنووسی! وایان پێ گوتووم! لاموایە ئەگەر بەردەوام و بێ پسانەوە بنووسم زۆر باشتر دەنووسم. مرۆڤ دەستی پێدەکات و سەرەتا ناڕێکوپێک و خراپ دەست پێدەکات، دواتر دەگاتە شوێنێک کە ئیتر بێ پسانەوە دەنووسێت و دەکەوێتە سەر سکە. ئەوکاتەی دادەنیشم و بۆ هەر رستەیەک خۆم ئازار دەدەم و بە دژوارییەوە هەڵیان دەبژێرم باش نانووسم.

**لەم رۆژانەدا چ جۆرە کتێبگەلێک دەخوێنیتەوە، چیرۆکی هاوچەرخیش دەخوێنیتەوە؟**

زۆر دەخوێنمەوە. لە خوا بەزیادبێت زۆر خێرا دەخوێنمەوە، لەبەر ئەوەی ناتوانم جۆرێکی تر بخوێنمەوە. بڵاوکەرەوەکان کتێبی زۆر بۆ نووسەرەکان دەنێرن. هەموو هەفتەیەک نزیکەی دە کتێبم بۆ دەنێرن، هەست بە قورساییەک دەکەم لەسەر شانم، لەبەر ئەوەی کەسێکی ئەرکناسم. ئینسان بە خوێندنەوەی بەشی یەکەم و دووەمی کتێبێک دێتە دەستی کە کتێبەکە چۆن کتێبێکە. ئەگەر پێمخۆش بێت درێژە دەدەم بە خوێندنەوەی، لەبەر ئەوەی زۆر لە ویژدان و ئینسافەوە دوورە ئەمجۆرە دادوەریکردنە، رەنگە ئەو کاتە لە دۆخێکی گونجاوی رۆحیدا نەبین، یان زۆر شەیدای ئەو نووسینە بین. جگە لەمانە بەرهەمی ئەو نووسەرانەش دەخوێنمەوە کە کارەکانیانم پێ جوانە، هەمووکات دوایین

بەرهەمەکانیان دەخوێنمەوە. هەڵبەت کەسانی دەورووبەریش کتێبی زۆرم پێ دەناسێنن کە بیخوێنمەوە. بەکورتی هەمووکات خەریکی خوێندنەوەم.

**دەکرێت دەربارەی "جین سامێرز" و ئەو فێڵەی کە لە بەڕێوەبەرانی رەخنە و لێکدانەوەی کتێبتان کرد، قسەمان بۆ بکەیت؟ من کەوتمە ژێرکاریگەری ئەم کارە دووربینانە و سەرنجڕاکێشەی ئێوەوە، زیاتر لەبەر ئەوەی دوو رۆمانتان بە ناوی خوازراوەوە بڵاوکردەوە بۆ ئەوەی دەرکەوێت چۆن لەگەڵ رۆماننووسە گەنجەکان هەڵسوکەوت دەکرێت.**

راستت دەوێت بڕیار نەبوو بۆ دوو رۆمان ئەم کارە بکەین، بەڵکو بڕیاربوو بۆ رۆمانێک ئەم کارە بکەین! جا چی لێکەوتەوە؟ سەرەتا رۆمانێکم نووسی و بە بریکارەکەمم وت دەمەوێت وەک رۆمانی یەکەم بیفرۆشم... رۆمانی یەکەمی ژنە رۆژنامەنووسێکی لەندەنی. شوناسی کەسێکم دەویست کە هاوتەریبی شوناس و کەسێتی خۆم بێت، زۆر جیاواز نەبێت. بریکارەکەم ئەم شتەی دەزانی و کتێبەکەی نارد بۆ بڵاوکەرەوەکە. راپۆرتی ئەو بڵاوکەرەوانەم بینی. زۆر لووتبەرزانە بوو. بەشێوەیەکی سەیر لووتبەرزانە. وەک کەسێکی باڵادەست بۆ بندەستەکەی. بڵاوکەرەوەی سێیەم، بڵاوکەرەوەی مایکڵ جۆزێف (بڵاوکەرەوەی یەکەم کتێبم) ئەو کات خاتوونێکی زۆر وریا بەڕێوەی دەبرد بەناوی (فیلیپا هریسۆن). ئەم خاتوونە بە بریکارەکەمی گوتبوو: "ئەم کتێبە من دەخاتەوە یادی یەکەم کارەکانی دوریس لیسینگ". ئێمە دەترساین لەبەر ئەوەی نەماندەویست قاو بدات و بە هەموو کەسی بڵێت! کەوابوو بانگهێشتمان کرد بۆ نانی نیوەڕۆ. پێم گوت: "ئەو کەسە منم، دەتوانی هەربەم شێوە بڕۆیتە پێش!" سەرەتا پێی ناخۆش بوو، بەڵام دواتر پێشوازیکرد لە کارەکە. باب گاتلیب کە ئەو کات ئێدیتۆری کناپۆف بوو لە ئەمریکا گومانی کردبوو، بەگشتی بوون بە سێ کەس. دواتر بڵاوکەرەوەیەکی فەرەنسایی تەلەفۆنی بۆکردم و پێی وتم: "بەمزوانە کتێبێکم لە نووسەرێکی بەریتانیایی کڕیوە، بەڵام بەردەوام لەخۆم دەپرسم تۆ یارمەتیت نەداوە لە نووسیندا؟" کەوابوو بەویشم گوت و بەگشتی دەبوون بە چوار پێنج کەس. هەموومان چاوەڕوانی ئەوەمان دەکرد کە کتێبەکە بڵاوبووەوە هەمووان بەم شتە بزانن. بەر لە بڵاوبوونەوە، کتێبەکەمان بۆ هەموو ئەو کەسانە نارد کە شارەزای نووسینەکانی من بوون، ناردمان بۆیان و هیچیان گومانیان نەکرد و بەو شتەیان نەزانی. سەرجەم نووسەرەکان بە تەواوی هەست دەکەن کە بوون بە دیل و ئەسیری دەستی چەند شارەزایەک، نووسەرەکان دەبن بە موڵک و دارایی ئەم شارەزایانە. بەکورتی، کارێکی زۆر سەرنجڕاکێش و باش بوو!

باشترین شتێک کە روویدا. چوار بڵاوکەرەوەی ئەوروپایی بێ ئەوەی بزانن نووسەری کتێبەکە منم، کتێبەکەیان کڕی. زۆر باش بوو. دواتر کتێبەکە چاپ بوو، رەخنە و لێکۆڵینەوە لەسەر یەکەم رۆمان، وتاری کورت، زۆربەی وتارەکان ئەو ژنە رۆژنامەنووسانە نووسیبوویان کە لایان وابوو منیش یەکێکم لەوان. دواتر "جین سامێرز" نامەی زۆری لە لایەن لایەنگرەکانییەوە پێگەیشت، زۆرتر لەلایەن کەسانێکەوە کە شارەزای ئەدەب نەبوون. زۆربەی نامەکان لە لایەن ئەو کەسانەوە بوون کە چاودێری بەساڵاچووەکانیان دەکرد و ئەم کارە شێتی کردبوون. ژمارەیەکی زۆری نامەش لە لایەن چاودێرە کۆمەڵایەتییەکانەوە، چ ئەوانەی هاوڕا بوون و چ ئەوانەی ناکۆک بوون، بەدەستم گەیشت، بەڵام هەمووان نووسیبوویان زۆریان پێخۆشە کە لەم بارەیەوە نووسیومە. ئەوە بوو بیرم لەوە کردەوە رۆمانێکی تر بنووسم، ئیتر شەیدای "جین سامێرز" بووم. کە لە روانگەی یەکەم کەسەوە دەنووسیت، زۆر ناتوانیت لەو شتانە دوور بکەویتەوە کە گونجاوە بۆ ئەو کەسە. "جین سامێرز" لە چینی مامناوەندی بەریتانیا بوو و شتێکی تایبەت لە پێشینەکەیدا نەبوو. چینی مامناوەند زۆر سنووردار کراوەتەوە و سنووردارتر لەوان هیچ شتێک نابینیتەوە. "جین سامێرز" نەچۆتە زانکۆ، لە تەمەنی زۆر منداڵییەوە دەستیکردووە بە کارکردن، دواتر لە کۆمپانیایەک دامەزراوە، هەر کاری ئەو کۆمپانیایە بووە بە شێوەی بەڕێوەبردنی ژیانی. چووەتە ژیانی هاوسەرێتییەوە و زۆر لە ژیانی هاوسەرێتیش ناچێت. منداڵی نییە. حەز ناکات بڕواتە دەرەوەی وڵات. کە دەڕواتە دەرەوەی وڵات یان لەگەڵ مێردەکەیدایە یان بەهۆی سەفەری کارییەوەیە و کە دەگەڕێتەوە زۆر شاد و دڵخۆشە بەگەڕانەوەی. تێدەگەیت ئەزموونەکانی چەند سنووردارە. کەوایە کاتی نووسین ئاگام لەوە بوو هەموو شت نەنووسم. دەمگوت، بڕۆ، بڕۆ، بڕۆ دواوە، ئەو ژنێکی زۆر ئاساییە. زۆر بە رەهایی دەربارەی دروستبوون و هەڵەبوونی شتەکان قسە دەکات.

**بەوەی کە چی لەبەر بکات...**

بەڵێ، هەموو شت! هاوڕێیەکم هەیە ئەو هەژارە زۆر ئەزیەتی خۆی دەدات، کاتی جل لەبەرکردن بۆ ئەوەی جلی باش لەبەر بکات، ئەوەندە خۆی ئەزیەت دەدات ئینسان حەز ناکات بەسەر کەس بێت! "جین سامێرز" تێکەڵەیەکە لە مرۆڤە جیاوازەکان. یەکێکی تر لەو کەسانە دایکمە. لەخۆم دەپرسم دایکم ئەگەر ئێستا گەنج بایە لە لەندەن چی دەکرد. سێیەم کەس خاتوونێک بوو کە دەمناسی، بەردەوام دەیگوت: "لە منداڵیدا زۆر بەختەوەربووم، باوک و دایکم شایستەی

ستایشن. براکەمم خۆش دەویست. پارەیەکی زۆرم هەبوو. چوونە قوتابخانەم پێخۆش بوو. لە تەمەنی کەمدا چوومە ژیانی هاوسەرییەوە، مێردەکەمم دەپەرست..." هەر بەمشێوەیە درێژەی پێدەدا. دواتر کوتوپڕ مێردەکەی مرد. ئەو لە ژنێکەوە بە خوو و خەدەی منداڵێکەوە بوو بە کەسێکی گەورە. بەکورتی من لە هەموو ئەمانە کەڵکم وەرگرتن بۆ ئەوەی کەسێک دروست بکەم. کە لە روانگەی یەکەم کەسەوە کە زۆر لە تۆ جیاوازە دەنووسێت، هەندێک شت دەربارەی خۆت دەدۆزیتەوە و بە هەندێک شت دەگەیت کە سەرنجڕاکێشە.

**کەوایە بیرۆکەی یەکەم کتێبەکانی "جین سامێرز" بۆئەوە بوو کە تاوتوێی ئەو کەسانە دەربێنیت کە لە ئەدەبدا کار دەکەن.**

بەڵێ، ماوەیەکی زۆرە لە دامەزراوە و ناوەندە ئەدەبییەکان زۆر نزیکم. هەموو باشە و خراپییەکانیان دەناسم. بڵاوکەرەوەکان نین کە ئەوندە لێیان بێزارم، زۆرتر رەخنەگران و لێکۆڵەرانی کتێبەکانن کە بەوە گەیشتووم بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو هەڵسوکەوت و کارەکانیان پێشبینی دەکرێت. بەجوانی دەمزانی چی بەسەر ئەو کتێبانەدا دێت! بەرلەوەی دانی پێدا بنێم، لەگەڵ تەلەفزیۆنی کەنەدا وتووێژم هەبوو. پرسیاریان کرد: "لات وایە چی بەسەر ئەم کتێبانەدا دێت؟" وتم: "رەخنەگرە بەریتانیاییەکان دەڵێن کتێبی باش نییە". هەرواش بوو! تەنها چەند وتاری کورتیان لەسەر نووسین. لەم ماوەیەدا، کتێبەکە لە وڵاتانی تر بە باشی دەفرۆشرا.

**لە پێشەکی کتێبی "شیکاستا"دا نووسیوتە، لەباری دەستپێڕاگەیشتن بە هەموو جۆرە کتێبێک، خەڵک تێ ناگەن لە چ سەردەمێکی جیاوازدا دەژین. لە راستییدا تۆ لات وایە ئێمە خەریکین کلتووری کتێب خوێندنەوەمان دەفەوتێنین، ئەم دۆخە تا چەند بە مەترسیدار دەبینیت؟**

لەبیرت بێت من جەنگی دووەمی جیهانیم لەبیرە کە کتێب کەم بوو، کاغەز زۆر کەم بوو. بۆ من ئەوکات دەرۆشتمە کتێبفرۆشی و لە لیستەی ئەو کتێبانەدا کە چاپ ببوون، دەمبینی ئەو کتێبەی من دەمەوێت یان ئەوەیە هەر نییە یان زۆربەی کات پەیدا نابن، ئەو دۆخەی ئێستا وەک پەرجوویەک وایە. لەو دۆخە دژوار و سەختەی ئەوکاتدا، مرۆڤ نازانێت پێویستی بەم شتانە هەیە یان نا!

**هەست بە بەپرسایەتی دەکەیت کە وتنی ئەم پێشبینییانە لە چیرۆکبێژی و گێڕانەوەی باش جودا بکەیتەوە؟**

دەزانم خەڵک وەک کەسێک کە پێشبینی دەکات، چاو لێدەکەن، خۆیان دەیڵێن، بەڵام ئەو شتەی من دەیڵێم ئەو شتە نییە کە بۆ وێنە لە بیست ساڵی رابردوودا لە بڵاوکراوەی "زانای گەنج"دا باسی لێوە نەکرابێت. هیچ شتێک! ئەی بۆ بە من دەڵێن پێشبینیکەر و پێشگۆ، بەڵام بەوان ناڵێن؟

**تۆ باشتر دەنووسیت**

جا چی بڵێم، دەمویست بڵێم من سەرنجراکێشتر باسی لێوەدەکەم، لام وایە هەندێجار خۆم دەدەم لە شەپۆلێک- هەرچەند زۆربەی نووسەرەکان ئەم کارە دەکەن- دواتر دەتوانم رووداوەکان پێشبینی بکەم، بەڵام لاموانییە بە راستی کارێکی گرنگ بێت. من لامولیە ئەرکی نووسەر ئەوەیە پرسیار دروست بکات. حەز دەکەم ئەو کەسەی کتێبەکەم دەخوێنێتەوە، بەشێوەیەکی جیاواز بیر لە ئەدەب بکاتەوە. لام وایە نووسەرەکان هەر بەم شێوەیە بیردەکەنەوە. کاری ئێمە ئەوەیە. ئێمە هەمووکات بیر لەوە دەکەینەوە شتەکان چۆن کاردەکەن، چۆن روو دەدەن، ئەمە بەو مانایەیە ئێمە زۆر هەستیارین بەرامبەر بەو شتەی لە دەوروبەرمان روودەدەن.

**لەو ئەزموونانەی دەیەی ١٩٦٠ و بەکار هێنانی مادده وەهمزاکان و شتی لەوجۆرە، شتی وەهات بووە؟**

جارێک مێسکالینم(٦) بەکارهێنا. زۆرم پێخۆشە کە ئەو کارەم جارێک کرد، بەڵام ئیتر دووبارەم نەکردەوە. زۆر دڵرەق بوون بەرامبەرم. ئەو دوو کەسەی مێسکالینیان پێدام، زۆر خۆیان بە بەرپرس دەزانی! بەدرێژایی ئەو ماوەیە لە سووچێکەوە دانیشتن. بە مانایەکی تر، من لایەنی "میوانداری" کەسایەتی خۆمم دۆزییەوە، بە درێژایی ئەو ماوەیە خەریکبووم ئەزموونی ناخۆشی خۆم پێ پێشکەش دەکردن، بەم کارەم دەمویست تا رادەیەک خۆم رابگرم. ئەو کارەی کە دەبا بیکەن، ئەوە بوو کە دەبوو بڵێن تەنها بم. لاموایە دەترسان لە پەنجەرەوە خۆم بخەمە خوارەوە، بەڵام من لەو کەسانە نیم. دواتر زۆربەی کاتەکە دانیشتم و گریام و زۆریش گرنگ نەبوو، ئەو دوو کەسە رەنجان و ئەم شتە زۆرتر توورەی کردم. بەکورتی شتێکی سەرنجراکێش نەبوو و ئیتر دووبارەم نەکردەوە. دواتر کەسانێکم ناسی کەوتبوونە هەپەرووتێکی زۆر خراپەوە. تووشی وەهم و خەیاڵێکی سەیر ببوون. هاوڕێیەکم هەیە جارێک مێسکالینی بەکارهێنا و تەنها شتێک لەو بەکارهێنانە پێی گەیشت، خەوی ناخۆش بوو، کە بەردەوام دەیبینی. بۆ چەند مانگ شەوانە کە دەخەوت لە خەویدا سەری ئینسانەکان لە گەردنیان

جیادەبوونەوە و سەریان دەپەڕا و تلی دەخوارد و دەیقژیاند. زۆر ناخۆش بوو.

**زۆر سەفەر دەکەیت؟**

ناکرێت بەر بە سەفەرم بگریت.

زیاتر بەهۆی کارەوەیە؟

تەنها کار، ریکلام. دەزانیت نووسەرەکان بڕیارە کتێبەکەی خۆیان بفرۆشن! پێشکەوتنێکی سەیرە! با پێت بڵێم ئەمساڵ لەبەر بڵاوکەرەوەکان چوومەتە کوێ. چوومە ئیسپانیا، بەرشەلۆنە و مەدرید، هەڵبەت سەفەرێکی زۆر خۆش بوو. دواتر چوومە بەڕازیل و ئەو شتەی نەمدەزانی، لەوێ زانیم ئەویش ئەوە بوو کتێبەکانم لەوێ باش دەکڕن. دواتر چیرۆکە کەیهانییەکان. زۆریان پێخۆشە. دواتر چوومە سانفرانسیسکۆ. وتیان: "ئێستا کە لێرەی باشترە..." بڕۆیتە فلانە شوێن "باشتر وایە..." بڕۆیتە ئەوێ، بڕۆیتە کەناری زەریای پۆتلەند، چوویتە ئەوێ؟

**نا، هیچکات.**

ئەزموونێک بوو! لە سانفرانسیسکۆ کەسانێکی چێژخواز، بەرژوەندیخواز، مەجلیس خۆش و شیکپۆش دەژین. دوای یەک کاتژمێر بە فڕۆکە ڕۆیشتن، دەگەیت بە شارێکی زۆر وشک و بێ ڕۆح کە ناتوانیت هەست بە ئارامش بکەیت لەگەڵیان. زۆر سەیرە. تەنها تۆزێک لەسەرەوەی کەنار دەریاوە. ئەمریکای لێیە. دواتر بۆ جاری دووەم ڕۆیشتمە فینلاند. فێنلاندییەکان باشترین کتێبفرۆشییەکانی دونیایان هەیە. کتێبفرۆشییەکانیان زۆر سەرنجڕاکێش و گەورەن، دەڵێن لەبەر ئەوە نییە شەوەکانیان درێژ و تاریکە! ئێستاش کە لە خزمەت ئێوەدام. دواتر دەڕۆم بۆ برایتۆن بۆ کۆنڤانسیۆنی چیرۆکە زانستی-خەیاڵییەکان. دواتر لە ئیتاڵیا خەڵاتێکم پێدەدەن بە ناوی خەڵاتی "مۆندلۆ" کە لە سیسیل پێم دەدرێت. وتی: "باشە بۆچی سیسیل؟" ئەوان زۆر وشک و فەرمی وەڵامیان دایەوە "هەڵبەت خۆ دەزانیت سیسیل لەبەر مافیاکان وێنایەکی خراپی هەیە..."، بەکورتی دەڕۆمە سیسیل و دواتر بەدرێژایی زستانەکە دادەنیشم و دەنووسم.

**بیستوومە لەگەڵ فیلیپ گلاس لەسەر ئۆپێرایەکی کەیهانی کار دەکەیت؟**

هەندێک شت ڕوودەدات بۆ کتێبەکان و هەندێک پێشهات دێتە ڕێیان کە سەرسووڕهێنەرن! کێ بیری لەوە دەکردەوە "خولقانی نوێنەرێک بۆ ئەستێرەی ژمارە هەشت" ببێت بە ئۆپێرا؟ لاموایە سەیرە.

**دەی چۆن بوو؟**

فیلیپ گلاس نامەیەکی بۆ نووسیم و وتی دەیەوێت ئۆپێرایەک بە پێی ئەو کتێبە دروست بکات و دواتر یەکترمان بینی.

**پێشتریش لەگەڵ مۆسیقای فیلیپ گلاس زۆر ئاشنابوویت؟**

نا، هیچ ئاشناییەکم نەبوو. ژمارەیەک لە بەرهەمە مۆسیقییەکانی خۆی بۆ ناردم. ماوەیەکی خایاند تا ئەوەی گوێم لەگەڵ مۆسیقاکەدا راهات. کە گوێم بۆ رادەگرت چاوەڕوانی ئەوە بووم درێژەکەی شتێکی تر بێت. لێم تێ دەگەیت چی دەڵێم؟ دواتر بۆ جارێکی تر یەکترمان بینی و هەموو شت بە باشی دەچووە پێش کە بەم هەموو جیاوازییەوە، سەیرە، ئێمە تەنانەت لەسەر رستەیەکیش نەکەوتینە ئەزیەتەوە، وا نەبوو. فیلیپ گلاس پێی وتم کتێبەکەی بەدڵ بووە و لاموایە حەقی بوو، لەبەر ئەوەی لەگەڵ مۆسیقاکەیدا دەهاتەوە. ئێمە یەکتر دەبینین، دیداری کورت، رۆژێک لێرە، رۆژێک لەوێ. لەسەر کارکردن لەگەڵ یەکتر قسە دەکەین و بڕیار دەدەین چی بکەین و چی نەکەین. من لیبرتۆم نووسی.

**پێشتر هیچکات ئەم کارەت کردبوو؟**

نا، لەگەڵ مۆسیقادا نا.

**مۆسیقاکە ئامادە بوو و کارەکەت بە مۆسیقاوە دەستپێکرد؟**

نا، کارەکەمان بە دەقەکەوە دەستپێکرد. تا ئێستا شەش حیکایەت لە چیرۆکەکە ئامادەکراوە، لەبەر ئەوەی بەپێچەوانەی ئەو کارانەی کە تا ئێستا کردوویەتی، دەقی ئەم ئۆپێرایە چیرۆکە...

هەرکات بەشێک تەواو دەبێت، فیلیپ گالاس مۆسیقاکەی دروست دەکات، دەڵێت لێرەدا شەش رستەی زیاترم دەوێت، دەمەوێت لەوێ سێ رستە، بەکورتی مشتومڕێکی خۆشە.

**دەکرێت دەربارەی کاری دواترت قسە بکەیت؟**

بەڵێ، کتێبی دواترم کتێبێکی بچووکە، کورتەچیرۆکێک کە خەریکە پەرە دەستێنێت. زۆر سەیرە لە بەریتانیا رۆمانی کورتیان زۆر پێخۆشە. لێرە لە ئەمریکا زۆر پەسەند نییە. خەڵک لێرە کتێبی قەبەیان پێخۆشە، بەوەی ئەو پارەیەی پێی دەدەن، بهێنێت، ئەم رۆمانەم دەربارەی بنەماڵەیەکی زۆر ئاساییە

که دێوێک لە ماڵەکەیان لەدایک دەبێت. چیرۆکێکی ریالیستییە. بیرۆکەکەیم لە دوو شوێن وەرگرتووە. یەکێکیان لە نووسەرێکی زۆر سەرکەوتووەوە بە ناوی "لۆرین ئایزلی". شانۆنامەیەکی نووسیوە، ناوی شانۆنامەکەم لەبیر نییە، بەڵام لەو شانۆنامەیەدا کەسێک، خۆرئاوابوون لە جادەیەکی گوندی لە کەنار دەریا پیاسەی دەکرد کە کوتوپڕ کچێکی نیاندرتاڵ دەبینێت، کچە دێهاتییەک لە گوندێک. ناتوانێت هیچی لێ بپرسێت. رووناکیش ئەوەندە نییە کە بتوانێت بە باشی بیبینێت، تەنها ئەوە دەزانێت کچێکی خرتەڵەیە کە پشتی کۆم بۆتەوە. نووسینێکی دڵتەزێن کە کاریگەری تەواوی لەسەر خوێنەر هەیە. ئەم نووسینە لە زەینمدا مایەوە، بەخۆم گوت: "ئەگەر دەکرێت دەربارەی نیاندرتاڵەکان بنووسین، ئەی بۆچی ناکرێت دەربارەی کرۆمگنۆنەکان بنووسین؟ یان مرۆڤە زۆر بچووکەکان یان جندۆکە، لەبەر ئەوەی ئەم بوونەوەرانە لە سەرجەم کلتوورەکاندا هەن". سەرچاوەکەی ترم کە ئەم رۆمانەم لێوەرگرت نووسینێکی زۆر تاڵ و دڵتەزێن بوو لە گۆڤارێکدا. خاتوونێک نووسیبووی، ئەمە نەنووسم شێت دەبم. لاموایە نووسیبووی سێ منداڵی هەیە. منداڵە بچووکەکەی کە ئەودەم حەوت هەشتساڵی تەمەنی بوو، بە دایکی وتبوو، شەیتان لە دایکبووە، وای نووسیبوو. ئەم بەچکە شەیتانە جگە لەوەی رقی لە چواردەورەکەی خۆی و کەسانی دەورووبەری خۆی بوو، هیچ کارێکی تری نەبوو. هیچکات کارێکی وەک خەڵکانی ئاسایی نەکردووە، لەوانە پێ بکەنێت یان شاد بێت. ببوو بەهۆی لەناوچوونی بنەماڵەکە لەبەر ئەوەی دەبێت بەهۆی بێزاربوونی هەمووان: "شەوانە دەڕۆمە ژوورەکەی و لەخەودا چاوی لێ دەکەم و لە حاڵێکدا کە خەوتووە ماچی دەکەم، لەبەر ئەوەی ئەوکاتەی بەئاگایە کەس ناتوانێت و ناوێرێت ماچی بکات". بەکورتی ئەم شتانە لە چیرۆکەکەی مندا هاتووە و بابەتی سەرەکی دەربارەی ئەم دێوە ئەوەیە کە بەتەواوی وەردەگیردرێت، دێوێکی ئاساییە. تەنها ئەوەی هەیە ئێمە ناتوانین خۆمان لەگەڵیدا بگونجێنین.

**زنجیرەی چیرۆکە کەیهانییەکان بەردەوامە؟**

بەڵێ، لەبیرم نەکردوو، ئەگەر دوایین کتێبت خوێندبێتەوە "بریکارانی سانتی مانتاڵ" کە چیرۆکێکی زانستی-خەیاڵی نییە و لە راستییدا تەنزە، بەشێوەیەک تەواو بووە خوێنەری بەرەو بەرگی دواتر دەبات(٧). لە کتێبی دواتردا من ئەم بریکارە زۆر ساویلکەم... ناوی ئەستێرە شەڕەکە چی بوو؟

شمات؟

بەڵێ، بەڵێ، دەینێرم بۆ شمات بۆ ئەوەی هەموو شتێک چاک بکات. نووسین دەربارەی شمات زۆر دژوارە، لەبەر ئەوەی نامەوێت لە گۆی زەوی بچێت! کارێکی وای ناوێت! پلۆتەکەم هەیە، تەنها تۆنێکم دەوێت، لێم تێدەگەیت؟

**زۆر بەشداری دەکەیت لە دانیشتنی خوێندنەوەی کتێبەکەتدا؟**

نا زۆر، ئەوکاتە دەڕۆم داوام لێ بکەن. لە فینلاند داوایان نەکرد. لەبیرم نییە کەی بوو دوایین جار داوایان لێکردم لە دانیشتن و کۆڕێکدا ئامادە بم بۆ خوێندنەوەی بەرهەمەکانم. ئای، هاتەوە یادم، ساڵی پار بوو لە ئەڵمانیا. ناخۆشترین سەفەری تەمەنم بوو. شوێنێک لە ئەکادیمیا لە ئەڵمان بانگکرابووم. لەوێ وتم: "من دەمەوێت وەک پێشترم کار بکەم و کاری هەمیشەییم بکەم، چیرۆکێک دەخوێنمەوە، دواتر وەڵامی پرسیارەکان دەدەمەوە". وتیان: "هەی هوو، تۆ چاوەڕوانی ئەوە نەبێت خوێندکارەکانی ئێمە پرسیار بکەن". وتم: "تەماشا چاوەکەم، ئەوە بسپێرە بەخۆم، خۆم دەزانم چی دەکەم". بەکورتی، دواتر هەر بەو شێوەیە چووە ڕێوە کە تایبەتی خودی ئەڵمانییەکانە. کاتژمێر چوار لەوێ بووین بۆ ئەوەی ئەو دانیشتنەی کە سەعات هەشت بەڕێوە دەچێت، شی بکەینەوە و ڕێکی بخەین. نەیاندەتوانی هیچ ناڕوونییەک قبووڵ بکەن- نا، بەڕاستی تاقەتی هیچ ناڕوونی و بێ بەرنامەییەکیان نەبوو. پێیانم گوت: "بێڵن کارەکان خۆیان بچنە پێش". هۆڵی وتاردانەکە زۆر گەورە بوو و من چیرۆکەکەم بە ئینگلیزی خوێندەوە و دواتر هەموو شت بە باشی چووە پێش، زۆر باش. وتم: "زۆر باشە پرسیارەکانتان بپرسن". دواتر ژمارەیەک مامۆستای نەخوێندەوار دەستیان کرد بە وەڵامدانەوە بە پرسیارەکان و مشتومڕ لەنێوان خۆیاندا دروست بوو، بە ڕستەی زۆر درێژ و پرسیاری بێزارکەرەوە، بەشێوەیەک کە سەرەنجام ئامادەبووان ماندووبوون و ڕۆشتنە دەرەوە. خوێندکارەکان لەناو کریدۆرەکەدا پرش و بڵاو ببوونەوە و کە یەکێک لە مامۆستاکان ڕستەیەکی دووورودرێژی تەواو کرد، کوڕێکی گەنج هاواری کرد: "وێر، وێر، وێر، وێر". منیش بە بێ سەرنجدان بە هەستی مامۆستاکە وتم: "من بە پرسیاری ئینگلیزی ئامادەبووان وەڵام دەدەمەوە". بەکورتی گەڕانەوە و لە شوێنەکەیان دانیشتن و هەموو شت بەباشی چووە پێش، پرسیاری زیندوو و باش. زۆر باش بوو! مامۆستاکان زۆر تووڕە ببوون، وڵاتی ئەڵمانیاش هەر بەو شێوەیە. مامۆستا ئەڵمانییەکان لە هەموو شوێنێک خراپترن.

**بەم دواییانە چویتە بەلای نووسینی بابەتێکەوە کە چیرۆک یان رۆمان نەبێت؟**

تەنها کتێبێکی بچووک، کتێبێکم نووسیوە دەربارەی دۆخی ئەفغانستان. رۆیشتمە ئەفغانستان و کەمپی پەنابەرەکانم بینی، لەبەر ئەوەی بەزۆری لە لایەن رۆژنامەکانەوە پیاوەکان دەرۆنە ئەفغانستان و بەهۆی ئیسلام و نەریتە ئیسلامییەکانەوە ئەو پیاوانە ناتوانن لەگەڵ ژنەکان قسە بکەن. کەوایە ئێمە زیاتر کاتی خۆمان دانا بۆ ئەوەی لەسەر ژنان کار بکەین و لەگەڵ ئەوان قسە بکەین. ناوی کتێبەکە "با وشەکانی ئێمە لەگەڵ خۆی دەبات"ە کە لە قسەی یەکێک لە شەڕکەرەکانەوە وەرگیراوە کە وتوویەتی: "ئێمە هاوار دەکەین و داوای یارمەتی دەکەین، بەڵام با وشەکانی ئێمە لەگەڵ خۆی دەبات".

**تۆ کەسێکی بیانی بوویت و ماوەیەکی کەم لەو وڵاتەدا مایتەوە، نیگەران نەبوویت چۆن پشت بە بابەتە دووردرێژەکەی تۆ دەبەستن؟**

مەگەر ئەو رۆژنامەنووسانەی بۆ ماوەیەکی کورت سەردانی وڵاتێک دەکەن نیگەرانی ئەوە هەن بەوەی بابەتەکەیان دەبێت بە سەرچاوە؟ بەڵام دەربارەی خۆم، رەنگە زۆر زیاتر لە زۆربەی رۆژنامەنووسەکان بۆ ئەم سەفەرە خۆم ئامادە کردبوو و ئاگاداری دۆخی ئەوێ بووم. چەند ساڵ شتم خوێندەوە بۆ ئەوەی ئەفغانەکان و پاکستانییەکان بناسم (لە کتێبەکەدا زۆر بە روونی باسم لێوە کردووە) لەم ماوەیەدا کەسانێکم بینی کە بە فارسی قسەیان دەکرد، رۆژنامەنووسەکانی تر ئەو خاڵە پۆزەتیڤەیان نەبوو، یانی نەیاندەتوانی بە فارسی پەیوەندی بکەن بەو خەڵکەوە.

**شێوەی راپۆرت نووسینی تۆ لەو کتێبەدا لەلایەن رۆژنامەنووسە ئەمریکییەکانەوە رەخنەی لێ دەگیرێت، تۆ بەوە تاوانبار دەکەن سەفەرەکەتان بۆ ئەفغانستان لە لایەن رێکخراوە تایبەتەکان و لایەنگری ئەفغانستانەوە رێکخراوە، تۆ چیت هەیە لە وەڵام بەوان؟**

ئەمە لەو جۆرە رەخنانەیە کە زیاتر لە جۆری رەخنەی چەپی دەچێت و کە توند قۆپچەکانیان دادەخەن، دەنگیان بەرز دەبێتەوە، ئەو کەسانەی کە لاموانییە کەس چاوەڕوانی ئەوە بێت من بە هەندیان وەربگرم و گرنگیان پێبدەم، لەبەر ئەوەی زۆر بە روونی لە کتێبەکەدا باسم لەوە کردووە هیچ رێکخراو و دامەزراوەیەکی سیاسی ئەم سەفەرەی رێک نەخستووە. من بۆ گرووپێک بەناوی "رزگاری ئەفغان" کە هاورێکانم رێکیان خستووە و خۆشم یەکێکم لەوان، سەردانی ئەفغانستانم کردووە. ئەم گرووپە یارمەتی دا چەند کەس لە ئێمە سەردانی

پاکستان بکەین، بەڵام یارمەتی ماڵی پێ نەداین. من تێچووی سەفەرەکەی خۆم دا، ئەوانی تریش هەروەها. مەبەست لە "رزگاری ئەفغان" پەیوەندی نزیک گرتنە لەگەڵ ئەفغانەکان، هەم ئەوانەی لە تاراوگەن و هەم ئەوانەی لەناو ئەو وڵاتەدا دەجەنگن و ئەوانەش کە لە لەندەن دژین و راوێژکاری ئەم پلانەن. ئەم ئەفغانانە هاورێیانی خۆمن وەک کەس نەک هاورێیانی سیاسی. "رزگاری ئەفغان" تا ئێستاش پێنییەکی سەرف نەکردووە بۆ کاروباری ئیدارییی، هەموو یارمەتی و پشتیوانییە مادییەکان لێرە و لە پاکستان بە شێوەی خۆویستانە بووە. باشتر وایە روونی بکەمەوە: هیچ کەس جگە لە ئەفغانەکان لە "رزگاری ئەفغان" سوودمەند نابێت.

**رستەیەک بۆ کتێبەکانی "جین سامێرز" بەکار دەبەیت "ئەگەر گەنجەکان دەیانزانی\ ئەگەر بەساڵاچووەکان دەیانتوانی..." حەزت دەکرد هەندێک کارت بەشێوەیەکی تر ئەنجام دەدا؟ دەتەوێت ئامۆژگاری کەسانێک بکەیت؟**

ئامۆژگاری نا... بابەتی سەرەکی ئەوەیە کەس ناتوانێت باوەڕ بکات لەم بوارەدا هەموو شت کلێشەیە. هەموو شت دووبارەیە، بەمەشەوە مرۆڤ باوەڕ ناکات پیر دەبێت. خەڵکیش لەوە ناگەن چەند بە خێرایی پیر دەبن، کات زۆر زوو تێپەڕ دەبێت.

**پەراوێزەکانی بەشی دووەم:**

٥-Jane somers

٦-مێسکالین (mescaline) ماددەیەکی سڕکەری وەهمزا. و- فارسی

٧-کتێبەکە لە ناوەڕاستی رستەیەکدا تەواو دەبێت.

**سەرچاوە:**

کتێبی: "گفتگو با یازده زن نویسنده"

مترجم: مهرشید متولی

# شوتی گەرم



عەلی ئەشرەفی دەرویشیان
و. مەجید ساڵح

بە نینۆک ناوە جوانەکەت لە سەرووی ناوی خۆمەوە هەڵدەکۆڵم. هەوڵدەدەم دەستخەتم وەک دەستخەتی تۆ جوان بێت. دەنووسم "شوهرە". ئێستا شوهرە و سیاوەش پێکەوە دانیشتوون.

ئەو کاتەی شەو دەموچاوی بە قیر دەشوات و عەبای رەشی بێدەنگی لەسەر دەکات، رادەکشێم و وەک سەرین دەیخەمە ژێر سەرمەوە. گۆنام دەچەسپێنمە سەر ناوە جوانەکەت و بە فرمێسکەکانم تەڕی دەکەم. فرمێسکەکان بە تەنیشتییەوە شۆڕ دەبنەوە و دەچکێنە سەر زەوی. نازانم تاکەی دەتوانم لەگەڵ خۆمدا هەڵی گرم. نازانم تاکەی دەتوانێ دڵم خۆش کات، خەمڕەوێنم بێت و دەردەدڵی لەگەڵدا بکەم و تەنیایمی لەگەڵدا بەش بکەم و یادگارییەکانی جارانی بۆ بگێڕمەوە. دوو هەفتەیە پێکەوەین، چواردە شەوی رەبەقە. "مهران" کە لە پاڵمدا راکشاوە، بە گاڵتەوە دەڵێ "پێم ناڵێی کەی دەیشکێنی؟ دەترسم خراپ ببێت و بە ناچاری دیاری دەزگیرانەکەت فڕێ بدەی".

نەخێر، هیچ کات فڕێی نادەم. تا پێم بکرێت هەڵی دەگرم، چونکە دەستە ئازیزەکانی تۆی بەرکەوتووە. تۆ ئەوەت لە فرۆشیارێک کڕیوە. لە باوەشت گرتووە. بۆنی تۆی لێدێ. بۆنی عەترە سەرمەستکەرەکەی تۆی لێ دێت. بە

تەنیشتتەوە بووە. لەوانەیە خستبێتتە سەر رانت. وەک مندالٚ. وەک مندالٚی ئایندەمان کە دەمەوێ ناوی بنێم "سپێدە" یان "سهراب". لەوانەیە لەباوەشت گرتبێ و چەسپاندبێتە سینەتەوە. وەک ئەو دەمەی بتەوێ شیر بە سپێدە و سهراب بدەی. ماندوو بوویت و لەسەر کورسی ئەو ئوتۆمبێلەی کە تۆی بۆ مواجهە هێناوە داتناوە. بە تەنیشتەوە دانیشتووە و توێکلٚەکەی ئاشنای دەنگە نازەنینەکەی تۆیە. کە هەناسەیەکت هەلٚدەکێشاوە، لەسەر توێکلٚەکەی تۆمار کراوە. بە دلٚنیاییەوە تۆمار کراوە. کاتێک گوێ دەخەمە سەری، هەموو شتێک دەژنەوەم، دەلٚێن بەسەر ئەو گۆزانەی کە هەزاران سالٚە بەجێماون، دەنگی کرێکارە گۆزەگەرەکان بەجێماوە. من بە هەموو هەستمەوە بە گیانی پەرێشانمەوە لەسەر توێکلٚی شوتییەکە گوێم لە دەنگی تۆ دەبێ. دەنگی تۆی شوهرەی نازەنینم.

دوێنێ شەو هاتیتە خەوم. هەردووکمان لە دورگەیەکی بچووکدا پێکەوە دانشتبووین. تەنورە شینەکەت ببووە دەریایەکی پان و بەرین و هەرچواردەوری دابووین. لۆچی تەنورەکەت شەپۆلی دەدا و کەناری دەریاکە دیار نەبوو. پێم وتی "شوهرە، ئاگاداربە تەنورەکەت هەلٚنەکەیت بۆ ئەوەی دەریایەک بەو جوانییە لەناو نەچێ". کە تەماشام کردی غەمگین دیار بووی، ئەوەندە غەمبار بوویت نەمتوانی روخسارە شیرینەکەت ماچ بکەم. شوتییەکە لە پێشماندا بوو. ویستم بیشکێنم. کە چەقۆکەم خستە سەر توێکلٚەکەی، دەنگێک لەناو شوتییەکەوە هاواری کرد "ئاخ. لێرە نا!" ترسام و نوکی چەقۆکەم خستە شوێنێکی دیکە. شوتییەکە وتی "ئاخ. لێرەش نا!". خستمە شوێنێکی دیکە. ئاخی نەکێشا و دەنگ نەبوو. کردم بە دوو لەتەوە. لە ناکاو کورٍ و کچێک لە شوتییەکەوە هاتنە دەر. یەکێکیان وتی "سلاٚو دایە من سهرابم". ئەوی دیکەشیان وتی "سلاٚو باوە من سپێدەم". هەردووکیانمان لە باوەش گرت، سپێدە لە باوەشی من و سهراب لە باوەشی تۆ. نازانم چۆن بوو سهراب و سپێدە لەسەر توێکلٚی شوتییەکە دانیشتن و بە سەر شەپۆلەکانەوە دورکەوتنەوە. تۆ دەستت بە گریان کرد و دەستت کرد بە هەلٚکردنی تەنورەکەت بۆ ئەوەی شەپۆلی دەریاکە نزیککەیتەوە. بە هەردووکمانەوە لە هەولٚی کۆکردنەوەی تەنورە شینەکەی تۆدا بووین، سودی نەبوو. گەرامەوە تا سەیرت بکەم، دیار نەمابووی. تەنورە شینەکەت نەمابوو و خۆم تەنها بوم. خەریک بوو دەخنکام. پرخەپرخم بوو، لە خەو هەستام. شوتییەکە لەژێر سەرمدا بوو و مهران پرخەی خەوی دەهات. بیرم کەوتەوە لە زینداندام و خەمی دونیا دایگرتم.

من و مهران بە تەنیشتی یەکەوەین. ئەویش وەک من ئومێدی بەوە هەیە بەم زووانە بەر دەبێ. ئەویش وەک من شتێکی وا گرنگ لە دۆسێکەیدا نییە. دوێنێ شەو دە کەسیان لە ژوورەکەی ئێمە برد و دەمەوبەیان گوێمان لە دەنگی گوللە

و تیری بەزەیی بوو. بەڵێ، هەر دوێنێ شەو.
مهرانیش وەک من دەزگیرانداره و دەیەوێت دوای ئازادبوون زەماوەند بکات. هەر وەک من. ئەو دەڵێ "لە دۆسیێکەمدا شتێکی وا گرنگ نییە. هاوڕێیەکم هەبوو هەڵهاتووە. سەبارەت بەو داوای زانیاری لە من دەکەن. هاوڕێی سەردەمی دواناوەندیم بوو. ماوەیەکی زۆرە هیچ هەواڵێکی نازانم. گوشاری زۆرم لێ دەکەن تا شتێک لە بارەیەوە بزانن، ئێستاش کە هیچیان دەست نەکەوتووە، دەیانەوێ چەند دێڕێک بنووسم تا ئازادم کەن. من کە هیچم نەکردووە، چی بنووسم؟".
سەرم دەخەمە سەر شوتییەکە و بیر لەو ڕۆژانە دەکەمەوە کە لەگەڵ تۆدا بووم... ڕۆژانی ڕابردووم بیر دەکەوێتەوە. بیری ئەو ڕۆژانە دەکەمەوە کە پێکەوە دەچووین بۆ سینەما. بژی زاپاتا، مەشخەڵی ئاگر، بەدەم باوە و پاش سینەما تۆ تا چەند ڕۆژێک ڕۆ دەچوویتە ناو کاراکتەری ژنەکانی فیلمەکان و ڕۆڵی ئەوانت بۆم دەبینی.
دەست لە نامەکەت دەدەم. چاوەکانم دادەخەم. فرمێسکەکانم دەبارێتە سەر توێکڵەکەی و لەوێوە دەچکێتە سەر زەوی.
مهران دەڵێ "نازانم بۆ ئازادم ناکەن. ئەوە بۆ شەش مانگە لەم دۆخەدام. تەنها تاوانم ئەوەیە هاوپۆلی کەسێکم کە ڕۆژگارێک لە سەر تەختێک پێکەوە دانشتووین. وێنەمان پێکەوە هەیە. وەک هەموو هاوپۆلەکانی دیکە. لە ڕێگەی ئەو وێنەیەوە منیان دۆزییەوە. ئەوە لە کاتێکدایە ماوەیەکی زۆرە ئاگام لێی نییە. نازانم بۆ کوێ چووە. چی بەسەر هاتووە. دەڵێن بنووسە کە پەشیمانی. لە چی پەشیمان ببمەوە؟! لە هاوپۆلی لەگەڵ ئەودا. لەوەی کە لەسەر یەک تەخت دادەنشتین و کەسێک وێنەمانی گرتووە. لەوە پەشیمان ببمەوە؟ من چوزانم ئەو چ بەرنامەیەکی هەبووە... نە. نە من هەر هیچ شتێک نانووسم".
سەرم دەخەمە سەر شوتییەکەم. لەگەڵیدا دەکەومە قسەکردن. ئەویش لەگەڵمدا قسە دەکات. بە مهران دەڵێم منیش تاوانم نییە. ڕۆژێک وا بڕیارم دابوو لەگەڵ دەزگیرانەکەمدا بچم بۆ سینەما. کە لە ماڵ هاتمە دەرەوە، بینیم چەند کەسێک "کاوە"ی دراوسێمان بە زۆر دەبەن. ئەویش خۆی نەدەدایە دەستەوە. نەدەڕۆیشت. چوار کەس قۆڵیان گرتبوو و ڕایان دەکێشا و بەرەو ئەو پاترۆڵەی کەناری شەقامەکەیان دەبرد. من ڕاوەستابووم سەیرم دەکردن. کاوە مشتێ ئێسقان بوو. زۆر لەڕ و لاواز بوو. سپیلکانەیەک بوو. ئەوان هاتن و منیشیان گرت و هەڵیاندامە ناو پاترۆڵەکەیان. چاویان بەستم و ئەوە ساڵێکی تەواوە لێرەم. تاوانم چی بوو؟ سەیرکردن. دەڵێن بۆ لەوێ وەستابووی و سەیرت دەکرد؟ بۆ لە سەیرکردنەکەتا شتێکی ناماقوڵ دیاربوو؟ دەبێ پێمان بڵێی بەو سەیرکردنە

چیت دەویست.

ئاه ئەو شتە ناماقوڵە دۆسێکەمی قورس کرد و خستمییە ئەو ڕۆژە ڕەشەوە.

ئەمشەو پازدەیەمین شەوە کە شوتییەکەم خستۆتە سەرینم. مهران ڕاست دەکات. ئەگەر لەتی نەکەم خراپ دەبێ. سبەی بۆ نیوەڕۆ دەیشکێنم. بە جۆرێک دەیشکێنم ناوی هەردووکمانی بەر نەکەوێ. دەتوانم ئەو بەشەی بۆ ماوەیەک هەڵگرم. دەیخەمە ژێر سەرمەوە. وەک یادگارییەکی گرانبەها.

نیوەشەو دوو نەفەر دێن و ناوی دەکەس دەخوێننەوە. ناوی من و مهرانیش لە ریزی ناوەکاندا بوو. دەڵێن خۆتان بۆ سبەی ئامادەکەن. دیارە بڕیاریان داوە شوێنەکانمان بگۆڕن. هیچی دیکەم بە خەیاڵدا نایەت. دڵم لێی داوە. سەیرێکی مهران دەکەم. بێ دەنگە. خەیاڵ بردوویەتی. لە شتێکی دوور دەڕوانێ. خەمێکی گەورە بە روخسارییەوە دیارە. دەستێک بە شوتییەکەدا دێنێ و بە ئارامی دەڵێ "تەمەنی ئەمە لە ئێمە زیاتر دەبێ".

دەنگی پیاکێشانی دەرگا ئاسنینەکە لە جێگەکەم دامدەپەڕێنێ. هەر سی کەسەکەی دانیشتووی ژوورەکە لە خەو رادەپەڕن و لە سەر جێگەکانیان دادەنیشن. جارێکی دیکە ناوەکان دەخوێننەوە. هەر دە کەسەکەمان بە یەک ریز لە ژوورەکە دەچینە دەرەوە.

شوتییەکەم خستووەتە ژێر باڵمەوە. بۆ هەرکوێم بەرن لەگەڵ خۆمدا دەیبەم. بەجێی ناهێڵم. ناهێڵم بە تەنها بێت. لەبەر خاتری ناوی ئەو کەسە ئازیزەی لەسەری نووسراوە، خۆشم دەوێ، دوای یەک ساڵ ئەوە تەنها یادگاری شوهرەیە. دەکەومە رێ، مهران لە پێشمەوەیە. سەری بەرز گرتووە. بایەکی فێنک یاریی بە پرچی دەکات.

توند باوەشم بە شوتییەکەدا کردووە بۆ ئەوەی نەلەرزم. گەرمییەکەی ناهێڵێ لەشم بلەرزێت. هێشتا خەو بەری نەداوم. نازانم سەعات چەندە. کەس ورتەی لەدەم نایەت، دەنگی پێیەکان و هەناسەکان، ئەو دەورەیان گرتووە. چەند جارێک پێم لە بەردەکان هەڵدەکەوت. خەریک بوو بکەوم. خەریک بوو شوتییەکە لە دەستم بەربێتەوە. توند لە باوەشی دەگرم. وەک گیانی شیرین دەیگوشم بە سینەمەوە.

-بوەستن.

لەودیو شاخەکانەوە، دەمێکی نادیار ئارام ئارام فوو لە رووناکییەکی کز دەکات بەرەو رووی ئێمە. ئاسمان رەنگی خۆڵەمێشی لەخۆ دەگرێت. کە سەیری پێشەوە دەکەم کابرای موحەقق بە باڵا کورتەکەیەوە دەبینم لە بەردەممان راوەستاوە. فرمان بە پاسەوانە تفەنگ بەدەستەکان دەدا لە بەردەمماندا لەسەر چۆک بوەستن.

نازانم دڵی منە ترپە ترپییەتی، یان دڵی شوتییەکەیە.

لەپڕا کابرای موحەقق سەرنجی من دەدا:

"هێی گێل دەتەوێ ئەو شوتییە بۆ کوێ بەری؟".

دەداتە قاقای پێکەنین. پێکەنینێک کە خەریکە بکەوێتە سەر پشت. کڵاوەکەی لەسەری بەر دەبێتەوە. پاسەوانێک هەڵی دەگرێت و بە دوو دەست پێی دەیداتەوە، بەڵام ئەو هێشتا پێکەنین بەری نەداوە و دەڵێ "هەی داماو شوتییەکە بۆ کوێ دەبەی!".

ورگە زلەکەی لەبەر پێکەنین شەپۆل دەدا. بە لەپی دەستی فرمێسک و کەفی دەمی پاک دەکاتەوە.

بە پاسەوانێک دەڵێ "کلکی بگرن و لە ریزەکە فڕێی دەنە دەرەوە"، بە دەم قاقاوە دەڵێ "ئەو بێچارەیە بوو بە مایەی خۆشحاڵیمان!".

پاسەوانێک دێت و قۆڵم دەگرێت و لە ریزەکە رامدەکێشێتە دەرەوە. شوتییەکە بەر نادەم. موحەقق دەڵێ "بڕۆ ونبە! بڕۆ! مەلعون بڕۆ ونبە. وازی لێ بێنن با بڕوات". بە ترس و دڵەڕاوکێوە، بە دەم ترپەترپی دڵمەوە، بە لەپەلەپ دەکەومەڕێ. پاسەوانەکە لەوێ دوورم دەخاتەوە.

لە دوورەوە گوێم لە دەنگی گوللە دەبێ. بە پەلە دەگەڕێمەوە. هاوژوورییەکانم لەسەر زەوی دەتلێنەوە. لەناو مهران و ئەوانی دیکەدا جێگەی من خاڵییە. ئەو لەسەر زەوی کەوتووە و پرخەپرخییەتی.

فرمێسکەکانم دەکەونە سەر شوتییەکە و لەوێوە دەچکێنە سەر زەوی. پێکەوە دەگرین.



# دووفاقە

ن: نادر ابراهیمی
و.یوسف عەلی پور

ئێمە دوو موسافیر بووین، یەکمان لە خۆرهەڵاتەوە هاتبوو و ئەوی دیشمان لە خۆرئاواوە.

ئێمە دوو موسافیر بووین، من لە خۆرهەڵاتی پیرۆزەوە هاتبووم و ئەویش لە خۆرئاوای سارد و سڕەوە.

ئەو باری شەرابی پێ بوو و من بە دوای شەرابدا دەگەڕام.

ئەو شەراب فرۆش بوو و منیش مشتەریی راستەقینەی کاڵاکەی ئەو بووم.

هەردووکمان دەچووینە شارێک.

هەردووکمان دەچووینە میوانخانەیەک.

هەردووکمان بۆ لای یەکتری هاتبووین.

لەبەر ئەوەی کە دوانیوەڕۆ سەرخەوێکمان شکاندبوو و ماندوویەتی رێگا دووروودرێژەکەمان لە لەشمان دەرکردبوو،

شەو هەردووکمان چووین بۆ چایخانە.

لە بەرامبەر یەکتری دانیشتین.

لێکمان روانی و

زانیمان کە هەردووکمان لەو شارەدا غەوارەین و

کەس ناناسین.

بانگم کرد چایەکم لەگەڵ بخواتەوە و

باسی شار و زێدی خۆیم بۆ بکات.

دانیشتین و چایمان خواردەوە

گەلێک قسەی کرد و گەلێک قسەشی بیست.

کاتێک سەری قسەمان گەرم کرد، وتم داخوا بۆچی هاتووە و
بۆچی هاتۆتە غوربەت؟
ئەویش، ڕەنگە لەبەر ئەوەی کە پێی شەرم بوو بڵێ شەراب فرۆشم،
وتی حەوت باری پێستی ڕێوی لەگەڵ خۆی هێناوە.
منیش، ڕەنگە شەرمەزار لە مشتەری بوونی شەرابم لە بەرامبەر ئەودا،
کە کاڵایەکی پڕ بایەخی لەگەڵ خۆیدا هێنابوو وتم: پیرۆزەی خۆرهەڵاتیم هێناوەتە بازاڕ.
دیسانەوە کۆڵێک لەگەڵ یەکتری دواین.
تا درەنگانی شەو هەر خەریکی قسەکردن بووین.
من کە لەو فرتوفێڵەم زۆر دڵتەنگ بووم، چوومە سەر جێگەکەم، بەڵام تا بەیانی خەوم لێ نەکەوت.
ڕۆژی دواتر هەموو شار گەڕام و
داوای شەرابم لە هەموو کەس کرد
بەڵام تێگەیشتم کە لەو دەڤەرە نە هیچ کەسێک شەراب دەفرۆشێت و نە کەسیش مشتەری شەرابە.
شەو کە داهات، ماندوو و هیلاک گەڕامەوە و لە چایخانەکە دانیشتم.
سەرم خستە ناو هەر دووک دەستمەوە و گریام.
کابرای غەوارەی خۆرئاوایی هاتەوە، سەری داخستبوو و دڵگران بوو.
لە چاوانی یەکتریدا چیرۆکە لەدەستچووەکەمان خوێندەوە.
چایمان خواردەوە و هیچمان نەگوت و
ڕووی ڕاستەقینەی خۆمان لە رووپۆشێکی ڕەشی درۆیینەدا حەشار دا.
ئێمە دوو موسافیر بووین، یەکمان لە خۆرهەڵاتەوە هاتبوو و ئەوی تریشمان لە خۆرئاواوە.
ئێمە دوو موسافیر بووین کە قسەی دڵی خۆمان نەدرکاند و خەمێکی قورس سەر و دڵی گرتین.
من گەڕامەوە بۆ خۆرهەڵاتی پیرۆز و
ئەویش، لەوانەیە بە بارە شەرابەکەیەوە هەڵوەدای شارەکانی غوربەت بوو.
بە ڕاستی ئێمە بۆ لای یەکتری هاتبووین و
نەمانزانی.

**سەرچاوە:**

کتاب آرش در قلمرو تردید، چاپ اول: ۱۳۴۲.

# نانخۆرەکان



**ئەنتۆن چیخۆف**

**لە فارسییەوە: ئازاد نەجم- رانیە**

میخائیل پیترۆڤ زۆتۆڤ، وردە بۆرژوایەکی حەفتا ساڵە- پیرەمێردێکی لێکەوتە و تاک و تەنیا- لە سەرمان و لە تاو ئازاری جومگەکانی خەبەری بۆوە. هێشتا ژوورەکەی تاریک بوو، ئەو چرایەی کە بە تایبەتی لە خوار شەمایلی قەدیسەکان دانرابوو، کوژابۆوە. چمکێکی پەردەی پەنجەرەکەی لادا و سەیری دەرێی کرد. ئەو هەورەی کە یەکپارچە ئاسمانی تەنیبوو، خەریکبوو وردە وردە سپی هەڵدەگەڕا. خەریکبوو دونیا رووناک دەبۆوە. پێدەچوو دەمژمێر پێنجی بەیانی بێ. زۆتۆڤ کە لەسەرمان خۆی کورژ کردبۆوە بە دەنگەدەنگ و کۆخەکۆخەوە لەنێو جێگاکەی هەستا. وەک پیشەی لەمێژینەی، ماوەیەک دەستەونزا بەرامبەر شەمایلی قەدیسەکان راوەستا. چەند نزایەکی -کە هێشتا لەبیری مابوون- لە ژێر لێوەوە خوێند و داوای بەزەیی و بەخشینیشی بۆ لیستێکی دووردرێژ لە کەسوکارە مردووەکانی کرد. ئیدی هیچ کات، بیری لە هیچ کام لە کەسوکارە مردووەکانی خۆی نەدەکردەوە، تەنیا راهاتبوو و خوی پێوە گرتبوو. ژوورەکەی و بەرماڵیی وەک رۆژانی تر گەسک دا و سەماوەرە خەڵوزییە بچووک و نێوقەد ئەستورەکەی کە چوار پێچکەی هەبوون و لە مسی

سور دروستکرابوو، داگیرساند. ئەگەر هاتبا و ئەم پیرەمێردە خوی بەم کارانەوە نەگرتبا، روون نەبوو رۆژانی پیریی خۆی بە چ شێوەیەک بە تاقی تەنیا بەسەر دەبا.

سەماوەرە چکۆلەکە خەریکبوو وردە وردە وەجۆش دەهات تا لە ناکاو بە دەنگێکی گڕ و لەرزۆکەوە دەستی کرد بە گیزەگیز. زۆتۆڤ لەژێر لێوەوە بۆڵاندی:

– دیسانەوە دەستت پێکردەوە!

هاتەوە یادی کە شەوی رابردوو خەونی بە زۆپاوە بینیبوو. خەونەکەی، جگە لە توشبوون بە خەموخەفەت و گرفتاریی، هیچ لێکدانەوەیەکی تری بۆ نەدەکرا. تاکە هۆکاری بیرکردنەوەی، تەنیاوتەنیا بینینی خەون و نیشانەکانی بوون. ئەمجارەشیان بە حەز و ئارەزوویەکی تایبەت بە خۆیەوە کەوتە نێو دەریای بیرکردنەوە تا وەڵامێک بۆ ئەم دوو پرسیارەی خوارەوە بدۆزێتەوە: گیزەگیزی سەماوەر لە خەوندا چییە و زۆپاش هەواڵی چ خەم و پەژارەیەکی پێیە؟ لێکدانەوەی خەونەکەی، هەر لە چرکەساتەکانی یەکەمی ئەو بەیانییە، وەڕاست گەڕا. ئەو دەمەی قۆرییەکەی پڕ لە ئاو کرد و ویستی چای وەسەرنێ، قتوی چایەکەی بە بەتاڵی بینی. چەند لەتە نانی رەشی خستە دەمییەوە و کەوتە جوینیان و لەبەرخۆیەوە بە پرتەوبۆڵەوە گوتی:

– توخوا ئەمەش بوو بە ژیان؟ سەت خۆزگە بە ژیانی دوورخراوەکان! ژیانی سەگ خۆشترە لەم ژیانە! ئەگەر لادێییەکی سادەش بوایەم بە هەرحاڵ، بەڵام بە ناخێری گیانم لای خۆی لە بنەماڵەیەکی باشم، خانووی خۆمم هەیە. بەڕاستی جێگای شەرمە!

بەدەم پرتەوبۆڵەوە، باڵتۆکەی کردە بەر و پێڵاوە گەورەکانی –کە ساڵی ١٨٦٧ پێڵاودوورێک بە ناوی پرۆخۆریج بۆی دروستکردبوو– کردە پێ و چووە نێو حەوشێ. ئاسمان هەوراوی و کەشوهەوا سارد و ئارام و لە هەمان کاتیشدا گرژ بوو. حەوشە گەورەکەی کە بە بڕکە شەکەرۆک و گەڵای زەردی پاییز داپۆشرابوو، لەنێو بەستەڵەکی رووکەشانەی بەر لە هاتنی وەرزی زستان، خۆی هەندێک زیوین، نیشان دەدا.

نە بایەک، نە دەنگێک. لە هەیوانی خانووەکەیدا –کە بەلایەکدا لار ببۆوە– دانیشت و هەر لەو کاتەشدا شتێک روویدا کە رۆژ نەبوو روونەدات: لیسکا، واتا سەگە زلەکەی ماڵێ، بەخێرایی بەرەو لای هات. لیسکا، سەگێکی یەکچاو و بازە و مردەلۆخ بو. بە پشتێکی لە برسان چەماوە و ترسولەرزێکی زۆرەوە –کە دەتگوت پێ دەنێ بەسەر پشکۆدا– لێی نزیک بۆوە. هەموو ئەندامە بێ توانا و

داهەزاوەکانی جەستەی، گوزارشتیان لەوپەڕی داماویی و ئازار و ڕەنجێکی زۆر دەکرد.

زۆتۆڤ سەرەتا گوێی پێ نەدا، بەڵام هەرکە لیسکای پیر بە کلکەسوتێ و بێحاڵیی و ترسەوە کەوتە لستنەوەی پێڵاوەکانی، وردە بۆرژوای پیر بە توڕەیییەوە قاچەکانی کوتا بە زەوی دا و هاواری کرد:

– چغە! بە تۆپین چیت! نەفرەتی!

لیسکا، لێی کشایەوە، هەڵتوتا و تاکە چاوەکەی بڕیە خاوەنە پیرەکەی. زۆتۆڤیش هەروا بەردەوام بوو:

– نەفرەتینە! بەس لە ئێوەم کەم بوو ژیانم لێ بکەنە قوزەڵەقورت!

ئەمەی گوت و بە نیگایەکی پڕ لە بێزارییەوە روانییە ئەو عەمبارەی کە گیا لە سەربانەکەی شین ببوو و بەلایەکدا شانی دادابوو. لە کەلێنی دەرگای عەمبارەکەوە کەللەسەری زلی ئەسپێکی بینی کە لەوی دەڕوانی، دەتگوت بەهۆی گرینگیپێدانی خاوەنە پیرەکەیەوە گیانی بەبەردا هاتۆتەوە، جوڵەیەکی کرد و کەمێک هاتە پێشتر و ساتێک دواتر ئەسپێکی پیر و لەڕ ترساو و زگ بە پشتەوە نووساوی چەشنی لیسکا، لە عەمبارەکە هاتە دەرێ. چوارپێیەکی ڕەنگ سپی و لەڕ و لاواز و قاچەکانی باریک و زگی بە پشتییەوە نووسابوو. لە عەمبارەکە هاتە دەرێ و هاتە نێو حەوشەکە بە حاڵەتێکی تێکەڵ بە شک و گومانەوە –وەک ئەوەی هەست بە خەجاڵەتیی بکا– لە سەرەخۆ دەڕۆیی. زۆتۆڤ دیسانەوە دەستی پێ کردەوە:

– ئەی خۆزگە دەتۆپیت! دەموسەعات لەبەردەممدا قوت دەبییەوە، هەی فیرعەون! پێدەچی حەزت لە کاووجۆ بێ...

لێرەدا ماسولکەکانی روخسارە گرژ و توڕەکەی، بە زەردەیەکی تەوساوی و لێوانلێو لە نەفرەتەوە وێکهێنایەوە و درێژەی پێدا:

– پەلە مەکە! هەر ئێستا! بۆ ئەسپێکی خۆشڕەو و بەنرخی وەک تۆ تا دڵت دەیەوێ جۆم وەسەریەک ناوە! فەرموو وەرە بخۆ! هەر ئێستا! بۆ سەگە بە هەیکەل و نازەنینەکەشم هێندێک شتم لاداوەتە لاوە. ئەڵبەتە سەگە نازەنینەکەم ئەگەر حەزت لە نانی رووت نییە، ئەوا گۆشتی گۆلکت بۆ دێنم.

سەرەڕای ئەوەی کە رق و توڕەییەکەی تا دەهات زیاتر تاوی دەسەند، زیاتر لە نیو دەمژمێر پرتاندی و بۆڵاندی، سەرەنجام چیتر نەیتوانی دان بەخۆیدا بگرێ و بەر بە لافاوی ئەو رق و توڕەییە بگرێ کە لە دەروونیدا پەنگی دابۆوە، هەستایە سەرپێ و پێڵاوەکانی تاپ تاپ کوتا بە زەویدا و بە دەنگێکی بەرزەوە کە لە

سەرتاسەری حەوشەکە دەنگی دەدایەوە، هاواری کرد:

– مفتەخۆرینە! هەی کرمینە! ئەرکی من نییە زگتان تێرکەم! خۆ لەسەر خەزێنە دانەنیشتووم تا دەرۆستی بەخێوکردنی ئێوە بێم! بارگیرە پیرە نەفرەتییەکان، خۆم نان نییە بیخۆم! ئەک سندانتان لێدا! نە سودتان بۆم هەیە، نە دڵم پێتان خۆشە، جگە لە خەم و خەفەت وماڵوێرانیی چی ترم لێتان دەسدەکەوێ! نازانم بۆچی ناتۆپن؟ نازانم دەبێ ئێوە ئەوەندە شتێکی گرینگ بن کەوا ئیزرائیل لە بیری کردون؟ بکەم بە گۆڕی بابتانەوە، دەی بڕۆن بۆخۆتان خۆتان بژیەنن. ئیدی حەز ناکەم زگی ئێوە تێرکەم. بەسە وازم لێ بێنن!

لێرەدا زۆتۆڤ تورە بوو، لە پێستی خۆی چووە دەرێ، بەڵام ئەسپ و سەگەکە هەر لە شوێنی خۆیان راوەستابوون و گوێیان دابووە قسەکانی. بەدروستی نازانم کە ئایا ئەو دوو نانخۆرە دەیانزانی ئەو سەرکۆنەکردنەیان تەنیا لەپای پاروەنانێکە، یان نا، بەڵام دڵنیام لەوەی کە زگیان زیاتر و زیاتر بەخۆیانەوە نووساند و خۆیان خڕکردەوە و قیافەی ستەملێکراو و خەمبارانیان بەخۆوە گرت.

زۆتۆڤ، بە بینینی دەموقەپۆزی گوێڕایەڵانەیان زیاتر رقی هەستا و هەڵچوو و هاواری کرد:

– بۆ دەرێ! گۆڕتان گوم کەن! ئیدی نامەوێ چاوم بە چارەتان بکەوێ! ئەرکی من نییە نان بدەمە هەموو کەللەپووتێک! دەی بۆ دەرێ!

پیرەمێرد، لەکاتێکدا کە قاچەکانی تێک دەئاڵا، بەرەو لای دەرگای حەوشە رۆیشت و کردییەوە، پاشان لقەدارێکی وشکی لەسەر زەوییەکە هەڵگرتەوە و کەوتە دەرکردنی ئەو دوو نانخۆرە. ئەسپەکە سەری راوەشاند و شانەکانی راتەکاند و بە شەلەشەل بەرەو دەرگای حەوشەکە کەوتەڕێ، سەگەکەش بەدوایدا. هەردووکیان چوونە کۆڵانێ، چەند هەنگاوێک لە حەوشەکە دوورکەوتنەوە و لە بەرامبەری راوەستان. زۆتۆڤ بە جنێوان دەستی پێکرد:

– بەوەڵا دەتان تۆپێنم.

دوای ئەوەی هەردوو نانخۆرەکەی لە ماڵ دەرکرد، تا رادەیەک ئارامبۆوە و دەستی کرد بە شۆرین و خاوێنکردنەوەی حەوشەکە. لەو کاتەشدا جار جار سەیرێکی کۆڵانێی دەکرد: ئەسپ و سەگەکە وەک ئەوەی بە زەوییەوە داکوترابن، راوەستابوون و نیگای تێکەڵ بە ئازاریان بڕیبووە دەرگای حەوشەکە. پیرەمێرد، کە تا دەهات رقەکەی تاوی دەسەند، لەژێر لێوەوە بۆڵاندی:

– دەی ئێستا بزانم بێ من چۆنتان خۆ پێ بەڕێوەدەچێ! لێگەڕێ با یەکێکی تر نان و ئاوتان بدا! من هەم ناکەسبەچەم هەم بەدخو... ژیان لەگەڵ مندا هیچ

نەرمی و میهرەبانییەکی تێدا نییە... وا باشترە بۆ خۆتان بڕۆن بۆ لای کەسێکی تر... بەڵێ ...

دوای ئەوەی کە تێر بە دڵی خۆی بۆڵاندی و چێژی لەسەیرکردنی سیمای داماو و گوناهی نانخۆرەکان وەرگرت، چووە کۆڵانێ و برۆکانی وێکهێنانەوە و هاواری کرد:

– چییە ئێستا بۆ لەوێ راوەستاون؟ چاوەڕوانی کێن؟ بۆچی ئەو رێیەتان گرتووە؟

هەردوو ئاژەڵەکە سەریان داخست و بە قیافەیەکەوە کە گوزارشتی لە بەستەزمانیی و داماوییان دەکرد، بەرەو دەرگای حەوشەکە هاتنەوە. لیسکا، کە پێدەچوو خۆی بە شایانی بەخشین نەزانێ، نوزەیەکی دڵتەزێنی کرد. زۆتۆڤ کە رێگای هاتنەژوورەوەی دەدایە ئاژەڵەکان، گوتی:

– دەتوانن لێرە بمێننەوە، بەڵام هیچ هەواڵێک لە خۆراک و ئالیک... لێرەدا بە نیشانەی (نییە) پەنجەیەکی راوەشاند... تەنانەت ئەگەر لە برسانیش بمرن، هیچم نییە بتان دەمێ!

لەو نێوەدا خۆر، خەریکبوو وردە وردە بوومەلێڵی بەیانی کاڵ دەکردەوە و تیشکە لارەکەی دەکەوتە سەر توێژە بەفرە ناسکەکانی وەرزی پاییز. دەنگی پێ و دەنگی گفتوگۆیەک، کەوتە بەرگوێ. زۆتۆڤ گەسکەکەی لە شوێنی خۆی دانایەوە و بەرەو لایماڵی دراوسێکەی (مارک ئیڤانیچ) کەوتەڕێ. مارک ئیڤانیچ کە باوکی تەعمیدیی مناڵەکانی بوو، دوکانێکی بچووکی بەقاڵی لە ماڵەکەی خۆیدا دانابوو. کاتێ زۆتۆڤ گەیشتە دوکانەکەی لەسەر کورسییەک -کە دەنووشتێنرایەوە- دانیشت، بە ئارامی ئاهێکی هەڵکێشا و لاوانەوەئاسا دەستێکی بە ریشی خۆیدا هێنا و سەری قسەی بە باسی کەشوهەوا کردەوە، دواتر لەبارەی شماسە نوێیەکەی کلیسا و پاشان لەبارەی سروودبێژەکانی کلیساوە و کەوتنە قسان و دەستیان بە گفتوگۆ کرد. هێند بە قوڵی رۆچووبوونە نێو گفتۆگۆی خۆیانەوە هەستیان بە تێپەڕینی کات نەدەکرد. کاتێ شاگردی دوکانەکە، کتریە ئاوێکی کوڵاوی هێنا و هەردووکیان کەوتنە چاخواردنەوە، کات، چەشنی باڵندەیەکی تیژباڵ، بەخێراییەکی زیاترەوە دەڕۆیشت. زۆتۆڤ کە تا رادەیەک گەرم و کەم تا زۆرێک شاد بوو، دوای خواردنەوەی شەش پەرداخ چا، لەحاڵێکدا کە بە پەنجەکانی دەیکوتا بەسەر مێزەکەدا، گوتی:

– مارک ئیڤانیچ داواکارییەکم لێت هەیە... بێژم بە... وەرە ئەو چاکەیەم لەگەڵدا بکە و... ئەمڕۆش یەک دوو مستە جۆم بدەرێ.

لەوسەر لای سندووقە چایە گەورەکەوە کە مارک ئیڤانیچ لە پشتییەوە دانیشتبوو، ئاهێک هاتە بەرگوێیان. زۆتۆڤیش درێژەی دایە:

– وەرە ئەو چاکەیەم لەگەڵدا بکە... ئەمڕۆ چیتر چام لێت ناوێ، تەنیا یەک دوو مستەجۆم بدەرێ... لە راست تۆ خۆم بە شەرمەزار دەزانم... چی بکەم نەداریی بەربینگی پێ گرتووم و تۆشم بێزار کردووە... ئەو ئاژەڵە بەستەزمانانە خەریکن لە برسان دەمرن...

مارک ئیڤانیچ دووبارە ئاهێکی هەڵکێشایەوە و گوتی:

– دەتدەمێ... بۆچی نا؟ بەڵام دەمەوێ بزانم ئەو پیر و قۆترانەت بۆچی راگرتووە؟ ئەگەر ئەسپەکەت بە کەڵکی سوارییی، یان بە کەڵکی ژێربار هاتبا بەهەرحاڵ، بەڵام... تف! مرۆڤ بە بینینی شەرم دایدەگرێ... ئەوە سەگەکەشت هیچ! بەس ئێسک و پێستی ماوەتەوە! نازانم تۆ بۆچی ئەوانە دەژیەنی؟

– ئەدی چییان لێ بکەم؟

– بابە خۆ پێویست بە پرسیار ناکا... بیانبە بۆ لای ئیگناتی قەساب و بڕایەوە! دەبوایە دەمێکبا ئەو ئاژەڵانەت بە ئیگنات سپاردبا... جێگای شیاویان ئەوێیە.

– قسەکەت راستە... لەوانەشە...

– کەسێک بۆخۆی هیچی نەبێ بیخوا چۆن دەچێ دوو ئاژەڵیش رادەگرێ. من لاریم لەوە نییە جۆت بدەمێ... گرینگ نییە... بەڵام خۆ ئەمە رۆژێک و دووان نییە برا... پێناچێ قەت هەژاریی تۆ کۆتایی بێت! ئەمڕۆ پێویستیت بە شتێکە، سبەی بە شتێکی تر، ئیدی نازانم کەی ئەمە کۆتایی دێت.

پاشان ئاهێکی تری هەڵکێشا و دەستێکی بە گۆنا سوورهەڵگەڕاوەکانی خۆیدا هێنا و درێژەی پێدا:

– خۆزگە دەمردی! تۆ خۆشت نازانی بۆچی زیندووی... بەخوا بەڕاستیمە! مادام ئیزرائیل لەبیری کردوویت واباشترە بۆخۆت بچیتە پەرستگایەک یان پەناگایەک.

– بۆچی؟ خۆ من مرۆڤێک نیم لە کون و کەلێنان هاتبمە دەرێ! خزم و کەسم هەیە... نەوەم هەیە... ئیدی بە دوورودرێژی کەوتە باسی ئەوەی کە لە دێیەکدا نەوەیەکی هەیە بەنێوی گلاشا و کچی کاترینی برازایەتی.

– ئەرکی سەرشانییەتی نانم بدا! سبەی بمرم ئەم خانووە دەبێتە موڵکی وی، کەوابێ دەبێ بەخێومکا! دەچمە لای وی! دەزانی گلاشا کێیە؟ کچەکەی کاترین... کاترین ئەو کچەی کە لە ژنەکەی تری پانتێلی برام بوو... دەزانی کامە دەڵێم؟ ئەم خانووەم دەبێتە موڵکی گلاشا... کەوابێ دەبێ زگم تێرکا!

- باشە ئەدی بۆ راوەستاوی؟ لەبری ئەوەی ئاوا دانیشی و بەتەمای خوا بژیت، دەبوایا دەمێکبا چووبایتە لای گلاشا.

- پێتوایە ناچم؟ خوا بەنەفرەتم بکا ئەگەر نەچم! ئەرکی سەر شانییەتی!

کاتژمێرێک دواتر، دوای ئەوەی ئەو دوو هاوڕێ لەمێژینەیە بە سلاّمەتی یەکتر سەر و ئیستیکانێکیان هەڵدا، زۆتۆڤ لە ناوەڕاستی دوکانەکەدا راوەستا و بە گەرمییەوە گوتی:

- شتێکی دەگمەنە، وا باشترە لەبری چێشتنی ئەو تەنیایی و برسێتییە بۆ خۆت بچییە لادێ.

- هەر ئێستا دەڕۆم! هەر بگەمە ماڵیان پێی دەڵێم: خانووەکەم بۆ تۆ، با بۆ تۆ بێ! لەبری ئەوە ئاگات لە ورگم بێ و بەخێومکە... ئەرکی سەرشانتە! ئەگەر بەخێویشم ناکەی، نە هەواڵێک لە خانووەکەم هەیە نە لە نزای خێرم! خوداحافیز ئیڤانیچ!

زۆتۆڤ پێکێکی تری هەڵدا و لە خۆشی ئەو بڕیارەدابووی بەپەلە گەڕایەوە ماڵ... بەهۆی ئەو ڤۆدکایەی خواردبوویەوە هەستی بە لاوازیی دەکرد و دونیا لەبەرچاوی دەسوڕا، کەچی رانەکشا، بەڵکو هەستا چی جلوبەرگی هەبون هەمووی کۆکردنەوە و خستنییە بوخچەیەکەوە و نزایەکی کرد و داردەستەکەی هەڵگرت و وەدەرکەوت. بەدەم پرتەوبۆڵە و کێشانی داردەستەکەی بە جادەکەدا و بێ ئاوڕدانەوە لە دواوەی خۆی، درێژایی کۆلاّنەکەی بڕی و خۆی لە دەشتێکدا بینییەوە. ئەو شوێنەی کە گلاشا لێی دەژیا، نزیکەی دە دوانزە کیلۆمەتر دەبوو. بە جادە وشک و چۆڵەکەدا هەنگاوی دەنان و سەیری مێگەلەمەڕ و گاڕانەمانگای خەڵکی شاری دەکرد -کە خەریکی لەوەڕی پوشوپەلاّش بوون. بیری لە گۆڕینی بەمەبەست و خێرای ژیانی خۆی -کە کاتژمێرێک پێشتر بنبڕانە بڕیاری لەسەر دابوو و دەیویست جێبەجێی بکا- دەکردەوە. لەم نێوەشدا نانخۆرەکانی خۆی لەبیر نەکرد. دوای چوونەدەرەوەی لە ماڵ دەرگای حەوشەکەی بەکراوەیی جێهێشت تا ئەو دووانە خۆیان سەرپشک بن و کوێیان بەدڵبوو بچنە ئەوێ.

هێشتا کیلۆمەترێکی رێگا نەبڕیبوو کە لەناکاو لە دەواوە گوێی لە دەنگی پێ بوو. ئاوڕی دایەوە و دەستەکانی بەتوڕەییەوە راوەشاند: لیسکا و ئەسپەکە گوێیەکانیان شۆڕکردبوونەوە و ساڵدانە ساڵدانە بەدوای ویدا دەهاتن. بەدەست ئاماژەی بۆکردن و گوتی:

- بگەڕێنەوە.

سەگ و ئەسپەکە لە جوڵە کەوتن و سەیرێکی یەکتریان کرد و دواتر

چاویان بڕییە خاوەنەکەیان. زۆتۆڤ درێژەی بە ڕێگای خۆی دایەوە، سەگ و ئەسپەکەش بەدوایدا کەوتنەوە ڕێ. پیرەمێرد ڕاوەستا و کەوتە بیرکردنەوە. هەرچەندە زۆریش شارەزای تەبیعەتی گلاشای نەوەی نەبوو، بەڵام نەدەکرا بەو دوو ئاژەڵەوە بچێتە ئەوێ. دڵیشی نەدەهات بگەڕێتەوە و ئەو بەستەزمانانە لە عەمبارەکەدا بەند بکات -هەرچەندە عەمبارەکەش هێندە دەرگایەکی قایم و پتەوی نەبوو تا لەوێدا بەندیان بکا. بیری کردەوە: ((لە عەمبارەکەدا دەمرن... چۆنە لێرەوە یەکسەر بیانبەمە لای ئیگنات؟)).

ماڵی ئیگنات لە قەراغ لەوەڕگەکە، سەد هەنگاوێک لەولای ستوونی بەربەستەکەوە بوو. زۆتۆڤ کە هێشتا نەیتوانیبوو بڕیاری کۆتایی بدا، نەیدەزانی چی بکا، بەرەو کوختەکەی ئیگنات کەوتەڕێ. سەری بەگێژەوە دەهات و بەری چاوەکانیشی تاریک دەبوو...

ئیدی زۆتۆڤ شتێکی ئەوتۆی لەبارەی ئەوەی کە لە حەوشەی ماڵی ئیگنات ڕوویدا، لەیاد نەماوە. ئەوەندەی لەبیرە هەرکە خۆی کرد بە حەوشەی ماڵی ئیگناتی قەسابدا، بۆنی توند و هەراسانکەری پێستە و بۆنی هەڵمی چێشتێکی ئیشتیهابزوێن کە لە قاپەکەی بەردەم ئیگناتەوە هەڵدەستا، بە لوتیدا هات. دیسانەوە بە لێڵی و بەئاستەم دێتەوە یادی کە ئیگنات نزیکەی دوو دەمژمێر ئەوی ماتڵ کردبوو، ئەڵبەتە لەو ماوەیەدا ئامادەکاریی بۆ ئەنجامدانی کارێک دەکرد و خەریکی خۆگۆڕین بوو و لەگەڵ ژنێکی لادێییدا لەبارەی جۆرە ژەهرێکەوە قسەی دەکرد، دێتەوە یادی کە ئەسپەکەیان بردە بەردەم دەزگاکە، دەنگی دوو لێدانی کپ -یەکەم دەنگ دەنگی لێدان لە کاسەی سەر و ئەوی تریش دەنگی بەلاداکەوتنی جەستەیەکی قورس- هاتە بەرگوێ. ئەو دەمەی لیسکاش بەبینینی مەرگی هاوڕێکەی بە وەڕینەوە شاڵاوی بۆ ئیگنات برد، دەنگی سێیەمین لێدانیش بیسترا و وەڕێنەکە لە قوڕگیدا تاسا. ئەوەندەشی بە بیردێتەوە کە ئەو کاتەی لە دونیای شێتیی و وڕیی دا چاوی بە کەلەشی ئاژەڵە کوژراوەکان کەوت، بەرەو لای دەزگاکە ڕۆیشت و تەویلی پێوە نووساند.

پاشان تا شەوێ، پەردەیەکی لێڵ، وا بەرچاوی گرتبوو، نەیدەتوانی بەرپێی خۆشی ببینێ.

**سەرچاوە:**

مجموعه اسار انتون چخوف داستانهای کوتاه، مترجم سروژ استپانیان، انتشارات توس.

# نامۆیەک لە ڕۆخی کەنداو



بەدر شاکر سەیاب
و. موکەڕەم ڕەشید تاڵەبانی

با لە قرچەی نیوەڕۆدا، چوون مۆتەکە، بەقەد پشتی پاش نیوەڕۆوە
هەناسەبڕکێیەتی
بە رووی چارۆگەکانەوە، کە بۆ گەشتکردن دەپێچرێنەوە، یان بڵاودەکرێنەوە
کەشتییەکان کەنداویان تەنیوەتەوە، کەشیەوانانیش، بە دەریاکاندا
دەسووڕێنەوە
نیوچە رووت و پێ خواس بە دوای رۆزیدا وێڵن.
لەسەر لمەکان، لە رۆخی کەنداو
نامۆکە دانیشتووە، بە نیگای سەرگەردانەوە لە کەنداو دەڕوانێت
ستوونی تیشک لە فرمێسکەکانی گریانیدا دەشکێنەوە
دەنگی گریانەکەی لە شڵپ و هوڕی شەپۆلەکان و لە هەرا و هوریاکان
بەرزترە
دەنگێک لە ناخی دەروونی کۆست کەوتوومدا هاواری کرد: عیراق
چوون هەڵچوونی ئاوی دەریا، چوون هەور، چوون فرمێسک بەرەو چاو
هەڵکشا.
با هاوارم لێ دەکات: عیراق
شەپۆل بەرزم دەکاتەوە: عیراق، عیراق، تەنیا عیراق

دەریا زۆر بەرین ترەو تۆیش زۆر دوورتریت
ئەی عیراق دەریا من و تۆی لێک دابڕیوە

دوێنێ کاتێک چوومە قاوەخانەکە، ئەی عیراق.. گوێم لێت بوو
خولێکی قەوان بوویت
خولی رۆژگاری تەمەنی من بوو، رۆژگارەکەی بیرهێنامەوە
لە دوو ساتی هێوریدا، ئەگەرچی پایەی خۆیشی لەدەست دابوو.
ئەویش دەموچاوی دایکم بوو لە تاریکیدا
لەگەڵ دەنگیدا، لە تەک خەوندا تێکەڵ دەبوون تا خەم لێ دەکەوت
دارخورماکان بوون، لێیان دەترسام کاتێک لەگەڵ رۆژئاوابووندا تاریک
دادەهاتن
پڕ لە تارمایی دەبوون هەر منداڵێکیان دەڕفاند لە رێگەوبانەکان نەگەڕابایەوە
ئەو پیرەژنە بەساڵداچووە قژدۆزەی سەرگوزەشتەی (حزام)ی دەگێڕایەوە
چۆن گۆڕەکەی لەبەردەم (عەفرا) بەژن زرافدا درزی تێکەوت
بوو بە هی خۆی.. تەنیا پەلکێک نەبێت.
تۆی رووگەش.. لەبیرت نایە
تەنوورە داگیرساوەکەمان سیخناخ لە لەپی ئەوانەی لەپیان پێدا چزاوە؟
لەگەڵ قسە بە ئەسپاییەکانی پوورم لەبارەی پاشا دێرینەکانەوە؟
لە پشتی دەرگەیەکەوە وەک فەرمان
دەستگەلێک لە ئافرەتانیان داخستووە
ئەو دەستانەی چییان بوێت بە گوێیان دەکرێت، چونکە دەستی پیاوگەلن
پیاوەکان بێ ئەوەی شەکەت بن رایاندەبوارد و دەمەتەقێیان دەکرد.
ئایە بیرت دێتەوە؟ بیرت دێتەوە؟
بەو سەرگوزەشتانە، کە سەرگوزەشتەی ئافرەتان بوون
شادو قایل بووین.
ئێمە سەرەتای کۆمەڵێک ژیان و رۆژگار، بووین
هەردوو خولگەی بووین، ئەویش قەوارەکەی لەنێوانیاندا سەرخەوی دەشکاند.
ئەدی ئەوە لە گەردیلەی بێ سوود بەولاوە نییە؟
خەون و خولانەوەی قەوان نییە؟
ئەگەر ئەمە هەموو ئەو شتە بێت بمێنێتەوە، ئەی ئارامی لە کوێ دەبێت؟
عیراق من گیانی خۆمم تێدا خۆش ویستیت، یان تۆم لە گیانی خۆمدا خۆش
ویست

ئەی ئێوە هەردووکتان- هەردووکتان چرای گیانی منن- ئەوە ئێوارە داهات
شەویش تەنگی هەڵچنی، سا لە تاریکیدا رووناکی ببەخشن تا ڕێ بزر نەکەم.
ئەگەر لە وڵاتی نامۆوە هاتیت تا دیدارەکە تەواو بێت
بە دیدار گەیشتنی تۆ و عیراق لەسەر دەستی من.. ئەوە دیدارە
سۆزێکە خوێنم قوڵپەی بۆ دەدات، وەک بڵێیت هەموو خوێنم تامەزرۆیەتی
برسیی ئەویەتی.. وەک برسیی هەموو خوێنی خنکاو بۆ ئۆکسجین
سۆزی ئاوەلەمە کاتێک لە تاریکاییەوە سەر دەردێنێت و لەدایک دەبێت
من سەرم سوڕ دەمێنێت چۆن خاینان خیانەت دەکەن
ئایە مرۆڤ خیانەت لە نیشتمانی خۆی دەکات؟
ئەگەر خیانەت بکات ئەوە دەگەیەنێت کە ببێت، ئەی چۆن دەشێت ببێت؟
هەتاو لە وڵاتەکەی من جوانترە لە وڵاتانی دی، تاریکیش
تەنانەت تاریکیش -لەوێ جوانترە- کە عیراق لەئامێز دەگرێت.
داخی گرانم، کەی بنووم
هەست بکەم کە لەسەر سەرینەکە
بۆنی گوڵاوی شەوی هاوینی تۆ ئەی عیراق بڵاوبووەتەوە؟
بە نێو گوندە تۆقیوەکان و شارە نامۆکاندا هەنگاوم هاویشت
گۆرانیم بۆ خاکە خۆشەویستەکەت چڕی و
بە کۆڵمدا دا، منم عیسا لە تاراوگە خاچەکەی بە دوای خۆدا رادەکێشێت،
گوێم لە ترپەی پێی برسییەکان بوو دەڕۆیشتن، پێیان هەڵدەنووتا و خوێنیان
لێ دەچۆڕا
چاوم پڕ لە خۆڵ و تۆز و گەردی تۆو ڕێگەکان دەبوو.
هێشتە بە پێی خۆڵاوی و قژی بژەوە ڕێگەکان دەکوتم
لەژێر هەتاوە بیانییەکاندا
بە جلی شڕۆڵەوە، دەستی تەرچک پان دەکەمەوە
ڕەنگ زەرد بە هۆی سەرشۆڕی و لەرز و تاوە: سەرشۆڕی دەرۆزەکەرێکی
نامۆ
لەنێوان چاوە بیانییەکانەوە
لەنێوان سووکایەتی و سەرزەنشتی و نیگای بەد.. یان (بەستەزمانە)وە
مردن لە (بەستەزمانە) ئاسانترە
لەو بەزەیی پێداهاتنەوە ئاسانترە
چاوە بیانییەکان دەیگوشن
دەیکەنە دڵۆپەی ئاوی کانزایی

سا بکوژێوە، ئەی تۆ، ئەی دڵۆپەگەل، ئەی خوێن، ئەی.. پارە
ئەی با، ئەی دەرزیگەلێک چارۆگەم بۆ دەدروونەوە، کەی دەگەڕێمەوە
بۆ عیراق؟ کەی دەگەڕێمەوە؟
ئەی بریسکەی شەپۆلەکان کە سەوڵێک کزی کردبن
لەسەرخۆ بە کەنداودا دەمهێنێت و دەمبات، ئەی ئەستێرە گەورەکانی.. ئەی
پارە.
خۆزگە کەشتییەکان لەبری گەشت کرێیان لە نەفەرەکان وەرنەدەگرت
یان خۆزگە زەوی چوون ئاسۆی بەرین، بێ دەریا بووبایە
ئەی پارە هێشتە دەژمێرم، دەتانژمێرم و داوای زۆرتریش دەکەم،
ئەی پارە، هێشتە بە هۆی ئێوەوە ماوەی نامۆبوونەکەم کورتتر دەبێتەوە
هێشتە بە بریسکانەوەتان پەنجەرەو دەرگەکەم رووناک دەکەمەوە
لەوێ لەو کەنارەکەی دیکە. ئەی پارە پێم بڵێ
کەی دەگەڕێمەوە، کەی دەگەڕێمەوە؟
تۆ بڵێیت، بەر لە مردنم، ئەو رۆژی بەختەوەرییە نزیک بێتەوە؟
ئەو بەیانییە لە خەو بێدار دەبمەوە، پەڵەهەورەکان بە ئاسمانەوەن
سروەی بای فێنکیش تێکەڵاو بە بۆن و گوڵاوی ئاب
بە باوێشک پاشماوەی خەوەنووتکەم دەرەوێنمەوە
چوون پەردەی ئاورێشم، شتی لێوە دیارە، دیار بێت و دیار نەبێت:
لەوەی لەبیرم چوو و خەریک بوو لە بیرم نەچێت، لەگەڵ گومان لە راستی.
-بۆم رووناک دەکاتەوە- کاتێک دەست دەبەم جلەکانم لەبەر بکەم
ئەوەی لە تاریکایی ناخی خۆمدا بەدوای وەڵامێکدا دەگەڕام
ئەو شادییە شاراوە چوون تەمومژ دڵ و دەروونی پڕ نەکردمەوە؟
ئەمڕۆ -لەناکاو دڵم خۆش بوو- دەگەڕێمەوە
بە داخەوە.. ناگەڕێمەوە عیراق
ئەی ئەو کەسە دەگەڕێتەوە
پێویستی بە پارەیە؟ چۆن پارە پاشەکەوت دەکەیت
لە کاتێکدا کە نان دەخۆیت برسیتە؟ بەو پارەیە خواردن دەکڕیت
کە چاوتێران پێت دەبەخشن؟
هەر بۆ عیراق بگری
هیچ شتێکت نییە
تەنیا فرمێسک و
تەنیا چاوەڕێکردنی بێ هوودەی باو چارۆگە نەبێت.

## شرۆڤەی چامەکە

چامەی (نامۆیەک لە رۆخی کەنداو) یەکێکە لە ناودارترین چامەکانی بەدر شاکر سەیاب، ساڵی ١٩٦٣ ئەو کاتە ئەم چامەی نووسیووە نەخۆش بووە و لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی کوێت کەوتووە و بە بارێکی نەداری و سەر لێ شێواویدا تێپەڕیوە، وێڕای ئەو رەوشەی وڵاتەکەی پێیدا تێدەپەڕی.

شاعیر چامەکەی بەو شێوەیە دەست پێ دەکات، باسی دوور وڵاتی خۆی و خۆشەویستی وڵات دەکات و ئومێدی گەڕانەوە بۆ وڵات دەخوازێت.

لە یەکەمین بڕگەدا شاعیر ماندوو دیارە، ئەو ماندووبوونەیش لە دەوروبەریدا دیارە، چونکە بایەکە لە گەرمایی و شەکەتیدا هەناسەبڕکێیەتی وەک بڵێیت مۆتەکەیەکە و بەسەر سنگییەوەیە و ئەو بایەیش ناتوانێت چارۆگەی کەشتییەکان بەگەڕ بخات تا بیگەڕێننەوە وڵاتەکەی خۆی، کەشتییەکان لەسەر کەنار لەنگەر دەگرن و ئامادەن دەریاوانەکان هەڵبگرن کە بۆ بەدەستهێنانی رۆزی هەر کار دەکەن، هەیانە پێ خواس و هەیانە نیوچە رووت.

پاشان شاعیر سەر لێ شێواوانە دادەنیشێت و سەیری کەنداو دەکات، هیوای گەڕانەوەی بۆ عیراق لەناو دەبات، چونکە گریان خەریکە لە سینگییەوە بەرز دەبێتەوە، بەرزتر لە شەپۆلی دەریا و دەنگی کەف و هەراو هوریایش، ئەو گریانەی لە سینگی شاعیرەوە بەرز دەبێتەوە وەک بەرزبوونەوەی شەپۆلی دەریاو چوون هەوری بەرزو چوون ئەو فرمێسکانەی لە چاوەوە چۆڕاوگە دەبەستن وایە.

شاعیر دەگەڕێتەوە لای با کە هاوار دەکات عیراق و مەرگ کە بۆ وڵاتی دەباتەوە، ئەویش بە گریانەوە هاوار دەکات عیراق، دووریی خۆی لە نیشتمانەکەی بە فراوانی دەریا دەچوێنێت کە رێ نادات بگەڕێتەوە نیشتمانەکەی و لە بەردەمیدا دەبێتە بەربەستێک و بە هۆیەوە وێنەی ئەو دوورییەی خۆی لە نیشتمانەوە دەکێشێت.

لە دووەمین بڕگەدا شاعیر رۆژگاری خۆی لە عیراق بیر دەهێنێتەوە، کاتێک لە تاراوگە بە لای قاوەخانەدا تێدەپەڕێت گوێی لێ دەبێت عیراق بانگی دەکات، لێرەدا نیشتمانەکەی بە قەوانێک دەچوێنێت بخولێتەوە و هەموو ژیانی تێدا کۆببێتەوە، ئەم قەوانە هەموو ژیانی کۆکردووەتەوە و وەک خڕۆکەیەک لە دوو چرکەی رۆژگاردا خستووەتە روو، ئەو رۆژگارەی لە عیراق ژیاوە و ئەو رۆژگارەی دوور لە نیشتمان ژیاوە لە تاراوگە.

دەموچاوی جوانی دایکی بیردەکەوێتەوە کە لە ئامێزی دەگرت و بە سۆزەوە

گۆرانی بۆ دەچڕی تا بنوێت و جوانترین خەون ببینێت، پاشان دەگەڕێتەوە سەردەمی منداڵی چۆن لە دارستانی دارخورما دەترسا، بە تایبەتی کاتێک تاریکایی دادەهات و ئاماژە بە هەندێک ئەفسانە و گێڕانەوە دەکات کاتێک خەڵکی منداڵەکانیان بە مۆتەکە و دێو و مێردەزمە دەترساند، هاوکات داپیرەی بیر دەکەوێتەوە کە لەگەڵیدا ژیاوە پاش ئەوەی دایکی کۆچی دوایی دەکات، کاتێک سەری دەدۆزی و چیرۆکی لەبارەی عروەی کوڕی حزام و عەفرای یارییەوە دەگێڕایەوە و چۆن لە خۆشەویستی یارەکەیدا مردووە و کاتێک گۆڕەکەی درزی تێکەوتووە یارەکەی لە ئامێز گرتووە، تەنیا چەپکێک گێسووی نەبێت لە ئاماژەیەکدا بۆ ئەوەی کە شادییەکەی تا سەر نەبووە.

لە سێیەمین بڕگەدا شاعیر قسە لەگەڵ ئافرەتێکدا دەکات رەنگە هاوسەرەکەی، یان یارەکەی بێت و پێی دەڵێت ئەگەر لە وڵاتی غەریبی هاتیت و سەرت لێ دام، ئەوە بە دیدارت شاد نابم، چونکە ئەو کاتە شاد دەبم کاتێک لە نیشتمانی خۆشەویستم لە عیراق بم و لەناو کەسوکاری خۆمدا بم. سۆزی خۆی بۆ بینینی نیشتمانەکەی بە سۆزی ئەو ئاوەڵەمە دەچوێنێت لە تاریکیدایە لەناو سکی دایکی و ئارەزوو دەکات مل دەربهێنێت و رووناکی و ژیان ببینێت.

هاوکات سەری لەو کەسانە سوڕدەمێنێت کە خیانەت لە نیشتمانی خۆیان دەکەن و چۆن دڵیان رێیان پێ دەدات خیانەت لە نیشتمان بکەن. پاشان نیشتمانی خۆی بیر دەکەوێتەوە و دەڵێت هیچ هەتاوێک لە هەتاوی عیراق جوانتر نییە و تەنانەت تاریکیش لە نیشتمانەکەیدا جوانترە، چونکە عیراق لەئامێز دەگرێت.

لە چوارەمین بڕگەدا دەگەڕێتەوە لای یادوەرییە جوانەکانی لەگەڵ نیشتمانداو، بە هەناسە هەڵکێشانەوە هیوا دەخوازێت شەوێکی هاوینە بنوێت و بەیانی لەگەڵ بۆن و بەرامەی عیراقدا بە ئاگە بێتەوە، پاشان نامۆیی خۆی باس دەکات کاتێک بە ناو شارە نامۆکاندا دەسووڕێتەوە و گۆرانی بە باڵای خاکی عیراقدا دەڵێتەوە کە زۆر ئارەزووی دەکات. باسی ئەو تۆزو گەردە دەکات لەسەر پێی نیشتوون، چونکە زۆر رێی کردووە، هەروەها ئەو هەتاوانەی دەیانبینێت هەتاوی بیانین و جلەکانی کۆن و دڕاون و دەستی بەشکۆی بۆ خەڵکی درێژ دەکاتەوە، پاش ئەوەی شەرمەزار بووە هیچ پارەیەکی نەماوە و چۆن خەڵکی بە چاوی سووکەوە سەیری دەکەن و ئەو سووکایەتییەیش دەگاتە ترۆپک کاتێک گوێی لە خەڵک دەبێت وشەی (بەستەزمانە و گوناهە) دووبارە دەکەنەوە، نەک بۆ ئەوی بەزەییان پێدا دێتەوە، بەڵکو بە چاوی سووکەوە سەیری دەکەن، بۆیە لای باشترە بمرێت نەک ئەو وشەیەی بەر گوێ بکەوێت، چونکە چی دیکە بەرگەی سەرشۆڕیی بەر دەستی ئەو خەڵکە ناگرێت.

له پێنجەمین برگەدا شاعیر قسە لەگەڵ بادا دەکاتەوە و هیوا دەخوازێت پاڵ بە سەوڵەکانەوە بنێت تا کەشتییەکە بەڕێ بکەوێت و ئەویش بگەڕێتەوە عیراق و ئاماژە بەوە دەکات چۆن ئەستێرەکان ڕێگەی گەڕانەوەیان بۆ ڕووناک کردووەتەوە، بەڵام بێ پارەیی ڕێگەی گەڕانەوەی لەبەردەمدا دادەخات بۆیە هەر بە غەمباریی دەمێنێتەوە.

شاعیر هیوا دەخوازێت خاوەن کەشتییەکان کرێ لە نەفەرەکان وەرنەگرن و زەویش دەریای تێدا نەبووایە تا بیتوانیبا بگەڕابایەتەوە نیشتمان، دەکۆشێت پارە کۆبکاتەوە تا بۆ عیراق بگەڕێتەوە، وەک پارە مرۆڤ بێت رووی تێ دەکات و داوا دەکات زۆرتر بێت تا ماڵەکەی ڕووناک بکاتەوە و لە پارەیش دەپرسێت کەی بۆ نیشتمانەکەی دەگەڕێتەوە و ئایە بەر لەوەی بمرێت جارێکی دیکە وڵاتەکەی دەبینێت؟!

پاشان باسی خۆی دەکات ئەگەر بگەڕێتەوە عیراق بەیانیانێکی زووی پڕ لە شەونم و پڕ لە بۆن و بەرامە لە خەو هەڵدەستێت، باوێشک دەدات و خەوەنووتکەکەی دەڕوێتەوە کە نایەڵێت شتەکان بە روونی ببینێت و یادەوەرییەکانی جوان بێنە بەر چاو، بۆیە ئەو ڕۆژە هەست بە خۆشی دەکات کە دەگەڕێتەوە عیراق، بەڵام ئەو خۆشییە پڕ لە تەمومژە، چونکە جوان نابینرێت. لە شەشەمین برگە و لە کۆتاییدا شاعیر بە هەناسەساردی هەناسە هەڵدەکێشێت و خەفەت دەخوات، چونکە نەیتوانی بگەڕێتەوە عیراق، لەبەر ئەوەی پارەی نییە تا بتوانێت پێی بگەڕێتەوە، چونکە ئەو پارەیەی هەیەتی بەشی ئەوەی ناکات خۆی پێ تێر بکات، ئیدی چۆن دەتوانێت پارە کۆبکاتەوە و بگەڕێتەوە عیراق؟

پاشان سوێند دەخوات کە بۆ عیراق بگریت کاتێک مردن نزیک دەبێتەوە و لە عیراقەوە دوور بێت، چونکە هیچ شتێکی نییە تەنیا فرمێسک و چاوەڕوانی کەشتی و با نەبێت کە ڕەنگە بۆ عیراقی ببەنەوە.

بەدر شاکر سەیاب

لە ٢٥ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٢٦ لە گوندی جیکۆر لە نزیک بەسرە لەدایک بووە. لە تەمەنی شەش ساڵیدا دایکی کۆچی دوایی کردووە، پاش تەواوکردنی خوێندنی سەرەتایی چووەتە بەسرە و قۆناغی دواناوەندیی تەواوکردووە. پاشان چووەتە بەغدا و لە خانەی باڵای مامۆستایان دوو ساڵ بەشی زمانی عەرەبی هەڵبژاردووە، بەڵام لە ساڵی ١٩٤٥دا چووەتە بەشی ئینگلیزی و ساڵی ١٩٤٨ خوێندنی تێدا تەواو کردووە. وێژەی ئینگلیزی خوێندووە و ئاگەداری ڕۆشنبیری بیانی بووە و ئەزموونی شیعریی خۆی پێ دەوڵەمەند کردووە. ڕەخنەگران

به پێشەنگی راستەقینەی شیعری نوێی دادەنین شانبەشانی نازک مەلائیکە. ساڵی ١٩٥٢ ناچار بووە عیراق بەرەو ئێران و دواتر کوێت بەجێ بهێڵێت. لە ساڵی ١٩٥٤دا گەڕاوەتەوە بەغدا و لە سەردەمی شۆڕشی ١٤ی تەمووزدا مامۆستایەتی و فەرمانبەری کردووە و دواتر لە دەزگەی بەندەرەکانی عیراق لە بەسرە فەرمانبەر بووە. ساڵی١٩٦٢ لەبەر ئازاری پشتی براوەتە نەخۆشخانەی زانکۆی ئەمریکا لە بەیرووت و ساڵی ١٩٦٣ تووشی نەخۆشی شێرپەنجە بووە و لە نەخۆشخانەیەکی کوێت لەژێر چارەسەریدا بووە و لە ٢٤ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٦٤ لە کوێت کۆچی دوایی کردووە. چەند کۆمەڵە شیعری لە پاش بەجێماون: لەوانە: گوڵی ژاکاو ١٩٤٧، ئەفسانەگەل، گۆڕهەڵکەن ١٩٥٢، سۆزانی نابینا ١٩٥٤، چەک و منداڵان ١٩٥٤، سروودی باران ١٩٦٠، پەرستگەی نغرۆ بوو ١٩٦٢، ماڵی کۆیلەکان ١٩٨٣، شەناشیلەکانی کچەکەی چەلەبی ١٩٦٤. هاتن ١٩٦٥، گیتاری با ١٩٧١، کێژەلوولکە ١٩٧٢، دیارییەکان ١٩٧٤، نۆبەرەکان ١٩٧٤، بەرەبەیانی ئاشتی ١٩٧٤.

بەرهەمە وەرگێڕراوەکانی: چاوەکانی ئیلزا یان خۆشەویستی و جەنگ، ئەراگۆن، بێ ساڵ، چامەگەل لەسەر چەرخی ئەتۆمی، ئیدیت ستۆیل، بێ ساڵ، چامەگەلی هەڵبژێرراو لە شیعری جیهانی، بێ ساڵ، چەند چامەیەکی نازم حیکمەت، ١٩٥١، سێ سەدە لە وێژە، ١٩٦٦، شاعیر و داهێنەر و کۆلۆنێل: شانۆگەری یەک پەردە، نووسینی: پیتەر ئۆستینۆڤ، ١٩٥٣.

**سەرچاوە:**

بۆ زانیاری لەبارەی ژیان و بەرهەمەکانی سەیابەوە سەیری ئەم سایتانە کراوە:

http://www.kull-alarab.com/forums/showthread.php?

http://forums.ksu.edu.sa/showthread.php?

http://www.irakere.net/show٢.php?

http://ar.wikipedia.org/wiki.

# پەنجا دەقی جیهانی

و. لە ئینگلیزییەوە: سۆران محەمەد

## (١)
## بۆ تۆ
### دەق: واڵت ویتمان



با ئێمە هەردووکمان ڕێبکەین لە تەنیشت هەموو ئەوانی دی
ئێستا ئێمە پێکەوەین بە تایبەت، ئایا ئاهەنگەکەت وەلانا،
وەرە! سۆز بنوێنە بۆم، سۆزی چی هێشتا بۆ کەس نەنوێنرابێ- سەراپای چیرۆکەکەم پێ بڵێ،
ئەوەم پێ بڵێ کە بە: برات، ژن، مێرد یان بە فیزیکییەکەت نەگوتووە.

## (٢)
## گەر ئەوانەی خۆشم ویستن لەدەست چووبن
### دەق: ئێمیلی دیکنسن



گەر ئەوانەی خۆشمویستن لەدەست چووبن
دەنگی جارڕەرەکە پێم دەڵێ...
گەر ئەوانەی لەدەستم دان دۆزرانەوە

**زەنگەکانی گێنت* لێدەدەن...**

**ئەوانەی لەدەستم دان حەوانەوە**
**گوڵە چاوپشیلەکە هانمەدا**
**فلیپ*کاتێ واقوڕما بوو**
**گرێکەی تیا هەڵگرت**

*گێنت: شارێکی ڕۆژاوای بەلجیکایە، لە سەدەی حەوتەم بنیاتنرا.
*فلیپ ڤان ئارتیڤێڵد: پێشەوایەتی پیاوانی کرد یاخی بن لە سەرکردەکەیان لە گێنت و دوایی شکستی هێنا و کوژرا. هەروەها ئەمە کرابوو بە شانۆ و خانەوادەی ئێمیلی بە کەسایەتی فلیپ سەرسام بوون.

## (٣)
## گەڕیدەی ڕاستی
## دەق: ئی.ئی.کەمینگس



**گەڕیدەی راستی**

**دوای هیچ ڕێ مەکەوە**
**هەموو ڕێگاکان ئەچنەوە سەر شوێن**

**راستی لێرەیە**

## (٤)
## ئێوارەیەک
### دەق: گوێندلن برۆکس



خۆراوابوون تۆپەڵی کرد هەور؛
گەوهەرێکی ئێوارەی-ئەستێرە؛
گردە شینە خەمبارەکان دوور؛
خۆشەویستی لە کفنەکەیدایە.

بە دەگمەن فرمێسک ئەڕژێ؛
بە ئەستەم وشە دەگوترێ؛
کۆتایی ڕۆژەکەی هاوین؛
خۆشەویستی شیرین مرد.

## (٥)
## لەگەڵ مانگەکە و ئەستێرەکان و جیهان
### دەق: چارلس بیوکاوسکی

ڕۆشتنە دوورەکانی شەو..
ئەوە ئەوەیە باشە بۆ گیان:
سەرەتاتکێکردن بۆ ناو پەنجەرەکان
بینینی ژنی ماڵەوەی ماندوو
هەوڵەدەن بجەنگن
لەگەڵ مێردەکانیان شێتبووی-بیرە



## (٦)
## شادبە لوتت لەسەر دەموچاوتە

**دەق: جاک پرێلاتسکی**



**شادبە لوتت لەسەر دەموچاوتە،**
**نەلکێنراوە بە هەندێ شوێنی ترەوە،**
**چونکە گەر لەوجێیەی ئێستا نەبووایە،**
**رەنگە رقت لە لوتت ببوایە زۆر.**

**بیخەملێنە گەر لوتی بە بەهات**
**خرابێتە نێو پەنجەکانی قاچت،**
**روونە ئەوە چارە نەئەبوو،**
**بۆ تۆ ناچاربی بۆنی پێکانت بکەی.**

**لوتت دەبووە سەرچاوەی پەشۆکان**
**گەر بە ناوەڕاستی سەرتەوە بووایە،**
**زوو تۆی تووشی نائومێدیی دەکرد،**
**هەردەم لە لایەن قژتەوە ختوکە دەدرا.**

**گەر لوتت لەناو گوێت بوایە**
**کارەساتێکی تەواو دەبوو،**
**چونکە کاتێ ناچاری پژمین دەبوو،**
**مێشکت زرنگەی دەهات بە شەماڵێک.**

**لەجیاتی ئەمە لوتت بە ئەستوور و باریکەوە،**
**ماوەتەوە لەنێوان چاوەکانت و چەناگەت،**
**نەلکێنراوە بە هەندێ شوێنی ترەوە..**
**شادبە لوتت لەسەر دەموچاوتە!**

١-واڵت ویتمان ١٨١٩-١٨٩٢: شاعیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووسی ئەمریکی دادەنرێت بە یەکێک لە ڕێبەرانی شیعری ئازاد، لەنێوان چاخی فەلسەفەی باڵاگەرایی و ڕیالیزمیدا ژیاوە.

ویتمان وەک مامۆستا کاریکردووە و لە جەنگی ناوخۆی ئەمریکادا وەک پەرستیاری خۆبەخش ڕۆڵی بینیوە، لە گەورەترین شاکارەکانی: (گەڵاکانی گیا)یە.

٢-ئێمیلی دیکنسن: کچە شاعیری ئەمریکی سەدەی هەژدە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا (١٨٣٠-١٨٨٦) ژیاوە، زیاتر هۆنراوەکانی دەربارەی مردن و نەمریی و لەدەستدان بوون. لە تەمەنی ٢٠ ساڵییەوە دەستی کرد بە نووسینی شیعر، دوای خۆی کۆمەڵێکی زۆر هۆنراوەی زیندووی جێهێشت.

٣-ئی.ئی.کەمینگس: ئیدوارد ئیستلین کەمینگس لە شاری کامبریجی سەر بە ویلایەتی ماسەچوسێتی ئەمریکا لە ١٨٩٤/١٠/١٤ لەدایک بووە، لە قۆناغی کۆلێژەوە ئاشنای نووسین بوو، زمانی یۆنانی و چەند زمانێکی تری خوێند، هەروەها نیگاریشی کێشاوە، زۆر وڵاتی جیهان گەڕاوە وەک تونس، ڕوسیا، فەڕەنسا، مەکسیک... کاری خۆبەخشی خزمەتی ئەمبولانسی کردووە. ئەو دژی شەڕ نووسیویەتی کە ئەمریکا دەیکرد. لە تەمەنی ٦٨ ساڵیدا کۆچی کرد و ٢٥ پەرتوک و چەندان شانۆ و چیرۆک و تابلۆی دوای خۆی جێهێشت.

٤-گوێندلن بروکس: ژنە شاعیری ئەفرۆ-ئەمریکی لە ١٩١٧/٧/٧ لەدایک بووە. لە تەمەنی ٧ ساڵیدا دایکی بەهرەی شیعر نووسینی تیا دۆزییەوە و هانی دا، لەبەر ئەوەی لە منداڵیدا گۆشەگیر بوو، دواتر بە کەسێکی شەرمن ناسرا، لەگەڵ شیعردا چیرۆکیشی نووسیووە، یەکەم کتێبی لە ١٩٤٥ بڵاوکردەوە، چەندان خەڵاتی ئەدەبی پێ بەخشراوە. لە ١٩٩٠ بووە پرۆفیسۆری زمانی ئینگلیزی لە زانکۆی شیکاگۆ. لە تەمەنی ٨٣ ساڵی و لە ٢٠٠٠/١٢/٣ کۆچی دوایی کرد.

٥-چارلس بیوکاوسکی: لە ١٩٢٠ لە ئەڵمانیا لەدایک بووە و لە ئەمریکا ژیاوە. یەکەم بەرهەمی لە ١٩٤٠ بڵاوکردەوە، ١٠ ساڵ کاری پۆستەچێتی کردووە، لەگەڵ هۆنراوەدا سەدان چیرۆک و ٦ ڕۆمانیشی نووسیوە، زیاد لە ٦٠ پەرتووکی بە چاپ گەیەندراوە، لە ١٩٩٤/٣/٩ کۆچی دوایی کرد.

٦- جاک پرێلاتسکی: لە ١٩٤٠/٩/٨ لە نیۆرک لەدایک بووە، زیاتر لە ٣٠ کۆکراوەی هۆنراوەی هەیە، زۆر کاری جۆراوجۆری کردووە، لەوانە کاری شۆفێریی کردووە، بەرهەمی منداڵانیشی نووسیوە، ئێستا لە واشنتن دەژی.

**سەرچاوە:**

famouspoetsandpoems.com/poet

# هونەر

- ماندێلا، هەنگاوێکی گەورە بەرەو ئازادی — و. ئازاد بەهین
- چەند بابەتێکی موزیکی — فەرمان عەلی نوری
- ئاودانی تەنیایی بە ئاگری ئاوازەکانی (هاییدە) — بەرهەم ئەنوەر
- سینەمای سێرگێی پاراجانۆڤ — و. هێمن مەحمود حەسەن

# ماندێلا، هەنگاوێکی گەورە بەرەو ئازادی



**و. لە فارسییەوە: ئازاد بەهین**

شەوی پێنجشەممە ٥ی دیسەمبەری ٢٠١٣، هەواڵی ماڵئاواییکردنی نێلسۆن ماندێلا لە ژیان، ڕێبەری خەبات دژی ئاپارتایدی ئەفریقای باشوور، لە ڕاگەیاندن و میدیاکانی جیهاندا بڵاو بووەوە. هاوکات، ئەم ڕۆژانە فیلمی "ماندێلا، هەنگاوێکی گەورە بەرەو ئازادی" لە سینەماکانی ئەمریکا و هەندێک لە وڵاتەکانی جیهان نمایش کراوە. لێرەدا چاوێک دەخشێنین بەو فیلمەدا.

"ماندێلا، هەنگاوێکی گەورە بەرەو ئازادی" یەکەمین جار لەساڵی ٢٠١٣ لە فێستیڤاڵی فیلمی تۆرێنتۆ نمایش کرا و دواتر لە فێستیڤاڵەکانی دیکە، لەوانە شیکاگۆ و ئاستینیش نمایش کرا. نمایشی گشتیی ئەو فیلمە لە یەکی دیسەمبەرەوە لە ئەمریکا دەستی پێکردووە و لە ١٦ی ئەم مانگەش لە وڵاتانی فەڕەنسا و هۆڵەندا نمایش دەکرێت و لە مانگی جەنیوەریشەوە بەرە بەرە لە وڵاتانی دیکەی ئەوروپایی لەوانە: بەریتانیا، ئیرلەندا، سوید و ئەڵمانیاش نمایش دەکرێت.

"ماندێلا، هەنگاوێکی گەورە بەرەو ئازادی" فیلمێکی ژیاننامەییە کە بە پێی کتێبێک هەر بەو ناوە دروستکراوە. ماندێلا ژیاننامەی خۆی لە ساڵی ١٩٩٤ بڵاوکردەوە. کتێبی خەڵاتی ئالێن پاتوونی لە ساڵی ١٩٩٥ بەدەستهێنا و وەرگێڕدرایە سەر زمانە جۆراوجۆرەکان و چاپ کرا. لەو کتێبەدا و هەروەها لەو فیلمەدا، منداڵیی ماندێلا، سەردەمی گەنجێتی و خوێندن و ٢٧ ساڵ زیندانی خراوەتەڕوو.

بیرۆکەی دروستکردنی ئەو فیلمە لە نزیکەی ٢٥ ساڵ لەمەوپێشەوە دەستی پێکرد، کاتێک کە ئانات سینگ، دەرهێنەری خەڵکی ئەفریقای باشووری ئەو فیلمە، لە سەردەمی زیندانیبوونی ماندێلا وتووێژێکی لەگەڵ ئەنجام دابوو. لە دوای بڵاوبوونەوەی ژیاننامەی ماندێلا، سینگ مافی وەرگرتنی سینەماییەکەی بەدەستهێنا و لە ئاکامدا لە دوای ١٦ ساڵ ئەو فیلمە چووە قۆناغی بەرهەمهێنان. سینگ سەبارەت بە چۆنێتی ڕۆیشتن بەرەو ئەو بیرۆکەیە دەڵێت: "وەک فیلمسازێکی گەنج و چالاک لە ئەفریقای باشوور فیلمەکانی پەیوەست بە بابەتی دژە ئاپارتایدم دروووست دەکرد و هەڵبەت چیرۆکی نێلسۆن ماندێلاشم بیستبوو. بەنیاز بووم فیلمێک لەسەر ژیانی دروووست بکەم، بەڵام هیچ کات پێم وا نەبوو دروووستکردنی ئەو فیلمە ٢٥ ساڵ بخایەنێت. دروووستکردنی ئەو فیلمە گرفتی زۆر بوو و من شانازیی دەکەم کە توانیم لە ئاکامدا ئەو فیلمە بەرهەم بێنم".

بە دڵنیاییەوە سینگ تەنیا فیلمسازێک نەبوو کە بیری لە دروووستکردنی چیرۆکی ژیانی ماندێلا کردبووەوە، بەڵام ئەو کەسێک بوو کە ئیزن و مۆڵەتی ماندێلای بۆ دروووستکردنی فیلم بە پێی ژیاننامەکەی وەرگرت. سینگ لەم بارەیەوە دەڵێت: "نزیکەی دوو حەفتە لەدوای ئازادبوونی ماندێلا لە ساڵی ١٩٩٠ چوومە دیتنی. هاوڕێیەتی لەنێوانماندا دروووست بوو. کاتێک کە ماندێلا ژیاننامەکەی بڵاوکردەوە، منی وەک بەرهەمهێنانی فیلمێک بەپێی ئەو کتێبە دەستنیشان کرد و هەڵبەت منیش شانازیی بەو مەسەلەیەوە دەکەم، بەڵام ئەنجامدانی ئەو کارە بەرپرسیارێتییەکی گەورەش بوو. وەک هاوڵاتییەکی ئەفریقای باشوور نەمدەتوانی ئەو کارە بە سادە و ساکاری بگرم و هەر لەبەر ئەوەش دروووستکردنەکەی ئەوەندەی خایاند. پێم وایە سەرئەنجام وەک یەکێک لە فیلمسازانی سەربەخۆی ئەفریقای باشوور توانیم کارێک بەرهەم بێنم کە ئەمڕۆکە لە پاڵ باشترین فیلمەکانی جیهان نمایش دەکرێت و شانازیی پێوە دەکەم".

ویلیام نیکسۆن، فیلمنامەنووس، ڕۆماننووس و شانۆنامەنووسی بەریتانی،

فیلمنامەی ئەو فیلمەی نووسیوە. ئەو دوو جار بووەتە پاڵێوراوی وەرگرتنی خەڵاتی ئۆسکار و لە کارنامەکەی خۆیدا کۆمەڵێک بەرهەمی وەک "یەکەمین شوالیە" (١٩٩٥)، "گلادیاتۆر" (٢٠٠٠) و "بینەوایان" (٢٠١٠) دەبیندرێت. جاستین چادویک، دەرهێنەر و ئەکتەری بەریتانییش لە پلەی دەرهێنەر بەو پڕۆژەیەوە پەیوەست بوو. چادویک ساڵی ٢٠١٠ فیلمی سەربەخۆی "یەکەمین شەقام ماڵین"ی بە دەرهێنەریی سینگ لە کێنیا بردبووە بەردەم کامێرا، کە ئەو فیلمەش لەسەر بنەمای رووداوی راستەقینە دروستکراوە. هەر ئەو خاڵە بووە هۆی ئەوەی کە ئامادەکارانی فیلم، ئەو بە بژاردەیەکی گونجاو بزانن بۆ دەرهێنەریی ئەو فیلمە و بیخە سەر ئەو ئیشە.

چادویک ئاماژە بەو بابەتە دەکات کە تەنیا خەباتی سیاسیی ماندێلا بۆی سەرەنج راکێش نەبووە، بەڵکو بە نیاز بووە ژیانی شەخسی ئەو و پەیوەندی لەگەڵ هاوسەرەکەشی بخاتەڕوو و بینەران لەو بەشەش لە ژیانی ماندێلا بەشدار بکەن. بە وتەی خۆی: "غەریزە پێی دەوتم کە دەبێت چیرۆکەکە لەسەر ماندێلا وەک مرۆڤێک بێت. کاتێک کە چاوم بە کچەکان و نزیکانی ئەو کەوت و پێم وتن دەمەوێت بەو جۆرە ئەو فیلمە درووست بکەم، کەمێک نیگەران بوون، بەڵام لە ئاکامدا وتیان: وەک مرۆڤێکی ئاسایی ئیشی لەگەڵ بکە و چیرۆکەکەی وەک مرۆڤێک بگێڕەوە. ئانانت سینگیش کاتێک یەکەمین جار سەبارەت بەم پڕۆژەیە قسەی لەگەڵ کردم، تێڕوانینێکی هاوشێوەی هەبوو. ئەو وتی خاڵی ناوەندیی ئەو چیرۆکە، چیرۆکێکی مرۆییە و ئەو قوربانییانەیە کە ئەو مرۆڤە و بنەماڵەکەی بۆ خەباتەکەی دەیدەن".

بەرهەمهێنەرانی ئەو فیلمە هەوڵیان دا تا ئەو جێیەی کە دەتوانن بە واقیعییەتەکان وەفادار بمێننەوە، هەر لە بەر ئەوە زۆرێک لە سەحنەکانی ئەو فیلمە لە شوێنە واقیعییەکان وێنەی هەڵگیراوە. بۆ نموونە دەتوانرێت ئاماژە بکرێت بە زیندانێک کە ماندێلا تیایدا زیندانی بوو، شوێنی ئازادبوونی و یان دادگاکەی. چادویک ئاماژە بەو خاڵە دەکات کە بەشێکی سەرەکی لە وەفاداری بە واقیعییەت، قەرزداری هەوڵەکان و لێکۆڵینەوە بەربلاوەکانی ئانانت سینگ، ئامادەکاری ئەو فیلمەیە. ئەو دەڵێت: "لە ساڵانێکی دوورودرێژ کە ئانانت بۆ درووستکردنی ئەو فیلمە تەرخانی کرد، پەیوەندییەکی نزیک و هاوڕێیانەی لەگەڵ کەسوکاری ماندێلا و کەسانێک درووستکردبوو کە تێکەڵاوی خەبات دژی ئاپارتاید ببوون. ئەو کۆمەڵێک کتێب و وێنەی ئەو سەردەمانەی بۆ ناردم بە شێوەیەک کە کتێبخانەیەکی تەواوم لەم پەیوەندەدا لەبەر دەستدا بوو.

هەروەها دامەزراوەی نێلسۆن ماندێلا کاری زۆری کردووە و ئەو بەشەی لە مێژووی بەشێوەی کۆمەڵێک کاتالۆگ ئامادە کردووە. ئەوان ڕێگەیان پێدام بە ئاسانی دەستم بە هەموو ئەو بەڵگەنامانە رابگات. وتوویژە ئامادە نەکراوەکانم لەگەڵ ماندێلا و هاوسەرەکەی بینی کە هیچ کات نمایش نەکراوە. لە دیتنی ئەو وتوویژانە هەندێک بێتاقەت بووم".

ئێدری ئەلبا، ئەکتەری بەریتانیی براوەی خەڵاتی گۆڵدن گڵووب کە بەرهەمەکانی وەک "تور" و "پروومتە"ی لە کارنامەکەی خۆیدا هەیە لە ڕۆڵی نێلسۆن ماندێلا و ناومی هریس، ئەکتەری فیلمەکانی وەک "ئێسکای فال"، "دزانی دەریای کارائیب" و "۲۸ ڕۆژ دواتر" ڕۆڵی وینی، هاوسەری ماندێلایان گێڕاوە. هەر دووی ئەم ئەکتەرانە وتوویانە کە جەختکردنەوەی سەرەکیی بەرهەمهێنەرانی ئەو فیلمە لەسەر ئەوە بووە کە دیمەن و سەحنەکان تا ئەو جێیەی دەکرێت، لە واقیعییەت نزیک بێت. هەر لەبەر ئەوە کاتێکی زۆریان بۆ ڕاهێنان و خۆ ئامادەکردن بۆ ئەو ڕۆڵانە تەرخان کرد. ئەلبا سەبارەت بە ڕۆڵی خۆی لەو فیلمەدا دەڵێت: "دژوارترین بەشی ئیشەکە، دۆزینەوەی چۆنێتی قسەکردنی ماندێلا بوو. دەنگی ئەو زۆر تایبەت و ناسراوە و هەمووان دەزانن کە ئەو چۆن قسە دەکات. هەر لە بەر ئەوە من کاتێکی زۆرم بۆ دۆزینەوەی شێوازی قسەکردنی ئەو تەرخان کرد. من تۆنی قسەکردنم لەندەنییە و دەنگی من بە هیچ شێوەیەک وەک دەنگی ئەو ناچێت و هەر لە بەر ئەوە زۆرم هەوڵ دا تا ئەو جێیەی دەکرێت شێوازی تۆن و دەنگی ئەو دووپات بکەمەوە. فیلمی زۆرم لە ماندێلا بینی. گوێم لە قسەکردنی گرت و سەرەنجم دایە زمانی جەستە و جوڵەکانی. هەروەها سەرەنجم دایە ئەو کەسانەی لە لای بوون و کاردانەوەکانیانم بە وردی لەبەرچاو گرت. هەر لەو کاردانەوانە دەکرا پەی بە بە توانا و کەسایەتی ماندێلا ببەیت".

"ماندێلا هەنگاوێکی گەورە بەرەو ئازادی" ڕاوبۆچوونی جۆراوجۆری لە ڕەخنەگران وەرگرتووە. زۆربەی ڕەخنەگران خاڵی بەهێزی ئەوە فیلمەیان بە ڕۆڵی دوو ئەکتەری سەرەکی فیلمەکە زانیوە. پیتێر تراورێس ڕەخنەگری "ڕۆلیگ ستۆنز" بە پێدانی دوو نیو ئەستێرە لە چوار ئەستێرەی خۆی بەو فیلمە بە جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی کە "ئەو فیلمانەی سەبارەت بە مرۆڤە گەورەکان درووست دەکرێن بە گشتی فیلمی گەورە نین" لەو کەسانەیە کە خاڵی بەهێزی ئەو فیلمەی گەڕاندووەتەوە بۆ ڕۆڵی ئەکتەرەکانی فیلمەکە. ئەو ئەو فیلمەی بە لاپەڕەکانی ویکی پێدیا شووبهاندووە کە بەرهەمهێنەرانی هەوڵیان داوە تا ئەو جێیەی دەکرێت هەموو زانیارییەکانی پەیوەست بە کەسایەتی سەرەکی بۆ بینەر بخەنەڕوو.

دەڤید گریتن، رەخنەگری تێلێگراف، چوار ئەستێرەی بەو فیلمە بەخشیوە و وەک تراولێس، ئەو فیلمە بە خاوەن فیلمنامەیەکی پوختە و پڕ لە زانیاری سەبارەت بە ژیانی ماندێلا دەزانێت و ستایشی رۆڵی ئێدری ئەلبا دەکات لە رۆڵی ماندێلادا. لە بەرامبەردا جۆردن هافمەن، رەخنەگری "فیلم دات کام" بە ئاماژەکردن بەوەی کە سەرەنجراکێشترین بەشی فیلمەکە پەیوەندی نێوان ماندێلا و هاوسەرەکەیەتی، بە گشتی ئەو فیلمە بە لاواز دەزانێت کە دەکرێت بە لایدا تێپەڕین. ئەو دەنووسێت: هەر فیلمێکی دۆکیۆمێنتاری کە کاناڵی "پی بی ئێس" سەبارەت بە ماندێلا بڵاوی بکاتەوە، لەوانەیە لە کاتێکی کەمتر لە کاتی ئەو فیلمە هەموو ئەم زانیارییانە بە ئێوە بدات" و لە کۆتاییدا دەپرسێت: "ماندێلا ٢٨ ساڵ لە تەمەنی لە زینداندا بەسەربرد و ئەوە شتێکە کە بە دەستی دێنێت؟

"ماندێلا، هەنگاوێکی گەورە بەرەو ئازادی" بە ١٣٩ خولەک بەرهەمی ٢٠١٣ی ئەفریقای باشوور و بەریتانیایە.




**سەرچاوە:**

http://www.radiozamaneh.com/112833#.UqL2J9LuIqc



# چەند بابەتێکی موزیکی

فەرمان عەلی نوری

## کاریگەی یۆنانییەکان لەسەر موزیکی نوێ

بۆچوون (مەفهوم) مانای دانراوە جوانەکان، زانست و فەلسەفە یۆنانییەکان، بەو جۆرەی کە لە نووسراوەکاندا بەڵگەنامەکاندا نموونەکان و گوێزانەوەی ئەو لێکۆڵینەوانە کە بۆ پشکنین لە سەر موزیک هێنراوەتەوە، کاریگەرییەکی باشی کردۆتە سەر موزیکی خۆرئاوا.

## زاراوەکانی موزیک

فەرهەنگی زاراوەکان موزیکی نوێ پڕشنگی دەسەڵاتی یۆنانی دێرینە، ئەو زاراوانەی وەک:

١- میلۆدی (melody)

٢- ریتم (rhythm)

٣- ئۆرکێستر (orchestra)

٤- ئۆرگن (organ)

٥- سیمفۆنی (symphony)

٦- کۆرس (chorss)

نەوەک تەنیا سەرچاوەکەی یۆنانییە، بەڵکو مەبەست و بۆچوونی یۆنانییەکانە لە موزیکدا، بەبڕوای یۆنانییەکان (ئەپۆلۆ Apollo) سەروەری هەموو هونەرەکان بووە و (حەوت) خوای هونەر بەناوی (موز-muse) هاوکاری ئەو بوون، ناوی خواکانی هونەر بەم جۆرە پێناسەکراوە:

١- سلیۆ (slio)، واتە خوای مێژوو.

٢- پۆلیمن polymnie))، واتە خوای دەربڕین.

٣- ئورانی (uranie)، واتە خوای ئەستێرەناسی.

٤- تالی (thalie)، واتە خوای کۆمیدی.

٥- کالیۆب (calliope)، واتە خوای شعری حەماسی.

٦- ئاراتۆ (erato)، واتە خوای شعری دڵداری و سۆزداری.

٧- میلپۆمین (melpomene)، واتە خوای کردار.

## پەیوەندی نێوان وشە و موزیک

یۆنانییەکان موزیک و هۆنراوەیان بە تەواوکەری یەکتر داناوە و هەردووکیان لە یەک ئاستدا گرنگییان پێداوە، هۆنراوە حەماسییەکان کە بە (هومەر) ناوبراوە لە (٨٥٠ پ.ز) پەیدابووە، ئەم هۆنراوانە لەسەر بنچینەی ستایشی خواکان و قارەمانانی ئەفسانەیی پێکهاتووە، لەگەڵ ئامێری (لیر)دا وتوویانە، لەلایەکی ترەوە، لەگەڵ ئەوەی شاعیرەکان لە ماوەی چەند سەدەیەکی دوابەدوای یەکدا تەنیا بۆ ستایشی خواکان و پیاهەڵدانی قارەمانە خۆشەویستەکانی خۆیان هۆنراوەیان داناوە، لەدوای ئەوماوەیەوە لەسەدەی حەوتەمی پێش زایندا هۆنراوەیان بۆ ئاوازی عاشقانە، جەنگ، سیاسەت و هەموو بۆنە کۆمەڵایەتییە تایبەتییەکانی کۆمەڵگە داناوە.

ئەوەی جێی سەرنجە، کاتێ ئەم هۆنراوە عاشقانانەیان لەگەڵ ئامێری (لیر) دا وتووە ئالێرەوە بوو هۆنراوەی لیری ناوی لێنراو بەو وشەیە ناسرا، ئەم شێوە پێشکەشکردنە لە دەربڕینی موزیکدا هۆنراوە و موزیکی ئاوێتەکردو، بۆتە هونەرێکی جیانەبۆوە، گرنگی بەستنەوەی ئامانج لەنێوان وشە و موزیکدا چەندین سەدە و موزیکزانەکانی سەرسوڕماو کردبوو، لەوانەیە ئەوەت بەلاوە سەیربێت، کە بزانیت یۆنانییەکان بە یەکگرتنی یان ئاوێتەبوونی تەواو، هەبووە لەنێوان هۆنراوە و موزیکدا.

**ئەفسانەکان و داستانەکان**

داستانەکانی یۆنان پڕە لە ئەفسانەی باش و درەوشاوە دەربارەی دروستبوونی موزیک، کە تیایدا موزیک بە خوڵقێنەری خوداکان بۆ چێژوەرگرتنی ئەوان دادەنێت!

چەندین داستان هەیە داهێنانی ئامێرەکانی موزیک دەگێڕێتەوە، یەکێک لەوانە ئەفسانەکانی (ئەرافیوس)ە کوڕی ئەپۆلۆ دەگێڕێتەوە، کە ئامێری ژێداری بە ناوی (لیر) ئەوەندە دڵگیربووە لە ژەنیندا کە هەتا چیاکانیش بە دەنگی ئامێرەکەی کەوتوونەتە سەما، هەروەها داستانی رۆح دەرچوونی ئەو لە بەرپێی هاوسەرە جوانەکەی (یوریدس) بۆ جیهانی مردووەکان و هەوڵدانی ئەو بۆ سەرلەنوێ گەڕانەوەی بۆ فەرمانڕەوایی و مردنی چەندینجار بە موزیک دەگێڕێتەوە، ئەم ئەفسانەیە و چەندین ئەفسانەی تریش لە ئەفسانەکانی یۆنان و ناوەڕۆکێکی زۆری بۆ موزیکدانەرەکان لە داهێنانی بەرهەمی ئاواز وتن و نمایشدا بەدیدەکرێت.



## فەلسەفەی موزیک

یۆنانییەکۆنەکان چەندین تیۆریان دەربارەی گرنگی فەلسەفەی موزیک و کاریگەرییان لە جیهاندا و کاریگەرییان لەسەر هەڵسوکەوتی مرۆڤ و سودوەرگرتنی بە باشی لە کۆمەڵگەدا باسکردووە، ئەوان بڕوایان بە عادەت و عورفی ئەخلاقی بووە، گرنگییان داوە بە لایەنە ئەخلاقییەکانی موزیک (ethos)، یۆنانییەکان لەو بڕوایەدان کە موزیک نەوەک تەنیا خووگرتن و عادەتە، بەڵکو هەموو کەسێک خۆی بەگوێگرتن لە جۆرەکانی موزیک بەتەواوی دەچێتە حاڵەتێکی خۆشەوە و لەوانەیە ئەم حاڵەتە باشبێت، یان خراپ، ئەوان بڕوایان بەوە بووە کە موزیک چارەسەری دەردی نەخۆشە و لەوانەیە شتی سەرسوڕهێنەرتریشی لێ چاوەڕوان بکرێت، شارستانییەتی خۆرئاوا ئیتر باوەڕیان بە تایبەتمەندێتی سیحرئامێز و ئەو شتانەی لەودیو موزیکەوەن، کە لە عورف و عادەتی یۆنانییەکاندا چەسپابوو، نەدەکرد، بەڵام لە تێگەشتنێکی هەمەلایەنتر بۆچوونێکی ئاوەها لەوانەیە واتا ببەخشێت! بۆنموونە: موزیکی چارەسەریی، چارەسەری هەندێ لە نەخۆشییەکانی جەستەیی و عاتفی دەکات.

یاسا و رێسای ئەخلاقی گرنگی بەباش و خراپی دەدا لە پێشکەشکردنی موزیکی مەزهەبیدا، بۆ نموونە: لە سەرەتاوە کڵێسە باوەڕی وابوو کە هەندێ جۆری موزیک بەرهەمی خراپی لێ دەکەوێتەوە، لەم رووەوە و لە پێشکەشکردنی بەشێکی زۆری موزیک دووردەکەوتنەوە کە لە کۆمەڵگەی لادەری ئێرانی مابوونەوە.

## شێوازەکانی کلاسیک و رۆمانتیک

لە یۆنانی دێریندا، دوو ئایینی گرنگی مەزهەبی هەبووە کە هەریەکەیان موزیکی تایبەت بە خۆی هەبوو، گرووپێک کە خودای ئۆپۆلۆ (apoolo) بوو لەسەر بناغەی ئەفسانەکانی یۆنان، موزیکی ئارام، رێکوپێک و ستایشیان پەسەند دەکرد و ئامێری (لیر)یان دەژەنی، کە دەنگی مۆترۆمتینی هەبوو، جۆرێکی تر (دیونیزوس dionysys) ئامێرێکی هەوایی خواروخێچە بە ناوی (ئۆلۆس-oulos) یان ژەنی پاڵپشتی موزیکێک بووکە پێشتر گونجاوبوو بۆ نمایش و جەژنەکان و پێشرکێ وەرزشییەکان.

ئاساییە کە بە موزیکی جۆری یەکەم دەوترا، موزیکی (گونجاو راستگەرییانە)، کە پێشتر لەگەڵ فۆرم و کێشدا لەڕووی خاسیەتییەوە رۆمانتیکە، شێوازەکانی کلاسیک و رۆمانتیک بەدوای یەکدا زەمینەیان بۆ هونەر و کەلەپووری رۆژئاوا

خۆش کردبوو، بەرهەمە هونەرییەکانی سەدەی بیستەم نموونەی گرنگی تیایە لە هەردوو شێوازەکە بە هاوبەشی موزیکدانەرەکان و هونەرمەندانی هاوچەرخی خستۆتە ژێر کاریگەری خۆیەوە.

## تیۆرە زانستییەکان دەربارەی موزیک

یۆنانییەکان بە شێوازی لێکۆڵینەوە و یاسا و رێسای ئەو تیۆرانەیان بۆ پۆلێنکردنی موزیک داناوە و ئەوانەیان لە پاش خۆیان بەجێهێشتووە.

ڤیساگۆرس کە لە سەدەی شەشەمی پێش زاییندا ژیاوە، یەکەمین کەس بووە کە دەربارەی بنچینەی زانستی موزیک خەریکی لێکۆڵینەوە بووە و ئەنجامەکانیشی لەم بوارەدا سەرکەوتوو بووە، ئەوەندە خەریکی لێکۆڵینەوەی زانستی بووە لەسەر دەنگ (ئاکۆستیک) و کۆککردنی ئامێرەکانی موزیک، ئەویان لەم بوارەدا بە یەکەمین کەس و گەورەترین یاسادانەری موزیک ناوبردووە، پشکنینەکانی لەمیانەی موزیکدا ئەوەندە بەنرخە کە دەبوایە ئەو بە دارێژەری یاساکانی دوایی کە بە سەدەی حەڤدەیەم و هەژدەیەم کۆتایی دێت، بزانرایە.

ڤیساگۆرس توانی رێژەی میانەی دەنگەکانی موزیک بەشێوەی ژمارە و پەیوەندی ئەوانە بە یەکترییەوە ببەستێتەوە، هەروەها لەرووی میانەکانی ئۆکتاف (octave) پێنجەمی تەواو (perfect fith) و چوارەمی تەواو (perfect fourth)، کە پێشتر ئەمانەی دۆزیبووەوە، پلەی میانە جیاجیاکانی پەیژەی ژمارد و بەم کارەی کە کردی بۆ موزیکەکە هەتا ئەم رۆژگارە داهێنانێکی خۆش و هەستبزوێنەر بووە، لایەنی زانستی و توێژینەوە لەگەڵ بناغەی ریازیدا رێژەی میانەکانی پەیژەی فیساگۆرس تا ئەمڕۆش سوودی لێوەردەگیرێت لەلای موزیکژەنەکانی ئامێرە ژێدارەکانی وەک: (ڤایۆلین، ڤیۆلا، چەلۆ، کۆنتراباس)، کە بەم شێوەیە دەبێت، لەم رۆژدا تیۆرەکانی یۆنان دەربارەی پەیژەکان (mode) یش لەبەردەستدایە پەیژە و پلەی موزیکی یۆنانی یۆنانییەکان لە خوارەوە یەک لەدوای یەک و خاوەنی دوو پەیژەی سەرەکی لاوەکییەکان لەسەر بنچینەی پەیژە سەرەکییەکان دروست دەبێت، پەیژە، یا پەیژە سەرەکییەکان، بەم شێوەی خوارەوە دەبێت، ئەمەش نموونەیەکییەتی:

جیاوازی گرنگ لەنێوان پەیژە سەرەکی و لاوەکییەکاندا لەنێوانی دووبەشدا میانە هەیە، بەڵام لە پەیژە لاوەکییەکاندا نۆتەی دوابەش یەکەم نۆتەی، یەکەم بەشی دووەم دەبێت، ئەم پەیژەیە لە بەشی دووەمی پەیژەی (دورین) بە تەواوەتی لە پێنجەمی سەرووتر دەست پێدەکات، نۆتەی (می) لە هەردووبەشدا

هاوبەش دەبێت، نۆتەی (سی) بۆ سەر پەیژەکە زیادکراوە تا ئۆکتاڤەکە تەواو بێت، بەم جۆرەیە ئەم پەیژەیە بەناونراوە (هیپردورین)، ئەم پەیژەیە بە میانەی چوارەمی تەواو لە سەرووتر لە پەیژەی (دورین) دەستی پێکردووە، نۆتەی (می) لە هەردوو بەشدا هاوبەش دەبێت، نۆتەی (لا) بۆ تەواوکردنی ئۆکتاف بۆ خوارەوەی پەیژەکە زیادکراوە، بەمجۆرە ئەم پەیژەیە بە (هیپر دورین) ناونراوە، هەروەها ئەم دووپەیژەیەش هەروەک پەیژەی هیپردورین (hypo dorian) بەڕێژەی پەیژەی بنچینەی خۆی بەدەستهاتووە، هەریەکێک لەم پەیژە یۆنانییانە نیشانە و مۆرکی تایبەت بە یۆنانییەکان بوون، بۆ نموونە:

پەیژەی هیپۆ فیریجیان (hypo phyrigian) سومبولی جوان و پەیژەی هیپودورین (hypo dorian) سومبولی پیری بووە.

موزیکزانەکانی سەدەی ناوەڕاست بە سودوەرگرتن لە پەیژەکۆنەکانی یۆنان پەیژەکانی خۆیان پێکدەهێنا، هەروەها پەیوەندی نێوان پەیژە، یان پەیژە کۆنە یۆنانی و پەیژە رۆژهەلاتییەکانی هەبووە، وەکو پەیژە هیندییەکان کە ئێستاش هەر رەواجی هەیە، کە ئەمەش لەدواییدا کاریگەری باشی لەسەر موزیکدانەرەکانی خۆرئاوا بەجێهێشتووە، لە راستیدا زۆرتر لەوەی کە یۆنانییەکان هەوڵیان داوە و لێکۆڵینەوە بۆ درکپێکردنی موزیک بووە هەتا ئەمڕۆش، هەر بۆیە بۆ ناسینی موزیک جێی گرنگیپێدانە.




**سەرچاوە:**
Composers at work



# دڵی حەیران و شکاوی ئێمە
# ئاودانی تەنیایی بە ئاگری ئاوازەکانی (هابیدە)

بەرهەم ئەنوەر

دەشێت گۆرانییەک، مۆسیقایەک، دەنگێک، کارایەکی گرنگی یاریدەدەر بێت بۆ کیمیای سەفەرکردن و گەڕانەوە لە دەرەوە بۆ ناوەوەی خۆمان. بینین و دۆزینەوەی نهێنی و شاراوەییەکانی ناخمان، هاندەرێکی شیاون بۆ تێگەیشتن لەوەی چی بووین و چین و چۆن دەبین؟ رەنگە ئەم پرۆسەیە کەم تا زۆر چالاکییەکی فەردی و سەربەخۆ بێت، بەڵام دابڕاو نییە لە هەندێک هاندەر و پاڵنەر. هەڵبەت زۆرینەی کات یان کاریگەرترینی پاڵنەرەکان (بە لای ئەم نووسینەوە) گۆرانی یان مۆسیقایە. تەنیایی و لاوازی مرۆڤ بەرادەیەکە کە توانایی ئەوەی نییە لەنێوان ناوەوە و دەرەوەی خۆیدا هاتوچۆ بکات. دیارە ئەم کەمتوانایییە بەشێکی پەیوەستە بە سروشتی مرۆڤ خۆیەوە و بەشێکی لەناو ئەو رۆتین و نەریتانەدایە کە مرۆڤ ئالودەیە پێیان و بەشێکی تریشی گرێدراوی هونەر و دیاردە پیرۆزەکانە کە بەردەوام بەرکەوتنی لەگەڵیاندا هەیە. کەواتە بوونەوەرێکی

وەها شیتاڵ و پەلپەلکراو و پەرت قودرەت (جورئەت نا)ی ئیکتیشاف و خۆناسینی نییە. ئەوە روونە مرۆڤ مەحکومە بەوەی پەیڕەوی لەم سروشتەی بکات، بەڵام ئەمە هەرگیز لە کەمیی ئەو بوونەوەرەوە نییە، بەڵکو بەشێکە لە کیمیای ئەو هاوسەنگییەی ژیانی پێوە بەندە. لێرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی هونەر بە گشتی و مۆسیقا و گۆرانی بەتایبەتی، پێویستییەکی سەرتاسەری دونیای مرۆڤە. ئەم کەرەستانە پاڵپشت و راگری بینای ئەم کاراکتەرە تەنیا و پەشێوەیە.

لەم دەرفەتەدا رەنگە خراپ نەبێت گەر جۆرێک لە وەڵام بۆ ئەو پرسیارە بدۆزینەوە کە زۆربەمان لانیکەم جارێک لە خۆمان پرسیوە: "کە سوور دەزانین گۆرانییەک یان مۆسیقایەک پەرێشان و غەمگینمان دەکات، بۆچی هەر گوێی لێ دەگرین و گوێی لێ دەگرین و جارێکی تریش گوێی لێ دەگرین..؟" هەڵبەت ئەوەی ئەم نووسینە وەک کەرەستەی خاوی وەڵامەکەمان بەکاری دەبات، بریتییە لە دونیای هونەرمەند "هاییدە". جگە لەوەی کەم تا زۆر هەوڵدەدەین بە شێوازێک هەیکەلی بابەتەکە دابڕێژین، وەک ئەوەی لە بەرامبەر خودی هاییدەی مەزندا بین، ئاواش بە شێوازێک دەپەیڤین کە بۆچوونەکان خودی و سەربەخۆبن، نەک گشتگیر و سنووردار. ئەوەی وا دەکات ئەم فۆرمە لە نووسین بەکار ببرێت، بریتییە لە کاریگەری و هاندەری سەدای هاییدە، بریتییە لە قودرەتی ئەو دەنگە بۆ ئاراستەکردنی ستایش و وەسفەکان، بریتییە لە تەقەللایەک بۆ ئەهوەنکردنەوەی شیوەنی ئەو دەروونەی لە یەک کاتدا بە ئاوازێکی ئەو دەگری و ژیر دەبێتەوە.

من هەر کاتێک ئازارێک رۆحی داگیرکردبێتم، هەمیشە گۆرانییەک یان پارچەیەک مۆسیقا هەبووە ئەو عەزابەم لا خۆشەویستر و پڕماناتر بکات. بە کورتی لە ئێستادا هاییدە خۆی ئەو پارچە گۆرانییەیە کە پێویستییەکی نەبڕاوەیە بۆ کیمیای گرفتاری و حوزنی من. من باش دڵنیام تا زیاتر گوێ لە هاییدە بگرم، زیاتر ئازار دەچێژم و ناشرینی زیاتر لە خۆم و لە ژیاندا دەدۆزمەوە و زیاتر موبتەلا دەبم بەو قامچییانەوە کە لە رۆح و خەیاڵم دەدرێت و هەریگز ئومێدی وەستانیان نییە. راستە هاییدە ئازارم دەدات، بەڵام هەست بە شکۆ و قودرەتی خۆڕاگریم دەکەم لە بەرامبەر ئەو جەورەدا. هەست بە شکۆمەندی ئەو دەروونە دەکەم کە بە ویقاری غەریبەیەکی تا ئەبەد دڵشکاوەوە، بە سەبری نەحاتێکەوە لە پەراوێزی خۆی دەڕوانێت. هەست بەو غەریزەیەی خۆم دەکەم بۆ کەشفکردنی نهێنییە ئەزەلییەکانی هاییدە. تا ئەوەی لەودا و لە ئاوازێکی ئەودا وێنەی راستەقینەی خۆم یان شکڵێکی ئەوی (یار)، ئەوی سەرچاوەی عەزابمان، ئەوی تا ئەبەد لەدەسچوومان بدۆزمەوە. ئایا ئەوە کیفایەت نییە وەک دەلیلی ئیدمانمان

بەو گۆرانییانە؟ پێویست دەکات هۆکاری تر هەبێت بۆ بەردەوامی ئێمە؟

زمانی هاییده، زمانی ئەو پەرێشانی و تەنیاییەیە بە باڵای ئێمەدا بڕاوە. پاشانیش سەدای نەشتەرزەدەی هاییده، بە جۆرێک شیاوە بۆ نۆژداری ڕۆحی شەیدا و پەرتی من، کە ئیتر دەلاقەی نەجاتی خۆم نابینمەوە، ئەوە نەبێت خۆم بدەمە دەستی و ئازادی بکەم ئیش لەسەر وێرانترکردنم بکات. دەروونێکی شێواو بوونیاد نانرێتەوە هەتا وێرانتری نەکەیت، هاییده بۆ من تاکە وەسیلەی وێرانکارییە. هەتا زیاتر گوێ لەو بگرم، هەست دەکەم کەمتر ئامادەم بۆ دروستبوونەوە و هێشتا وێرانکارییەکەی ناو خۆم کۆتایی نەهاتووە. دەبێت هاییدەیەک هەبێت تا چیتر بەردی ماتەمی حوزنەکەی یار شووشەی حەوسەڵەم نەشکێنێت و تا بۆ جارێکیش بێت ئەوی شەونمزەدە لە شێوەی تەمێکدا باڵای پەنجەرەم بگرێ، یان لە گریانێکی بێدەنگدا بەسەر گوڵی ژاکاوی روخسارمدا بێتە خوار. هاییده، بڕوانە سەددی سەبرم لێوانە لە فیراق و تەنیاییەکەی ئەوی بەسەردا دەڕژێت. دەی، هاییده دەخیلتم کەشتی غوربەتەکەی خۆت لەناو دەریاچەی خەمی مندا بئاژوو، با تۆفانی بێ کەسییەکەت شەپۆل شەپۆل مەنگی پەراوێزیی من بهەژێنێت. من کە دەستی کورتی وشەم نەگاتە دامێنی رستەی نەغمەیەکی تۆ، دە ئیتر لە دەفتەری مێرگی گۆرانییەکتدا لوتفی تەماشایەکمان پێ عەتا بکە. دە ئیتر بەمیهرەبانییەکەوە شەماڵی نۆتەیەکت بەسەر باخی بیستنماندا بگوزەرێنە.

هاییده لە یەک چرکەدا، هەزار جار هەزار خەیاڵم پێ دروست دەکات و بۆ هەزار کانی سکونەتی ڕۆحەکانم دەبات و ئاوم نادات و دەمهێنێتەوە و سەرلەنوێ هانم دەداتەوە و رازیم دەکاتەوە بڕۆین. من تینووی ئاوی کانییەکم تەنها مۆسیقا گەڕیدەکەی دەنگی هاییده دەزانێت لە کوێدایە. من گیرۆدەی دوو داوم، ئەو هەزاران کلیلە هەڵەیەی دەنگی هاییده و ئەو تەنها قفڵەی دڵی تۆ کە رەنگە هەرگیز بۆ من نەکرێتەوە. ئەسڵەن رەنگە دڵی من ئەو لێوەشاوەییەی نەبێت ئیستیغلالی سەدای هاییده بکات، بۆیە بەردەوام ناچارم گوێی لێ بگرمەوە. هاییده لە یەک کاتدا ئیلهامی بەردەوامی و وەستانمانە. هاییده لە یەک کاتدا وێنەی واقیع و خەیاڵمانە.

دەی هاییده دەی، تاری دڵم بە پەنجەی ئاوازێکت بژەنە، ژێی تا ئەبەد نەپساوی خەیاڵم بخەرە ژێر گوشاری نەشئەیەکی مەحزونەوە و بیهێنە سەما. دەی هاییده دەی، سەری دەروێشمان لە ئینتزاردا رامەگرە، ئەو گۆرانییە، ئەو مەقامە بچرە دەمانخاتەوە سەر رێگا موستەقیمەکەی یار. هاییده، گالیسکەی مۆسیقاکانت بە ئەسپی ئەو تۆنانە تاو بدە، سەرچاوەی کانییە کوێرەوەبووەکانی

دڵی (ئەو) شارەزان. با بارانی شیوەنەکەت بەدەم شنەی ماجەراکانی عشقەوە بەسەر وشکایی ئێرەدا، ئێرەی تینوودا، ئێرەی زیندوودا، ئێرەی دڵی ئێمەدا دابکات. وای لەو گەڕیدەیەی پێی شکاوی مەحەبەتی دەکەوێتەوە داوی تۆ. وای لەو غەریبەیەی لە تاوی بێکەسی و بێدەری و تەنیاییدا، روو دەکاتە وێرانە ئاوەدانەکەی دونیای تۆ. وای لە هەراسانی تیشکەکانی ئەو خەیاڵەی، بە نیازی ویساڵ رێگا نەبڕاوەکانی تۆ تەیدەکات. وای لە دەنگی شکانی ئەو دڵەی، بۆ جارێک، بۆ تەنها لەحزەیەکی جاوید لەناو سنگی گۆرانییەکی تۆدا لێدەدات، وای! هاییدە، پەردەی سکونێک لەسەر پەنجەرەی هەراسانیمان لادە، بە دەستی میهرەبانییەک گەردی سەر چاوی چاوەڕوانیمان بسڕە، تا رووناکی ئومێدی تۆ ژووره تاریکەکانی هیوامان پڕبکاتەوە لە ژیان. تا توڕەیی و غەریزەی تۆ، لێوانلێومان بکات لە سەبر و وەسوەسە.

هاییدە، روخساری شێواوی ئێمە لەبەردەم ئاوێنەی گۆرانییەکانی تۆدا جوان دەچنەوە. خەراباتی چاوی چاوەڕوانی ئێمە بە بارانی مەقاماتی تۆ نەبێت، ناژییێتەوە. هاییدە، تۆ کەشفی هەر کەس بکەیت یەکسەر دەبێتە تۆ. لە هەر نەشئەیەک بخوێنی، دەبێتە موڵکی تۆ. پێ بنێیتە بیرەوەری هەر کەسەوە مێژووەکەی دەبێتە تۆ. هەر باغێکت ئاودابێت گوڵەکانی بوون بە تۆ. بە گۆرانییەک نەوازشی شعوری هەر (تەنیا)یەکت کردبێت رۆحی پڕ بووە لە تۆ. بارانی تۆ بەسەر رووباری هەر خەمێکماندا بارییێت دەریای دەهشەتمان لێوان لێو بووە لە تۆ. بووبیتە سیمبولی هەر یارێک تا ئەو سەری ئیدمان ئێمەت ئالوودەی کردووە، دڵی پڕ جۆش و کەنەفتمان بە ئومێدی سەدایەکی تۆ زیندووە.

دێیت، وەک شنەی پایـیزێک گەڵای ئومێدمان نەوازش دەکەیت و لە دوای خۆت وشک و لاواز راپێچمان دەکەیت. دێیت، وەک بەفرێک، تەرزەیەک، رەهێڵەیەک باڵای مۆسیقامان وێران دەکەیت و تۆن تۆن بونیادی دەنێیتەوە. دێیت، وەک گوڵێک عەتری تەمەننایەک دەپرژێنی و تەواو وەک خونچەیەک لە یەخەی رێگایەکمان دەدەیت، دەمانباتەوە بۆ گشت شوێنێک، لای یار نەبێت. دێیت، تۆ وەک ئاگر، وەک هەتاو، وەک گەردەلوولێک دێیت و دڵی ئاوێنەییمان دەشکێنی و پارچەکانمان بە دەستی (ئەو)ی خەیاڵ کۆدەکەیتەوە.

هاییدە، لەناو تۆدا میهر و غەزەب، دەرد و شیفا، شین و تەرەب، وەسڵ و جەفا، یار و شەراب، حوزن و سەفا، ئاو و سەراب، دوری و وەفا، نیشتمانی دڵ و مەنفا، پێکەوە لە ئاگری سۆزێکتدا دەسووتێن و لە رێی ئاوازێکەوە تێکەڵی رۆحی تەنیا و شەیدا و کەیدامان دەبن. شەماڵی حوزنی تۆ سەری پڕ لە پشکۆمان

باوەشێن دەکات. کەیفی هەستە گەڕیدەکەی تۆ ڕۆحی تەژی لە ئەوینمان بە دالآنە چۆڵەکاندا دەبات. هاییدە، تۆ وەک مەلێک دێیت لە دوورەوە نامەیەکی یارت پێ بێت. تۆ وەک قاسدێک، تەتەرێک، پەیامبەریک لەوێوە لای یارەوە دێیت بێ ئەوەی (ئەو)ت ناسیبێت، کەچی ئێمە بە ئومێدەوە تا کۆتایی چاوەڕوانی هاتنت دەکەین، بەڵام تۆ هەرگیز ناگەیت. ئەوەی ئێمە دەیبینین نزیکبوونەوەی تۆ نییە، بەڵکو نمایشی باڵندەیی تۆیە لەنێوان ئاسمانی ئێرە و ئەوێدا. ئەوەی ئێمە دەیژنەوین هەرای هەواڵی هاتنی تۆ نییە، بەڵکو سکوتی بکوژی سەبری خۆمانە لەنێوان ڕێگا نەبڕاوەکانی ئینتیزاردا. تۆ لەنێوان دڵی ئێمە و دڵی ئەواندایت و قەتاوقەت یەکدی نابینین. ئاوازەکانی تۆ لەمسی تەنیاییمان دەکات، هێمنی تۆ عاتیفەمان توڕە دەکات، هاواری تۆ دەنگی رقمان کپ و نەرم و ماتتر دەکات، سەفەری تۆ کۆتایی هیجری ئێمەیە، بێدەنگیی تۆ سەرەتای ناڵەی ئێمەیە، گریانی تۆ مانای خوماری ئێمەیە، نەشتەری مۆسیقاکانت هەتوانی برینی قوڵی ئێمەیە، فرمێسک و گریانی تۆ لە جێی چاوانی ئێمەیە، هەڵپەی پڕ لە خرۆشی تۆ نەنگی چالاکی ئێمەیە، ئارامی تۆ شەڕی نەبڕاوەی ئێمەیە، پەیکەری تۆ وێنەی غەریبی ئێمەیە، شیوەنی تۆ هێمای بێکەسیی ئێمەیە.

***

**کورتەیەک لە ژیاننامەی هاییدە**

هاییدە (معصومه دده بالا) لە ١٩٤٢/٤/١٠دا لە گوندێکی کرماشان لەدایک بووە. سەرەتای کاری موزیکی لە تەمەنی ٢٦ ساڵیدا دەستی پێکردووە. بە هاوکاری و مامۆستایەکی کەمانچەژەن و ئاواز دانەر (علی تەجویدی) وانەکانی ئاوازی مۆسیقای فارسی خوێندووە. یەکەم گۆرانی هاییدە بریتییە لە (ئازادە)، کە (علی تەجویدی) ئاوازی بۆ داناوە و ( راهی مۆئەیەری) تێکستی بۆ نووسیوە و لە رادیۆی تاران و بە هاوکاری (ئۆرکێسترای گوڵەکان) جێبەجێ کراوە. هاییدە لە ماوەی ٢٣ساڵ کارکردنیدا خاوەنی ٢٢ ئەلبوومی تایبەتییە و هەروەها لەگەڵ (شەجریان و گوڵپا و مەهەستی و موعین)دا هەشت ئەلبوومی تۆمارکردووە.

بە ماوەیەک بەر لە شۆڕشی ١٩٧٩ ئێران جێدەهێڵێت بەرەو لەندەن. پاشان دوای سێ ساڵ سەفەر دەکات بۆ ئەمریکا و لەگەڵ مەهەستی خوشکیدا لەوێ دەمێنێتەوە.

لە دوا شەوی تەمەنیدا و چەند کاتژمێرێک بەر لە مردنی، هاییدە لە ئاهەنگێکی سێ کاتژمێر و نیویدا کە لەبەر هۆیەکی نەزانراو بە تەواوی بڵاونەکراوەتەوە، هەرچەندە بە ڤیدیۆ تۆمار کراوە، تێیدا بە ئامادەبووان و هەوادارانی دەڵێت:

"ژیان وەک شەمەندەفەریکی خێرا وەهایە، منیش وا بەرێوەم بەرەوماڵەکەی خودا. کەس نازانێت لە داهاتوودا چی روو دەدات؟ کێ دەڵێت من بەیانی نامرم!" پاشان یەکێک لە دوایین گۆرانییەکانی بە ناوی (شەوی مەیخانە- شب میخونە) دەچڕێت. بۆ بەیانی و لە ۱۹۹۰/۱/۲۰دا هاوشێوەی باوک و دوو برا گەورەکەی بە نەخۆشی دڵ لە سانفرانسیسکۆ-ئەمریکا کۆچی دوایی دەکات.



**سەرچاوە:**


http://hayedehdocumentary.com/en/component/content/article/157-/hayedeh-at-a-glance.html/

http://www.payvand.com/news/06/jan/1140.html

http://en.wikipedia.org/wiki/Hayedeh

# سینەمای سێرگی پاراجانۆڤ
# ( Sergei Parajanov)



ن: امین صالح

و. لە عەرەبییەوە: هێمن مەحمود حەسەن

(سێرگێی پاراجانوڤ) بە یەکێک لە دەرهێنەرە سینەماییە رەسەن و پێگەیشتووەکانی سۆڤێت دادەنرێت، ژمارەیەک شاکاری هونەری زۆر جوانی پێشکەش کردووە، تەنانەت (ئەندرێ تارکۆفسکی) بە بلیمەتی سینەمای لە قەڵەمداوە، بۆ چەندین جار دووچاری ستەم و چەوساندنەوە بۆتەوە، نزیکەی ١٦ساڵی لە بێدەنگییەکی زۆرەملێ، یان لە زینداندا بەسەربردووە، زۆرێک لە پرۆژە سینەماییەکانی رەتکراونەتەوە یا لەباربراون، سانسۆرێکی زۆر لەسەر کارەکانی هەبووە. لەگەڵ ئەوەشدا فیلمە مەزنەکانی سنووریان بڕی و گەیشتنە شاشەکانی جیهان، سەرنجی زۆرێک لە رەخنەگرانیان بەلای وزەیەکی داهێنەرانەی دەگمەندا راکێشا. لەگەڵ (تارکۆفسکی)دا و بە تێڕوانینێکی و نوێ و رەسەن و داهێنەرانەوە جۆرە سینەمایەکی جیاوازیان دروستکرد. بە شێوازێک کە زمانێکی مەجازی هەیە. گێڕانەوەیەک کە مۆرکێکی خەیاڵی و سوریالی و شاعیرانەی هەیە، جیاواز

لەوەی کە لە رۆژئاوا دروست دەکرێت. لەگەڵ ئەوەشدا لە نێوەندە سینەماییەکانی جیهاندا زۆر ناسراو نییە، تەنیا لە چوارچێوەیەکی زۆر تەسکدا نەبێت. تەنانەت مەعجەمە سینەماییە تایبەتەکانیش بە شێوەیەکی کورت باسی دەکەن و ئاماژەی بۆ دەکەن. ئامراز و کەرەستەی فیلمەکانی لە ئەفسانە و کەلەپووری میللییەوە وەرگرتووە. فیلمەکانی بریتین لە زنجیرەیەک وێنەی سەرنجڕاکێش کە زۆر بە وردی و وریاییەوە دانراون، پڕن لە کەسایەتی رەمزی و خەیاڵی: فاڵگەرەوە، گۆرانیبێژ، چیرۆکخوان، کەسانێک کە بەسەر گوریسدا دەڕۆن. (ئەلیکسی کۆروتیۆکۆف) لە بارەیەوە دەڵێت: فیلمەکانی (پاراجانۆڤ) باس لەوە ناکەن کە پێویستە شتەکان چۆن بن، بەڵکو باس لەوە دەکەن کە شتەکان چۆن دەبن ئەگەر ئەم خۆی دروستکەریان بێت. نـــاوی راستەقینەی (سەرکیس بارادجانیان)ە، لە ٩ی حوزەیرانی ١٩٢٤ لە (تەبلیسی) پایتەختی (جۆرجیا) لە دایک و باوکێکی ئەرمەنی لەدایک بووە. لە ساڵی ١٩٤٢-١٩٤٥ لە پەیمانگای مۆزیک لە تەبلیسی مۆسیقای خوێندووە و لە ژەنینی ئامێری کەماندا لێهاتوو بووە. لە ساڵی ١٩٤٦دا چۆتە پەیمانگای سینەما لە (مۆسکۆ)، لە ١٩٥٢-١٩٥٤ وەکو یاریدەدری دەرهێنەر لە ستۆدیۆکانی (دۆفچینکۆ) لە (کییڤ)ی پایتەختی ئۆکرانیا لەژێر چاودێری (ڤلادیمێر برۆن)دا کاری کردووە.

ساڵی ١٩٥٤ لەگەڵ (یاکۆف بازلیان) لە دەرهێنانی فیلمی (Andriesh)دا بەشداربووە.

لە ساڵی ١٩٥٧دا سێ کورتە فیلمی پێشکەش کردووە.

لە ساڵی ١٩٥٨دا فیلمێکی درامی درێژی بە ناونیشانی (یەکەم کوڕ) دەرهێنا.

پاشان لە ساڵی ١٩٦١دا (رابسۆدی ئۆکرانی )و لە ساڵی ١٩٦٢دا (گوڵێک لەسەر بەردێکی بچووک)ی دەرهێنا، بەڵام فیلمی (سێبەرەکانی باووباپیرانی ونبوومان) سەرەتای چوونە ناو فەزای سینەمای جیهانی بوو، نووسینەکانی مژدەی دەرکەوتنی بەهرەیەکی دەگمەن و وزەیەکی داهێنەرانەیان دا کە بە هێزەوە خۆی دەسەپێنێت. فیلمەکە دۆزینەوەیەکی سەرسوڕهێنەر بوو، شاشەی سۆڤێتی نموونەی وای لە شاعرییەت و گۆرانی و تایبەتمەندێتی میسۆلۆجی و داستانئاسادا کە لە بیرەوەری میللییەوە وەرگیراوە، بەخۆوە نەدیوە.

ئەو فیلمە لە فێستیڤاڵە نێودەوڵەتییەکاندا زیاد لە ١٦ خەڵاتی بەدەستهێنا. دوای ئەو فیلمە کێشەکانی (بارادجانۆڤ) لەگەڵ دەسەڵاتدارانی سۆڤێتدا دەستی پێکرد و رێگەی پێ نەدرا ئامادەی ئەو فێستیڤاڵانە بێت کە فیلمەکانی ئەوی تێدا نمایشکرا و هەندێکیشیان خەڵاتی خۆیان پێ بەخشی. دەسەڵاتدارانی سۆڤێت

ژمارەیەک لەو سیناریۆیانەیان رەتکردەوە کە (بارادجانۆڤ) نووسیبوونی، ناچار بوو لە فیلمی دەرهێنەرانی تردا رۆڵی بچووک بچووک بگێڕێت. ساڵی ١٩٦٥ دوای ئەوەی کە چەند داواکارییەکی بۆ جیاخوازانی ئۆکرانی ئیمزاکرد، رۆژنامەکان بە (نەتەوەپەرستێکی ئۆکرانی)یان تۆمەتبارکرد و فیلمەکانیان بە (فۆرمالیستی) لەقەڵەم دا. دەسەڵاتداران لێی توڕەبوون و بە بیانووی خواستی بورجوازییەت و رۆحی سۆفیگەری و لادانی ئایدیۆلۆژی رێگەیان نەدا فیلمی (تابلۆی کییڤ) تەواو بکات. ساڵی ١٩٦٨ لە (کییڤ)ەوە گواستییەوە بۆ (یێریڤان)ی پایتەختی ئەرمینیا. ساڵی دواتر شاکارێکی هونەری بە ناوی (رەنگی هەنار) بەرهەمهێنا، دەسەڵاتدارانی سۆڤێت داویان لە (پاراجانۆڤ) کرد دووبارە فیلمەکەی مۆنتاژ بکاتەوە، کە بە (ناڕوونی و چەواشەکار) لەقەڵەمدرابوو، بەڵام (پاراجانۆڤ) رازی نەبوو، بەو شێوەیە رێگەنەدرا فیلمەکەی نمایش بکرێت. دەرهێنەر (سێرگئی یۆتکفیچ) راسپێردرا فیلمەکە مۆنتاژ بکاتەوە و ٢٠ خولەکی لێ ببڕێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا فیلمەکە تا کۆتایی ساڵی ١٩٧٣ نمایش نەکرا، ئەوەش لە چەند هۆڵێکی بچووکی سینەمایی دیاریکراودا بوو. (پاراجانۆڤ) نوێنەرایەتی بیری لیبرالی دەکرد کە لە شەستەکاندا، کە لە رێگەی کارە هونەرییەکانەوە بڵاوبۆوە، ئەوەی کە زۆر دەسەڵاتدارانی ناڕەحەت دەکرد، بەرگریکردنی بەردەوامی بوو لە دیموکراسی و مافی نەتەوەکان لە پاراستنی کلتووری نەتەوەیی و ئایینی خۆیان، هەروەها لە دژی دەستگیرکردنی رۆشنبیرەکانی ئۆکرانیا بوو، دەسەڵاتدارانی سۆڤێتیش لەو کارەی خۆش نەبوون کە رازی نەبوو شایەتی لە دژی (ڤالەنتین مۆرۆز)ی جیابۆوە بدات. (پاراجانۆڤ) لە دیسەمبەری ١٩٧٣دا و دوای ئەوەی کە وەزیری کاروباری سینەما رازی نەبوو چاوی پێی بکەوێت، بروسکەیەکی بۆ وەزیر نارد کە لە ٣٤٠ وشە پێکهاتبوو، تێیدا ناڕەزایی خۆی لە بەرامبەر خراپبوونی بارودۆخی هونەری سینەمایی لە یەکێتیی سۆڤێت دەربڕیبوو، حکومەتی بەوە تاوانبار کرد کە گیانی دەستپێشخەری دەکوژێت و رێگرە لە گەشەکردنی هەر جۆرە بیرێکی سەربەخۆ. دوای دوو رۆژ لە ناردنی بروسکەکە دەستگیرکرا و چەند تۆمەتێکی ئاراستەکرا، لەوانە: بازرگانیکردن بە کاری هونەری و پارچە مێژووییەکان (کە لە کاتی وێنەگرتنی فیلمەکانی لە جوتیارەکانەوە دەستیکەوتووە)، مامەڵەکردن بە دراوی بیانی بە شێوەی نایاسایی، مامەڵەکردن لەگەڵ بازاڕی رەشدا، کاری هۆمۆسێکشواڵی، ناچارکردنی کەسانی تر بۆ ئەنجامدانی رەفتاری هۆمۆسێکشواڵانە، کۆکردنەوەی وێنەی رووت، بڵاوکردنەوەی نەخۆشییەکانی کۆئەندامی زاووزێ، هاندان بۆ خۆکوشتن. (پاراجانۆڤ) لەبارەی تۆمەتەکانەوە

دەڵێت: لە کاتی لێکۆڵینەوەدا سێ کەس شایەتییان لە سەرم دا کە گوایە ناچارم کردوون کاری هۆمۆسێکشواڵانە بکەن. هەرسێکیان دوای ماوەیەک خۆیان کوشت. یەکێکیان (میشیا سینسین)ە، کە کوڕی سکرتێری لیژنەی مەرکەزی پارتی کۆمۆنیستی ئۆکرانییە. تەلارسازێکی زۆر بەهرەمەند بوو، بەڵام بووە قوربانیی حکومەتی ئۆکرانی، بەتایبەت خودی (ڤلادیمێر شێربتسکی) کە سکرتێرێکی بۆ لیژنەکە دانا و لە پۆستەکەی خۆیدا مایەوە کە لە سەردەمی (بریجینێف)ەوە وەریگرتبوو. (یۆری ئەلینکۆ) کە وێنەی فیلمی (سێبەرەکانی باووباپیرانی ونبوومان)ی گرت لە دادگاییکردنەکاندا ئامادەبوو، سەبارەت بەو پیاوەی کە گوایە (پاراجانۆڤ) دەستدرێژیی سێکسی کردۆتە سەری، دەڵێت: لەشولاری لە لەشولای یاریزانێکی تۆپی پێی ئەمریکی دەچێت، لە کاتێکدا (پاراجانۆڤ) پیاوێکی بچووکی کورتەباڵایە. دەوترێت (پاراجانۆڤ) لە دادگاییکردنەکەیدا و بە قسەی شایەحاڵێک دانی بەوەدا ناوە کە هۆمۆسێکشواڵە. لە راستیدا هەموو ئەو تۆمەتانە تۆمەتی دروستکراو و بێ بنەما بوون، تەنیا بۆ ئەوە بوون کە دادگاییکردنەکە نەبێتە دادگاییکردنێکی سیاسی. لە کۆتاییدا بەهۆی نەبوونی بەڵگەی پێویستەوە دادگا تەنیا یەک تۆمەتی ئاراستەکرد کە ئەویش ئاودیوکردنی کەرەستەی هونەری بوو. دوای دادگاییکردنێک کە سێ ساڵی خایاند، لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٤دا دادوەر حوکمی شەش ساڵ زیندانی و کاری سەختەی بۆ دەرکرد. (بەهۆی فیلمەکانم و زمانە زبرەکەمەوە خرامە ناو بەندیخانەوە)، ئەمە قسەی (پاراجانۆڤ)ە کە لە ساڵی ١٩٧٨دا، واتە تەنیا دوای چوار ساڵ لە زیندان هاتە دەرەوە، لەوانەشە هۆکەی ئەو هەڵمەتە جیهانییەی راگەیاندن بێت کە داوای ئازادکردنیان دەکرد، بەڵام دەسەڵاتدران رێگەی سەفەرکردیان لێگرت، هەروەها رێگەیان نەدا هیچ فیلمێکی تر دەربهێنێت، ئەوەبوو بە تۆمەتی کۆبوونەوە لەگەڵ کەسانی بیانی ناحەزدا، بۆ جاری سێیەم دەستگیرکرایەوە، بەڵام دوای بەسەربردنی شەش مانگ لە بەندیخانە ئازادکرایەوە. (جاری یەکەم لە سەردەمی ستالیندا بوو، دەوترێت دوای ئەوەی کە بە کاری هۆمۆسێکشواڵی تۆمەتبار دەکرێت لە گرتووخانەیەک دادەنرێت بەمەبەستی راهێنان و هۆشیارکردنەوە). لەو ماوەیەدا لە بەرئەوەی لە گرتنی کامێرا بێبەش بووە پەنای بردووە بۆ فلّچە و چەندین تابلۆ و کۆلاجی کێشاوە، پەنای بردۆتە بەر پێنووس و جگە لە بیرەوەرییەکانی رۆژانەی، چەندین سیناریۆشی نووسیوە. (پاراجانۆڤ) لە رێگەی فیلمە کەمەکانییەوە گوزارشتی لە سیاسەتەکانی (ستالین) کردووە لە بەرامبەر نەتەوەکانی تر، شانازی بە

مێژووی کۆمارە نا روسییەکان و کلتووری سەربەخۆیانەوە کردووە، لە فیلمی (ڕەنگی هەنار)دا باس لە ژیاننامەی شاعیری ئەرمەنی (ئاروتیان) دەکات کە بە ناوی (سایات نۆڤا) ناسراوە. هەروەها گێڕانەوەی ئەفسانەی بەرگریکردن لە جۆرجیا لە فیلمی (ئەفسانەی قەڵای سورام)دا. لە فیلمی (ئاشیک کریب)یشدا باس لە چیرۆکێکی خۆشەویستی ناو کلتووری ئیسلامی ئازەربایجان دەکات کە هاوشێوەی (هەزار و یەک شەو)ەیە. (پاراجانۆڤ) لە سەردەمی (پرۆسترۆیکا) دا دوو فیلمی بەرهەمهێنا: (ئەفسانەی قەلای سورام) لە ساڵی ١٩٨٤ و (ئاشیک کریب) لە ساڵی ١٩٨٨دا. هەروەها کورتە فیلمێکیشی دەرهێنا کە ماوەکەی ٢٥ خولەکە بە ناونیشانی (ئەرابیسک لەسەر باسەکانی پیرۆسمانی)، ساڵی ١٩٨٨ لە فێستیڤاڵی رۆتردامدا بەشداری کرد و خەڵاتێکی بەدەستهێنا. ئەو فیلمەی باس لە ژیانی وێنەکێش (پیرۆسمانی) ناکات کە لە ١٨٦٢- ١٩١٨ ژیاوە، بەڵکو تابلۆکانی ئەو وێنەکێشەی بەکارهێناوە لەگەڵ چەند دیمەنێکدا کە ڕەنگدانەوەی زمانە ڕەمزییەکەی (پاراجانۆڤ)ە، بەو جۆرە چەندین ڕەهەندی تر بۆ کارەکانی (پیرۆسمانی) دروست دەکات.

(پاراجانۆڤ) لە ساڵی ١٩٩٠دا دوای توشبوونی بە نەخۆشی شێرپەنجە لە تەمەنی ٦٦ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

**پاراجانۆڤ باسی چەند بابەتێک دەکات:**

**بەندیخانە**

ئەو ساڵانە نەمرییەکی سەرسوڕهێنەریان پێ بەخشیم. نەمردم و رزگارم بوو، چونکە پەیمانم دا وەکو هونەرمەندێک بمێنمەوە، قوتابخانەیەکم لە دەوری خۆم دروستکرد و ناوم نا (قوتابخانەی زەنبەقی). بۆیاخمان نەبوو لەبەرئەوە گوڵی وشککراومان بەکارهێنا بۆ دروستکردنی ئەو وێنە جوانانە کە دواتر رەوانەی جیهانی ئازاد و (لیلیا) و (بریک) و کەسانی ترمان کردن. کاتێک لە بەندیخانە دەرچووم، دەزگای ئاسایش قوتابییەکانمی بانگکرد و داوای لێکردن واز لە وێنەکێشان و دروستکردنی کۆلاج بهێنن، بە بیانووی ئەوەی کە گوایا ئەو کەسەی کە ڕۆیشتووە (واتە من) شێت و درۆزنە. لە بەندیخانە کاتێک بەندکراوەکانی تر لە دز و جەردە زانییان من هونەرمەندم داوایان لێکردم وێنەی (رووت) یا پۆرنۆگرافیان بۆ بکێشم بۆ ئەوەی بتوانن دەستپەڕ بکەن. نەمتوانی داواکەیان بەجێبهێنم، لەجیاتی ئەوە تابلۆی سروتێکی ژاپۆنیم بۆ کێشان کە ژنە ئیمپراتۆرێکی ژاپۆنی لە شەوی گواستنەوەیدا ئەنجامی دەدات، بەڵام پۆشتەیە،

ژن و مێرد هەردوکیان جلوبەرگی رەنگاورەنگیان لەبەردایە. تابلۆکە پەست و تورەی کردن، چونکە ئارەزوویەکانیانی تێر نەدەکرد، لەبەرئەوە بە دار و بەرد تێمکەوتن.

**ئەمریکا**

من لەسەر دەستی سینەمای ئەمریکی و دەرهێنەران و ئەکتەرەکانی گەورە بووم. هەر لەو قوتابخانەیەش دەرچووم.

**جەماوەر**

من بەدوای کۆمەڵێک تەماشاکەری زۆردا ناگەڕێم، ئەگەر کەسێک لەنێو سەدان کەسدا کارەکەمی بەدڵ بێت، ئەوا بە موعجیزەی دادەنێم. بۆ ئەوەی جەماوەر بۆ سینەمای شیعری کێش بکەیت و وایان لێ بکەیت لە مەجاز و تەداعی تێبگەن، ئەوا پێویستت بە کاتێکی زۆرە. من ناڵێم کە دەبێت فیلم شیعری بێت و هەمووتان لاساییم بکەنەوە و قوتابخانە و قوتابیم بدەنێ. نەخێر، پێویستە بە تەنیا خۆم لە سینەمای سۆڤێتیدا بمێنمەوە تا بزانم مرۆڤایەتی پێویستی بە هونەرەکەی منە، یان نا.

**بناغەی هونەری**

هونەرم و فیلمەکانم گرێدراوی یەکترن. بەبێ یەکتری هیچ کامێکیان بوونی نابێت. بناغەی هونەری سینەماییم پێکهێنا، ئەو رووناکییەیە کە لە سەردەمی رێنیسانسەوە دێت. بناغەی تەواوی کاری هونەریم مینیاتۆری فارسی و نەخشی بیزەنتییە، کە زۆر سادە و ساکارن، بەڵام قوڵییەکی ستاتیکییان هەیە.

**تارکۆفسکی**

تارکۆفسکی کە ١٢ ساڵ لە من منداڵترە، مامۆستای منە. لە (منداڵیی ئیڤان) دا یەکەم کەس بوو وێنەی خەونەکان و بیرەوەرییەکان بەکاربهێنێت بۆ پێشکەشکردنی کۆمەڵە حاڵەتێکی مەجازی. (تارکۆفسکی) یارمەتی خەڵکی دا بۆ ئەوەی گرێکانی مەجازی شیعری بکەنەوە. بە تێرامان و لێکۆڵینەوە لە (تارکۆفسکی) و پێشکەشکردنی ئەدای هەمەجۆری جیاواز لە بارەیەوە زۆر لە رابردوو بەهێزترە.

جارێکیان (تارکۆفسکی) لێی پرسیم: بەڕای تۆ من وەکو دەرهێنەرێک لە چ شتێکم کەمە؟

پێم وت: تەنیا لەوەت کەمە کە یەک ساڵ لە بەندیخانەیەکی سۆڤێتیدا بەسەر بەریت. بەندیخانەی گشتی نا، بەڵکو بەندیخانەیەک کە پاسەوانییەکی توندی لەسەرە.

بە جدییەتێکی زۆرەوە مامەڵەی لەگەڵ وەڵامەکەمدا کرد و وتی: کەواتە تۆ مەبەستت ئەوەیە کە من بەبێ ئەوە ناتوانم ببمە دەرهێنەرێکی گەورە؟

پێم وت: تۆ ئێستا دەرهێنەرێکی مەزنیت، بەڵام ئەگەر لە من بپرسیت لە چ شتێکت کەمە، ئەوا دەڵێم تۆ لەو جۆرە تێڕوانینەت کەمە.

### سینەما بۆ کەڕولاڵەکان.

وابزانم باشترین سینەمایەک کە دەکرێت دروستبکرێت ئەو سینەمایەیە کە کەڕ و لاڵەکان پێشوازیی لێدەکەن. ئێمە زۆر قسە دەکەین، وشەگەلێکی ئێجگار زۆر هەیە. ئێمە بە وشە داپۆشراوین. تەنیا لە باڵێدا هونەرێکی پەتی و پاک دەبینین، ئەدایەکی بێدەنگ و پاک. ئەوە ئەو شتەیە کە من حەزم لێیەتی.

### تەکنیکی پاراجانۆڤ

گرتە بەلای (باردجانۆف)ەوە بەڵگەیەکی بینراو نییە بۆ رستەیەکی نووسراو، بەڵکو بەیانێکە کە قورسە بە قسە گوزارشتی لێ بکرێت یا وەسف بکرێت. گرتە شتێک نییە کە رێکەوت بدۆزرێتەوە، بەڵکو بەدوایدا دەگەڕێیت و دەیدۆزیتەوە.

تێگەیشتنی (پاراجانۆڤ) بۆ دراما چەندین ساڵی تیشکی لە تێگەیشتنی باوەوە دوورە. بەلای ئەوەوە تێڕامان لە بوون درامایەکە کە بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر سەرنجڕادەکێشێت زیاتر لە روخساری دەرەکی کە دینامیکیترە. ئەو دراما رەت ناکاتەوە، بەڵکو دەیباتە دەرەوەی گێڕانەوە و دەیگوازێتەوە بۆ شوێنێکی تر لەنێوان دەنگ و وێنەدا.

لای (پاراجانۆڤ) بێدەنگی و جێگری بارگاوین بە وزە. ئاماژەکان بەردەوام شیعری و سروتئامێزن. وشە بەهۆی کێشکردنییەوە بەرەو شیعر و گۆرانی دەکەوێتە جوڵە. سروشتی بێدەنگی بە بەراورد لەگەڵ چیرۆکدا لە زۆر حاڵەتەدا بەهۆی جوانییە رەسەنەکەیانەوە بزوێنەر و هاندەر دەبن. هەر فیلمێک لە هەندێ رووەوە لە کۆمەڵە شیعرێکی هەڵبژێردراو دەچێت، یەکێتییەکی سەرتاسەری کە رەنگدانەوەی خۆی لە هەموو لاپەڕەیەکدا دەبێت، نەک وردە وردە لەسەر یەکتری کەڵەکە ببن.

(پاراجانۆڤ) لە وتارێکی بچووکدا کە لە ساڵی ١٩٨٥دا نووسی، کاری

بەکارهێنان و خستنەگەڕی سەرچاوە وێنەییە شێوەکارییەکانی روونکردەوە، گرنگییەکی کەمی بە پێکهاتەکانی خودی تابلۆکان دا، دەریخست کە شەیدای رەنگ و شێوە و روخسارە ئەبستراکتەکان لە تابلۆکاندا و لەو رێگەیەوە خەیاڵە تایبەتییەکانی خۆی لەگەڵ یەک رێکدەخاتەوە.

### لە فیلمەکانی...

### رەنگی هەنار

ئەم فیلمە کە (سێرگئی پاراجانۆڤ) لە ساڵی ١٩٦٩دا دەریهێناوە، باس لە ژیاننامەی رۆحی شاعیری ئەرمەنی (ئەرۆتیۆن سایادیا) دەکات کە بە (نۆڤا) ناسراوە، واتە (شای گۆرانی)، لەو فیلمەدا هەندێ لە کارەکانی بەکارهێناوە وەک کلیلێک بۆ ئەو نەریتە ئایینی و کلتوورییانەی کە ناوچەکانی قەوقاز و ئەرمینیا و جۆرجیا و ئازەربایجانیان پێدەناسرا، بەڵام فیلمەکە هەروەک بە ناونیشانەکەیدا دیارە ژیاننامەیەکی نموونەیی خودی ئەو شاعیرە ئەرمەنییە نییە، بەڵکو هەوڵێکە بۆ بەکارهێنانی سینەما بۆ گوزارشتکردن لەو وێنانەی کە لەناو شیعرەکانیدان.

(سایات نۆڤا) وەک یەکێک لە شاعیرە (ترۆبادیی)یەکان و داهێنەرانی گۆرانی خۆشەویستی کە خۆی بە ژەنینی ئامێرێکی عودەوە پێشکەشی دەکرد، ناوبانگی دەرکردووە. لە (تەبلیسی) لە خێزانێکی ئەرمەنی هەژار لەدایک بووە. سەرەتا فەرشی چنیوە، دواتر بۆتە گۆرانیبێژی کۆشکی شاهانە لە جۆرجیا. بە چەندین زمانی جیاواز نووسیویەتی و گۆرانی وتووە. لە ساڵی ١٧٧٠دا چۆتە کڵێسا و لە ساڵی ١٧٩٥دا لەلایەن داگیرکەرانی فارسەوە کوژراوە.

فیلمەکە پێکهاتووە لە پێشەکییەک و هەشت بەش و کۆتایی. سەرەتای پێشەکییەکە بە هۆنراوەیەک دەست پێدەکات کە (سایات نۆڤا) خۆی نووسیویەتی (من ئەو کەسەم کە رۆحی ئازار دەچێژێت)، ئەو قسەیە هاوشێوەی ئازارەکانی مەسیح و نەهامەتییە مێژووییەکانی گەلی ئەرمەنییە. لەو دەستپێکەدا دەقێک دەبینین کە چەند هۆنراوەیەک لەخۆدەگرێت شانبەشانی کۆمەڵێک هێمای پیرۆز و دنیایی کە بەسەر فیلمەکەدا زاڵدەبن. هەشت بەشەکە هاوتای قۆناغەکانی ژیانی (سایات نۆڤا)ی شاعیرن. لە بەشی یەکەمدا (تەنیا بەشێکە کە پەیوەندییەکی راستەوخۆی بە راستییە زانراوەکانی شاعیرەوە هەبێت)، منداڵێتی شاعیر لەناو خێزانێکی هەژاردا دەبینین. (ئەرۆتیۆن)ی بچووک لە کڵێسە فێری ئەوە دەکرێت کە چۆن رێز لە کتێب و هزر و وشە نووسراوەکان بگرێت. خێزانەکەی کە لە (تەبلیسی) جێگیربووە، خوری کۆدەکاتەوە و فەرش دەچنێت. ئەو کورە بچووکە

خۆی فێری سێ پیشە دەکات. فێردەبێت کە چۆن خوری ڕەنگ بکات، چۆن تەون چارەسەر بکات و فەرش بشوات. ئەو کوڕە بچووکە لە ڕێگەی سەیرکردنی پیاوان و ژنانەوە لە گەرماوە گشتییەکاندا درک بە جیاوازیە ڕەگەزییەکان دەکات، ئەو دۆزینەوەیە لە پڕ دەیگوازێتەوە بۆ قۆناغی هەرزەکاری. بەشی دووەم باس لەو گەنجە شاعیرە دەکات. (ئەروتیۆن)ی هەرزەکار واز لە تەون دەهێنێت و دەست دەداتە ئامێری عود. ئەو بوونەوەرە سروشئامێزە یا ئەو (من) ە مێینەیەی دووەم کە فریوی دەدات و لە پیشەکەی دووری دەخاتەوە و بە خەونی شاعیرانە دایدەپۆشێت، بەرەو جیهانێکی تری دەبات، جیهانی خەیاڵ و ئارەزوو و راز و نهێنی. لە کۆتاییدا ژوورەکەی بەجێدەهێڵێت تا لە دەرەوە ژیانێکی نوێ تاقی بکاتەوە. لەو قۆناغەدا دەبینین بۆتە مۆسیقاژەنی کۆشکی شاهانە کە شازادەیەکی گەنج حوکمی دەکات. ژیانی ناو کۆشکی شاهانە پڕە لە هەست و شەهوەت و هەڵوەشانەوە. دوای هەڵمەتێکی سەرکەوتووی راو، شازادە لەناکاو دەمرێت. (ئەروتیۆن) هەست بە خەمێکی قوڵ دەکات. دەگەڕێتەوە بۆ ژوورەکەی و هەستەکانی یا وزە سێکسییەکەی دەگۆڕێت بۆ ئامانجێکی بالاتر، بەلام لە دەرەوە هەرچی کەرنەڤالەکانی ئارەزوو و شەهوەتی مرۆیی هەیە لە کوتینی دەهۆڵی شەیتان بەردەوام دەبن. (ئەرۆتیۆن) ژیانی تەنیایی و خواپەرستی هەڵدبژێرێت.

لە بەشی چوارەمدا لە کڵێسە وەردەگیرێت و دەبێتە ڕەبەن. وا دەردەکەوێت کە کڵێسە کۆمەڵگایەکی خۆش بێت و پشت بە خۆی ببەستێت و نان و شەرابی خۆی دروست بکات. (ئەرۆتیۆن) درک بە مەودای نێوان خۆی و ڕەبەنەکانی تر دەکات. لە ئاهەنگە ئاینییە گرنگەکاندا کە دانیشتووانی گوند دەیگێڕن، سەرۆکایەتی قوداسەکان دەکات، هەمان شتیش سەبارەت بە زەماوەند و بەخاکسپاردنی مردووەکان و تەعمیدکردن. ئەو خەونێکی هەیە: کڵێسەیەکی پڕ لە مەڕ. لە بەشی پێنجەمدا (ئەرۆتیۆن) بە تەنیا دەبینین. خەون بە منداڵیی خۆی و دایک و باوکە بێدەروەستەکەیەوە دەبینێت. بەخاکسپاردنی باوکی خۆی دەبینێت. لە ناکاو زریانێک هەڵدەکات.

بەشی شەشەم، شاعیرێکی پیرەمێرد بە نائومێدییەوە کڵێسە بەجێدەهێڵێت و بیریشی لای منداڵی خۆیەتی. بە جۆرێک هۆگری عودەکەیەتی وەک ئەوەی سالانی رابردووی بۆ بگێڕێتەوە. بە تەنیا دەڕوات، بە ئازارەوە، هەست دەکات ژیانێکی پوچی هەیە. پێشبینی ئەوە دەکات کە فارسەکان ولاتەکەی داگیربکەن و کڵێسە بڕووخێت.

له بەشی حەوتەمدا تووشی خەمۆکییەکی توند دەبێت و شەیدای ئەوەیە ژیانی خۆی بەجێبهێڵێت. وا بیر دەکاتەوە کە مردن (من)ی دووەمییەتی و لەکاتی ناشتنیدا باوکی و منداڵێتی خۆی لەنێو ئامادەبوواندان.

له بەشی هەشتەمدا (ئەرۆتیۆن) خۆی بۆ مردن ئامادە دەکات. (من)ی دووەمی له شێوەی فریشتەی زیندووکردنەوەدا دەگەڕێتەوە. داوای لێدەکات لێی خۆش بێت. له ساتەوەختی مردنیدا خۆی وەک منداڵێک دەبینێت کە بووە بە فریشتە. شاعیر دەمرێت، بەڵام (من)ی دووەمی بە نەمری دەمێنێتەوە.

له رووی مێژووییەوە شتێکی زانراوە کە (سایات نۆڤا) له ساڵی ١٧٩٥دا کۆچی دوایی کردووە، کاتێک فارسەکان بە سەرۆکایەتی (ئاغا محمد خان) هێرشیان کردە سەر جۆرجیا و شاری (تبلیسی)یان گەمارۆدا و هەڕەشەی کۆمەڵکوژییان کرد.

ئەو کاتە (سایات نۆڤا)ی بەساڵاچوو سەرۆکی ئەسقوفەکان بوو. کاتێک بەوەی زانی، کڵێسەکەی بەجێهێشت و روویکردە پایتەخت بۆ رزگارکردنی خێزانەکەی. توانی منداڵەکانی خۆی رزگاربکات و بیانگوازێتەوە بۆ شارێکی تر، بەڵام نەیویست واز لە ئەرکەکانی خۆی بهێنێت، ئەوەبوو له رۆژی داگیرکردنی پایتەختدا له لایەن سوپای فارسەوە گەڕایەوە بۆ شارەکە. لەگەڵ کۆمەڵێک خەڵکدا پەنای بردە بەر کڵێسەیەک کە دواتر لەلایەن فارسەکانەوە گەمارۆدرا و داوایان لێکردن بێنە دەرەوە و بێنە سەر ئایینی ئیسلام، بەڵام ئەوان ئەویان رەتکردەوە، ئەوەبوو بە زۆر هێنرانە دەرەوە و (سایات نۆڤا)یان لەبەر دەرگای کڵێساکەدا کوژرا.

فیلمەکە بریتییە لە زنجیرەیەک رووداوی سەربەخۆ، دیمەنەکان لە یەکتر جیاوازن، ئەو بەشانە هیچ گرێچنێک بە یەکیانەوە نابەستێت، تەنیا پەرەسەندنی کەسایەتی (سایات نۆڤا) نەبێت لە قۆناغی هەرزەکارییەوە بۆ گەنجێتی و پاشان بۆ کاتێک کە دەبێتە پیاوێکی تەواو، لە شاعیرێکی ناو کۆشکی شاهانەوە بۆ عاشقێک و پاشان بۆ رەبەنێک، ئەوە جگە لە پەیوەندی شاعیر بە هونەر و خۆشەویستی و قەدەر و مردنەوە.

لێرەدا چیرۆکێکمان نییە، هێڵە چیرۆکێک هەیە کە ملکەچی ریزبەندییەکی لۆژیکی نییە، بەڵکو تایبەتمەندی هۆنراوەیەکی وێنەیی لەخۆدەگرێت، بە جۆرێک خۆمان لەبەردەم هەشت بەشی شیعری وێنەییدا دەبینینەوە کە گوزارشت لە قۆناغەکانی شاعیر و ئاواتەکانی و ئەو ویستگانەی دەکات تا دەگاتە قۆناغی پیری و مردنی.

فیلمەکە پێکهاتەیەکی نائاسایی پڕ لە وێنەی دڵگیری هەیە، کە بەشێوەیەکی زۆر جوان ڕێکخراون و پێکهاتەی وێنەییان تا بڵێیت جوانە و لێوانلێوە لە لایەنی مەجازی. دیمەنەکان بە شێویەکی ئێجگار جوان و نامۆ و سەرسوڕهێنەر بە دوای یەکدا دێن. لێشاوێک وێنەی مەجازی شاشەکە پڕ دەکات و بەسەر تەماشاکەردا دەبارێت. جێی ئاماژەپێدانە کە تەواوی گرتەکان بە کامێرایەکی جێگیر گیراون. زۆرجار کەسایەتییەکان لە کادیرەوە دوورن و هەندێ جاریش تەماشای کامێرا دەکەن.

**ئەفسانەی قەڵای سورام**

دوای ئاوابوونێکی زۆرەملێ لە شاشە و لە ئەنجامی چاکسازییەکانی یەکێتیی سۆڤێتی (پاراجانۆڤ) گەڕایەوە و فیلمی (ئەفسانەی قەڵای سورام)ی دەرهێنا کە لە کتێبـی (دانییێل شونگادزە)وە وەرگیراوە، لە ڕێگەی ئەو فیلمەوە ئەفسانەیەکی دێرینی جۆرجی دەگێڕێتەوە.

ئەفسانە و فیلمەکە باس لە قەڵایەک دەکەن کە هەمیشە لەبەر هۆیەکی نەزانراو و نادیار درز دەبات و دڕووخێت. هەموو جارێک دروست دەکرێتەوە و دەڕووخێتەوە. لە هەوڵێکدا بۆ چارەسەکردنی ئەو کێشەیە پەنا دەبەنە بەر فاڵگرەوەیەک، پێیان دەڵێت کوڕی ئەو پیاوە بکەن بە قوربانی کە عاشقی قەڵاکە بووە دواتر ڕۆیشتووە، ئەو کات قەڵاکە خۆڕاگر دەبێت. پێویستە ئەو گەنجە لەناو قەڵاکەدا زیندەبەچاڵ بکەن بۆئەوەی قەڵاکە بۆ هەتا هەتایە بمێنێت، ئەگینا هەموو جارێک قەڵاکە دەڕووخێت.

(پاراجانۆڤ) وەک خۆی دەڵێت کتێبەکەی زۆر بەدڵ نەبووە: کتێبەکە لە ڕووی ئەدەبییەوە روون و بەپێزە. ئەوەی کە سەرنجی ڕاکێشام ڕەوتی چیرۆکەکە نەبوو. کتێبەکە لە ڕووی نەریتی زارەکییەوە باس لە بابەتەکە دەکات و ئاماژەیەکی کۆمەڵایەتی پێدەبەخشێت کە هاوشانی مانایەکی ویژدانی دیاریکراوە. لە کتێبەکەدا (زهراب) خۆی دەکاتە قوربانی بۆ رزگارکردنی شوراکانی قەڵایەک کە خەریکە دەڕووخێن. پێشبینی هەموو شتێک دەکرێت، ژنێکیش هەیە کە دەیەوێت تۆڵە بکاتەوە، ئەو ژنە خۆشەویستی باوکی (زوهراب)ە. ئێمە چیرۆکەکەمان گۆڕیوە و قوربانییەکەمان کردۆتە گەنجێک کە هەوڵدەدات خۆی لە خیانەتکارییەکەی باوکی رزگار بکات و خۆی بکاتە قوربانی تا گەلەکەی بپارێزێت. قوربانیدانەکە بە مانا ڕۆژهەڵاتییەکەی هاتووە، فیلمەکە ڕەهەندێکی ڕەوشتی و نیشتمانی وەردەگرێت کە ئیلهامی لە ئەفسانەیەکەوە وەرگرتووە.

ئەم فیلمە وەکو فیلمەکانی پێشووی کراوە بە چەند بەشێکەوە، هەر بەشەو ناونیشان و دەستپێکێکی هەیە، چەند گرتەیەکی یەک لە دوای یەک لەخۆدەگرێت کە بونیادێکی هونەری زۆر دڵگیری هەیە و تێیدا جوڵەی و جێگیری ئاوێتەی یەکتری بوون. وەکو فیلمەکانی تر رەنگەکان بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەرانە بەکارهێنراون، دەنگ بە شێوەیەکی نائاسایی بەکارهاتووە، ستاتیکایەکی زۆر سەرنجڕاکێش هەیە.

فیلمەکە لە شێوازەکەیدا سوود لەو شێوازە هونەری و ئەدەبییانە وەردەگرێت کە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا باوبوون. لەم فیلمەشدا وەکو (رەنگی هەنار) کادیرەکان لە پێشەوە وێنەگیراون، بەڵام لەگەڵ سوودوەرگرتنێکی قوڵتری شوێن و بەکارهێنانێکی فراوانتری دیمەنی سروشتی.

## ئاشیک کریب

(ئاشیک کریب ١٩٨٨)، دوایین فیلمی (سێرگئی پاراجانۆڤ)ەو پێشکەشە بە (تارکۆفسکی)، ئەو فیلمە لە بارەی نەهامەتییەکانی گۆرانیبێژ و شاعیرێکی گەڕیدەی تورکەوەیە، کە شەیدایە و لە خۆشەویستەکەی دوورە. فیلمەکە لە کورتە چیرۆکێک وەرگیراوە کە شاعیری بەناوبانگی روسی (میخائیل لیرمەنتۆڤ) نووسیویەتی.

مێژووی رووداوەکان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمانێکی دێرین لە ئازەربایجان. بەخشندەی خوایی، روخسارێکی جوان و دڵێکی پاکی داوە بە (ئاشیک)ی گۆرانیبێژ، ئەوە جگە لە دڵسۆزی و ئەمەکداری بۆ (ماگول)ی خۆشەویستی، دەچێتە داوای، بەڵام باوکی (ماگول) کە بازرگانێکی تورکە، زۆر بە ناشرینی داواکەی رەت دەکاتەوە، چونکە حەز دەکات بیداتە کەسێکی دەوڵەمەند.

(ئاشیک) و (ماگول) پەیمان دەدەن بۆ هەتا هەتایە ئەمەکداری یەکتربن، دواتر (ئاشیک) وڵات بەجێدەهێڵێت بۆ ئەوەی کار بکات پارە کۆبکاتەوە. (ماگول) پەیمانی دەداتێ هەزار شەو و رۆژ چاوەڕوانی بکات و رازی نەبێت شو بەو پیاوە دەوڵەمەندە بکات کە هاتۆتە داوای.

(ئاشیک) دەکەوێتە رێ، دەیەوێت دەوڵەمەند بێت و ناوبانگ پەیدابکات و مارەیی بوکێ کۆبکاتەوە. لە گەشتەکەیدا رووبەڕووی فێڵ و ناپاکی و ستەم و غەدری کەسانێکی پارە پەرست و زاڵم و ستەمکار دەبێتەوە، بەڵام لەسەر دەستی قەشە (جۆرج)یش بە دڵسۆزی و جوانی و سیحر و شتی سەرسوڕهێنەر ئاشنا دەبێت.

(پاراجانۆڤ) شیکردنەوەیەکی سوریالی بۆ چیرۆکەکە پێشنیار دەکات.

کارێکی پڕ لە هێما و وێنەی مەجازی پێشکەش دەکات، دەڵێت: وەکو کارێکی دۆکیۆمێنتاری وێنەی فیلمەکەمان گرت. لە شیعرەکەی (لێرمەنتۆف)دا کە تا رادەیەک قورسە بیخەیتە سەر شاشە، جلوبەرگ و دیمەنی سروشتی و گاڵتەوگەپێکی بچووکمان بەدیکرد. ئا لەوەدا چیرۆکێکی ئەفسانەیی لەدایک دەبێت.

(پاراجانۆڤ) ئاراستەی کاری (لیرمەنتۆف)ی لە چیرۆکێکەوە کە لەبارەی سۆز و خۆشەویستییەوەیە، گۆڕیوە بۆ چیرۆکێک لەبارەی ستەم و زۆرداریيەوە.

(پاراجانۆڤ) بەم فیلمەی سیانییە قەوقازییەکەی تەواو دەکات، دوای (رەنگی هەنار) کە لە چیرۆکێکی ئەرمەنییەوە وەرگیراوە (قەڵای سورام) دەردەهێنێت کە چیرۆکێکی جۆرجییە، دوای ئەو دووانەش سوود لە چیرۆکێکی ئازەبایجانی وەردەگرێت.

**(پاراجانۆڤ) لەبارەی ئەو فیلمەوە دەڵێت:**

هەر کەسێک کە لەپێناوی خۆشەویستیدا یان بەهۆی خۆشەویستییەوە تێدەکۆشێت، هەر کەسێک کە بەدوای نموونەی باڵادا وێڵە و دڵی پڕە لە خۆشەویستی، ئەوکەسەی کە گەڕیدە و سەرلێشێواوە، ئەو کەسەی کە دەیەوێت کەڕ و لاڵەکانیش بهێنێتە ناو کۆرسەکەوە. ئەو کەسە (ئاشیک کریب)ی شاعیرە. خوازە و مەجازەکان لە ئاستی منداڵدان، قوڵ و فەلسەفی نین. ئەگەر تۆ شاعیر بیت، ئەوا قەڵغانەکان لەگەڵ گۆرانییەکەتدا لێکدەخشێن. ئەگەر کوێرەکانت بینی دڵسۆزی خۆتیان پێ ببەخشە. چاکە و ناسکی لە خەسڵەتەکانی کەسایەتی (ئاشیک کریب)ن. خوازە و مەجاز و شیعر و گۆرانی و کاری زهنی... ژیانی منداڵ خۆشەویستتر دەکەن. دڵە پاکەکەی (ئاشیک کریب)ە کە دەیگەڕێنێتەوە بۆ لای خۆشەویستەکەی و ئەویش بە چاوەڕوانی و جوانی خۆی پاداشتی دەکات.

شێوازی فیلمەکە تا رادەیەک هاوشێوەی وێنە و تابلۆکانی پێشەوەن لە فیلمی (رەنگی هەنار)دا لەگەڵ جوڵاندنی کامێرا و دیالۆگ و چیرۆکخوانێک لە پشتی کادیرەوە. وێنە شیعرییەکان، ئەو هەموو رەنگە، شتێکی ئەفسوناوی و سەرنجراکێشن.

**سەرچاوە:**

سینماتک

## چاپکراوە نوێیەکانی ساڵی ٢٠١٣ی

# بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی

### کە ئێستا لە کتێبخانەکاندا دەست دەکەون




**پیاسەیەک بەشەقامی پەیڤی ژندا**

مستەفا زاهیدی

دیدار

---




**عاشق و دیکتاتۆر**

محەمەد عەبدوڵڵا

نۆڤڵێت




**هەموومان مەفتونی جوانیین**

محەمەد کوردۆ

ئەدەبی




**ئەفسانەی شاری جادووان**

سەبا ئەحمەد

کۆمەڵە چیرۆک




**بیری نەتەوەیی لە پەیڕەوو**
**ئامانجەکانی جەمعیەت و حزبە کوردییەکان**

عەبدولخالید سابیر

لێکۆڵینەوە




لیۆناردۆ دافینشی
توێژینەوەیەک لە ڕەفتاری سێکسی ناوازەدا
دڵنیا عەبدوڵڵا
دەروونزانی




فۆرمە موزیکییەکان

فەرمان عەلی نوری
میوزیک




جیهانبینی لە ڕۆمانی کوردیدا
کرمانجی خواروو ساڵی (٢٠١٠-٢٠٠٠ز)
ڕەسوڵ حەمە ڕەسوڵ
لێکۆڵینەوە




**چەند وتارێک دژی بونیادگەری**

حسێن لەتیف

فکری




**دنیا بینییەکانی هونەری شێوەکاری کورد**

بەختیار سەعید

هونەری




**ڕۆچنەیەک بۆ ئەدەبی کوردی**

شەریف فەلاح

ئەدەبی




بنەماکانی سەعیکردن
ئازاد حەوێز
لێکۆڵینەوە




اپر المواپیق الدلیه الخاصه بحریه
الصحافه فی التشریعات الداخلیه
محسن ئەدیب
دراسه




باڵندەکانی شەو
ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی
چیرۆک




**پێگەی خۆرهەڵاتی کوردستان**
**لەکۆنگرەی نەتەوەییدا**
ئەنوەر حسێن
دیدار




**دۆنای دۆن یان بەدگۆڕان**
عەبدوڵڵا سەراج
ئەدەبی




**دواساتەکانی مەرگی پشیلەیەک**
برایم محێدین
بیرەوەری




ئاژاوەی یاریگاکان
هەوراز کاوە
وەرزشی




ژیان سادەیە وەک سەما
جەواد حەیدەری
کۆمەڵە وتار




لە کەرکوکەوە بۆ ڤێستەرۆس
عەبدوڵڵا سلێمان مەشخەڵ
ئەدەبی

دەتوانیت گۆڤاری

لەم ماڵپەڕانەدا بخوێنیتەوە:

www.henar.org

www.dengekan.com

نرخی ١٠٠٠ دینارە